٤٥٣

میران ئەبراهام

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

شەوگەڕەکان

| ڕۆمان | چاپی سێیەم

شەوگەڕەکان

میران ئەبراهام

شەوگەڕەکان

ڕۆمان

ناوەندی بڵاوکردنەوەی کەپر

زنجیرەی ١٢

میران ئەبراهام

شەوگەڕەکان

- بابەت: ڕۆمان
- نۆبەی چاپ: ٢٠١٥
- چاپی سێیەم: ٢٠٢١
- کتێبی: ناوەندی بڵاوکردنەوەی کەپر
- دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ناوەندی کەپر

ISBN: ٩ ٧٨١٢٣٤ ٥٦٧٨٩٧

٢٠٢١ سوێد

بەبێ ڕەزامەندیی بەڕێوەبەرانی بڵاوکراوەی کەپر، هیچ کەس و لایەنێک، بە هیچ شێوازێک، مافی لەبەرگرتنەوە و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەی نییە.

Keper.org

بۆ باوکم و سێوە

کاتی نووسینی ئەم ڕۆمانە، بەردەوام لە خەیاڵمدا بوون.

١
ماڵەوە

دوای سەفەرێکی دوور و درێژ لە ڕۆماوە بۆ برۆکسل و پاشان بۆ شارەکەم گەڕامەوە، کاتێک خۆم کرد بە کۆڵانی فریدریکدا، کاتژمێر هەشتی شەو بوو، ئەو کۆڵانەی ماڵی ئێمەی لە شاری ئەمستردام لێ بوو.

کۆڵانێکی بەرتەسک و درێژکۆلە، هەموو ئەو ساڵانەی من لەوێ ژیام، هیچ شتێک تێیدا نەگۆڕا، تەنها ئەوەندە نەبێت، وەرزەکان ڕەنگێکیان دەبرد و ڕەنگێکی دییان بە کۆڵانەکەمان دەبەخشییەوە.

بەهاران، بەدرێژایی ئەمبەر و ئەوبەری ئەو کۆڵانە، بە گوڵی ڕەنگاوڕەنگ دەڕازایەوە. بێجگە لە داربەڕووە پیرەکان، کە باڵایان تا ئاستی بەرزی ماڵەکان هەڵچووبوو، لە هەوادا شانیان لە شانی یەک گیر کردبوو، دارگڵۆپەکانی سەر شۆستە بەرد ڕێژەکان، شەوانە بەکۆمەڵ نیگابانی کۆڵانیان دەکرد، بە ڕۆژیشدا چاویان لێک دەنا و خۆیان لە بنهەنگڵی داربەڕووەکان توند دەکرد. من و پشیلەکانیش، تا بەرەبەیان بێدار بووین و لە خامۆشی و بێ

سـرتەیی کۆلانمـان دەڕوانـی، بـە تەمـەنی مـن، لـەو کۆلانـەدا نـە داربەڕوویـەک و نـە دارگڵۆپێـک لا بـراون و نـە خێزانێـک بـاری کردووە و نە خانوویەکیش نۆژەن کراوەتەوە.

کۆلانەکـەمان یـەک دەروازەی هـاتنەژوورەوەی هـەبوو، ئەوسـەری بە کەناڵێکی ئـاو کۆتـایی دەهـات، مـاڵی ئێمـە دەکەوتـە بـەر دەسـتی ڕاستی کەناڵەکەوە، چەندین داربەڕوو دەوریان دابوو، لـە تیرێژی تیشک و پرشنگی خۆر دەیان پاراست.

سی سـاڵ پێش ئێستا، مـن لـەو خـانووە کۆنـەدا لـەدایک بـووم، ئـەو خانووەی زیاتر لە سێ بەشـی ژیانم لەبـەینی دیوارەکانیدا بەسـەر بردووە، ڕۆحم لەگەڵ هەیکەلی ئەو ماڵەدا، هۆگری یـەک بـوون، بـە جۆرێک، لەبەینی دیوارە ڕەنگاڵەکانی ئەم خـانووەدا ئاسـوودەم، بـە پێچەوانەوە، لە سـنووری دەرەوەی ئـەم مـاڵە، بـەردەوام بێهـۆش و ونـم، ماڵێـک، یـەک ڕۆژ لێـی دوور بـم، هەسـت دەکـەم لـە خـۆم دوورم.

لـە سـەردەمی منداڵیمـەوە تـاوەکوو ئـەمڕۆ، لـە کۆلانەکەمانـدا تـەنها هاوڕێیەک چییە، نەمبووە، ئەگەر باش بەبیرم بێتەوە، هۆکەی ئـەوە بـوو، لـەو کاتـەدا گـەڕەک هـیچ هاوتەمـەنی منـی تێدا نـەبوو، زۆر بەئەستەم ڕێبوارێکیش بەوێدا گوزەری دەکرد، ئەگـەر بەڕێکـەوت ڕووی بدایـە، تـاوەکوو لـە گـەڕەک دەر دەچـوو، بـەردەوام لـێم دەڕوانـی، شـێوازیم لـە خەیاڵمـدا هەڵدەگرت، پاشـان لـە دەفتـەری یادەوەرییەکانمدا سکێچیم دەکرد.

سـەردەمی منـداڵیم بەتـەنها گوزەرانـد، بـەبیرم دێـت، لـە پشـتی داربەڕووەکانەوە لەگەڵ دارگڵۆپەکاندا چاوشـارکێمان دەکرد، هـەر ڕۆژەی لەگـەڵ یـەکێک لـە دارەکـان دەبوومـە هـاوڕێ. دەسـتم لـە

دەستیان دەنا و بە بالایاندا هەڵدەزنام. بێجگە لە باخی پێش و پشتی ماڵەکان، وەکوو ناو گیرفانی پانتۆڵەکەم، شارەزای تەواوی کۆلانەکەمان بووم، ئەوانەی کۆلانەکەمانم لەگەڵدا بەش دەکردن، چەند پشیلەیەک بوون، کە پێکەوە ئەرکی پارێزگاریکردنی کۆلانمان لە ئەستۆ بوو، تا کۆلان لەو پشیلە و سەگ و منداڵە غەریبانە بپارێزین، کە بە قاچاخ لە گەڕەکەکانی ترەوە دەهاتنە کۆلانەکەی ئێمە.

بەدەم خەیاڵەوە لەوەدا بووم، بۆ بەردەم دەرگای گەراجی ماڵەکەمان لێخوڕم، سەرسام بووم بەوەی جێبێکی ڕەنگ سەوز جێگەی ئۆتومبێلەکەی منی گرتبوو، فیاتە بچووکە سوورەکەی دایکم لە بەردەمیدا وەستابوو، درێژیی بەردەمی گەراجەکەمان، دوو ئۆتومبێلی دەگرت، ناچار بووم ئۆتومبێلەکەم لە سەر شۆستەکە ڕابگرم.

بەدەم فیکەلێدانەوە، لە ئۆتومبێلەکەم دابەزیم، جانتاکەم و ئەو دیارییەی بۆ ڕۆژی لەدایکبوونی دایکم لە کاغەزی ڕەنگاوڕەنگم گرتبوو، گرتم بە دەستمەوە و بەرەو ڕووی ماڵ کەوتمە ڕێ.

کاتێک بەلای جێبە سەوزەکەدا تێپەڕیم، جارێک بەدەوریدا سووڕامەوە و لێم ڕوانی، پاشان لە خۆمم پرسی، "دەبێت کێ میوانی دایکم بێت؟"

هەرچەندە دوودڵ بووم لە چوونەژوورەوەم، بەڵام نەمدەویست ئەو ڕۆژە تێپەڕێت و من دایکم نەبینم، چونکە ئەو ڕۆژە، ڕۆژی لەدایکبوونی بوو.

گەیشتمە بەردەم دەرگاکە، ساتێک دەستەونەزەر ڕاوەستام. چەند هەناسەیەک لەناو بێدەنگیی چواردەورمدا هەستەکانم لە خامۆشی

و بێسرتەیی گەڕەکەکەماندا ڕاگرت و گوێم نا بە دەرگاکەوە، لە نادیارەوە دەنگی موزیکی جازم دەبیست، ئەو موزیکەی دایکم بەردەوام گوێی لێ دەگرت، بە ناوازە دەنگی دایکمم دەبیست، پاشان، لەبەینی شەپۆلی دەنگی موزیکەکەدا، دەنگێکی تر دەهاتە گوێم، ئەوسا لەبەر خۆمەوە بە خۆمم وت، 'ئەوە دەنگی میوانەکەی دایکمە.'

بەدەم گوێگرتنەوە، دەرگام کردەوە، لە داڵانەکەوە بەرەو ڕووی چێشتخانەکە چووم، ئەو جێگەیەی ئاهەنگەکەی لێ ساز کرابوو.

کاتێک دەرگای چێشتخانەکەم کردەوە، بێجگە لەوەی دەنگی مۆسیقا و گۆرانییەکە لەبەر گوێمدا دووقات بوو، ڕوانیم، دایکم لەژێر باڵی کابرایەکی نەناسدایە و بە جووت لە بەردەم کەوانتەری چێشتخانەکەدا ڕاوەستابوون. دیمەنێک، لە ڕابردوومدا چەندین جار دووبارە بووبووەوە و نامۆ نەبوو بە ڕۆحم، پشتیان لە من بوو، یەکی کەوچکێکی داریان بە دەستەوە بوو، لە شێوەی مایکرۆفۆن و پڕ بە قوڕگیان گۆرانییەکەیان بە کۆرس دەچڕی، ئاگایان لە هاتنەژوورەوەی من نەبوو، بەختی ئەوەم هەبوو، لە نزیکەوە ببینم چۆن دایکم ئاهەنگی ڕۆژی لەدایکبوونی خۆی دەگێڕێت.

لەبەینی من و ئەواندا، مێزێکی داریی قاوەیی چوارنەفەری نانخواردن هەبوو، لەسەر مێزەکە، دوو شووشەی شەراب دانرابوو، یەکێکیان پڕ و ئەوی تریان هێندەی قورگی پێ تەڕ بکەیت، شراب لەبنیدا مابوو، دوو پەرداخی ملبەرز، لە سێبەری شووشەی شەرابەکاندا بوون، پەرداخەکان ئاسەواری شەرابی سوور بە لێویانەوە دیار بوو.

لەگەڵ تەواوبوونی گۆرانییەکەدا، دەستیان لەیەک بەر دا و دایانە قاقای پێکەنین، کاتێ ئاوڕیان دایەوە، ڕاچڵەکین و تاوێک بێدەنگ و سەرسام لێیان ڕوانیم، دایکم بزەیەکی بۆ کردم و بە دەنگێکی نووساوەوە وتی، 'چۆنی ئەزیزم، ئەوە دەمێکەیە لێرەیت؟'

ڕووبەڕووی یەک چووین و لەسەر سووچی مێزی نانخواردنەکە، باوەشمان بە یەکتردا کرد، زۆری نەبرد، خۆی لە باوەشمدا ڕاپسکاند، دەستی گرتم و ڕایکێشام بۆ لای کەوانتەرەکەوە و وتی، 'دەڵێم، مارتن، با کەسێکی تایبەتت پێ بناسێنم!'

پیاوەکە خۆی ڕاست کردەوە و دەستی بەرەوڕووم درێژ کرد، کاتێ دەستم لەناو دەستی نا، ئەو وتی، 'من کارڵم، کارڵ لاوتین.'

چاوم بڕییە چاوی، ڕووی گەشاوە و دەمێکی بەپێکەنین، چاوی لە تەڕیدا شەوقی دەدایەوە، قژێکی زەردباوی لوول، بە ئاڵۆسکاوی بە لایدا خستبوو، بالای زۆر بەرز و بەخۆوە بوو، من و دایکم بەئەستەم دەگەیشتینە شانی. پێدەچوو تەمەنی سەروو پەنجا ساڵ بێت، ئینجا لە دایکمم ڕوانی و بینیم، خوێن لەسەر ڕوومەتەکانی کۆ بووبوونەوە، چاوی دەگەشایەوە، دڵخۆش و بەختەوەر دەهاتە پێش چاوم، وەکوو تازە لە خەو ڕابووبێت و بۆ دەستپێکی ڕۆژێکی نوێی ئامادە بێت، ڕووم لە کارڵ کرد و پێم وت، 'من مارتنم.'

'بەڵێ، دەزانم بەڕێزت مارتنیت، هەموو شتێکم دەربارەی تۆ بیستووە، دایکت لە باسی تۆ زیاتر، هیچ باسێکی تری لا نییە.'

لەگەڵ دایکم، لە چاوی یەکترمان دەڕوانی، پاش تاوێک بێدەنگی، پێم وت، 'دایە، ڕۆژی لەدایکبوونت پیرۆز بێت.'

لە کاتێکدا هەردووکیان شانبەشانی یەک ڕاوەستابوون، دەستیان

لە دەستی یەک هەڵپێکابوو، دایکم هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بە ساردییەکەوە، 'بەڵێ، پەنجا ساڵ.'

'بوویت بە سارا، یان بۆم هەیە بڵێم، بوویت بە پیرێژن؟'

'ئاگات لە دەمت بێت.'

پێکەنی و دەستێکی خستە سەر شانم و دووبارە وتی، 'دەتەوێت بەم قسانە لەبیرم بەریتەوە، دەی بزانم، چ دیارییەکت بۆ هێناوم؟'

لەو دەمەدا، پشتم تێ کردن و چووم لە دالانەکە دیارییەکەم بۆ هێنا و چوومە بەردەمی، بۆم ڕاگرت، 'فەرموو، خانم.'

پاش لێکردنەوەی ئەو کاغەزە ڕەنگالانەی تێمەوە پێچابوو، تاوێک لەگەڵ کارل سەرسام لێیان ڕوانی، تابلۆیەک کە خۆم کێشابووم، بەدەم تەماشاکردنیەوە، دایکم وتی، 'زۆر تایبەتە، بیرۆکەکەی دەناسمەوە و ڕەنگەکانی غەریب نین بە خەیاڵم.'

لەسەر کەوانتەرەکە دای نا و دەستی کارڵی گرت و پێکەوە بەرامبەری، تاوێک بێدەنگ ڕاوەستان، کاتێک دایکم لە تابلۆکەی دەڕوانی، بە سەرسامییەکەوە وتی، 'دیمەنێکت خوڵقاندووە، داوا لە تەماشاکەر دەکەیت، بیر بکاتەوە، پاشان من دەمەوێت بزانم تۆ دەتەوێت چیم بۆ باس بکەیت، یان...'

پاش تاوێک بێدەنگی، بەردەوام بوو، وتی، 'ئەوەی من دەیبینم، دوو ماسکن لەناو یەکدا، هێڵەکانت بەئەستووری بەسەر فۆرمەکاندا ڕاکێشاون، ناواخنت بەتەختی و لە کاڵەوە بۆ تۆخ، لە سێبەری هێڵەکاندا ڕاخستووە، بەو ڕەنگانەی بەکارت هێناون، کارێکت کردووە، کە لە هەر گۆشەیەکەوە لێیان بڕوانیت، هیچکام لە ڕووخساری ماسکەکانت لێ ون نابێت.'

ئاوڕی لێ دامەوە و باوەشێکی توندی پێدا کردم، 'دەستت خۆش،

ئەزیزم، زۆر سوپاس، پێم بڵێ ئەم، دوو ڕوخسارە دەبێت کێ بن؟'

'خۆت هەڵی بێنە.'

سەیرێکی یەکترمان کرد و دەستمان کرد بە پێکەنین.

دایکم دەستی لەیەک هەڵپێکابوو، وەکوو خوویەکی هەمیشەی، لەبەر خۆیەوە بەهێواشی گۆرانیی دەچڕی، دەستی دایە شووشەیەک لە شەرابەکان و پێی وتم، 'دەڵێم مارتن، پەرداخێک شەرابمان لەگەڵدا دەخۆیتەوە، بە بۆنەی بەپیرێژنبوونی دایکتەوە؟'

بێ ئەوەی وەڵامی بدەمەوە، پەرداخێکم لە کەوانتەرەکە دەرهێنا و لەتەنیشت دوو پەرداخەکەی ئەوانەوە دام نا، 'تەنها پێکێک.'

دوای ئەوەی دایکم پەرداخەکانی نیوە کرد، بەدەوری مێزی نانخواردنەکەدا ڕاوەستابووین، پەرداخەکانمان هەڵبڕی و هەرسێکمان بە کۆرس، 'بۆ ئێمە.'

دوای ئەوەی قومێکی تەواوم لە شەرابەکە دا، پەرداخەکەم لەسەر مێزەکە دانایەوە و زیاتر لێم نەخواردەوە، دایکم ڕووی تێ کردم، 'مارتن، بۆم باسکە، سەفەرەکەت چۆن بوو؟'

'بەدڵی خۆم بوو.'

'ئەی کارمن چۆنە؟'

'باشە، لە برۆکسڵ دەژی و لە نووسینگەیەکی گەشتوگوزار کار دەکات.'

'ئەی خۆشتان ڕابوارد؟'

'زۆر جێگەمان بینی.'

بە پێکەنینەوە دەستێکی خستە سەر شانم و بە دەنگێکی شەرمنانەوە وتی، 'مەبەستم ئەوە نەبوو، ویستم بزانم پەیوەندیی

تۆ و کارمن گەیشتە کوێ؟ چوویتە جێگەوە لەگەڵی یان نا؟'

'بمبوورە.'

'دەڵێم...'

'دایکە، تکایە، ئەوە هیچ پەیوەندیی بە تۆوە نییە.'

'بەڕاستتە؟'

'ئەوەتا من پرسیاری ئەوەت لێ ناکەم گوایا تۆ لەگەڵ کارل چوویتە ناو جێگەوە یان نا!'

'ئەگەر تۆیش وەکوو دایکت لووتژەن بیت، کەواتە بۆت هەیە هەموو شتێک بزانیت، خۆت دەزانیت من هیچ نهێنییەکم نییە.'

'نەخێر، بمبوورە، پێویست ناکات بزانم.'

بە تەوسێکەوە لێی ڕوانیم، 'ئەزیزم، ئەم کردەوەیەت نوێیە، بۆ تەندروستیت باش نییە!'

'تێناگەم، نازانم تۆ باسی چی دەکەیت.'

'باشە، بەڵام دەزانیت، مارتن، هیوام وایە بەدڵی خۆت لە کارمن پەڕیبیت.'

سەیرێکی دایکمم کرد و تاوێک لێم ڕوانی، بەبێ ئەوەی هیچ بڵێم، سەرم لێ ڕاوەشاند، پاشان ئەو وتی، 'ئاخ، دیارە، تۆ شەرابت کەم خواردۆتەوە.'

دایکم ئەمەی وت، پاشان شووشەی شەرابەکەی هەڵگرت، کە لە نیوەی کەمتری تێدا مابوو، لەسەر پەرداخەکەی من ڕای گرت و بۆ سەر لێوارەکەی لاری کردەوە، خێرا لەسەر دەمی پەرداخەکەم لەپی دەستم ڕاگرت، بەبێ ئەوەی هیچ بڵێم، تا دوا دڵۆپی شەرابەکە هەردوو پەرداخەکەی تری لێ پڕ کرد، لەبەر خۆیەوە، بێ ئەوەی سەر هەڵبڕێت و سەیرمان بکات، وتی، 'کارل، ئەگەر

تۆیش وەکوو مارتن نەڵێیت بەسە؟'
'نا، من ئەمشەو ناڵێم بەسە.'
کارڵ کاتێک ئەمەی وت، دەستی لە ملی دایکم کردبوو. دایکم بە شڵەژاوییەکەوە، خێرا خۆی گەیاندە تەسجیلەکە و دەستی بە دوگمەیەکدا نا، زۆری پێنەچوو، دەنگی سەکسیفۆن ژوورەکەی پڕ کرد لە سۆزی نەغمەی خۆی، پاشان هەردووکیان باڵیان لە ملی یەکترەوە ئاڵاند، لەگەڵ بەرزی و نزمیی ڕیتمی تۆنی سەکسیفۆنەکەدا، دەستیان کردەوە بە گۆرانی چڕین. بەنیازی ڕۆیشتن بووم، چووم لەناو دەرگای چێشتخانەکەدا ڕاوەستام، سەیرێکی دایکم و کارڵم کرد و بە دەنگێکی بەرز وتم، 'من لە ژوورەکەی خۆمم.'
دایکم بەدەم گۆرانی چڕینەوە سەرێکی بۆ لەقاندم، کارڵ دەستێکی بۆ بەرز کردمەوە.
لە چێشتخانەکە چوومە دەرێ، ئەوەی لە داڵانەکە سەرنجی ڕاکێشام، تابلۆیەک بوو کە بە دیوارەکەیەوە هەڵواسرابوو، ئەوە خوویەکی هەمیشەیی دایکم بوو، لە داڵانەکە و لەسەر هەمان دیوار، هەمیشە تازەترین کاری خۆی هەڵدەواسی و نمایشی دەکرد، تابلۆیەک، کە چاومیان خێرا ماندوو کرد، جیاواز، زۆر جیاواز، قەبارەی گەورە و ناوەڕۆکێکی بێڕەنگ، تەخت، بەتاڵ، هیچ پەیوەندییەکی ڕۆحیی بە ژیانەوە نەبوو، زۆر جیاوازتر لە هەموو کارەکانی تری، کە لە تەواوی وڵاتدا و بگرە لە زۆرێک لە وڵاتانی ئەورووپاشدا ئەویان بەناوبانگ کردبوو، چەند هەناسەیەک بەرامبەری ڕاوەستام و لێم دەڕوانی، هەستم کرد، تا دەهات، ڕۆحمی لە چۆڵایی و بەتاڵیی خۆیدا گیر دەکرد و خۆمم لێ ون

دەبــوو، خێــرا ڕووم لــێ وەر گێــرا و جانتــای ســەفەرەکەم بــە دەستەوە گرت و بە پلیکانەکاندا بۆ ژوورەکەی خۆم سەر کەوتم.

بـە سـەرسـامییەوە لـەناو دەرگـای ژوورەکەمـدا ڕاوەسـتام، بینـیم ژوورەکەم لە ماوەی تەنها یەک حەفتەدا زۆر گۆڕابوو، سـەرتاپای دیوارەکانی بە وێنەی جۆراوجۆر داپۆشـرابوو، وێنـەی سـەردەمی منداڵیم، تەنانـەت وێنـەی سـاڵێک بـەر لـە ئێسـتا، کـە لەگـەڵ دایکـم پێکەوە لە پاریس بووین، لەپشتی هەموو وێنەکانـەوە ئـەو ڕەنـگ و خەتانـەم دەبینی، کـە بووبوون بـە باکگراونـدێک بـۆ وێنـەکان، ئـەو نیگارانـــەی خـــۆم و خـــۆی لـــە ســـەردەمی منداڵیمـــدا پێکـــەوە کێشـــابوومان، دەمزانـــی، دایکـــم هـــەموو جارێـــک، دوای ئـــەوەی هاوڕێیەکی تـازەی دەگرت، گۆڕانکـاریی لـە ماڵەکـەدا دەکرد، بـەڵام ئەوە بۆ یەکەمین جار بوو لە ژوورەکەمدا گۆڕانکاری ڕوو بدات و ئەو دەستکاریی ژووری من بکات.

نازانم، زۆر باش نایەتەوە یادم، کـام وێنـە زۆر سـەرنجی ڕاکێشـام و کامیـان دەسـتی گـەورەییان گـرتم و بردمیانـەوە بـۆ سـەردەمی منداڵیم، وێنەی من لەگەڵ هاوڕێکانی دایکمدا، وێنـەی ئـەو پیاوانـەی ئاسـان و سـاویلکانە هۆگریـان دەبـووم و لەناکـاو خۆیـان لـێ ون دەکردم.

وێنـەکان، هەریەکـە بـە لایەکدا ڕایـان دەکێشـام و خـەیاڵیان پـەرت دەکـرم، هـەموویان بەشـێک بـوون لـە ڕابـردووم، ئـەوەی ئێسـتامی لەوسـام جیـا دەکـردەوە وێنـەکان و کەرەسـتەی نـاو ژوورەکـەم نەبوون، بەڵکوو ئەوە تەنها خۆم بووم.

بـە بێزارییەکـەوە جانتاکـەم لەسـەر جێگەکـەم دانـا و زنجیرەکـەیم کردەوە، لە یەک ساتەوەختی کورتدا، بۆنوبەرامێک بە ژوورەکەمدا

بڵاو بووەوە، بۆنی ئوتێلەکەی ڕۆما، بۆنی عەترەکەی و هالاوی تێکەڵاوبوونی ئارەقی جەستەی من و کارمن بوو، بۆنی حەفتەیەک پێکەوەبوونمان لە ڕۆما.

حەفتەیەک لە ڕۆما پێکەوە بووین، لە بەیانی زووەوە، تا درەنگانی شەو، بەسەر کوچەوکۆلانە هەزار ساڵ کۆن و سەرنجڕاکێشەکانی ئەو شارەدا گەڕاین.
دەتوانم بڵێم، پەیوەندیی من و کارمن، تاوەکوو ئەمڕۆیش، هێشتا لە چوارچێوەمان نەگرتووە و ناوونیشانێکمان پێ نەداوە، پێم وا بێت چەند ساڵێک پێش ئەو شەوە بوو، شەوی دوای ئەو ڕۆژەی لە شاری ئەمستردام پێکەوە لە زانکۆی ئەمستردام دەر چووین، هەردووکمان بەشداریی ئاهەنگی دەرچوونمان کرد، شەوی دوای ئەو ڕۆژە، لێک جیا بووینەوە و ماڵئاواییمان لە یەکتری کرد، کارمن گەڕایەوە بۆ بەلجیکا و منی بەجێ هێشت، چۆن و بۆچی؟ لەم چیرۆکەدا، جارێکی تر دەگەڕێمەوە سەر ئەو باسە.
بەڵام دوای ئەو شەوەی لێک جیا بووینەوە، هەرگیز دەنگمان لێک دانەبڕی و ڕۆژانە تەلەفۆن و ئیمایل لەنێوانماندا هەر بەردەوام بوو، ساڵی جارێک یان دووجاریش، بۆ پاریس یان بۆ شارێک لە شارەکانی ئیتالیا دەچووین.
ئەو حەفتەیەی لە ڕۆما بووین، دوو ڕۆژی یەکەم، لە ژووری ئوتێلەکە نەهاتینە دەرەوە، هەستم دەکرد ژوورەکەمان لە تێکەڵبوونی ئارەقی هەردووکماندا، بۆگەنی کردبوو، ئەو بۆنەی هەرگیز لووتەکانم لێیان پاک نابێتەوە، بۆنی تێکەڵاوبوونی هۆرمۆنی دوو دڵدار، درەنگانی ئێوارەیەک، کارمن بێدەنگیی

نێوانمانی شاکاند و بە دەنگێکی شەرمنانەوە وتی، 'کاتی ئەوە هاتووە، لە ئەمستردام یان لە برۆکسل پێکەوە بژین.'

سەرسام و دەستەونەزەر بێدەنگ لێم دەڕوانی، دیسان کارمن لەبەر خۆیەوە وتی، 'زۆر باش بیرم لێ کردۆتەوە.'

لەسەر جێگاکە هەستایە سەر ئەژنۆ و چاوی بڕییە چاوم و بەردەوام بوو، 'دەمەوێت لەگەڵ تۆدا بژیم.'

توند هەردوو دەستی گرتم و لێی ڕوانیم، 'پێت چۆنە؟'

قسەکانی ئەوم بە سەرنجەوە وەر نەگرت و دەستم کرد بە پێکەنین.

'دەی، وەڵامم بدەرەوە.'

بەملا و لادا خۆی لار دەکردەوە، لە دەرفەتێک دەگەڕا، بیقۆزێتەوە و لە چاوم ڕابمێنێ، سەرم داخست و لەبەر خۆمەوە وتم، 'کارمن، تۆ دەتەوێت فرسەتم لێ بێنیت، تکایە گوشارم مەخەرە سەر، نەبا وەڵامێکی نەشیاوت بدەمەوە.'

هەستامە سەر چۆک و لە کارمنم ڕوانی و پێم وت، 'پێویستە بیری لێ بکەمەوە.'

بە غەمگینییەکەوە چاوی لێک نا و بەهێواشی سەری لەسەر سنگم دانا. ئەو شەوە، کاتژمێرێک دوای ئەو لێدوانەمان، بۆ ئەوەی لە دەست بێدەنگی و بۆدڕنی ژوورەکەمان ڕزگارمان بێت، ژووری ئوتێلەکەمان بەجێ هێشت و چووین بۆ گەڕان، بەبێ پلان، شۆستەی ڕاستە شەقامێکمان گرتە بەر، ئەمبەر و ئەوبەری تەنها چێشتخانە بوون، بۆنی دەیان جۆر بەهارات تێکەڵا و بە هالاو و گەرمیی ئەو شەوە بووبوو، هەوایەکی چەور و شێدار، هەناسەی تەنگ کردبووین، خێرا لەو شەقامە دەرباز بووین، دەمانزانی لە

چێشتخانەکاندا زەحمەتە ئەوەمان دەست بکەوێت، کە ئێمە لەدوای دەگەڕاین، ئەویش نۆشینی شەرابی ئیتالی بوو، زیاتر لە دوو کیلۆمەترێک بەسەر ئەو کاشی و خشتە کۆنە چاڵوچۆڵانەدا ڕۆیشتین، کارمن بە پێڵاوە پاژنەبەرزەکانیەوە بەردەوام لەگەڵیاندا لە شەڕدا بوو، لە گەڕانەوەماندا، بە مەستی پێڵاوەکانی گرتبوو بە دەستیەوە و بە پێی پەتی شانبەشانی من دەڕۆیشت، کە بەبێ پێڵاوە پاژنەبەرزەکانیشی، چەند سانتیمەترێک لە من هەڵکشاوتر بوو.

بەڕێکەوت ڕێمان کەوتە بارێک، مەیخانەچییەکە لە ڕێوە ئاگاداری کردینەوە و پێی وتین، 'بۆ زانیاریتان، لێرە تەنها شەراب دەخورێتەوە، تەنها شەرابی ئیتالی!'

'کەواتە لە ئەدرەسێکی هەڵە نین.'

کاتێک ئەمەم بە پێکەنینەوە بە مەیخانەچییەکە وت. دیسان ئەو پێی وتین، 'ئەگەر شەرابخۆر بن، ئەوا ئێوە لە شاری ڕۆمادا، لە بە ناوبانگترین و کۆنترینماڵی شەرابن!'

کارمن خێرا چاکەتەکەی داکەند و دای بەسەر قەراغی کورسییەکەیدا، بە دەنگێکی نەرم و بە نازێکەوە بە مەیخانەچییکەی وت، 'دەی، خێرا بۆ ڕاوەستاویت، ڕێنماییمان بکە، لە چ جۆرێکەوە دەست پێ بکەین.'

کارمن شان و سنگی لێ ڕووت کرد، نەک تەنها مەیخانەچییەکە، کە لەتاوا هەموو شەرابی بارەکەی قورگی تەڕ نەدەکردەوە، بەڵکوو چەند مشتەرییەکیش لێمان نزیک بوونەوە و لەگەڵماندا دەستیا کرد بە لێدوان و شەرابخواردنەوە. ئەو شەوە، لەسەر گیرفانی تەماشاکەرانی کارمن زۆرمان خوارد و خواردەوە.

ڕۆژی دوایی، کاتێک لە خەو هەستام، کاتژمێر یەکی دوانیوەڕۆ بوو، شەوی ڕابردوو چیمان کرد و چ ڕووی دا، ئەو پرسیارە بێ وەڵام مایەوە، کارمن هێشتا نوستبوو، چەند جارێک بانگم لێ کرد. لەژێر لیوەوە داوای لێ کردم وازی لێ بێنم، چونکە سەری زۆر دێشێت، بەهێواشی خۆم خزاندە ژێر چەرچەفەکە و تاوێک بەڕووتی خۆم لێ هەڵسوی، لەسەر دەم تەخت لێی کەوتبوو، هەستم دەکرد زۆر ماندوو بووم و کەمێک سەرم ئازاری دەهات، گەرمیی شەهوەتێک هەموو ئازای لەشمیان خستبووە سەر ئارەقەیەکی لینج، کاتێک جەستەی ڕووتمان بەر یەک کەوتن، هەستم بە گەرمی و بۆنی لەشی کارمن کرد، هەستم کرد خوێنی شەپۆلی دەدا و بەلێشاو خۆیان دەدا بە دیواری پێستی نەرم و تەنکیدا، لەو دەمەدا زەنگی کەنیسەیەک، زۆر لە دوور، بەهێواشی دەستی بە لێدان کرد، خێرایی جوڵەم، هێواش هێواش، لەگەڵ ڕیتمی لێدانی زەنگی کەنیسەکەدا ڕێک خست، لەپڕێکدا هەستم بە ماسولکەکانم کرد، وەکوو پارچەئاسنێکی سووورەوەبوو ئاوی ڕژابێتە سەر، کەف و چرەدووکەڵیان لێ هەڵدەسا، کفت و پرزە لێبڕاو، هەردوو باڵەکانم لە لەشیەوە ئاڵاندن و توند دەموچاوم چەقاندە نێوان شانەکانی و ناو نێوان قژە لوولە ئاڵۆزکاوەکەی، تاوێک دەنگم لە خۆم بڕی، تا تەواو هەستم بە ڕووتیی لەشی ئەو کرد.

پاش ئەوەی دوشێکم کرد و خۆم گۆڕی، کارمن هێشتا پرخەی خەوی دەهات، لەسەر پارچەیەک کاغەز بۆم نووسی، 'ئەگەر تا شەشی ئێوارە نەگەڕامەوە، ئەوە بزانە من لەگەڵ کاتدا سەفەرم کردووە و لە هەزار ساڵ پێش ئێستای ڕۆمادام.'

لـە پرسـگەی ئوتێلەکـە ڕێبـەرێکم کـڕی، کـۆی ئەدرەسـی شـوێنە مێژووییـەکانی ڕۆمـای تێدا بـوو، لـە چوونەدەرەوەمـدا بـە دەسـتی ڕاسـتدا، شـەقامی بـەردەمی ئوتێلەکـەم گرتـە بـەر، لـە کۆتـایی ئـەو شـەقامە گۆڕەپانێک بـوو، کـە بەقـەدەر یاریگەیـەکی تـۆپێن دەبـوو، پـاش تاوێـک، پشـوودان و لێڕوانینـی دەلیلەکـەم، خـۆم کـرد بـە شەقامی ڕۆمیلۆسدا، کە یەکێک بوو لەو پێنج شەقامانەی دەکەوتنە سـەر گۆڕەپانەکـە، لـەو شـەقامەدا هـەموو ئـەو شـتانە ئامادەبیـان هـەبوو، کـە ئیتالییـەکان شـانازییان پێـوە دەکـرد، کـچ و کـوڕی باڵابەرز و ڕێکپۆش و قەشەنگ، باڵاخانـەی چەندین سـەدە کۆن و ئەنتیک، بۆنی کافاین و ڕافیۆلی و پیتزا، گرمـەی دەنگی مەکینـەی ئوتومبێلی فێراری، گومـانکردن لـە هـەموو ئیتالییـەک، کە پێدەچێت مافیا بێت.

لەسـەر شۆسـتەی هـەمان ڕاستەشـەقام، پـاش ئـەوەی دوو کیلۆمـەترێکم بـڕی، لـە کۆتـایی ئـەو شـەقامە، بـۆ پشـوودان لـەژێر سێبەری چەندین پایـەی کۆن و ڕەنـگ دێزدا، وەکوو لـە سـەهۆڵ داتاشـرابێتن و تـەپوتۆزی کـات و شـەقامەکان چڵکنـی کردبن، لێی دانیشتم، سەرنجم دا بە بەرزایی پایەکانەوە، بە لاتینی نووسـرابوو، پالاتاین، تاوێک لە خۆمدا بۆ ماناکەی گەڕام. هەستم دەکرد پێشـتر ئەو ناوەم بیستووە، بە چاوخشانێک بـە ڕێبەرەکـەدا، زانیم لـەکوێ گیرسـاومەتەوە، پالاتـاین، یەکێکـە لـەو حـەوت گـردەی ڕۆمای کۆنی لەسەر دروست کراوە، بە خۆمم وت، 'کێ دەڵێت من ئێسـتا دەسـت لـەو بـەردە نـادەم، کـە ڕۆمیلـۆس لـە بیسـتویەکی چواری ساڵی ٧٥٣ی پێش زاییندا، لەم جێگەیە بە دەستی خۆی بۆ بنیادنانی ڕۆما دای ناوە؟!'

هاتبوومە سەر چۆک و سەرنجی یەک بە یەکی ئەو خشتە سواوە لەیەک نەچووانەم دەدا، کە شەقام و شۆستەکانیان پێک هێنابوو.

بە چواردەورمدا هەراوزەنای ڕۆمای ئێستام دەبیست، لە خەیاڵمدا دەمویست وێنەی ئەوسای ڕۆما بخولقێنم، زیندوو کردنەوەی وێنەی ئەوسای ڕۆمیلۆس، کە لەم جێگەیەدا سەرگەرمی دروستکردنی ئەم ڕۆمایەی ئێستا بووە. هەستەکانم لەناو کپی و خامۆشیی خۆمدا ڕاگرتن و سەرنجم خستەسەر بەرپێیەکانم، گوێم لێ بوو دەنگەکان وردە وردە دەگۆڕان و ڕەنگەکانی چواردەورم، تا دەهات، کاڵ دەبوونەوە، چەندین دەستە سەرباز لە پێشچاومدا گوزەریان کرد، دەنگی پێڵاوە بزمارڕێژکراوەکانی پێیان، بۆخۆیان کۆدێک بوون، کە نەمدەزانی ئاخۆ چ بانگێکیان دەدا بە گوێی خەڵکی ئەوسای ڕۆمادا، بۆنی تێکەڵاو بوونی ئارەق و خوێنی ئەو کۆیلانەم دەکرد، کە بۆ دروستکردنی کۆشکەکانی ڕۆمیلۆس، گابەردەکانیان کێش دەکرد، لە خشتی سەر شەقامەکان و گابەردی پایە و دیوارەکانەوە، لەلایەن ڕۆحی ئەو کارگەرانەوە، چەندین جار بانگ کرام، پێدەچوو لەژێر ڕەقیی زۆرداریدا، ڕۆحی خۆیان لەناو بەردەکاندا شاردبێتەوە، دەیان وت، 'ڕۆما بە هێزی شان و باڵی ئێمە دروست کراوە.'

چەند کارگەرێک لە فرسەت دەگەڕان هەتا هەڵبێن، زۆربەیان دیار بوو هەواڵی هاتنی سپارتاکۆسیان بیستبوو، هەر بۆیە پاڵیان لێ دابووەوە و بووبوونە کۆیلەی چاوەڕوانی. هەزاران سەرباز لە ڕەقیی بەردەکاندا توابوونەوە و دوور لە زێد و ئازیزانیان، لەپێناوی ڕۆمیلۆس و ڕۆمادا گیانی خۆیان بەخشیبوو. دیمەنی سەردەمێکم بینی، بەردەوام مرۆڤ لەگەڵ وەیشوومەی ژیاندا لە

کێبەرکێدا بوو، بە تێڕامانێکی غەمگینەوە لە کاتێکم دەڕوانی، کە مــرۆڤ بۆخــۆی هێشــتا گیانــدارێکی قســەکەر بــوو، لــە یــەک ساتەوەختی کورتدا، هەزاران دیمەنی ئەوسای ڕۆمام بینی، لەو ماوە کورتەدا، ڕۆحم خێرا نوقمی بۆنی خوێن و زوڵم بوو، شین و واوەیلا و زریکەی ڕۆحی مرۆڤی ئەو سەردەمە، لە خەیاڵەکانم بێزاریان کردم، بێزار و دڵشکاو، خێرا خۆم گەیاندەوە ئوتێلەکە بۆ لای کارمن.

دوایین ڕۆژمان لە ڕۆما، لەگەڵ کارمن چووین بۆ ئەکادیمیای هونەری، *ڤیا دی ڕیپیتا*، بۆ بینینی کاری هونەریی سەردەمی ڕێنیسانس، لەو دەمەدا لەوێ نمایش کرابوون، وەکوو تر، هەموو ئەو تابلۆ و سکێچ و پەیکەرانەی لەوێ دەبینران، کاری ئەو قوتابییانە بوون، کە لە ساڵانی ڕابردوودا لەو ئەکادیمیایە خوێندبوویان، سەرجەم ئەو کارە هونەرییانەی لەو ئەکادیمیایە چاوم پێیان کەوت، هیچ ئاسەوارێکیان لەلا بەجێ نەهێشتم، تاکوو لێرەدا باسیان لێوە بکەم، من و کارمن زیاتر چاومان لەسەر خودی کوڕ و کچە هونەرمەندە لاوەکان بوو، وەی لە کارەکانیان، کە زۆرینەیان دەستی جوانکاریی سروشتیان پێوە دیار بوو.

لە ژوورەکەی خۆمدا، لە دوای مێزەکەمەوە دانیشتم، لە دەفتەری یادەوەرییەکانمدا، چەند دێڕێکم تۆمار کرد، لەگەڵ نووسینەکاندا، چەند سکێچێکم کێشا.

نازانم چەندێک بوو دەنگی موزیک نەدەهات و ماڵەکە بێدەنگ بووبوو، لە دەفتەری یادەوەرییەکانمدا، هێڵی سکێچێکم تۆخ دەکردەوە، لە ژوورەکەی دایکمەوە گوێم لە ورتەورت و نەرمە قاقای دایکم و کارڵ بوو، کە لەگەڵ دەنگی چەرپاکەی دایکمدا

تێکەڵ بەیەک دەبوون. دەنگێک لەسەر دیوارەکانی بیرەوەریم هەڵکەنرابوو.

زیاتر نەمدەتوانی لە ژوورەکەی خۆم دابنیشم و گوێبیستی هاتوهاواری دایکم و کاڕل بم. تا دەهات، هەناسەم تەنگتر دەبوو، لەشم ئارەقێکی ساردی کردبوو، هەستم دەکرد پێویستم بە هەڵمژینی هەوایەکی پاکە، زۆری پێ نەچوو، بە چەند هەنگاوێک و خێرا خۆم گەیاندە دەرەوەی ماڵەکەمان.

دوای زیاتر لە کاتژمێرێک گەڕان بەسەر ئەو کەناڵە درێژەی ئەمبەر و ئەوبەری دوو ڕاستە شەقامی تەسک بوون، بەدرێژایی کەناڵەکە بەلەمی کابینەدار بوون و زۆربەیان هێشتا گڵۆپەکانیان دەگڕان، هەموویان لە ڕووی ئاوی کەناڵەکەدا وێنەیان دووبارە دەبووەوە. جارجار ئۆتومبێلێک بە دەنگ و شەوقی لایتەکانی، ئاڕاستەی بینینمیان دەگۆڕی و لە خەیاڵمیان دادەبڕیم.

بەبیرم دێت، ئەو شەوە زیاتر لە کیلۆمەترێک قووتوویەکی بیرەی بەتاڵم بە شەق دابووە بەر خۆم، هەستم دەکرد لەگەڵ هەموو دەنگ و تەپاوتلێکیدا، تەواوی سەرنجی ڕادەکێشام، ئەو منی وەکوو خۆی، تاوێک لە جەنجاڵی بەتاڵ دەکردەوە، چەندین جار لە تاریکییەوە بازم دەدایە ناو بازنەی ڕووناکیی ژێر دارگڵۆپەکان و ڕام دەچڵەکاندن، بۆ تاوێک بێدەنگی و سێبەری خۆمم دەهاویشتە ژێر ڕووناکییانەوە.

کەوتمە ژێر کۆمەڵێک دار، کە پەلی دارەکان ئەوەندە بەسەر شۆستەکەدا شۆڕ بووبوونەوە، پەل و گەڵاکانیان تاوتاو پەنجەیان لەناو قژم دەنا، نزمیی دارەکان، کە ڕووناکیی دارگڵۆپەکانیان لەناو هەناوی خۆیاندا قووت دابوو، کارێکیان کردبوو، کە پیادەڕەوێکی

وەکوو من، بەرپێی خۆی ئاسان نەبینێ.
لــە دەســتی ڕاســتمەوە کۆمــەڵێک دار بــوون، کــە بــۆ بــەردەمی قاوەخانەیـەک ڕێبەرییان دەکردیت. سـەرنجیان ڕاکێشـام، دارەکـان بـــەڕیز لەســـەر شۆســـتەی شـــەقامە خشـــتڕێژکراوەکە بـــەرز بووبوونــەوە، هــەموو قــەد و پــەلی دارەکــان، بــە گڵــۆپی وردی ڕەنگاوڕەنــگ ڕازابوونــەوە، لــە قاوەخانەکــەوە دەنگــی موزیــک بەرگوێم دەکەوت، ئەو دیمەنانە لە هەرجێیەک بن، زۆر سـەرنجم ڕادەکێشـن و بـەگومان نـیم لـە سـەردانکردنیان، ئەگـەر تـەنها بـۆ چـاوگێڕانێکیش بێت. هـەر بۆیـە تـاکوو نێـو دەرگـای قاوەخانەکـە، شۆستە کێشراوەکەم گرتە بەر، دەرگاکە لەسەر پشت بوو، چەند هەنگاوێک چوومە ناو قاوەخانەکەوە، هـەوڵم دا لـە قـەراغی باڕەکە نزیـک ببمــەوە، بــەڵام جـێگە نــەبوو، لەپشــتی باڕەکــەوە کچێکـی باڵابەرز، هێندەی لە منەوە دیـار بوو، قژ زەرد، سپی پێسـت، چاو شـین، پارچەیـەک قوماشـی تـەنکی سـووری بەسـەر گـۆی مەمکـە قنجەکانیدا دابوو، لەپشتیەوە توند بە تاڵێک پـەت بەسـتبووی، شـان و مـل و ورگـە ڕووتەکـەی، وەکـوو ئاوێنەیـەکی بێگـەرد دووبـارە گڵۆپــەکانی تێـدا دەگڕانــەوە. تاوێـک ســەرنجی ئــەو دیمەنــەم دا، هاوشـێوەی نمایشــی ئەکتــەرێک، کــە چــۆن بــە جوڵــەی لەشــی، بینەرانی خۆی بێدەنگ و سـەرسام دەکات، تەماشاکەرانی ئەو کیژە مەیخانەچییـە، هــەموو پیـاوی پشــتپان و سـەرتاشـراو بـوون، بــە هەموویان دەوری باڕەکەیان تەنیبوو، بەدەوری ئەو هەموو جوانی و چێژەدا سـنوورێکیان دروسـت کردبـوو. هـەوڵی شـکاندنی ئـەو سنوورەم نەدا، هەرچەندە لەو قاوەخانە و باڕە لاچەپانەدا، شەوانە خواردنەوەی بیرەیەکم بە پێویسـت دەزانـی بۆ وزەپێدانم و زیاتر

بەردەوامبوونم لە گەڕان. ئەو شەوە، داوای هیچم نەکرد و ڕووم وەر گێڕا و چوومە دەرەوە.

هەر ئەو شەوە، لە گەڕانەکەمدا، بیرم لە دایکم کردەوە، کە چۆن ئەو، بەدرێژایی تەمەنی من بێوچان بەدوای خۆشەویستێکدا دەگەڕا، پیاوێک؛ کە دڵی ئەو قبوڵی بکات و بۆ هەرگیز ئەو بەختەوەر بکات، دایکم هەردەم خەمی گەورەی من بوو.

کاتژمێری مۆبایلەکەم کاتژمێر چواری شەوی نیشان دەدا، هەرچەندە ئەوە بۆ جاری یەکەمم نەبوو تاکوو ئەو درەنگانی شەوە بەتەنیا یان لەگەڵ هاوڕێکانمدا لەسەر شەقامەکان بمێنمەوە، بەتایبەتی ئەو هاوڕێیانەم، کە ئامادە بوون گوێ لە چیرۆکەکانم بگرن و سەری بۆ ڕابوەشێنن.

یەکێک لەو هاوڕێیانەم، سمکۆ فەرهاد بوو، بەڕێکەوت لە یەکێک لەو شەوانەدا بوو بە هاوڕێم، سمکۆ یەکێک بوو لەو گەنجە غەریبانەی شاری ئەمستردام، پێکەوە بەردەوام لە مۆدێلی کۆڵانێک دەگەڕاین، کە لە بیرەوەریی ئەودا تۆمار بوو، وێنەی کۆڵانێک؛ کە لەسەر دیوارەکانی ڕۆحی ئەو هەڵکەندرابوو.

وەک سمکۆ خۆی دەی وت، 'من لە کۆڵانێکی قیرتاونەکراو، بێشۆستە، بێدار، بێدارگڵۆپ و پڕ لە چاڵوچۆڵ دەگەڕێم. کۆڵانێک، ماڵەکان بە دیواری بەرز چواردەوریان گیرابێت و پەنجەرەکانیان بچووک و پەردەکانیان ئەستوور بن، کۆڵانێک، هەموو ڕۆژێک چەند جارێک چلوورەفرۆشێک لێوەی تێپەڕێ و ژنان بەکۆمەڵ لەبەر دەرگای ماڵەکاندا دانیشتبن، کۆڵانێک، هەمیشە بۆنی غاز و نەوتی لێ بێت، کۆڵانێک، بۆنی یادەوەرییەکانی سەردەمی منداڵیمی لێ بێت.'

من ئەوسا پێم وا بوو، هاوشێوەی ئەو کۆلانەی ئەو باسی لێوە دەکرد، پێدەچێت تەنها لە خەیاڵی سمکۆدا بوونی هەبووبێت.

کاتێک نزیکی ماڵی خۆمان بوومەوە، ویستم سەردانی سەوسەن بکەم، ئەو دوو کۆلان لەولای ماڵی خۆمانەوە بەتەنیا دەژیا، لە تەمەنی شازدە ساڵیمەوە، پەیوەندیم لەگەڵیدا هەبوو، کاتێک ئەو لە قوتابخانەی ناوەندی مامۆستام بوو، بووین بە هاوڕێ و هاودەنگی یەکتری، جاری یەکەمم بوو لەگەڵ ئافرەتێکدا بچمە ناو جێگەوە، باش بەبیرم دێت، بەدرێژایی ئەو ڕۆژە لەلای مامەوە و نەیهێشت بڕۆم. لە کاتێکدا هەست بە تەنیایی و بێزاری بکەم، تاوێک لەلای ئەو پشوو دەدەم و لە باوەشی گەرمیدا تێر دەنووم، هەرچەندە سەوسەن پازدە ساڵێک لە من گەورەترە، بەڵام ئەو جیاوازیی تەمەنە نەبووەتە کێشەیەک لەنێوانماندا، نە لە تێکئاڵانمان لەنێو جێگەدا و نە وەکوو هاوڕێش. بەڵام ڕووداوەکانی ڕۆژانی ڕابردوو کارێکیان بەسەر خەیاڵمدا هێنابوو، هێزی ئەوەم تێدا نەبوو، تاکوو بتوانم سەردانی لای سەوسەن بکەم.

دەمویست خێرا بگەمە ماڵەوە و تۆزێک چاوم لێک بنێم، کاتێک گەیشتمەوە ماڵ و چووم لە هۆڵەکە تاوێک بێدەنگ ڕاوەستام، هەموو شتێک خۆی لە بێدەنگیی ماڵەکەدا نوقم کردبوو. لە ژووری دانیشتنەکە، لەسەر قەنەفەکە، خۆم گرمۆڵە کرد، ئەوەندە ماندوو بووم، زوو خەوم لێ کەوت.

لە دەنگی پرخەپرخی خۆم بەخەبەر هاتمەوە، هەموو لەشم ئارەقێکی گەرمی کردبوو، بۆگەنی ئارەقەی لەشم، هەناسەی خۆمیان توند کردبوو، ڕوانیم بەتانییەکی ئەستوورم پێوە بوو، ویستم بچم بۆ ژوورەکەی خۆم و پاشان دوشێک بکەم، کاتێ کە

دەبووایــە بــە بــەردەمی ژوورەکــەی دایکمــدا تێپەڕیمایــە بــۆ ژوورەکەی خۆم، گوێم لە دایکم و کارڵ بوو قسەیان دەکرد.

چوومــە نــاو دەرگــای ژووری خەوتنەکــەی دایکــم و پــاش چەنـد هەناسەیەک لێڕوانینیان پێم وتن، 'بەیانیتان باش.'

هەردووکیان لە شانی یەکەوە، لەژێر چەرچەفێکەوە، ڕاکشابوون و تەنها سەریان بەدەرەوە بوو. پێکەوە بە کۆرس، 'نیوەڕۆت باش.'

دایکم بـە تەوسـێکەوە وتـی، 'ئـەوە دوێنـێ شـەو بـۆ لەپڕێکدا دیـار نەمایت، بۆ کوێ چوویت؟'

کــارڵ بــە پێکەنینــەوە وتــی، 'لەســەر قەنەفەکــە خەوتبوویــت، لــە سەرمادا وا خۆت گرمۆڵە کردبوو، بەتانییەکەی خۆمم پێدا دایت.'

بێدەنگ سەیرێکی هەردووکیانم کرد، بێ ئەوەی هیچ بڵێم، چووم بۆ ژوورەکەی خۆم.

٢

دایکم

ئەو بەیانییە، دیسان بە دەنگی ئەو بەئاگا هاتمەوە، دەنگێک، کە هەموو ڕۆژێک وزەی پێ دەبەخشیم بۆ ڕابوونم و لەماڵدەرچوونم و کارکردنم.

گوێم لێی دەبوو، چەند جارێک لە نهۆمی خوارەوە بانگی کردم، 'مارتن، مارتن.'

خۆم لێ بێدەنگ دەکرد و وەڵامم نەدەدایەوە، چاوەڕوان بووم، تەمەنام دەکرد سەرلەنوێ دەست بە گۆرانی چڕین بکاتەوە، لە خەیاڵی خۆمدا وتم، 'دەی، دەی، گۆرانی بچڕە، زۆر تامەزرۆی ئەو دەنگەی تۆم.'

تاوێک بوو خۆم مەلاس دابوو، گوێم لە هەوادا هەڵخستبوون، ئینجا بە هەردوو لەپی دەستم، دوایین توێژاڵی خەوم لەسەر پێڵوی چاوم لا دا، بینیم چۆن دەزوولەی خۆرێکی نەرم لە کونی وردی پەردە تەنکەکانەوە بەکۆمەڵ ڕووی ناسکی پەردەکەیان سمیبوون و بەسەر دیواری ژوورەکەمدا بڵاو بووبوونەوە، بێ

پرسـی مـن، ڕەنگـی خۆیـان وەژوور خسـتبوو. وەکـوو ئـەوەی ڕەنگێکی زەردی کاڵت بەسەر دیوارەکاندا پرژاندبێت. دایکم خۆی کرد بە ژووردا و کوپێک قاوەی بە دەستەوە بوو، هات لەتەنیشت جێگەکەمەوە ڕاوەستا، بە پێکەنینەوە، 'بەیانیت باش.'

بێجگە لە بۆنی قاوە گەرمەکە، بۆنی ئەو عەترەم کرد، کە هەستی بۆنکردنم دەمێک بوو غەریب کەوتبوو پێی، بۆنی عەتری شانێل، ئەو بۆنە یاخییەی ڕۆحمی دەگوشی و زیاتر دەیترنجاندمەوە ناو خۆم. عەزییەکی تەسکی ڕەشی تا سەر ئەژنۆی لەبەردا بوو، قژە قاوەییە تۆخەکەی بەسەر شانیدا بەر دابۆوە.

کوپەکـەی لەسـەر کۆمیـدیی تەنیشـت جێگەکەمـەوە دانـا، هێشـتا هەڵمی گەرمی لێ هەڵدەستا، لێی ڕوانیم و وتی، 'گوێت لێم نەبوو، بانگم کردیت؟'

لەو دەمەدا کە هێشتا من بە بالایدا هەڵم دەڕوانی، سەرم بە نا بۆ ڕاوەشاند.

'چۆنم بەلاتەوە؟'

هەردوو دەسـتی بـڵاو کردەوە و بـازێکی دایـە سـەر جێگەکـەم، بـە خۆبـادان نمایشـی خـۆی دەکـرد و دووبـارە پرسـی، 'جـوانم، بەلاتەوە؟'

چەند جارێک نووکی پێیەکانی لە ڕانم کوتان، دیسان بەردەوام بوو، وتی، 'چییە، ئەوەندە سەرسام بوویت پێم، دەمت گۆ ناکات هیچم پێ بڵێیت؟'

بێدەنگ لێم دەڕوانی و لە خەیاڵی خۆمدا وتم، 'دەبێت ئەم هەموو وزەیەی لەکوێوە هێنابێت، دوێنێ بێزار و کەنەفت، کە حەوسەڵەی قسەکردنیشی نەبوو، کەچی ئەمڕۆ...'

'هەستە، وەرە لەگەڵم.'

دەستی بۆ درێژ کردم و بە خەندەیەکەوە لە لێی ڕوانیم، کوپی قاوەکەمم لەگەڵ خۆم هەڵگرت و ناچار دوای کەوتم بۆ نهۆمی خوارەوە، لەسەر پلیکانەکان پێم وت، 'ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە؟'

بێ ئەوەی ئاوڕم لێ بداتەوە، پێی وتم، 'بۆ من ڕۆژێکی زۆر تایبەتە.'

'تەنها بۆ تۆ؟'

'ئازیز، من و تۆ، لە خۆشی و ناخۆشیی یەکدا بەشدارین!'

گەیشتینە هۆڵەکە و کوپەکەی لە دەستم وەر گرت و لەسەر مێزی تەلەڤزیۆنەکە دای نا، هەردوو دەستی گرتم و دەستی کرد بە سەماکردن، بەردەوام لەگەڵ خۆیدا بای دەدام، پێکەوە لەسەر نووکی پێ، بەدەوری یەکتردا دەخولاینەوە، لەبەر خۆیەوە، 'زۆر ئەوە نییە؟'

'زۆر چی نییە؟'

'مەبەستم...!'

کاریگەریی ئەو گومان و دوودڵییەی بە ڕوویەوە دیار بوو، بوارم پێ نەدا بیر بکاتەوە، پاش ئەوەی لە خۆبادان وەستاندم، بەقووڵی لە چاویم ڕوانی و پێم وت، 'ئەگەر تۆ پێم بڵێیت کوێت دێشێت، ئەوکات...'

'ئەوکات چی...؟'

بە شڵەژاوییەکەوە هاواری کرد بە سەرمدا و دیسان وتی، 'مەبەستم، سەرنجڕاکێشم؟'

لە بەردەممدا جارێک خۆی بادا، بە زەردەخەنەیەکەوە وتی، 'عەزییەکەمت بەدڵە، ئەی پێڵاوەکانم، مەبەستم ئەوەیە، لەگەڵ

ڕەنگی عەزییەکەمدا دەگونجێن؟'
چاوی دەبریقایەوە، لە ڕوخساریدا گەنجێتیم تێدا دەبینییەوە، لچ و لێوی وشک و ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو.
'خواردنم ئامادە کردبوو، لەوە دەچێت ساردیش بووبێتەوە.'
لەسەر قەراغی قەنەفەکە دانیشتبووم، جارجار قومم لە قاوەکە دەدا، تامی تاڵی قاوەکە، دواڕەگی خەوی لە چاومدا ڕەواندەوە، ئەو وەکوو شتێکی بیر کەوتبێتەوە، بەخێرایی هۆڵەکەی بەجێ هێشت و بە پلیکانەکاندا بەپەلە چوو بۆ نهۆمی سەرەوە، گوێم لە تەقوهوڕ بوو، دیار بوو بەهەڵەداوان لە شتێک دەگەڕا.
پاش گەڕانەوەی، بینیم چەندین سیدێی بە دەستەوە بوو، لەپێش ڕیکۆردەکەدا هەڵوێستەی کرد، یەک یەک تاقیی دەکردنەوە، لەسەر یەکێک لە گۆرانییەکان وەستا، بەباشی لەبیرم نەماوە چ گۆرانییەک بوو، هەستا و دیسان دەستی گرتم و توند بۆ لای خۆی ڕایکێشام و نووساندمی بە خۆیەوە، ئینجا لەگەڵ ڕیتمی موزیکەکەدا، لەگەڵ خۆیدا بای دەدام، تاوێک بە ڕاست و چەپماندا هەنگاومان دەنان و سەمامان دەکرد.
لە کاتێکدا ئەو لە قووڵایی چاومی دەڕوانی، وتی، 'ڕای خۆتت هەر پێ نە وتم!'
'بەگومان مەبە لە خۆت.'
هەستم پێ کرد و بە ڕەنگیشیەوە دیار بوو، دەمزانی چەندە پێویستی بە من بوو، تا ڕای خۆمی پێ بڵێم، هەردوو ڕوومەتی سوور بووبوونەوە و خوێنیان تێ زابوو، بەهێواشی چاوی لێک نا و سەری نا بەسنگمەوە. پاشان لەژێر لێوەوە، 'بەگومانم لە تەمەنم!'

'هیچ گومانت لە خۆت نەبێت، سروشت هەموو شتێکی پێ داویت، ڕەنگبێ خۆت هەستیان پێ نەکەیت.'

هێشتا سەری لەسەر سنگم هەڵنەبڕیبوو، بێدەنگ باوەشمان بەیەکدا کردبوو و خۆمان لەگەڵ ڕیتمی تۆنی مۆسیقاکەدا دەلەنگاند، هەستم بە ماندوویێتیی ئەژنۆم دەکرد، چەند جارێک داوام لێ کرد، کە دابنیشین و پشوویەک بدەین، پاش ئەوەی بەدەم سەماکردنەوە هەموو هۆڵەکەی پێ گێرام، ماندوو، هەردوو لەتەنیشتی یەکەوە، لەسەر قەراغی قەنەفەکە دانیشتین، لەشم گەرم داهاتبوو، توند باڵەکانی لە ملمەوە ئاڵاند، وەکوو شەرم لە دەنگی خۆی بکات، هێواش بە گوێچکەمیدا چپاند، 'خۆ بەلاتەوە گران نییە؟'

'چی؟!'

'هاوڕێیەکی تازەم گرتووە.'

'بە خۆشی بێت!'

یەکەمین جارم بوو، ئاوا دەسەوسان ببینم، شێوازی هیچ نە گۆڕابوو، ئەوەندە نەبێت، تۆزێک بەرچاوی ئاوسابوو، هەوڵی دابوو بە بۆدرە بیانشارێتەوە، بەڵام ئاسەواریان هەر دیار بوو، ئەو هەردەم لە پێشچاوم دا جوانترین مرۆڤ بوو.

دایکم لەو ساڵانەی دواییدا، لە خۆی زۆر بەگومان بوو، تەنانەت لە کارکردنیشدا، لە توانای خۆی دڵنیا نەبوو، ڕۆژانە دەیان کەنفاسی ڕەنگ دەکرد و پاشان بە تووڕەییەوە لەژێر پێی دەنان و تێکی دەشکاندن، یان بەکۆمەڵ لە حەوشەکەدا ئاگری تێ بەر دەدان.

باش بەبیرم دێت، زۆرینەی کات ئەوەندە بێزار دیار بوو، ماڵی بەجێ دەهێشت و چەندین کاتژمێر ون دەبوو، پاشان بەدەم

پێکـــەنین و گــۆرانی چڕینـــەوە، بەمەســتی دەگەڕایـــەوە، دیســـان بێدەنگیی ناوماڵەکەی دەشکاند، سـەرلەنوێ دەستی دەکردەوە بە نیگارکێشان. لەو کاتانەدا ئیشی من تەنها ئەوە بوو، کە بە شـانامە بەبالآیدا هەڵبدەم، لە خۆم ببوورم و هێز بدەمـە بـەر ئـەو، تـاوەکوو بتوانێت بەردەوام بێت لە ژیان و تێک نەشکێت. هەندێک جار چەند ڕۆژێـک، یـان بـە حەفتـە، دەڕۆیشــت و خــۆی لــێ ون دەکــردم، بـەردەوام وا هەسـتم کـردووە، دایکـانی هـەموو دونیـا وان و هـیچ دایکێکیش نییە لە دایکی من جوانتر و باشتر بێت.

بـاش بــەبیرم دێـت، وا دەزانــم ئێســتایە، دە ســاڵێک لەمەوبــەر، بەیانییـەکیان زوو، منـی لـە خـەو هەسـتاند، بـە ڕوویـەکی خۆشـەوە پێـی وتـم، 'هەسـتە مـارتن، تـۆ قاوەیـەک دروسـت بکـە، هـەر ئێسـتا دەچم نانی گەرم و پەنیری تازە لە بازاڕ دەکڕم.'

خێــرا لەخـــەو ڕابـــووم و مێـــزی نانخواردنەکـــەم ڕازانـــدەوە، دانیشـتبووم. دوای چەنـد کاتژمێرێـک چـاوەڕوانیم، بـە پاسـکیل بـۆ چەنــد ســەموونخانەیەک و بــازاڕێکی نزیــک ماڵەکــەمان چــووم، بەدرێژایــی ئــەو ڕۆژە چــاوەڕوانی بــووم، خــەمیم بــوو، خــەیاڵی ناخۆشــم دەکــرد، لەبــەر خۆمــەوە بــەردەوام دەم وت، 'بــۆ دیــار نەبوو، ئاخۆ چیی بەسەر هاتبێت؟'

ئەو ڕۆژە، هەتا درەنگانێکی شـەو، چـاوەڕوانی بـووم، بـەبیرم دێـت، کــە لــە ژووری میوانەکــە، بەتەنیشــت تەلەفۆنەکــەوە خــەوم لــێ کەوتبوو.

دوای سێ ڕۆژ، درەنگـانێکی شـەو، بـە زەنگـی تەلەفۆنەکـە لـە خـەو ڕابووم، ئەوەندە مەست بوو، باش قسەی بۆ نەدەکرا، دەنگی چەند

کەسانێکی تریش تێکەڵا و بە دەنگی ئەو دەبوو، چەند جارێک لەسەر یەک وتی، 'چەند ڕۆژێکە لە پاریسم و چەند ڕۆژێکی تریش دەمێنمەوە.'

کوتوپڕ دەنگی دایکم گۆڕا بە دەنگی پیاوێک، دیار بوو دایکم مۆبایلەکەی دابووە دەستی ئەو، وتی، 'من جۆنم و لە دەنهاخ دەژیم، حەفتەی داهاتوو دێم بۆ ئەمستردام، تا لە نزیکەوە یەک بناسین.'

بێ ئەوەی هیچ وەڵامێکی بدەمەوە، بەردەوام بوو، وتی، 'مارتن، تۆ باشترین دایکت لە دونیادا هەیە، دەبێت خۆت بە بەختەوەر بزانیت، کە کوڕی ئەو ئافرەتەیت.'

لەم قسانەدا بوو، هێڵەکە بچڕاو دەنگی نەما.

هێشتا تەلەفۆنەکەم بە گوێوە بوو، لەبەر خۆمەوە وتم، 'بێگومان.'

پاش چەند ڕۆژێک، لە نیوەشەودا، لەسەر پلیکانەکان بە دایکم گەیشتم، وەکوو منداڵێک کە لاسارییەکی کردبێت، سەری داخست و بێدەنگ بەتەنیشتمەوە ڕەت بوو، بە پلیکانەکاندا سەر کەوت و چوو بۆ ژوورەکەی خۆی.

هەستم دەکرد لەو دەمەدا پڕ بووم لە تووڕەیی و لە هەمان کاتیشدا، دڵخۆش بووم بە بینینی، نەمدەزانی چی بکەم و چیی پێ بڵێم، حەزم دەکرد باوەشێکی توندی پێدا بکەم و پێی بڵێم، بیرم دەکردیت و دڵم زۆر لات بوو، ئۆخەی گەڕایتەوە، لەو کاتەدا نەمتوانی خۆمی لێ نیگەران بکەم، تەنانەت پرسیاری ئەوەیشم لێ نەکرد، ئاخۆ لەکوێ بووە.

خەمێک دای گرتم و تاوێک لەسەر پلیکانەکان لێی دانیشتم، هێواش قسەم لەگەڵ خۆمدا دەکرد، هەستم بە گەرمیی فرمێسکەکانم کرد،

کە بەسەر ڕوومەتەکانمدا تل بوونەوە بۆ سەر ڕووی بیجامەکەم، تێگەیشتم کە دیسان بەدڵشکاوی گەڕاوەتەوە، هەموو جارێک، وەک سەربازێکی زامدار و لە جەنگدا دۆڕاو، ڕۆژێک یان دووانی پێویست بوو بۆ قبوڵکردنی دۆڕانەکەی و سارێژبوونی برینەکانی، پاشان سەرلەنوێ، وەک پیشەی هەمیشەیی، دەستی دەکردەوە بە گۆرانی چڕین و ڕەن گرشتن و نیگارکێشان، هەمدیسانەوە ئەو وەکوو پەپوولە بە دونیای مندا دەستی دەکردەوە بە فڕین. منیش چەند ڕۆژێک مەست و بێزاری ڕووداوەکان دەبووم.

٣

غەریب

تــا درەنگــانی شــەو، بــە شــەقام و کۆڵانــە تاریــک و چۆڵــەکانی شــاری ئەمســتردامدا دەگــەڕام، گیــنگڵم دەدا. دەمەوبــەیانییانیش بــۆ پشوودان، لە قاوەخانــەی گرانــت دەگیرســامەوە و لــەوێ گــوێم لــەو موزیکژەنە غەریبانە دەگرت، کە بەڕێکەوت ڕێیان کەوتبووە شاری ئەمستردام و وەک کەشتیوانێکی وێڵ لە دەریادا، لـە بەنـدەری ئـەو شارە دەگیرسانەوە.

لە مێژووی شەوگەڕیمدا، زۆر کەســم دوانــدووە و ناســی، بێگومــان ئــەو کەســانە هــەموو لــە غــەریب و بێدەرەتانــەکانی شــار بــوون، ئەوان، شــەوان ڕۆحیــان دەکردەوە بــە بــەری شــاردا، بــەردەوام بــە شــادەمارەکانیدا دەگــەڕان، شــارێک، کــە غەریبــەکان بــەردەوام تێیــدا ون دەبــن، شــارێک، کــە جــادوو لــە غــەریبان دەکــات و هــەموو ئاڕاســتەکانی هــزر و خــەیاڵیان لــێ ون دەکــات، غەریبــەکانی ئــەم شارە، زۆربەیان هەڵگری چیرۆکی سەرنجڕاکێشن.

شەوگەڕیم، گەڕانم بوو بەدوای خۆمدا، لە نهێنیی ئەفسونی شـەودا

و لـەناو قـوولایی خەیاڵەکانمـدا، لـە کاتێکـدا جەسـتەی بـەتاڵم شۆسـتەی شـەقامە چۆڵـەکانی شـاریان دەپێـوا، چـاوە زیتـەکانم دارگڵـۆپی سـەر شۆسـتەکانیان دەژمـارد، بـەردەوام بـەرەو ڕووی هیوایەک بەڕێوە بووم، ڕۆحـم لـە جەستەم دوور، خـەریکی گـەڕان بـوو بـەدوای وەڵامـی ئـەو پرسـیارانەدا، کـە بەشـێکی زۆری خەیاڵمیان داگیر کربوو. یەکێک لـە شـەوە گەرمـەکانی هـاوین بوو، لە کاتێکدا لـەوەدا بووم کۆتـایی بە پیاسـەی ئـەو شـەوەم بهێنم و بـەرەو ماڵـەوە بـڕۆم، پیادەڕەوێـک، کـە تاوێـک بـوو بەبێـدەنگی هاوشانی مـن ڕێگەی دەبڕی، دڵسـاردانە وتـی، 'دەزانیت شـەوێکی زۆر هیچە!'

بە بالایدا هەڵم ڕوانی و بێ ئەوەی هیچ بڵێم، سـەرم بۆ ڕاوەشـاند، لاوێکی بالابـەرزی لـەش و لار ڕێـک، قژێکـی ڕەش، گلێنـەی چـاوی قاوەیی، پێسـتی گـەنم ڕەنـگ، تۆنی دەنگی گڕ بـوو. سـاتێک لـەژێر ڕووناکیی دارگڵۆپێکدا هەڵوێستـەیەکمان کـرد، بـە سـەرنجەوە لێی ڕوانیم و پرسیی، 'بەرەو کوێ؟'

لە وەڵامدا وتم، 'بەرەو، نازانم، بەرەو هیچ!'

دایـە قاقـای پێکـەنین، 'کەواتـە مـن و تـۆ بـەرەو هـەمان وێسـتگە بەڕێوەین؟'

دەستی بۆ درێژ کردم، 'من، سمکۆ فەرهاد.'

بە دوودڵییەکەوە دەستم خستە ناو دەستی و پێم وت، 'من، مـارتن سەلەمۆم.'

پاشان سمکۆ دەنگی هەڵبڕی و بەردەوام بوو، 'من خەڵکی عێراقم!' بە سەرسووڕمانەوە لێم ڕوانـی و وتـم، 'بەڕاسـت؟ منیش خـەڵکی هۆڵەندام!'

هەردوو دامانە قاقای پێکەنین. سمکۆ یەکێک بوو لەو کەسانەی لە شەوگەڕیمدا بەڕێکەوت ناسیم و زیاتر لە جارێک دیمەوە، بگرە بووین بە هاوڕێ و هاودەنگی یەکتریش.

ئەو شەو و ڕۆژانەی لەدوای شەوی ناسینی من و سمکۆوە گوزەریان کرد، زۆریان لەیەک دەچوون، سمکۆ بەردەوام دەربارەی کوشتن، گیران، ڕاونان، ڕووخان، هەروەها تۆقانەوە دەدوا.

ئەو ئەمانەی دەوت و منیش بەردەوام سەرم بۆ دەلەقاند. لە یەکێک لەو شەوانەدا، کە زیاتر لە کاتژمێرێک دەبوو، بێدەنگ لە شانی یەکترەوە دەڕۆیشتین، سمکۆ ئەو بێدەنگییەی شکاند و لێی پرسیم، 'دەزانی ئێمە کێین و پێویستە چ ناتۆرەیەک لە خۆمان بنێین؟'

به سەرسووڕمانێکەوە لێم ڕوانی و پێم وت، 'نەخێر.'

'شەوگەڕەکان، ناتۆرەیەکی گونجاوە، وا نییە؟'

به سەرسامییەکەوە سەیرێکم کرد و وتم، 'بۆ نا، گونجاوە.'

پاشان لە شوێنی خۆم هەڵوێستەیەکم کرد، بە چواردەوری خۆمدا چاوم گێڕا و بە دەنگی بەرز هاوارم کرد، 'دانیشتووانی شاری ئەمستردام، هەموو گوێتان لێم بێت، ئێمەین شەوگەڕەکانی شار، شەوگەڕەکان، شەوگەڕەکان...'

دوای ئەوەی چەند جارێک بە کۆرس پێکەوە هاوارمان کرد، بێدەنگیمان لەو کۆڵانە بەرتەسکەدا شکاند و هەموو چواردەوری خۆمان پڕ کرد لە دەنگی خۆمان، لە باڵاخانە بەرز و نزمەکانەوە، هەر پەنجەرە بوون و بە ڕەنگی گڵۆپی جیاواز ڕووناک دەبوونەوە، بە ڕاست و چەپماندا دەیان پەنجەرە خرانە سەر

پشت، بە دەنگی گڕ و ناسک، بەرز و نزم، بانگیان لێ دەکردین، 'بێدەنگ بن، هەی ڕیسوابووان!' یەکێکی تر بە توورەییەوە، 'بڕۆنەوە ماڵە وێرانەکەی خۆتان و سەرتان بخەنە ناوگەڵی دایکتانەوە ئەگەر هەتانە، ئەگەر نیشتانە، خۆتان بە عەرزدا بدەن و بمرن.'

بەدەم ڕاکردن و قاقالێدانەوە، چەند گەڕەکێکمان بڕی و دوور کەوتینەوە، لەپشتمانەوە دەنگی لورەی ئوتومبێلی پۆلیسەکان دەهات.

ئەوسا بەگەرمی دەربارەی هونەری شێوەکاری، سەرقاڵی خوێندن و خوێندنەوە بووم، بەتایبەتی مێژووی ئەو هونەرە، هونەری سەدەی شازدە و سەرهەڵدانی شەپۆلی بیرۆکەی *بارۆک* لە ئەورووپا، کە ئەوسا لە مێژووی هونەردا، بە بیرۆکەیەکی گرنگم دەزانی. ئینجا *کلاسیزم* و *نیۆ کلاسیم* و *ڕۆمانتیک*، تا کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدە و شەپۆلی بیری *ئیمپرشیۆنیزم* و *سریالیزم* و پاشان *کۆبرا* لە هۆڵەندا، کە دایکم یەکێک بوو لە ئەندامانی گروپی داهێنەری کۆبرا، هەروەها هونەری *پۆست مۆدێرنیزم* و هونەری *مۆدێرن*، بێگومان بەردەوام چاوێکیشم لەسەر هونەری ئێستا بوو، لە زانکۆ، مێژووی هونەرم خوێندبوو، لە مۆزەخانەی نیشتمانیی ئەمستردام کارمەند بووم.

سمکۆ چێژی لەو باسانە نەدەبینی و دیار بوو زۆر پێیان بێزار بوو، ئەو لە عێراق، هەتا چواری ئامادەیی خوێندبوو، بۆ بەردەوامبوونی لە خوێندن، جەنگ لە بەردەمیدا ڕێگر بوو، لە هەموو بوارێکدا زانیاریی هەبوو، لە هەمان کاتیشدا، لە هیچ

بواریکیشدا بەتەواوی قاڵ نەبوو، حەوسەڵەی خوێندنەوەی کتێبی نەبوو، ڕۆحی بەردەوام بە ڕووداوەکانی ڕابردوویەوە لکابوو، بە جۆرێک بەرپێی ئێستای خۆی نەدەبینی.

ئەوسا سمکۆ فەرهاد بەردەوام لە هاوڕێیەکی دەگەڕا، سامان خدر، چەند مانگێک بوو لە شاری ئەمستردام بێسەروشوێن بوو.

ئەوسا سمکۆ خۆی وای بۆ گێڕامەوە، "سامان کوڕێکی تەمەن بیست و هەشت ساڵ و دوو ساڵێک بوو لە هۆڵەندا دەژیا، لە عێراق و لە شاری کەرکوک، باوکم لەگەڵ باوکی ساماندا هاوڕێ و هاوبیر بوو، باوکمان پازدە ساڵێک پێش ئێستا، لە یەک ڕۆژدا، لەلایەن ڕژێمی ئەوسای عێراقەوە گیران و بێسەر و شوێن کران، بە چ تۆمەتێک تاوانبار کرابوون، باوەڕ بکە، تا ئەمڕۆیش کەس نازانێت، من و سامانیش هەر لەسەر ئەو ئەساسە بووینە هاوڕێ و برا.
کاتێک سامان هات بۆ هۆڵەندا، من دە ساڵێک دەبوو لە هۆڵەندا بووم. سامان دوای ساڵێک ژیان لە کەمپی پەنابەران، بە خۆی و کۆڵەپشتێکەوە هات بۆ ئەمستردام، تاوەکو لای من ژیان بەسەر بەرێت، ئەویش لە کاتێکدا بوو، سامان لە کەمپەکەی تەواو بێزار بووبوو، باری دەروونیی تەواو تێک چووبوو، سامان هات و ساڵێک زیاتر لای من ژیا، پیشەی تەنها خۆراک و خەو و نیگارکێشان بوو، هەرگیز لە ماڵ دەر نەدەچوو، بێجگە لەوەی حەفتەی جارێک، دەچوو بۆ کەمپەکەی بۆ ئیمزاکردن و وەرگرتنی خەرجی، کە ئەویش ڕێکەوتی ڕۆژی پێنج شەممانی دەکرد،

ئەویش دەبووایە من بچوومایە لەگەڵی، لە کەمپەکەی، هەفتانە سێ ئیرۆی وەر دەگرت، باوەڕ بکە، بەس بەشی جگەرەکەی دەکرد و ڕۆژی زیاد لە پاکەتێکی دەکێشا. وەکوو تر، هەموو خەرجییەکی لەسەر گیرفانی من بوو.

دەزانی مارتن، چەند مانگێک پێش ناسینی تۆ، سامان بەبێ ماڵئاوایی بەجێی هێشتم، تەنانەت کورتەنامەیەکیش چییە، لەپاش خۆی بەجێی نەهێشت و بێدەنگ لە ماڵ دەر چوو، هەتا ئێستایش، نازانم لەکوێیە و چیی لێ بەسەر هاتووە، تەنانەت تەلەفۆنێکیش چییە، بۆی نەکردم.

ڕاستییەکەی ئاوا بوو، کاتێک لە کار گەڕامەوە، کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ بوو، ئەوسا لە چێشتخانەیەک کارم دەکرد، سڵاوم لێ کرد و چوومە حەمام خۆم بشۆم، پاش خۆشتنم، خاولییەکم لە ناوقەدم ئاڵاند و هاتمەوە ژووری دانیشتنەکە، جگەرەکەی سامان، هێشتا لەسەر لێوی تەپڵەکەکە دووکەڵی لێ هەڵدەستا، بەڵام سامان خۆی دیار نەبوو، پاش ئەوەی تەواوی ماڵەکە گەڕام، باوەڕ بکە، ئەو هیچی لەگەڵ خۆی نەبردبوو، نە کەرەستەی وێنەکێشان، نە جزدانی بەر گیرفان، تەنانەت جل و کۆڵەپشتەکەی، هەمووی لە ژووری خەوتنەکەی بوو، کەرەستەی نیگارکێشان و زیاتر لە سەد تابلۆ، باوەڕ بکە، تا ئەمڕۆیش هیچ شتێکی ئەوم لە ماڵەکەمدا لە جێگەی خۆیان نەبزواندوون."

کاتێک سەردانی ماڵی سمکۆم کرد و تابلۆکانی سامانم بینی، بە سمکۆم وت، 'پێدەچێت سامان بەڕووتی خۆی لەناو سروشتی ئەم تابلۆیانەی هاویشتبێت و بۆ نیشتمانی باوکی گەڕابێتەوە، بێگومان

ڕۆژێک دێت، ئەو غەریبیی تۆ و ئەم ماڵە و ئەمستردام دەکات و دەگەڕێتەوە.'

کارەکانی سامان، ئاوێنەی سروشت و ڕووداوەکانی کوردستان بوو، سمکۆ بە مەبەستی بڵاوکردنەوەیان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا، دەربارەی سامان و کارەکانی کورتەباسێکی بە زمانی هۆڵەندی نووسیبوو، تا لەو ڕێگەیەوە سەرنجی خەڵکی ڕابکێشێت و بتوانێت تابلۆکانی سامان بفرۆشێت، بەڵام هیچکام لەو گۆڤار و ڕۆژنامانە وەڵامی ئەویان نەدابووەوە، کاتێک نووسینەکەیم خوێندەوە، وام بە سمکۆ وت، 'نووسینەکەت لە ئاستی توانای هونەریی کارەکانی ساماندا نییە، ناوەڕۆکی نووسینەکەت، لە وەفا و سۆزتەوە بۆ سامان و نیشتمانەکەت سەرچاوەی گرتووە.'

ئەوسا سمکۆ داوای لێ کردم، لە فرۆشتنی تابلۆکانی ساماندا هاوکاریی بکەم، لەگەڵی چووم بۆ چەند گەلەرییەک، کاتێک نموونەی کارەکانی سامانمان پیشانی خاوەن گەلەرییەکان دەدا، دەستبەجێ دەشڵەژان و خێرا و بەپەلەپرووزێ لە گەلەرییەکانیان دەریان دەکردین.

ئەوسا من چەند تابلۆیەکی سامانم برد و پیشانی دایکمم دان، بە پێچەوانەوە، دایکم زۆر پێیان سەرسام بوو، لەگەڵ دایکم پێکەوە دەربارەی کارەکانی سامان دەدوایـن، هـەوڵمان دەدا هـەموو دیمەنێک بەجیا وەر بگرین و لە ڕێگەی ڕەنگ و هێڵکاری و فۆرمەکانەوە، لە مەبەستی خوڵقاندنی هەر کارێکی سامان تێبگەین، تابلۆ و سکێچەکانی سامان خدر، هەریەکەیان نمایشی کۆمەڵێک ڕووداویان دەکرد، هەر کارێکی، چیرۆکێکی تایبەت بە خۆی

دەویست، دەیان پۆرتریتی ڕوخسارشێوێندراو و دیمەنی گوند و شار و شارۆچکە و سروشتی بە سووتماک کراو، لەنێوان ڕەنگە ئاکریل و ڕەنگی ڕۆنییە هەرزانبەها وشکەوەبووەکاندا، بۆدڕن و دووکەڵێکی خنکێنەریان لێ هەڵدەستا، لەگەڵ دایکمدا، زۆر هەوڵمان دا ڕووداوەکان بکەین بە بەشێک لە خەیاڵی خۆمان و بە خەیاڵ تێکەڵیان ببین و لە کارەکانیدا هەست بە خەیاڵی سامان خۆی بکەین، بەڵام من و دایکم، هەرگیز ئەو پەیوەندییە ڕۆحییەمان لەگەڵ هیچ کارێکی سامان خدردا بۆ پێک نەهات.

کارەکانی سامان، ناکرێ پێیان بڵێین جوانن، لە ڕاستدا جوان نین و لە کاتی لێ ڕوانینیاندا، خێرا پەی بە هەستی مرۆڤ دەبەن و دەیشڵەژێنن، سەرجەمیان خۆ لە چەمکێکی پەیکەرسازییانە نزیک دەکەنەوە، بێگومان تابلۆکانی سامان خدر ئاوێنەیەکی ئەبستراکتن، سەرجەم دیمەنی مێژووی ژیانی میلەتێکیان لە خۆیاندا هەڵگرتووە.

ئەو تابلۆیانە بۆ سمکۆ، نەک تەنها زیاتر غریبیی ئەوی بۆ سامان دەورووژاند، بەڵکوو سەرلەنوێ بەرکەوتنەوەی ڕۆحی سمکۆ بوو بە ڕووداوەکانی نیشتمانی باوکی.

٤

خوانی شێرپەنجە

دوو ڕۆژێک بەسەر ڕۆژی لەدایکبوونی دایکمدا تێپەڕیبوو، بەیانییەکی خۆرەتاو، خۆم بە ژوورەکەی دایکمدا کرد، تاکوو پێی بڵێم بۆ حەفتەیەک بۆ وڵاتی میسر دەچم، پێش ئەوەی بگەمە ناو ژووری خەوتنەکەی لەناو داڵانەکەوە، بانگم لێ کرد، 'دایە، دایە، بۆ حەفتەیەک دەچم بۆ میسر.'

کاتێ گەیشتمە ناو ژوورەکەی و لەتەنیشت جێگەکەیەوە ڕاوەستام، لێی ڕوانیم و هیچی تری نە وت، منیش بەردەوام بووم و پێم وت، 'مۆزەخانەی مێژوویی ئەمستردام لە پەیوەندیی لەگەڵ مۆزەخانەی نەتەوەیی میسر لە قاهیرە، بە مەبەستی زانیاری گۆڕینەوە لە کاروباری مۆزەخانەدا، کارمەندێکی ئەوان ئەم حەفتەیە دەگاتە ئەمستردام، بانگهێشتەکە تەنها بۆ یەک کەسە، خۆت دەزانیت کە چەندە خەونی منە جارێک بچم بۆ میسر، دەزانی دایکە، بەڕێوەبەری مۆزەخانە، هێنری پراخ، لەناو هەموو

هاوکارانمدا پێی وتم، "مارتن، تۆ حەفتەیەک دەچیت بۆ میسر و دەبیتە نوێنەری مۆزەخانەکەمان، بۆ ئەم مەبەستە، من تۆ زۆر بە لێهاتوو دەزانم و دڵنیایشم لە تواناکانی تۆ." پێت چۆنە؟'

بە سەرنجەوە سەیرێکی کردم و وتی، 'سەفەرەکەت کەیە؟'

'حەفتەی داهاتوو، ڕۆژی دەی ئەم مانگە، یانی من لە نزیکەوە ئەهرامەکان دەبینم، کەلوپەل و پەیکەرەکانی فیرعەونەکان، دایکە دەزانیت، ئەو سەفەرە بۆ من چەند گرنگە!'

لە ناکاو ڕووی لێ وەر گێرام و بێدەنگ لە دیوارەکەی تەنیشتی دەڕوانی، لێم پرسی، 'چییە، بۆ وا بێدەنگ بوویت؟'

چەند جارێک بانگم کرد، بەڵام هیچ وەڵامێکی نەدامەوە، چووم لەسەر جێگەکەی، لەلایەوە دانیشتم و باڵێکم لەسەر شانیەوە برد و لە ملیەوە ئاڵاندم، ڕوویم وەر گێڕا بەلای خۆمدا و سەرم دانەواند، تاکوو بتوانم لە چاوی بڕوانم، بینیم چاوی تەڕ بوو، لەوەدا بوون فرمێسکیان لێ بڕژێت، لێم پرسی، 'ئەوە چییە؟ هیچ شتێک ڕووی داوە، کە من ئاگاداری نەبم؟ گوێت لێم بوو چیم وت، یان بۆت دووبارە بکەمەوە؟'

'گوێم لێت بوو، ئازیزم، من تۆزێک لە خۆم بێزارم، بمبوورە، کێ ڕێی لێ گرتوویت، تۆ ئازادیت.'

توند نووساندم بە خۆمەوە و پێم وت، 'مەبەستت چییە؟ تێناگەم!'

بە ساردییەکەوە لێی ڕوانیم، 'مەبەستم، تۆ خۆت ئازادیت بۆ کوێ دەچیت و چی دەکەیت.'

'بۆ حەفتەیەک دەچم بۆ میسر، بۆ قاهیرە، تەنها حەفتەیەکم پێدەچێت.'

'پێم وتیت، تۆ پێویستە خۆت بڕیار بدەیت.'

ماچێکی سەریم کرد و دوای تاوێک بێدەنگی، لێم پرسی، 'دەڵێم، هاوڕێکەت، کارڵ چۆنە؟'

'کارڵ، ئەم حەفتەیە لە ئەمستردام نییە و خەریکی ساخکردنەوە و فرۆشتنی ئەو میراتییەیە، کە باوکی، پاش مردنی، لە دوورگەی تێسڵ بۆی بەجێ هێشتووە.'

'ئاخ، چۆن، باوکی، بە داخەوە بۆ کارڵ!'

'تۆزێک لەمەوپێش قسەم لەگەڵ کرد، ئێوارە داوەتی ئەوین.'

'منیش؟'

'بەڵێ، تۆیش، خۆشحاڵم دەکەیت ئەگەر ئامادە ببیت!'

ئەو ڕۆژە، بۆ ئێوارەکەی، لە چێشتخانەیەکی یۆنانی، لە سەنتەری شاری ئەمستردام، داوەتی کارڵ بووین، بێجگە لە خواردنەوەی دوو پیاڵەی بچووک ئوزۆ، کە یەکەم جارم بوو تامی بکەم، دایکم و کارڵ داوایان لە خزمەتکارەکە کرد شەرابی سوورمان بۆ بێنێت. بەبیرم دێت، دایکم بە دەنگێکی بەرز بە خزمەتکارەکەی وت، 'تکایە شەرابی سوورمان بۆ بێنە، خەیاڵی من هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەم مەشروبەدا نییە، دەڵێی میز دەکەیتە ڕۆحمەوە.'

تا خۆراکەکەمان بۆ هات، بە هەرسێکمان دوو شووشە شەرابمان خواردەوە، شەرابی یۆنانی، وشک، تامی تەڵاشی داری دەدا، ئەو شەرابە نەبوو، کە ئێمە لە ماڵەوە هەمانبوو، ئەو شەوە کارڵ زۆر دڵخۆش دیار بوو، دەم بە پێکەنین و چاوە زیتەکانی لە من و دایکم نە دەترووکاند.

لە کاتی نان خواردندا، دایکم فرسەتی هێنا و شووشەیەک شەرابی تری داوا کرد، هێشتا زیاتر لە نیوەی ماسییەکان لەسەر قاپەکانمان مابوو. دیسان شووشەی شەرابەکەی بەرز کردەوە و

وتی، 'کورینە، شەراب بۆ کێ تێبکەم؟'

لەگەڵ کارل بە کۆرس وتمان، 'بۆ من.'

پاش ئەوەی هەرسێکمان دەستمان کرد بە پێکەنین، دایکم وتی، 'مارتن، هاوڕێکانت چۆنن؟'

'هاوڕێکانم، ئەوە یەکەم جارتە ئەو پرسیارەم لێ دەکەیت، دەزانیت؟'

ڕاست لە چاویم ڕوانی و لێم پرسی، 'مەبەستم ئەوەیە، تۆ هەرگیز بەلاتەوە گرنگ نەبووە گوایا من چی دەکەم و بۆ کوێ دەچم، یان لەگەڵ کێ هەڵسوکەوت دەکەم.'

لەمەوە، بێدەنگی کەوتە نێوانمان، لەژێرەوە سەیری چاوی یەکتریمان دەکرد، دەستم خستە سەر دەستی و پێم وت، 'بمبوورە، کام لە هاوڕێکانمت مەبەستە؟ هاوڕێکانی ئەوسای قوتابخانەم، ئەوانەی سالانێکی دووردرێژە هیچیانم نەدیوەتەوە، یان ئەو هاوڕێیانەم، کە سالانێک هەموو ڕۆژێ پێکەوە لە ژێرزەمینی کۆفیشۆپێکدا خۆمان بەند دەکرد و تاوێک خەیاڵمان لە هەموو شتێک دادەبڕی؟ ئەوانیش یەک یەک خۆیان لێ ون کردم، هەست دەکەم هەموو هەر لەم شارەدان و ڕۆژانە بەر یەکیش دەکەوین، بەلام بە جۆرێک بە یەکتری غەریب کەوتووین، ئێستا یەک نەناسینەوە.'

'باشتر، ئەوسا زۆر خەمم بوو گیرۆدە ببیت و خۆت ون بکەیت، بەلام من مەبەستم هاوڕێکانی شەوتن، وەکوو چۆن خۆت ناویان دەنێیت.'

'ئاوا، هاوڕێکانی شەوم، مرۆڤە غەریبەکانی ئەم شارە، ئەو بێدەرەتان و نابووتانەت مەبەستە، کە لە دەست زوڵم و زۆرداری،

لــە کولانــەی خۆیــان ڕاو نــراون و بەڕێکــەوت لــەم شــارە گیرساونەتەوە.'

'ئەوانەن هاوڕێکانت؟ من وام زانی...'

'کە، هەر ئەوانەی جارانن؟ نەخێر.'

'گرنگ ئەوەیە تۆ هەست بە تەنیایی نەکەیت!'

'نەخێر، چەند کەسێکم بەڕێکەوت ناسیون.'

'کاتیان هەیە بۆ تۆ؟ مەبەستم، کاتت لەگەڵدا بەسەر دەبەن؟'

'بەڵێ!'

'یانی، بێجگە لە ئێمە، پەیوەندیی ترت هەیە؟'

سەرم بۆ ڕاوەشاند و وتم، 'یانی.'

هەناسـەیەکی قـووڵی هەڵکێشـا و بەهێواشـی وتـی، 'پەیوەنـدیی بـۆ ئێمەی مرۆڤ زۆر گرنگە.'

پـاش ئـەوەی تاوێـک بێـدەنگ بـووین، دووبـارە دایکـم وتـی، 'مـن نامەوێت ئەمشەو پەرداخەکەم بەبەتاڵی ببینم.'

کاتێک پەرداخەکەمی نیوە کرد، بەرزم کردەوە و وتم، 'بۆ ئێمە.'

کـارڵ دەسـتی هـەڵبڕی و لێواری پەرداخەکـەی دا لـە پەرداخەکـەی مـن و هیچـی نـە وت، لـەم کاتـەدا دایکـم سـەری داخسـت و خـۆی بێدەنگ کـرد، لەگـەڵ کـارڵ سەرسـام لـە چـاوی یـەکترمان ڕوانـی، دووودڵی و نائاگایی خۆمان لەو بێدەنگییەی دایکم لە چاوی یـەکتردا خوێندەوە، دایکم هەردوو دەستی توند لە ملی بڵنـدی پەرداخەکـەی هــەڵپێکان، بــێ ئــەوەی ســەیرمان بکــات، بــە کزۆڵەییەکــەوە و بــە دەنگێکی زۆر نزم، کە زیاتر لە نووزە نـووز دەچـوو، وتـی، 'دوێنـێ بۆ پشکنین لە نەخۆشخانە بووم!'

دەستبەجێ هەستم بە گەرمییەک کرد، گەرمییـەک، هـەموو لەشـمی

داگرت و لە ماسولکەکانمەوە ئارەقێکی سارد ڕژایە سەر پێستم، وەکوو بزانم چ بەڕێوەیە و دایکم دەیەوێت چ هەواڵێکمان پێ بڵێت، بە هەڵەشەییەکەوە ڕووم لە دایکم کرد و پرسیم، 'ئێ، ئێ، وتیان چی، دیسان شێرپەنجەکەیە؟'

'دەبێت بەزووترین کات پەیوەندیی بە نەخۆشخانەوە بکەم بۆ چارەسەر.'

لەمەوە بێدەنگی دای گرتین، بێجگە لە ورتەورتی چواردەورمان و دەنگی کەوچک و قاپی نانخۆران و لێکدانی پەرداخی شەراب و ئوزۆ، هیچی ترت نەدەبیست، ئەو هەواڵە لەبیری بردینەوە بۆچی هاتبووین بۆ ئەو جێگەیە، پەرداخە نیوەپڕەکەی خۆمم لەسەر مێزەکە دانا و کورسییەکەم نیومەترێک کێشایە دواوە، پاڵم لێ دایەوە و بێوچان لە دایکمم دەڕوانی، هێمنتر لە تۆنی قسەکانی پێشترم لێم پرسی، 'کەواتە سەفەرەکەم نەکەم باشترە؟'

ماسولکەکانی دەموچاوی گرژ کرد و بە توڕەییەکەوە، 'تۆ سەفەری خۆت دەکەیت، خەمی منت نەبێت، ئازیزم، بەتەمای مردن نیم، بەتایبەتی لە ئێستادا، کە بۆ یەکەمین جارمە چێژی خۆشەویستی دەکەم.'

چاوی پڕ بوو لە فرمێسک و دەموچاوی ڕەنگێکی زەردیان بەسەردا ڕژابوو، تاوێک بوو بێدەنگ دانیشتبووین، دایکم هەستا و بێ ئەوەی سەیرمان بکات، لەبەر خۆیەوە وتی، 'با بڕۆین.' دیار بوو زیاتر بۆ شکاندنی ئەو بێدەنگییەی نێوانمان بوو. لە چێشتاخانەکە هاتینە دەر و ملی ڕێمان گرتە بەر، تاریکیی شەو، سێبەرێکی ڕەشی کێشابوو بەسەر زۆرینەی پارچەکانی لەشی شاردا، ئێمەیش بێدەنگ، چەندین هەنگاو لە دەرەوەی ڕووناکیی

دارگڵۆپەکانـــدا و پاشـــان چەنـــد هـــەنگاوێک لـــەناو ســـنووری ڕووناکییاندا، بەردەوام دەڕۆیشتین، شۆستەی شـەقامەکان وەکوو پۆدیۆمێــک، گڵۆپــە ناوازەکــان لـــەو دەوروبـــەرە دیکۆرێکیـــان خولقانـدبوو، پیادەڕەوەکـانی شـەویش، وەکـوو ئەکتـەرێک خۆیـان تێدا نمـایش دەکـرد و دیسـان لـە تـاریکیی دەرەوەی سـنووری ڕووناکیی گڵۆپەکاندا، یەک یەک ون دەبوون، ئەو خـانووە بـەرز و باریکانـەی چەنـدین سـەدەی دێـرین دەبـوو لەسـەر ئـەو کـەناڵ و ڕاستەجۆگانەدا، لـە چڕیـدا شـانیان لەیـەک هـەڵپێکابوو، بـە ڕیـز لەســەر کــەناری ڕاستەشــەقامەکانی شــاردا قــنج ڕاوەســتابوون، زۆربەیان لە بەرزیدا ڕووناکیی دارگڵۆپەکان بەئەستەم دەگەیشتە دامێنیـان و ڕووناکییـان لـە خۆیـان بڕیبـوو، هـەموو ڕەنـگ دێـز و مانــدووی جــەنجاڵیی ڕۆژی شـــار بـــوون. پێکـــەوە دیمـــەنێکیان خولقاندبوو، کە جێگە دەستی هونەریی مرۆڤ و سروشتیان پێوە دیار بوو، ئەو خانوو و شۆستە و دار و دارگڵۆپە دێرینانەی شـار، کـە چەنـد سـەدەیەک بـوو هـەزاران مرۆڤـی وەکـوو ئێمـەیان بـەڕێ کردبـوو و خۆیـان گیانـدار و بێگیـان، بـەبێ ڕەزامەنـدیی خۆیـان بووبوون بە پارچەیەک لە جەستەی شار.

لەبـەینی دایکـم و کارلـدا بـووم، نـازانم، نغرۆبـوونم بـوو لـەناو خەیاڵەکانمدا ئەو بێدەنگییەیان خولقاندبوو، یـان ترسـمان لـە مـردن و گرانیی وشەی شێرپەنجە بوو، دەنگی لـێ بڕیبووین و ڕۆحمـانی تاساندبوو. دایکم کوتوپڕ خۆی کێشایە نێوانمان و پێی وتین، 'بـەم قــژەوە، هـــەتا شــێرپەنجە کەچــەڵ و ناشــرینی نــەکردووم، بــا لەنێوانتاندا تاوێک ڕێ بکەم.'

توند باڵم لە باڵی هەڵپێکا و دەستم لەناو دەستی نا، 'فەرموو خانم.'

'مارتن، ئازیز، تۆ دەمت داخە بە یارمەتیت، هەتا ئەمشەومان لێ تێک نەدەیت بە قسە ڕەقەکانت.'

پێکەنیم و وتم، 'بەڵێ، بەڵێ باشە، گەورەم.'

دایکم لەبەر خۆیەوە بە هێواشی دەستی کرد بە گۆرانی چڕین، سەیرێکی من و کارڵی کرد و پێی وتین، 'کاتی گۆرانی چڕینە...'

"کەنار کەناڵی ئاوەکان
ڕووی شۆستەکانی ئەم شارە
ئەو گڵۆپانەی لە گورەپانەکان دەگرێن
تەواوی دڵم پابەندە.
ئەم شارە هەست بە خەیاڵم دەکات
وەکوو جوانترین شار لە وڵاتەکەمدا
هەموو خەڵکی ئەم شارە
کەس نییە تەمەنای باشتری هەبێت
کە خەڵکی ئەم شارە بێت."

هەرسێکمان پێکەوە بە گۆرانی چڕین، بە کەناری ڕاستە جۆگەکانی شاردا دەڕۆیشتین. کاتێک گەیشتینە ماڵەوە، دایکم هەرگیز نەیدەویست بێدەنگ بێت، بەردەوام هەمان گۆرانی دەچڕی، سەیرێکی من و کارڵی کرد، 'کوڕینە، بەردەوام بن، تکایە بێدەنگ مەبن و گۆرانی بچڕن، تاکوو تەواو ڕۆحمان سەرمەست بکەین، مەست بوونێک، کە لەبیرمان بچێتەوە لە چی ڕۆژێکداین،

لە هەمان کاتدا خۆئامادەکردنتانە بۆ ڕۆژی مـن، کە لـەوە دەچیت مـانگی داهـاتوو بێـت، یـان سـاڵی داهـاتوو، شـەرمە بـۆ ئێـوە لـەو ڕۆژەدا بۆم بگرین و پێکەوە ئەم گۆرانییەم بۆ نەچڕن.'
تـا درەنگـانی شـەو گۆرانیمـان چـڕی و ئاهـەنگمان گێـڕا، بـەڵکوو تاوێک وشەی شێرپەنجە لەبیری خۆمان بەرینەوە.

٥

تاکسی

کاتژمێر هەشتی سەرلەبەیانیی ڕۆژی دەی حەوت، لەگەڵ دایکم و کارڵدا بەرەو فڕۆکەخانەی سخیپۆل بەڕێ کەوتین، کە پازدە کیلۆمەترێک لە ماڵی ئێمەوەوە دوورە، هەستم پێ کرد، دایکم دەمی گەیاندبووە شووشەی شەرابەکەی و تەواو مەست دیار بوو، بەدرێژایی ئەو ڕێگەیە، لەژێر لێوەوە لەگەڵ خۆیدا دەدوا، کاتێک کارڵ ئوتومبێلەکەی لە گەراجی فڕۆکەخانەکە ڕاگرت، کۆڵەپشتەکەمی بە دەستەوە گرت و هەرسێکمان بەرەو ناو هۆڵی فڕۆکەخانەکە بەڕێ کەوتین.

پێش ئەوەی بچمە بەردەمی پۆلیسەکان بۆ پشکنین، چەند جارێک دایکمم لە ئامێز گرت، ئەو هەر پێدەکەنی و لەبەر خۆیەوە ورتەورتی بوو، دیسان پێش هۆڵی ترانزێت، ڕووم کردە دایکم، 'دایە، تا حەفتەی داهاتوو.'

توند لە باوەشم گرت و چەند جارێک ڕوومەتیم ماچ کرد، هەستم کرد، ئەو هەرگیز ئەوەندە لەگەڵمدا ساردوسڕ نەبووە، پاش ئەوەی

ئەو بێدەنگ لێی دەڕوانیم، پێم وت، 'تا دەگەڕێمەوە، ئاگات لە خۆت بێت...'

چاوی پڕ بوو لە فرمێسک، بەردەوام لە بەری پێمەوە تا تەوقی سەرم لێی دەڕوانیم، کارڵ هاتە پێشەوە و باڵێکی خستە سەرشانی دایکم و توند بە خۆیەوە نووساندی، سەیرێکی منی کرد، وەکوو نەیەوێت دایکم گوێی لێی نەبێت، لەژێر لێوەوە، بەهێواشی وتی، 'بێخەم بە، مارتن!'

دەستم درێژ کرد و لەگەڵ کارڵ دەستمان لەنێو دەستی یەک نان، لەو دەمەدا، کارڵ منی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و دەستی کردە ملم، بینیم چۆن من و دایکم کەوتبووینە ژێر باڵەکانی کارڵەوە، پاشان کارڵ وتی، 'مارتن، دوودڵ مەبە لە سەفەرەکەت، دایکت بە من بسپێرە و هیچ خەمیت نەبێت.'

ئینجا کارڵ کارتێکی لەناو دەستم نا، تەلەفۆن و ئیمایڵەکەی خۆی لەسەر بوو، وتی، 'هەرکاتێک پێویستیت بە من بوو...'

دەستێکم لەناو دەستی دایکم نا و دوامالئاواییم لێ کردن، تا لێیان دوور کەوتمەوە و لە چاوم ون بوون، هەردووکیان هەردوو دەستیان لە هەوادا بوون.

دوودڵ و بێزار، چوومە فڕۆکەکەوە، لەلای پەنجەرەکەوە جێگەیەک بەتاڵ بوو، بێ تەماشاکردنی ژمارەی کورسییەکە و بەراوردکردنی لەگەڵ ئەو ژمارەیەی لەسەر بیتاقەکەم تۆمار کرابوو، کۆڵەپشتەکەم لە سەرەوە دانا و چووم لێی دانیشتم.

چاوم لە دەرەوە بڕیبوو، خەیاڵم هەر لای دایکم بوو، شێوەی لە پێشچاومدا ون نەدەبوو، تا دەهات، ڕوخساری تێکشکاوی و ئەو ساردوسڕییەی لەبەرامبەر مندا، قورسایی خۆیان دەخستە سەر

ڕۆحم، ڕاپەڕیم لە قورسیی جەستەی کەسێک، شانی توند بەر شانم کەوت، کابرایەکی گەنم ڕەنگی قژلوولی زۆر قەڵەو، هەوڵی دەدا جێگەی خۆی بکاتەوە، جەستەیەکی ناقۆڵا و بێئەندازە زل، هەناسەی لەبەر بڕابوو، ئارەقی بن باڵەکانی، لەگەڵ هەموو جووڵانەوەیەکیدا لووتمی پڕ دەکرد لە بۆنی جەستەیەکی نیوە مردوو، قورساییان لەسەر زەینم کرد و لە خەیاڵمیان دابڕیم، بە جۆرێک، دایکمی لەبیر بردمەوە.

یەکەم جارم بوو سواری فڕۆکە ببم، بێجگە لە بۆنی جەستەی ئەو پیاوەی لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو ئەوەندەی تر تووشی سام و دڵگوشینی کردم، بۆ ئەوەی لەبیری خۆمیان بەرمەوە، لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەم دەکرد و بەردەوام لەبەر خۆمەوە گۆرانیم بۆ خۆم دەچڕی، تاوەکو فڕۆکەکە لە زەوی بەرز دەبووەوە، زیاتر جەستەم دادەهێزرا و ئارەقم دەکردەوە، پێش نزیکبوونەوەی لە سنووری هەورەکان، چەند جارێک لەرزی و خۆی ڕاوەشاند، وەکوو بیەوێت لە هەوادا خۆی بتەکێنێ و تەپوتۆزی زەوی لە جەستەی پاک بکاتەوە، هێندەی تر سەرسنگم قورس بوو، لە گەدەمەوە پاشەڕۆی خۆراک هەتا ناو قوڕگم دەهات و بەردەوام هێڵنجم دەدا، جارجار شلەیەکی تاڵ دەڕژایە ناو دەمم و دیسان قووتم دەدایەوە، چەند جارێک لە شوێنی خۆم هەستام و دیسان لە جێگەکەی خۆم دانیشتمەوە، کچێک لە سەرپەرشتیارانی فڕۆکەکە هات و ئاگاداریی پێ دام؛ کە دەبێت لە جێگەی خۆم دابنیشم و خۆم ببەستمەوە.

گەرمییەکەی لەشم گۆڕا بە سارد و لە سەرمادا ددانەکانم چەقەچەق دەیاندا بەیەکدا، چاوم توند نووقاند و خۆم لەسەر

کورسییەکەم گرمۆڵە کرد. کاتێ فڕۆکەکە لە هەوادا هاوسەنگیی خۆی وەر گرت، خێرا فرسەتم هێنا و بەسەر ڕانە ئەستوورەکانی کابرای قەڵەودا، کە تاوێک بوو خەوتبوو، بازم دا و شپرزە خۆم گەیاندە بەردەمی تەوالێتەکە، گڵۆپەکەی سوور دەگڕا و نووسرابوو گیراوە، چەند جارێک لە بەر خۆمەوە، 'بێڕەوشتییە، بێڕەوشتییە.'

بە ڕاڕەوەکەدا بێ ئارام دەستم کرد بە گەڕان، چووم بۆ ئەوسەری فڕۆکەکە و دیسان زۆر بەخێرایی بە ڕاڕەوەکەدا گەڕامەوە بۆ لای جێگەکەی خۆم و بەسەر کۆش و ڕانی کابرای قەڵەودا هەنگاوم نان و لە جێگەکەمدا دانیشتمەوە. ڕۆحم ئۆقرەی لەبەر بڕابوو، بە جۆرێک، کە زۆربەی سەرنشینەکان سەرنجیان دەدام. چەند جارێک هەمان کچی سەرپەرشتیکار هات بۆ لام و پرسیاری لێ کردم، منیش بە لالووتێکەوە بە نەخێر بەڕێم دەکرد، هێندەی پێ نەچوو، بە پەرداخێک ئاوەوە گەڕایەوە، پەرداخەکەم لە دەست وەر گرت و بەبێ ئەوەی لێی بڕوانم و سوپاسی بکەم، ڕژانمە ناو قوڕگمەوە، کە کەمێک تاڵی ناو دەم و قوڕگمی ڕامالی بۆ ناو گەدەم، پاشان خۆی نوشتانەوە و سەیرێکی چاومی کرد و وتی، 'بەڕێز، تۆ باشیت؟'

'هیچ کێشەم نییە.'

'دڵنیایت لە خۆت، بەڕێز، لەوە دەچێت تۆ ترسی فڕینت هەبێت!'

کاتێک ئەمەم لە سەرپەرشتیارەکە بیست، خوێنی لەشم بەورووژم هەڵکشان بەرە و سەرم و ڕۆحم ئەوەندەی تر ورووژا، ڕووی خۆم لێ وەر چەرخاند، دەمویست لە خۆم دەر نەچم، بێدەنگ لە پەنجەرەکەوە، لە شینیی ئاسمان و بۆری و دێزیی هەورەکانم

دەڕوانی، کە فڕۆکەکە لەو دەمەدا بەنێوانیاندا دەفڕی، نازانم چەندێک بوو دەستە ئارەقاوییەکانم لەیەک هەڵدەسوین، ئەژنۆم توند لە کورسییەکەی پێش خۆم گیر کردبوو، لەناو هالاو و گەرمیی ئارەقی لەشی خۆمدا، خەریک بوو هەناسەم لەبەر دەبڕا، زۆرم لە خۆم کرد و تاوێک چاوم لێک نا.

لە بانگەوازی بڵندگۆی ناو فڕۆکەکە بەئاگا هاتمەوە، داوای دەکرد ئامادە بین و لە کاتی نیشتنەوەدا خۆمان ببەستینەوە، کە پاش کەمێکی تر ڕوو دەدات، لە چاوکردنەوەمدا، ئەوەی یەکەم تیلەی چاوم پێکای، ئاوی نیل بوو، کە پێچ پێچ و شین ڕاکشابوو لە نیوان قەراغێکی باریکی سەوز و زەردی بێکۆتایی بیابانێکدا، لە ناکاو سێ ئەهرامەکەی خیزا لە دوور دەر کەوتن، پاشان ئەو خانووانەی تەنها هێندەی شقارتەیەک دەبوون، بێشومار بە ڕیزی یەکدا لەو بیابانەدا ڕاخرابوون. فڕۆکەکە نیشتەوە، دەنگە دەنگی سەرنشینەکان و داگرتنی کۆڵەپشت و خۆکۆکردنەوەیان، بێدەنگیی ناو فڕۆکەکەیان شکاند، سەرنشینەکان لەناو ڕاڕەوەکەدا ڕاوەستان، کابرای قەڵەو هێشتا لە پرخەی خەودا بوو، هەردوو دەستم بە قەراغی کورسییەکەوە گرت و توند خۆم بەسەر کابرای خەوتوودا هەڵبڕی و خۆم لێی دەرباز کرد، کۆڵەپشتەکەم داگرت و چووم لەتەنیشت دوو کچە سەرپەرشتیارە جل شینەکەوە ڕاوەستام، کە هەردووکیان بە سەرنجەوە تاوێک بوو لێیان دەڕوانیم، یەکێکیان وتی، 'بەخێر بێیت بۆ میسر.'

هەستم دەکر دەمم گۆی نەدەکرد و هیچ هێزم تێدا نەبوو وەڵامی بدەمەوە، وەکوو ڕۆحم مانی گرتبێت لێم، ئەوەی کە لە خەیاڵمدا بوو، ئەوە بوو خێرا خۆم لەو تابووتە دەرباز بکەم و نەجاتم

ببێت، کاتێک دەرگای فڕۆکەکە کرایەوە، من لەپێش هەموو سەرنشینەکانی فڕۆکەکەوە بووم، دووبارە کچەکان، کە لەمبەر و ئەوبەری دەرگاکەوە ڕاوەستابوون، بە کۆرس وتیان، 'بەخێر بێیت بۆ میسر.'

سەرم بۆ ڕاوەشاندن و ملم بۆ دەرەوە نا، هاڵاو و گەرمییەک دای بە رووومدا، هەڵوێستەیەکم کرد و هەنگاوێ بەرە و دواوە گەڕامەوە، بەر کەسێک کەوتم و دەستێکی نا بە پشتمەوە و بە دەنگی بەرز وتی، 'میستەر، مستەر.'

بێ ئەوەی ئاوڕی لێ بدەمەوە، 'سۆری، سۆری.'

پاشان ملی ڕێم گرت و بە پلیکانەکاندا چوومە خوارێ، ئافرەتێکی شینپۆشی ئەسمەری باڵابەرزی قژڕەش پێشمان کەوت، هاڵاوی گەرمی و بۆنی قیر و تەپوتۆزێکی ورد لە هەوادا، هێندەی تر ڕۆحیان گوشیم، سەرم داخستبوو، ماسولکەی دەوری چاوم توند گرژ کردن، تاکوو تین و شەوقی بەهێزی خۆرەکە تۆزێک فەرامۆش بکەم. ئەوەند خۆم کوورِ کردبۆوە، لووتم نزیک کردبۆوە لەسەر پشت و نزیک سمتی ئەو خانمەی لەپێشمەوە ڕێی دەکرد، نزیکەی سەد مەترێک تا ناو هۆل و باڵاخانەی فڕۆکەخانەکە ڕێبەریی دەکردین.

کاتێک پێم نایە ناو هۆڵی فڕۆکەخانەکە، ئەوەندە سارد بوو، وەکوو چۆلەکەیەکی تەڕ لەناو ئارەقی خۆمدا هەڵدەلەرزیم، لە بەردەمی پەنجەرەیەکدا پاسپۆرتەکەم دایە دەستی یەکێک لەو چەندین پۆلیسانەی لەپشتی کابینە شووشەبەندەکانەوە بۆ ئەو مەبەستە دانیشتبوون، پاش سەیرکردنی پاسپۆرتەکەم، ئاماژەی بە لاپەڕەیەکی بەتاڵی ناو پەسپۆرتەکەم کرد، ڕووی تێ کردم و وتی،

'تۆ پێویستت بە ڤیزەیە، لەو لۆکێتەی بەرامبەرمان، لە لۆکێتی ئەو بانقە، دەتوانی بیکڕیت.'

چەند جارێک سەرم بۆ ڕاوەشاند و پاسپۆرتەکەم لە دەست وەر گرتەوە و بەرەو بانقەکە چووم. وەرگرتنی ڤیزەکە، تەنها پارچەیەک لەزگە بوو دایان لە پاسپۆرتەکەم، دوای چەندین جار تەماشاکردنەوەی پاسپۆرتەکەم و پشکنینی کۆڵەپشتەکەم، هەموو بەدوای یەکدا ڕیزمان بەست و چووین بۆ پۆستی جانتاکان، کوتوپڕ بیرم کەوتەوە، کە من تەنها کۆڵەپشتێکم پێیە و هیچی تر، کەواتە کارم بە هاوسەفەرەکانم نەماوە و بۆم هەیە بەتەنیا بڕۆم بە ڕێی خۆمەوە، لە خەیاڵمداماڵئاواییم لە یەک بە یەکیان کرد، بۆ ئەو سەفەرە چەند کاتژمێرییەی هەموومان پێکەوە لەناو ئەو تابووتە باڵدارەدا بەسەرمان برد.

لە دەرگایەکی شووشەتاریکەوە چوومە هۆڵێک، دوو پۆلیس جارێکی تر لە پاسپۆرتەکەمیان ڕوانی، ئەوانیش لە کۆتاییدا زەردەخەنەیەکی بێلەزەتیان بۆ دەکردم و هەمان ئەو دێڕەیان وتەوە، 'بەخێر بێیت بۆ میسر.'

کەوتمە ناو شەپۆلی جەنجاڵییەکی بێشومارەوە، کە زیاتر لە شارەمێروولە دەچوو، وەکو تۆپێک لە گۆڕەپانی قوتابخانەیەکدا بە پێی منداڵانەوە بم، هەموو لە یەکترمان دەڕوانی و کەسیش گوێی بە کەس نەدەدا، بەر هەرکەسێک دەکەوتم، وشەی ببوورەم تێ دەگرت و کەسیش وەڵامی نەدەدامەوە. زۆرێک لەوان ڕاست ڕووبەڕووم دەهاتن و لە چاوم ڕادەمان، لە چاویاندا پرسیارێکم دەبینی، لەبەر کەمی کات و جەنجاڵیی خۆم بۆم فۆرمەلە نەدەکران. هەموو پەلەیان بوو، لەبەر خۆیانەوە قسەیان دەکرد و

کۆڵەپشت و کەلوپەلی زۆریان پێ بوو. زووزوو بە چواردەوری خۆمدا دەمڕوانی، بە جۆرێک، کە لەبیرم چووبوو بۆچی من لەوێدام، جەنجاڵیی شوێنەکە و سەرسامبوونی من بە جۆرێکی تر لە مرۆڤ، نەمدەتوانی بیر بکەمەوە و لە دەرگای چوونەدەرەوە بگەڕێم، ئەوەی زیاتر لەناو گوێمدا هاوار و ژاوەژاوەکانی گران کردبوو، بانگی بڵندگۆکان بوو، بە چەندین زمان و تۆنی دەنگی جیاوازەوە دەیانزریکاند، بەبێ ئەوەی کەسێ گوێشیان لێ بگرێت، پاش چەندین جار ڕاست و چەپ پێکردنم، بێ خواستی خۆم لەگەڵ شەپۆلی ئەو خەڵکەدا، لە دەرگایەکەوە چوومە دەرەوەی هۆڵەکە و کەوتم بەسەر گۆڕەپانێکی گەورەدا.

شەپۆلی گەرمی هەتاوەکە بەرەو ڕووم بووەوە، بە هەمان شێوەی ناو دەرگای فڕۆکەکە، نەمتوانی پاشگەز ببمەوە و بە چەند پاڵێک خستمیانە بەر خۆرەکە، هەستم دەکرد دەزوولەی تیشکی خۆرەکە لەسەر ڕوومەتەکانم سەمایان دەکرد و بێڕەحمانە گەرمیی خۆیانیان دەچەقاندە پێستمەوە، گەرمی و هالاوێک بوو ڕۆحم پێی ئاشنا نەبوو، بۆ یەکەم جارم بوو بۆن و بەرامی لەو جۆرە بەسەرمدا بێت. گۆڕەپانەکەیش بە هەمان شێوەی هۆڵەکەی ژوورەوە جەنجاڵ بوو، لەتاو گەرما، ملی سەکۆکەم گرتە بەر و تاوێک بە دەستی چەپمدا ڕۆیشتم، بنهەنگلم لە ئارەقدا زلچەی دەهات. ڕاستە شەقامی نێوان فڕۆکەخانەکە و گۆڕەپانەکە لە ئۆتومبێل و فرۆشیاری دەستگێڕ جمەی دەهات، خۆم گەیاندە ئەو کۆمەڵە تاکسییانەی بە ڕیزێک سنوورێکیان لەنێوان فرۆشیارە دەستگێڕەکان و پیادەڕەوەکاندا دروست کردبوو، تاکسییەکان بۆردەکانیان ڕەنگی نارنجی بوو، ژمارەکانیان بەگەورەیی و بە

ڕەنگی ڕەش لەسەر دەرگاکانیان نووسرابوو. یەکەم تاکسی کە لەپێشی ڕیزەکەوە وەستابوو، شۆفێرەکەی گەنجێکی قژلوولی ئەسمەر بوو، پێم وت، 'بۆ مۆزەخانەی نیشتمانی، لە گۆڕەپانی تەحریر.'

زەردەخەنەیەکی بۆ کردم و چەند جارێک لەسەر یەک وتی، 'ئۆکەی، ئۆکەی میستەر.'

لەگەڵی سەر کەوتم و سولفی لێدا و بەڕێ کەوتین، کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ بوو، مۆزەخانە کاتژمێر پێنج دادەخرا، دوو کاتژمێرم کات لەپێش مابوو.

شۆفێری تاکسییەکە زۆر خێرا لێی دەخوڕی، بەردەوام هۆڕنی لێدەدا، دەستم بە دڵمەوە گرتبوو، بە ڕاست و چەپمدا لار دەبوومەوە.

کاتێک گەیشتینە ناوشار و ناچار بوو هێواش لێبخوڕێت، پاشان لە شەقامێکی جەنجاڵدا تەواو وەستا، شەقامێک، کە سەدان ئۆتومبێل پێکەوە دەستیان لەسەر هۆڕنەکانیان دانابوو، کاتێ شۆفێرەکە جامەکەی لای خۆی کردەوە، لەپڕێکدا هاڵاوی گەرمی و هۆڕن و ژاوەژاوی سەر شەقامەکە بەوروژم هاتنە ژوورێ، خەڵکێکی زۆرم بینی، بە ئاڵای ڕەنگاوڕەنگەوە بەسەر شۆستە و شەقامەکاندا دەڕۆیشتن، لە جێگەی خۆمەوە پرسیم، 'ئەوە چی ڕووی داوە؟'

'ئەمڕۆ زەمالیک و ئەهلی یاری دەکەن، ئاساییە بۆ ئێمە، چونکە ساڵی چەند جارێک ڕوو دەدات. بە خوای گەورە ئەو ڕۆژەی ئەو دوو تیمە یاری لەگەڵ یەک بکەن، ژیانی ئاسایی لەم شارەدا ئیفلیج

دەبێت، دەترسم نەتوانم لە کاتی خۆیدا بتگەیەنمە مۆزەخانە.'
'ئاخ، فووتبال!'
بەردەوام چاوم لەسەر چرکەژمێری کاتژمێری ناو داشبۆردی تاکسییەکە بوو، شۆفێرەکە دەستێکی لە جامەکەوە دەرهێنابوو، بە دەستەکەی تری، زووزوو هۆڕنی لێدەدا. هەستم دەکرد پەنجە لە ڕۆحم دەژەنێت، بە ئینگلیزییە لاوازەکەی و بە دەنگێکی بەرز، دەستی کرد بە گێڕانەوەی مێژووی ڕووداوەکانی ئەو دوو تیمە، کە لە خولی میسردا بەر یەک کەوتوون، وەکوو شۆفێری تاکسییەکە باسی لێوە دەکرد، لە ساڵانی ڕابردوودا زیاد لە هەزار کەس لە هاندەرانی هەردوو لا گیانیان لەدەست داوە، زوو لام ئاشکرا بوو، کە ئەو هاندەری ئەهلی بوو، بە شێوەیەک، کە بە هۆڕن لێدان ئاهەنگی لەگەڵ هاندەرانی یانەی ئەهلیدا دەگێڕا. پاشان بەردەوام بوو لە دوان و کارتێکی بۆ ڕاگرتم، 'لەگەڵ برایەکم، لە نزیکی مۆزەخانە، دوکانی جلوبەرگمان هەیە، بۆ هەموو پێویستییەک، دەتوانیت سەردانمان بکەیت.'
دیسان بەردەوام بوو، 'میستەر، ئەگەر لە ڕۆژانی داهاتوودا پێویستیت بە تاکسی بوو، ئەوا ژمارەی تەلەفۆنەکەم لەپشتی کارتەکەم نووسراوە، بە خوای گەورە، تەنها بە هەشتا دۆلار، لە بەیانی هەتا ئێوارە، بە خۆم و تاکسییەکەمەوە لە خزمەتتدا دەبین. بە خوا بۆ کوێ تۆ بتەوێت، هەر جێگەیەک، بە پشتیوانیی خوای گەورە، بۆ هەرجێیەکی میسر تۆ بتەوێت، دەتگەیەنم، لەژێر فەرمانت دەبم.'
سەرم بۆ لەقاند، کارتەکەم لێ وەر گرت و تەماشایەکم کرد، پاشان لولم کرد و لە گیرفانی پانتۆڵەکەم ئاخنی.

هێواش لێی دەخوڕی و بەردەوام دەستی لەسەر هۆڕنەکە بوو، پاش زیاتر لە کاتژمێرێک هۆڕن لێدان و بە دەنگی بەرز دوان، لە سنووری گۆڕەپانێکی بەرفراواندا وەستا. خێرا دابەزیم و هەقی خۆیم لە دەستی نا، کابرا دەیویست زیاتر زانیاریم پێ بدات و هێشتا توند دەستی گرتبووم، بە بێزارییەکەوە خۆم لێ ڕاپسکاند و چەند هەنگاوێک لێی دوور کەوتمەوە، لە کەناری گۆڕەپانەکەوە ڕاوەستام.

هەستم کرد وردەوردە لە بەر گەرمیی خۆرەکەدا دەکوڵام، زۆرم لە خۆم کرد و چاوم بەزۆر هەڵبڕی، تیشکی خۆرەکە وەکوو وردە زیخ بەر گلێنەی چاوم کەوت، چاوم بە گۆڕەپانەکەدا گێرا، دەنگی هاشوهووش و هۆڕن لێدان، وەختەبوو پەردەی گوێمی دەدڕی، دیار بوو کەس نەبوو لەو وڵاتەدا پێی بێزار ببێت، شەقامێکی چەندین ڕێچکە، کە بە دەوریی گۆڕەپانەکەدا دەسووڕایەوە، جەنجاڵی وای کردبوو، کە هیچ یاسایەکی پەڕینەوە و ڕێگاوبان بوونی نەمێنێت. بۆنی قیری تواوە و دووکەڵی بەنزین و گازی سووتاو خێرا بە مەلاشوومەوە نووسان و سییەکانمیان پڕ کرد لە بۆدڕنی خۆیان، بە جۆرێک، کە خۆم لە هالاو و بۆنی هەناسەی خۆم بێزار بووبووم. تیشکی خۆرەکە زۆری بۆ هێنام، ناچار پاشەوپاش گەڕامە دواوە و خۆم خستە ژێر سێبەری یەکێک لەو عارەبانە دەستییانەی بە بەرزیی مەترێک زیاتر، سەموونی لاکێشەیی لەسەر هەڵچنرابوو، خاوەنەکەی لەگەڵ ئەوەدا کە سەرقاڵی بەڕێکردنی مشتەرییەکانی بوو، زووزوو بانگی دەکردم، 'میستەر، میستەر.'

ناچار بووم دوو هەنگاوێک سێبەری عارەبانەکەی بەجێ بێڵم، لە

دڵی خۆمدا، 'لەوانەیە لەم دۆزەخەدا، سێبەر هەر وا بەلاش نەبێت!'
ویستم بە شەقامەکەدا بپەڕمەوە، لەبەر زۆری و خێراڵیخوڕینی ئۆتومبێلەکان، نەموێرا لەسەر شۆستەکە ببزوێم، لە جێگەی خۆمەوە، بە سەرسامییەوە سەیری ئەو هەموو ئافرەت و منداڵ و پیر و گەنجانەم دەکرد، کە لەنێوان ئۆتومبێلەکانەوە بە ڕاکردن دەپەڕینەوە، بێ ئەوەی لەو ورووژانەی ڕۆحم تێبگەم، لەو دەمەدا پەڕینەوە لەو شەقامە، پەڕینەوەم بوو بە باڵە مەلە لە دەریایەکی بێکۆتا. لە بیری ئەوەدا بووم، چۆن خۆم بگەیەنمە ئەوبەری گۆڕەپانەکە، چەندین دەستگێڕ دەورەیان لێ دام، جگەرە، بسکیت، ساردەمەنی و کەرەستەی وردەواڵەیان پێ بوو، هەموویان بە کۆرس و بە ناوازە، بە دەنگی بەرز بانگیان لێ دەکردم، 'میستەر، میستەر.'
چەند جارێک خۆم لێ تووڕە کردن و پاڵم نا بە سنگ و شانیانەوە، لە بێزاریمدا، هاوارم کرد بەسەریاندا، 'سێبەرتان پێیە، من پێویستیم بە سێبەرە؟'
ئەو دیمەنانەی لە پێشچاوم بوون، لە خەیاڵمدا بەردەوام خەریکی تاوتوێکردنیان بووم، تەنانەت بۆ ساتێکیش، نەیاندەتوانی ئەو ورووژانەی ڕۆحم خاو بکەنەوە، یان گوشاری گەرمیی ئەو خۆرەم لەبیر بەرنەوە، هەستم دەکرد کەللەی سەرم دەکولا، ئینجا هالاو و بوخارەکەی لە لووت و قورگمەوە دەر دەچوون. لەلای چەپی گۆڕەپانەکەوە، کاتژمێرێک بە بەرزییەکەوە هەڵواسرابوو، کاتژمێر پێنجی دوانیوەڕۆی نیشان دەدا، لە خەیاڵی خۆمدا، 'فریای مۆزەخانە ناکەوم، باشترە لە ئوتێلێک بگەڕێم، بەڵکوو پشوویەکی تێدا بدەم و لەم جەنجاڵی و گەرمایە ڕزگارم بێت، سبەینێ

کاتژمێر هەشتی سەرلەبەیانی خۆم دەگەیەنمە مۆزەخانە، پێش بەرزبوونەوە و نزیکبوونەوەی تیشکی خۆر لە ڕێگەوبانەکان، خۆم دەگەیەنمە بەر سێبەری دیوارەکانی مۆزەخانە.'

تاوێک بوو کۆڵەپشتەکەم لەسەر سەرم ڕاگرتبوو، بە چواردەورمدا هاتوهاوار و هۆڕن لێدان بوون، چەندین دەستگێڕیش دەوریان لێ دابوومەوە و زووزوو بانگیان دەکرم و تێوەیان دەژەندم، بێجگە لە وشەی میستەر، هەموو قسەکانی تریان بە زمانی عەرەبی بوو یان بە دەست و سەریان ئاماژەیان دەکرد، لەناکاو کەسێک دەستگێڕەکانی لێ دوور خستمە و ڕاست لە بەردەممدا ڕاوەستا، بە هۆی زلی و بەرزیی بالآیەوە، بەری خۆرەکەی لێ گرتم و سێبەری بەسەردا کردم، کۆڵەپشتەکەم لەسەر سەرم داگرت و پێی دا هەڵم ڕوانی، زەلامێکی بۆری بالآبەرزی سەرتاشراو، بە ڕوویەکی خۆشەوە دەستی بۆ درێژ کردم، بە نابەدڵییەکەوە دەستم نایە ناو دەستی، توند دەستی گوشیم و بە چاوە ڕەش و گەورەکانی، زەق لێی ڕوانیم، چەند جارێک لەسەر یەک وتی، 'تاکسی، تاکسی، میستەر، تاکسی.'

زووزوو لەگەڵ گوشین و ڕاوەشاندنی دەستمدا، دووبارەی دەکردەوە، سەرم بۆ لەقاند و بە هەمان تۆنی دەنگی ئەو وتم، 'تاکسی، تاکسی، ئۆکەی، میستەر.'

کوتوپڕ دەستی بەر دام و پڕی کرد بە کۆڵەپشتەکەمدا و لە دەستی دەرهێنام، پاش ئەوەی کۆڵەپشتەکەمی لە شان کرد، ڕووی لێ وەر گێڕام و بەسەر شۆستەی دەستە ڕاستدا دەستی بە ڕۆیشتن کرد، منیش بەناچاری دوای کەوتم.

کاتێک کابرا لە شەقامەکە پەڕییەوە، من لە شانیەوە دەڕۆیشتم، بێ

ئەوەی بوێرم لەو ئوتومبێلانە بڕوانم، کە بە ڕاست و چەپماندا بە هۆڕن لێدان گیڤەیان دەکرد. چووینە لای ئەو ڕیزە تاکسییەی دەمێک بوو لەوبەری شەقامەکەوە لێم دەڕوانی، ویستم بە کابرا بڵێم، کە بۆ ئوتێلێکم بەرێت، بەڵام پێی ڕانەگەیشتم و خێرا بەلای تاکسیەکاندا تێپەڕی و چەند جارێک ئاوڕی لێ دامەوە و بە دەستێکی ئاماژەی پێ دام، کە دوای بکەوم. لەوەدا بوو، گۆڕەپانەکەیش بەجێ بێڵێت و خۆی بکات بە یەکێک لەو چەندین کۆلانانەدا، کە دەکەوتنە سەر گۆڕەپانەکە. چەند جارێک بانگم لێ کرد، 'تکایە بوەستە!'

کابرا ئاوڕی لێ نەدامەوە و بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن، گەیشتە ناو کۆلانێکی تەنگ، ئەمبەر و ئەوبەری ئەو کۆلانە، بە عارەبانە و مێز گیرابوو، بە جۆرێک، کۆلانەکەیان هێندەی تر تەنگ کردبووەوە، بازاڕێک بوو، هەموو شتێکی تێدا بەرچاو دەکەوت، جلوبەرگفرۆش، شێوازی جلەکانیان و ڕەنگ و ڕەواڵەتی کاڵەوەبوویان دڵیان تەنگ دەکرد، سەوزە و میوە فرۆش، بەردەوام بە ڕووی پیادەڕەواندا دەیاننەڕاند، سەبەتە دانراوەکان پڕ بوون لە سەوزە و میوە و خواردەمەنی، لەو دەوروبەرە، تاکوتەرا بە بارتەقا و بەرزیی مێزی میوەفرۆشەکان، خەشوخاڵ و پاشەڕۆم دەبینی، بۆگەنیان هەستی بۆنکردنمیان پەک خست، ئەو دوو ڕیزە باڵاخانەیەیی ئەملاولای کۆلانەکەیان گرتبوو، هەموو ڕەنگ زەرد و هاوشێوە بوون، زۆر دڵتەنگ دەهاتنە پێشچاوم، یەک یەک شانیان دابووە بەر شانی یەک و پیری و بێخزمەتی بە ڕەنگ و باڵایانەوە دیار بوو. هەوای ئەو کۆلانە ئەوەندە خنکێنەر و ناتەندروست بوو، هەستم دەکرد سییەکانم هەڵئاوسابوون،

منداڵی سواڵکەر بەو کۆڵانەدا بڵاو بووبوونەوە و بە بیانووی دەستگێڕییەوە، دەستیان لە هەموو پیادەڕەوێک پان دەکردەوە، کە بەوێدا تێدەپەڕی، ئەو ئافرەت و منداڵانەی بە قوڵینەی پڕ لە نانی گەرمەوە پێشیان بە پیادەڕەوان دەگرت، لەبەر تیشکی خۆرەکەدا هەناوی خۆیان و نانەکانیان بەردەوام هاڵاوی لێ هەڵدەستا، هەراوزەنای ئەو هەموو فرۆشیارانە و دەنگی بەرزی مۆسیقای ئەو کاسێتفرۆشانەی بڵندگۆکانیان بە بەرزییەوە دانابوو، خەریک بوو پەردەی گوێم بدڕینن، دەنگی مۆسیقا و گۆرانیبێژەکان، جەنجاڵیی ئەو بازاڕەیان دەلاواندەوە، چەند جارێک لە بێزاریمدا توند گوێم گرت و دەنگی چواردەوری خۆمم لێ بڕین.

لە کاتێکدا سەرنجم لە چواردەورم دەدا، کابرا زیاتر لە دە مەترێک لێم دوور کەوتبۆوە، بەردەوام فرۆشیارێک یان دەستگێڕێک، کە ژمارەیان لە پیادەڕەوەکانی ئەو بازاڕە زیاتر بوو، کابرایان لە پێشچاوم ون دەکرد، قوڕگم وشک و لێوەکانم لە سوێرۆای ئارەقی ڕوخسارمدا خوسابوو، ئەژنۆم دەلەرزین و بەئەستەم خۆم لەسەر پێیەکانم بۆ ڕاگیر دەکرا، چەند جارێک لە خەیاڵمدا تووڕە دەبووم و دەستم دەنایە بینەقاقایان و بێدەنگم دەکردن، پاڵم بەو پیاوە ناوشانپان و دشداشەلەبەرانەوە دەنا، کە لە چەقی ئەو کۆڵانە بەرتەسکەدا بە کۆمەڵ ڕاوەستابوون، بە دەنگی بەرز لەگەڵ یەکتردا دەدوان.

ئەوەی لەو جەنجاڵییەدا تۆزێک هێزی بەبەرەوە دەدام، بانگی لێ دەکردم و بەئاگای دەهێنامەوە، دەنگی ئەو موزیک و گۆرانیبێژانە بوون، کە لەناو ژاوەژاوی ئەو قەبرە پڕ مرۆڤەدا، بەردەوام زریکە و شین و واوەیلایان بوو.

کاتێـک لــە کــابرا نزیــک بوومـــەوە، تونــد دەســتم لــە قــەراغی کۆڵەپشتەکەم لە شانی کابرا گیر کرد، کاتێک ئاوڕی لێ دامەوە، پێم وت، 'بوەستە، بوەستە، من نـە پێویستیم بـە تاکسییە و نـە بـە یارمەتیی تۆیش ڕازیم.'

کابرا بە سەرسامییەکەوە لێی ڕوانیم و بە هێمنی وتی، 'بۆ خاتری خـوا، میسـتەر، سـەبرت بێت، لـە کۆتـای ئـەم کۆڵانـە، تاکسـیەکەم ڕاگرتووە.'

دیسـان پێشـم کـەوت و دەسـتی کـردەوە بـە ڕۆیشـتن، لـە کۆتـایی کۆڵانەکە، کەوتینە سەر ڕاستە شەقامێکی دووڕێچکەیی، شـەقامەکە بە ڕیزێک دارخورمـا، کـە لەسـەر شۆسـتەیەکی باریـک نێژرابوون، کرابـوو بـە دوو بەشـەوە، تیشـکی خـۆر و تـەپوتۆز، ڕەنگیـان لـە دارخورماکـان بڕیبوو، هـەردوو ڕێچکـەی شـەقامەکە پڕ بـوون لـە پاس و تاکسی و ماتۆڕ، لەبەر جەنجاڵی، بەردەوام هۆڕنیان لێدەدا، لەو دەمـەدا بـە خـۆم وت، 'پێدەچێت لایـەنگرانی زەمالیـک و ئـەهلی بن ئاهەنگ بگێڕن.'

کـابرا بـێ ئـەوەی سـەیری لای ڕاسـت یـان چـەپی بکـات، بـەناو جـەنجاڵیی شـەقامەکەدا پەڕییـەوە، چەنـد جارێـک هـەنگاوم نـا و ویسـتم دوای بکـەوم، بێهێـزی ئـەژنۆم و زۆری و خێراڵێخـوڕینی ئۆتومبێلـەکان، تاوێک لەسـەر ئـەو شۆسـتەیە و لەبـەر تیشـکی ئـەو خـۆرە گەرمـەدا، دەسـتەونەزەر ڕایـان گـرتم، کاتێـک کـابرام بینـی لەوبەری شەقامەکەوە بەلای ڕاستی شـەقامەکەدا تێپەڕی، دیسـان گـوڕم دایـە بـەر خـۆم و چەنـد هـەنگاوێک چوومـە سـەر شـەقامە قیرەکـە، خێـرا بنـی پێڵاوەکـانم لـە نـەرمیی قیرەکـەدا نـوقم بـوون، دیسـان بـۆنی قیـری تـواوە و دووکـەڵی ئـەکزۆزی ئۆتومبێلـەکان

لەگـەڵ هـاڵاوی لەشـی خۆمـدا سـێبەکانمیان قانـگ دا. تیشـکی خۆرەکـەیش، بـەردەوام دەیکوڵانـدم، ڕاپـەڕیم لـەو ئوتومبێلانـەی ڕاستەوڕاسـت بـە هـۆڕن لێـدان بـەرەو ڕووم دەهـاتن، ناچـار گەڕامـەوە سـەر ئـەو شۆسـتە کۆنکرێتـەی وەکـوو مـن ڕۆحـی پڕ بووبوو لـە هـاڵاو و گـەرمیی خۆرەکە و داخ بووبـوو، بـە ڕاسـت و چەپمـدا چـاوم بـۆ خـەتی پەڕینـەوە گێـڕا، بینـیم بەدرێژایـی ئـەو شـەقامە هـەر خـەڵک بـوو بـە هەڵـەداون و پەلـەپرووزکێ بەنێـوان ئوتومبێلەکانـدا ڕایـان دەکـرد و دەپەڕینـەوە، شۆسـتەکان گـەرمیی خۆیان لەسـەر پێڵاوەکانمـەوە گەیانـدە پێیەکانم و لەتـاوا یەک یەک پێیەکانم بە نۆرە هەڵدەبڕین.

کابرام لە چاو ون بوو، هەتاوەکە یەکڕاسـت لـە ڕوخسـاری دەدام، ناچـار بـووم بـە چـواردەوری خۆمـدا بـۆ سـێبەرێک بگـەڕێم، لـەو کاتەدا بە خۆمم دەوت، 'کۆڵەپشتەکەم تازە فـەوتا و بەتـەمای نـەبم باشترە.'

سـەرم گێـژی دەخـوارد و بـێ وزە بـە چـواردەوری خۆمـدا دەخولامەوە، گەرماکە تەواو کاری لە ڕۆحم کردبوو، ئەژنۆم تێک دەئاڵان و لـەوە زیـاتر جەسـتەمیان لەسـەر خۆیـان پێ ڕانـەدەگیرا، لەتـاو سەرئێشـە و تینـی گـەرمی تیشـکی خۆرەکـە، چـاوم بـۆ هەڵنەدەهات، بێجگە لـەو وررووژانـەی ڕۆحـم، کە لـەناو فرۆکەکـەوە تـاکوو ئـەو سـاتە دانەدەمرکایـەوە، لـە خەیاڵمـدا چەنـد جارێـک لـە پۆلیسـخانە بـووم و شـکاتم لـە کـابرا دەکـرد و یەخـەیم گرتبـوو و لەگەڵیدا کەوتبوومە شەڕ، لەو دەمەدا لەسەر شۆستەکە، لەتەنیشت سـتونێکی ئاسـنینەوە ڕاوەسـتابووم، وا داخ بووبـوو، نەمـدەتوانی شـانمی پێـوە بنـێم، چەنـد بـۆردێکی ڕووە و شـەقامەکەی پێـوە

هەڵواسرابوو، بۆردەکان سێبەرێکی لاکێشەی باریکیان کردبووە سەر شۆستەکە، تاوێک دەموچاوم خستە بەر سێبەری، چاوم لەوبەر شەقامەکە بڕی و هەستەکانی ترم لەنا و خۆمدا ڕاگرتن، لە قووڵای خەیاڵ و یادەوەرییەکاندا دەگەڕام، گوێم لە هۆڕن لێدان نەما و لووتم بۆنی قیر و دووکەڵی ئەکزۆزی ئۆتومبێلەکانی لێ بڕا، لەشم سارد بووەوە و ئیتر هەستم بە گەرمیی تیشکی خۆرەکە نەدەکرد، بەڵام هێشتا سییەکانم پڕ بوون لە هاڵاو و گەرمی و بۆگەن، کەنفت و پرزە لێبڕاو، لە خەیاڵمدا دەم وت، 'ئەمەیە، نهێنی و هێزی تیشکی خۆر، چۆن لێرەدا دوور لە دایکم و هاوڕێکانم، دەسووتێم، لەناو خۆمدا دەتوێمەوە و خۆم ڕادەستی تیشکی خۆرێک دەکەم، کە هەردەم بۆ مرۆڤایەتی سەرچاوەی ژیانە.'

لە بێزاریمدا، لەو ساتەدا بە خەیاڵ، وەکوو مارمێلکەیەکی بیابان خۆم بچووک دەکردەوە و لە شەڕ و بەرەنگاری لەگەڵ خۆردا دۆڕام و پاشەکشەم دەکرد و لەژێر لم و دار و پەردووی ئەو ناوەدا، خۆمم مەلاس دەدا، چاوم لێک نا و ڕۆحم لە سێبەر و تاریکیی ناو لەشی خۆمدا مات دەکرد، ترسی کۆتاییەکی کارەساتبار خزایە ناو دەروونمەوە، بێهوودە ڕۆحم لە جەستەی تواوەمدا، مان بگرێ و لەو وڵاتی خۆرەدا تەنیا و غەریب بکەوێت. هەستەکانم تەواو لە چواردەورم دابڕان، ئەوسا ئەوەندە بێئاگا بووم لە خۆم، نازانم، بۆ بە خەیاڵ گەڕامەوە بۆ ئەو ڕۆژەی لە کەناری دەریا بەتەنیا دەگەڕام.

ڕۆژێکی سارد و باراناوی بوو، باوبۆران، بۆن و هاڵاوی سوێریی ئاوی دەریاکەی دەدا بە ڕوومدا، کزەهەوایەکی سارد و بۆنێکی

شـێداری خوێیـاوی، یادەوەرییـەکانمی گەڕانـدەوە بـۆ ئـەو ڕۆژە، 'هەوایـەکی شێداری سـاردی بارانـاوی دای بـە ڕوومـدا، هەناسـەم لەسەر سنگمدا پەنگی خواردبوو، ئەو ڕۆژە بوو، کە دایکم دوای چەندین نەشـتەرگەری، لـە نەخۆشـخانەی دانهـاخ زەلیل کـەوتبوو، زیاتر لە شەش مانگی ئەو ساڵەی لە نەخۆشـخانە بردە سـەر، ئـەو ئێوارەیە، پاش مشتومڕم لەگەڵ دایکمدا بەجێم هێشت و چووم بۆ سـەر کـەناری ئـەو دەریایـەی، کـە ئـەو نەخۆشـخانەیەی دەکەوتـە سـەر، دایکـم تـەواو لـە ژیـان بێـزار و بێهیـوا بووبـوو، ئەوسـا پزیشکەکان تەنها بەختی لە سەدا سیی ژیانیان پێ دابوو، بەبیرم دێـت، ئـەو ڕۆژە دایکـم پێـی وتـم، 'مـارتن، ئەگـەر تـۆ ڕازی بیـت، دەمـەوێت لـە مـاوەی بیسـت و چـوار سـەعاتی داهـاتوودا، بـە یارمەتیی پزیشک، کۆتایی بە ژیانی خۆم بهێنم.'

دایکم، ئەو ڕۆژە، داوای مردنی لێ دەکردم، دەمزانی مـن ئـەوم بـە ژیانەوە گرێ داوە، ئەگین ئەو دەمێک بوو ڕۆحـی لـە جەسـتەی پڕ لە ژەهر و ئازاریدا دەفڕی.

ئەوسـا هـیچ وەڵامێکـی دایکـم نەدایـەوە، لـە باڵاخانـەی نەخۆشـخانەکە دەر چـووم و بڕیـارم دا بەدرێژایـی ئـەو کـەنارە پیاسە بکەم، بـە خـۆمم وت، 'کاتێک دەگەڕێمـەوە، کە وەڵامێکم بۆ دایکم پێ بێت.'

ئـەو کـەنارە لـە مـن زیـاتر کەسـی تـری لـێ نـەبوو، بـاوبۆران و سەرماکەی بە شێوەیەک بوو، کە لەتاوان هەموو خەڵکێ خۆیان لە ماڵەکانیان توند کردبوو، کۆشک و قاوەخانە و چێشتخانەکانی ئـەو کـەنارە هـەموو داخرابـوون، ڕەشـەبا ئـاڵا و تەختـەی ڕیکلامـی کۆشـکەکانی هێنـابووە هەلەکەسـەما، شـەپۆلی ئـاوی دەریاکـەیش،

کەف و زەرداوی خۆی بە ڕووی کەنارە لمینەکاندا دەدا.
بێ ئارام و دڵگەرم، تاوێک بەو کەنارەدا گەڕام، جارجار شەپۆلەکان فرسەتیان لێ دەهێنام و خۆیان بە قاچ و قولمدا هەڵدەزنا و تەڕیی خۆیان لەسەر پانتۆڵەکەمەوە دەگەیاندە سەر پێستم. گوێچکەماسی و بەردی ڕەنگاوڕەنگی شۆراوە، سەرنجیان ڕاکێشام و تاوێک لەسەر ئەژنۆ دەستم کرد بە کۆکردنەوەیان، هەردوو گیرفانی پانتۆڵەکەم لێ پڕ کردن، بەنیازی ئەوەی بۆ دایکمیان بەرمەوە، بەبیرم دێت، ئەو دەمەی لەسەر کەناری دەریا دەبووین، دایکم کۆی دەکردنەوە و لە ماڵەوە، لە کارە هونەرییەکانیدا بەکاری دەهێنان.
نازانم چەندێک بوو لەوێدا بێدەنگ لەبەر ئەو باران و سەر لمە تەڕەدا چۆکم دادابوون و دۆش دامابووم. بێوچان لە چەند وردەزیخێکی ڕەنگاڵەم دەڕوانی، پاشان چنگم لێ پڕ دەکرد و یەک یەک لە ئاوەکەم دەهاویشتن. شەپۆلەکان زووزوو بەسەر ڕانەکانمدا دەڕژان، ناوبەناو دایکم خۆی لە خەیاڵەکانمدا قوت دەکردەوە و بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە بانگی لێ دەکردم، 'ئیزنم بە، ئازیزەکەم، دەستم لێ بەر بدە و مردنم پێ ڕەوا ببینە، شێرپەنجە خواردوومی و زۆر ئەشکەنجەی ڕۆحم دەدات.'
هەستامەوە و پاشەوپاش گەڕامە دواوە و ویستم بۆ لای دایکم بگەڕێمەوە، پاش تاوێک، سەرسام و دڵسارد، دەستم توند لەیەک هەڵپێکابوون و لە دوورم دەڕوانی، لەناو خۆمدا شەپۆلی دوودڵی و نەزانین، پەنجەیان لە دیوارەکانی ڕۆحم دەژەنی، بە جۆرێک، سست لە جێگەی خۆم دەستەونەزەر ڕاوەستابووم، بێزاریم، سنووری پێڵووی چاومیان دەلەرزاند، بێ ئەوەی هیچ دەستەلاتێکم

بەسەر خۆمدا هەبێت، خێرا پێیەکانم بەدوای یەکدا هەڵگرتن و بە قین و قەهرەوە، بەرە و قووڵایی دەریاکە بە ڕاکردن چووم، بەسەر شەپۆلەکاندا بازم دەدا، لە کاتی ڕاکردنمدا، بەر چەندین شەپۆلی گەورە کەوتم، ئەو شەپۆلانەی تا دەگەیشتنە کەنارەکە، بێهێز و بچووک دەبوونەوە، خۆیان بەسەر سنگ و ڕوخسارمدا دەدا. هێز و ساردیی ئەو شەپۆلانە، هەناسەمیان توند کرد و سوێراوی خۆیان گەیاندە ناو خوێنم. ئەوەندە چوومە قووڵاییەوە، کە پێیەکانم ئیتر ڕووی زەوییان نەدەگرت، جووڵەم لە خۆم بڕی و هێواش هێواش بۆ قووڵایی و ژێر ئەو ئاوە سوێراو و ساردە داخزام، تاوێک لە بن ئاوەکەدا خۆم مات کرد، هەستم کرد سییەکانم پڕ بووبوون لە سوێراو، چاوەڕوانی بووم، ئاخۆ کەی بە ڕووی مردن خۆیدا دەتەقێم، تاوەکو هەستی پێ بکەم، بیچێژم، ئەگەر تەنها بۆ هەناسەیەکیش بێت، بەڵکوو لە نهێنیی مردن تێبگەم، مردنێک، کە دایکم بە پەرۆشەوە داوای دەکرد.

گەردیلەی ئاوە ساردەکە وەکوو دەرزی لە خۆیان دەئاژنییە جەستە و بەئاگایان دەهێنامەوە، نەیاندەهێشت ڕوو بدات. هەستێک لە قووڵاییمەوە وزە و گەرمیی دەدایەوە بە جەستەم و پابەندیان دەکردمەوە بە ژیان، فەرمانی دەدا بە دەست و قاچەکانم تا بجووڵێن، چەند شەپۆلێکیش ڕووەو کەنارکە پاڵیان پێوە دەنام، تووڕەبوونێک، هەموو ماسولکەکانمیان گرژ کرد و هەنووکە گوڕیان دەدایەوە بەرم. هێزێک، کە ڕۆحم غەریب بوو پێی، نازانم، چ پابەندبوونێکم بە ژیانەوە گلیان دامەوە و ڕێگر بوون، هەنووکە ئیرەیی بەو ڕۆژە دەبەم، کاتێک گەیشتمەوە کەنارەکە، لە تەڕیی جلەکانی بەرم شڵپەم دەهات، بە کەنارەکەدا دەستم کرد بە

ڕاکردن، پڕ بووم لە وزە و هەستم بە ماندووبوون نەدەکرد، وەکوو جوانوویەکی چەند مانگە، بەو کەنارە چۆڵ و تەڕەدا ڕەوتم دەکرد و غارم دەدا، نازانم چەند و بەدرێژایی چەند کیلۆمەتر بەسەر ئەو لمە تەڕ و شێدارەدا ڕام کرد، پێیەکانم نەیاندەویست ڕابوەستم، هەنگاو لەدوای هەنگاو بەردەوام بوون، تاوەکوو کەنارەکە تاریک داهات و دەریا شەپۆلەکانی خۆی کۆ کردەوە و بێدەنگی ئەو ناوەی داگرت، ئیتر ئەوەی گوێم لێ بوو، تەنها لێدانی ترپەی دڵی خۆم بوو. لە تەڵخی و لەناو تەنیایی و سنووری زەوی و دەریادا، ئەژنۆم دادان و خۆم بەسەریاندا نوشتاندنەوە، لەناو ئارەقی جەستەم و تەڕی و شێی ئەو کەنارەدا، خۆم لێ گرمۆڵە کرد.

تەزوویەک بە لەشمدا هات، هەستم بەوە کرد، کە چۆن دوو دەست بنباڵیان گرتم و بە هێزێک توند هەڵیان بڕیم، چی ڕووی دابوو، من لەکوێ بووم و ئاخۆ کێ بەهانای منەوە هاتبێت، هەوڵم دا چاوم بکەمەوە، تا بزانم کێ لە چواردەورمە، سەرم قورس و ماسولکەی پێڵووی چاوم ئەوەندە بێهێز بوو، نەمتوانی هەڵیان ببڕم، جەستەی بێوزە و نیوە مردووم بۆ نەجوولا، ناچار خۆم ڕادەستی ئەو هێزە کرد، لە باوەشی گرتم و لەسەر دۆشەکێکی نەرم دای نام، گردەکانی سمتم دەکزانەوە و ئازاری سووتانیان هەبوو، گوێم لە دەنگی مەکینەی ئوتومبێلەکە بوو، پاشان تۆنی دەنگی ئەو گۆرانیبێژەی پێشتر لە بازاڕە جەنجاڵەکەدا گوێم لێ بووبوو، ئەو دەنگە غەریبەی ڕۆحم ئاشنا نەدەبوو پێی.
لە کاتی لێخوڕینی ئوتومبێلەکەدا، بەردەوام بە ڕاست و چەپمدا

دەکــەوتم، بـۆنی جگــەرە و شــینوواوەیلای گۆرانیبێژەکــە ڕایـان پەڕانـدم، دیسـان لەگـەڵ گـەرمادا کەوتمـەوە جـەنگ، بـەردەوام لـە قومێک هەوا دەگەڕام، ئەو هەوایەی لە لووتەکانمەوە بەناو قورگە وشک و ئازاراویەکەمدا بۆ ناو سییەکانم گوزەریان دەکرد، هەستم دەکرد کـە تـەنها دووکـەڵی جگـەرە بـوو، زووزوو هێڵنجم دەدا و تالاوێـک شـەپۆلی دەدا، تـا دەرگـای قـورگم و لـە گەدەمـەوە تـاڵیی خۆی دەگەیاندە ناو دەمم. جارجار لە هۆش خۆم دەچووم و ئاگام لـە چـواردەورم نـەدەما، دیسـان نەغمـەی دەنگـی ئـەو گـۆرانیبێژە، گوێیان پڕ دەکردم و ڕایان دەپەڕاندم، نەمدەزانی چی دەڵێت، بەڵام دەنگــی وەکــوو تــۆنی دەنگــی دایکــم، ڕۆحمیــان بــە ژیــانەوە دەبەستەوە.

ئوتومبێلەکە وەستا، پاش تاوێکی کەم، دەرگای لای دەستی چەپم کرایەوە، هـەر ئەوەندەم بـەرگوێ کـەوت، 'میسـتەر، میسـتەر، ئـەوە گەیشتینە ئوتێل.'

چاوم بۆ هەڵنەدەهات، لە خەیاڵی خۆمدا لە وەڵامێک دەگەڕام، فریـا نەکەوتم و لەپڕێکدا دوو دەستی بەهێز کەوتنـە بنبـاڵم و تونـد بـۆ دەرەوەی ئوتومبێلەکــە ڕایکێشــام، دیســان هەســتم بــە گــەرمیی خۆرەکــە دەکــردەوە، تیشــکەکانیان دەچەقاندنــەوە ســەر پێســتم، کەسێک وەژێر باڵم کەوتبوو، دەستێکیشی لـە کەمـەرم هـەڵپێکابوو و لە زەویی هەڵبڕیبووم، جارجار نـووکی پێکـانم لـە ئـەرزیان دەدا، گــوێم لـــە دەرگایـــەک بـــوو، لەپێشـــماندا والا بـــوو، لـــە چوونەژوورەوەماندا ڕاچڵەکیم، بەو هەوا ساردەی دای بە ڕوومـدا، گوێم لـە دەنگی ئێرکۆندێشـنەکان بـوو، کـە بـە بەرزییـەوە، وەکـوو ئـەوانیش لـەو گەرمایـە تـوورە بـن، دەیاننەڕانـد، بـە سـەرشـانی

کابراوە، پڕ بە سییەکانم هەوای فێنکم هەڵمژی، لەسەر لچ و لێوەکانمەوە تاکوو ناو دەمم کزانەوە، لە تینوواندا شەقار بووبوون، کاتێک لەسەر کورسییەکی نەرم دای نام، وردەوردە هەستەکانم هێزیان تێ دەهاتنەوە و دەمتوانی لە ڕێگەیانەوە چواردەورم هەست پێ بکەم، دەنگی پیاوێکم دەبیست، دیسان بەکزی گوێم لە دەنگی ئەو بوو، ئەو گۆرانیبێژەی لە زەلیلیمدا بەزۆر منی بە تۆنی دەنگی خۆی ئاشنا کرد، بەردەوام پرسیارم لە خۆم دەکرد و لە خۆسازداندا بووم، تاکوو هێز بدەمە بەر خۆم و پرسیارێک لەوانەی چواردەورم بکەم، لە کاتێکدا بە هەردوو دەستم چاوم هەڵگلۆفت و تۆزێک تروسکاییان تێ هاتەوە، هێشتا بەلێڵی چواردەوری خۆمم دەبینی، زەلامێک لەتەنیشتمەوە دانیشتبوو، هەستم بە ئەنیشکی کرد، توند لە قەبرغەمی چەقاندبوو، تۆنی دەنگی گڕی، کە بە زمانی عەرەبی و بە پەلە پەل قسەی دەکرد، لەو دەمەدا گوێم لە دەنگی تەقوهوڕی پێڵاوی کەسێک بوو، پێدەچوو ڕووەو لای ئێمە بێت، کاتێک چاوم لەسەر دوو چاوی ڕەشی بادەمی ڕوون بووەوە، ڕوخساری ئافرەتێکی دەنگ ناسکی ئەسمەری کورتەباڵا، هێندەی میکیاج کردبوو جوانی و گەنجێتیی خۆی پێ شاردبۆوە، کاتێ من لە چاویم دەڕوانی، ئەو دانەوییەوە و بە سینییە بچووکەکەی دەستی، کە دوو پەرداخی پڕ لە ئاوی لەسەر بوو، فەرمووی لێ کردم، خێرا پەرداخە ئاوەکەم توند لەناو دەستم گرت، فێنکیی پەرداخە ئاوەکە، تەزوویەکی ساردیان بە لەشمدا هێنا، خێرا و بەدوای یەک دا، لچ و لێو و ناودەم و قوڕگی وشکم پێ تەڕ کرد، ئاوەکە ئەوەندە سارد بوو، هەستم کرد پڕی کردمەوە لە ژیان و نەختێ هێزی بە بەردا

هێنامەوە، ئینجا ئازارێک لەسەر سنگمەوە بەرە و سەرم هەڵکشا و لەناو کاسەی سەرمدا پەنگی خوارد، هەردوو دەستم توند گرت بە سەرمەوە، تەماشایەکی لای شانی چەپی خۆمم کرد، بینیم شۆفێری تاکسییەکە لە شانمەوە دانیشتبوو، لەو دەمەدا لەگەڵ ئافرەتەکە دەستیان کرد بە قسەکردن، ویستم خۆم توورە بکەم و هاوار بکەم بەسەریدا و پەلاماری بدەم، تەنانەت گوڕی توورەبوونیشم تێدا نەمابوو، ئەوان بە دەنگێکی بەرز بەسەر یەکتریدا هاواریان دەکرد، تۆنی دەنگیان وەک وردەشووشەی تیژ دەکەوتنە ناو کونی گوێم و خۆیان دەخزانە ناو کاسەی سەرمەوە، هێزم لە خۆمدا کۆ کردەوە و ڕووم لە شۆفێری تاکسییەکە کرد، هاوارم لێ کرد، 'کوا کۆڵەپشتەکەم؟'

لە کاتێکدا ئاماژەی بۆ بەرپێی کرد، بەهێمنی وتی، 'میستەر، ئەوە کۆڵەپشتەکەتە.'

'منت بۆ کوێ هێناوە؟'

هاتە پێشەوە لێم و چاوی بە ڕوومدا دابچڕی و وتی، "الله أکبر، میستەر، تۆ لە ئوتێلیت.'

دەستێکی پان کردەوە و بەرامبەرم ڕای گرت و دووبارە وتی، 'میستەر، یاڵلا، یاڵلا، خێرا کرێکەم بدەرێ...'

گوڕم دایە بەر خۆم و ویستم ڕاست ببمەوە و جزدانەکەم لە گیرفانی دواوەی پانتۆڵەکەمدا دەر بێنم، هێندە بێهێز و پرزە لێبڕاو بووم، نەمتوانی جووڵە بکەم، بە یارمەتیی کابرا، جزدانەکەم دەر کرد و لەنێوان ئەو چەند پەڕەی ئێرۆیانەدا کە لە جزدانەکەم دەرم هێنابوون و بە دەسمەوە بوون، خۆی بیست ئێرۆییەکی دەر کرد، هەستا و دەستی لەنێو دەستم نا، توند دەستمی بە توورەییەوە

گوشی، باڵی ڕاوەشاندم، هەستم کرد هەموو ئازارەکانی ناو لەشمی بەئاگا هێنایەوە و لەتاوا چاوم نووقاند، بێ ئەوەی هیچ بڵێت، دەستی بەر دام و بە چەند هەنگاوێک، لە دەرگای ئوتێلەکە چووە دەر و لە چاوم ون بوو.

چاوم لەدوای کابرای شۆفێر بوو، هێشتا قەهر و تووڕەییم لێی نەڕەویبووەوە، ئافرەتی ئوتێلەکە لێم هاتە پێش و لەلامەوە دانیشت و بە ئینگلیزییەکی ڕەوان وتی، 'میستەر، لە ئێستادا ژووری بەتاڵمان نییە.'

لەو دەمەدا، لە چاوی یەکترمان دەڕوانی و پاشان ئەو پرسیی، 'دیارە لە بیابانەوە گەڕاویتەوە و زۆر ماندوویت؟'

سەرم بۆ ڕاوەشاند و پێم وت، 'بەڵێ، زۆر ماندووم.'

'ئایا دەتوانیت لەگەڵ کەسانی تردا، لە ژوورێکدا تەنها شەوێک بگوزەرێنیت؟'

سەرئێشە و ئازاری گیانم، حەوسەڵەیان لێ بڕیبووم، لە ناخمەوە بە جۆرێک وورووژابووم، بەردەوام لەگەڵ وەیشومەدا لە کێبەرکێدا بووم، هەر بۆیە لە ناچاریمدا بە خۆمم وت، 'هەرچۆنێک بێت، جێگەیەکم دەست بکەوێت، سبەینێ لە ئوتێلێکی باشتر دەگەڕێم.'

سەرم بۆ لەقاند، 'باشە، باشە، کێشە نییە و ڕازیم.'

هەستا، ڕۆیشت و پاش کەمێک گەڕایەوە و داوای لێ کردم پاسپۆرتەکەمی بدەمێ و زیاتری وت، 'بمبوورە، دەتبینم چەند ماندوو دیاریت، بەڵام پێویستە ناو و ناونیشانی تەواو تۆمار بکەم، لە وڵاتی میسر، یاسا گرنگە و ناتوانین فەراهەمی بکەین!'

بێ ئەوەی هیچ بڵێم، پاسپۆرتەکەم دایە دەستی و سەرم بۆ لەقاند، دووبارە ئەو وتی، 'میسر خۆشە؟'

'بێوێنەیە لە گەرمادا.'

'مەبەستم بیابان نەبوو.'

بێ ئەوەی هیچ بڵێم، سەرم بۆ ڕاوەشاند.

لە کاتی تەماشاکردنی پاسپۆرتەکەمدا، هەڵوێستەیەکی کرد و سەری چەند جارێک با دا، هەستایەوە و چوو بۆ نووسینگەکەی، کە بەرامبەرم بوو هەر دە مەترێک دوور بوو لێمەوە، لەوێ لەگەڵ ئەو کابرا گرگنەی تاوێک بوو لەولامانەوە بێدەنگ دانیشتبوو، پێکەوە لە پاسپۆرتەکەمیان دەڕوانی، نائاگا و بێ ئارام، دووراو دوور لێم دەڕوانین، پاشان ئافرتەکە پێکەوە لەگەڵ کوڕێکی گەنجدا، کە نازانم لە کوێوە پەیدا بوو، گەڕایەوە، گەنجەکە قاتێکی شین و بۆینباخێکی زەردی پەپوولەیی لە ژێرچەنەی بەستبوو، کلاوێکی لە ڕەنگی جلەکانی لەسەردا بوو، ئافرەتەکە پاسپۆرتەکەی دایەوە دەستم، 'میستەر، ئەم گەنجە ڕێنماییت دەکات بۆ ژوورەکەی خۆت.'

کۆڵەپشتەکەمی لە بەرپێمدا هەڵگرت و داوای لێ کردم، کە دوای کەوم، کاتێک ویستم هەڵسم و دوای گەنجەکە بکەوم، نەمتوانی لە جێگەی خۆم ببزوێم، لەو دەمەدا، کوڕە گەنجەکە گەڕایەوە و ڕووی تێ کردم، 'میستەر، دەتوانم یارمەتیت بدەم؟'

سەرم بۆ لەقاند و پێم وت، 'بەڵێ، بە سوپاسیشەوە.'

هاتە ژێر باڵم و ڕاست هەڵی ساندمە سەر پێیەکانم، ئەژنۆم دەلەرزین و پێیەکانم ئازاریان دەهات، وەک بڵێی لەنێو پێڵاوەکانمدا ئاوسابن، گەدەم دەکوڵا، لەوەدا بووم بڕشێمەوە، لەتاو ئێشی سەرم، توند خۆم نووساند بە کوڕە گەنجەکەوە و بە دەستێکم سەرشانیم گوشی، ئەویش بە تەوسێکەوە سەیرێکی

کردم و دیسان بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن. پاش ئەوەی بەسەر پلیکانەیەکدا سەرکەوتین بۆ نهۆمی دووەم، چووینە هۆڵێکی بەرتەسکەوە، ئەمبەرە و ئەوبەری هۆڵەکە، چەندین دەرگای ڕەشی هاوشێوە بوون، پاش ئەوەی لە بەردەرگایەک وەستا و کۆڵەپشتەکەم، کە بەدەستی چەپیەوە بوو، لە بەرپێماندا دای نا، بە لەپی دەستی، چەند جارێک لە دەرگاکەی دا، ئەوەندەی نەبرد دەرگاکە کرایەوە، دوو گەنجی پێست سپیی قژ ڕەشی گرگنە، لەناو دەرگاکەدا قوت بوونەوە، پاش ئەوەی تاوێک بە زمانی عەرەبی لەگەڵ یەکتردا قسەیان کرد، بە دوودڵی و تووڕەییەوە چوونە لاوە و ڕێگەیان پێ داین و چووینە ژوورەوە، کوڕە گەنجەکە منی گەیاندە سەر جێگەیەک، یەکێک لەو سێ جێگەیەی لە ژوورەکەدا بوون، ویستی قسەم بۆ بکات و لەسەر ژووری ئوتێلەکە زیاتر زانیاریم بداتێ، بەڵام دوو هاوژوورەکەم بواریان پێ نەدا و لێی هاتنە پێش، بە دەنگی بەرز بەسەریدا دەیاننەڕاند و زووزوو دەستیان بەرەو ڕووم ڕادەکێشا، تاوێک بوو هەرسێکیان بەسەرمەوە ڕاوەستابوون و لەگەڵ یەکتر قسەیان دەکرد، هەستم بە ئازارێکی گورچکبڕ دەکرد، سەیرێکی دەستوپلی خۆمم کرد، بینیم چۆن پێستم سوور هەڵگەڕابوو، هێزی ئەوەم تێدا نەمابوو، لەسەر قنگم دابنیشم، دەستم توند بەگوێمەوە گرت و لێی پاڵ کەوتم و چاوم لێک نا، کز، زۆر کز، گوێم لێ بوو ئەوان هێشتا هەر بەسەر یەکدا دەیاننەڕاند. پاش تاوێک، هەرسێکیان لە ژوورەکە چوونە دەرەر و دەرگاکەیان بەدوای خۆیاندا داخست، ژوورەکە بێدەنگ بوو، ئینجا لەناو ماندوویێتی و ئازاری ڕۆحم، چوومە خەوێکی قووڵەوە.

لەتاو ئازاری شانەکانم بەئاگا هاتمەوە، بەئەستەم چاوم هەڵبڕی و سەرنجم دا، ئەو دوو کوڕە گەنجەی لە ژوورەکەدا لەگەڵمدا بوون، لەسەر قەراغی جێگەکەم دانیشتبوون و ئەملاولایان لێ گرتبووم، زۆرم لە خۆم کرد و بەزەحمەت ڕاست بوومەوە و لەنێوانیاندا دانیشتم، بێوچان بە سەری پەنجەکانیان تێوەیان دەژەندم و پێدەکەنین، ئەوەندە قووڵ پێدەکەنین، زووزوو بە لەپی دەستیان، تەپڕی چاویان دەسڕی، پڕ بە ژوورەکە قاقایان لێدەدا، تاوێک بە سەرسووڕمانەوە یەک یەک لێم دەڕوانین، ئەوی لای شانی ڕاستم، سەرنجم دا بەکراوەیی پاسپۆرتەکەمی لەناو دەستدا بوو، بە دەنگی بەرز دەستی کرد بە خوێندنەوەی، 'سەلەمۆ مارتن.'

بەردەوام بوو، 'بیستی هەشتی ساڵی ١٩٧٨، ئەمستردام.'

بەدەم پێکەنینەوە، بەردەوام بوو و وتی، 'ڕەگەز، پیاو، درێژی، مەتر و هەشتا، تەواون ئەمانە، وا نییە، وا نییە؟'

هەوڵم دەدا لە خۆمدا وەڵامێک ئامادە بکەم، لە ڕستەیەکی شیاو دەگەڕام، کاتێ ئەوان بەردەوام بە زمانی عەرەبی لەگەڵمدا دەدوان، زووزوو بە وشەی 'میستەر' هاواریان دەکرد بەسەرمدا و وەکوو درندە دەیاننەڕاند، قاقایان لێدەدا و بەردەوام تێوەیان دەژەندم، چەند جارێک ویستم خۆمیان لێ تووڕە بکەم، یان پێم وا بێت لەو ساتەدا ویستم داوای یارمەتییان لێ بکەم، بەڵام هەستم دەکرد گەرمی و تیشکی خۆر، هەموو هێز و وزەیەکیان تێدا سووتاندبووم. لە هەموو شتێک بەتاڵیان کردبوومەوە، بەتایبەتی، لە ڕەوشتی مرۆڤانەم، قەهرێک هێدی هێدی لە ناخمەوە دەکوڵا و دەبوو بە گڕ و هالاوی گەرمی لە دەم و لووت و گوێمەوە دەر

دەچوو، ئەوانیش، تا دەهات، زیاتر تەنگیان پێ هەڵدەچنیم و بێزاریان دەکردم، بە جووت بەدەم قاقالێدانەوە ئەوەندە لێم هاتبوونە پێش، بۆنی نیکۆتین و ئەلکحولی هەناسەیانم دەکرد، دەموچاوی پڕ لە ڕق و گاڵتەئامێزیان، دەستیان لە قورگی هەستەکانم دەنا، دەستم بە گوێمەوە گرت و چاوم توند داخست، خۆم بەسەر ڕانەکانمدا چەماندەوە.

تووشی سام و دڵگوشینێک بووبووم، هەتا دەهات، زیاتر پڕ دەبووم لە هەراوزەنای ئەوان و لە خۆم و لە چواردەرم بێئاگا دەبووم.

٦

خنزیر

کاتێک لە قووڵایی خەوێکی قورس ڕابووم، هەناسەم سوار و لە ناو ئارەقی خۆمدا خوسابووم.

لەناکاو ڕاپەڕیم و خۆم ڕاست کردەوە، چاوم بە تاریکیی چواردەورمدا گێڕا، زووزوو ئەو پرسیارەم لە خۆم دەکرد، 'ئەمە خەونە یان ڕاستییە، من لەکوێم؟'

ئەرزەکەی ژێرم تەڕ و شێدار بوو، لەناو ڕەشی و تاریکیی چواردەورمدا نوقم بووبووم، کاتێک بە چواردەوری خۆمدا چاوم گێڕا. بۆرییەک ڕووناکی لە بەرزییەوە بەخڕی داگەڕابوو بۆ سەر دیوارەکەی پشتم، بێدەنگییەکی سامناک دەستی نابووە بینی هەموو جووڵە و دەنگێک لە چواردەورمدا، ئەو بێدەنگی و تاریکییەی تێی کەوتبووم، پڕیان کردبووم لە بێهوودەیی.

بە سام و بێزارییەکەوە هەستامە سەر پێ، هەنگاوێکم نا بۆ لای چەپم و دەستم کوتا و سەری پەنجەکانم بەر دیوارێک کەوتن، بە نائارمییەکەوە خێرا دەستم کرد بە گەڕان، هەردوو لەپی دەستم

پـان کردنــەوە و بەســەر ڕووی دیــوارە ڕەق و ڕووگرژەکــەدا گێرامن، هەنووکـە پەنجـەکانم بـەر چاڵوچۆڵی دەکـەوتن، گەیشـتمە سەر دەرگایەکی ئاسن، کە نیوەی ئەو لادیوارەی پێک هێنابوو، پێم وابێت لـەو کاتـەدا خێرا بـەدوای دەسـکێک یـان کێلونێکدا گـەڕام، تاکوو بزانم لـە دەرەوەی ئـەو جێگە بەرتەسـک و تاریکـە چ باسـە، بـەڵام لـە چەنـد قوبـەی برغویـەک زیـاتر، هیچـی کـەم بەردەسـت نەکـەوت، ژوورێـک، هـەر دوومـەترێک پـانی و درێژییەکـەی بـوو، بەرزییەکەی لەو تاریکییەدا، بە هەزاران کیلۆمەتر دەبوو.

پێشتر خەونی وا گران و ناخۆشم نەدیبوو، بەبیرم نـەدەهات ئاخۆ کـەی ڕۆحـم ئەوەنـدەی ئـەو کاتـە بـێ ئـارام بووبێـت، تـاوەکوو لەدەست مردن هەڵبێت، هاوشێوەی گیاندارێکی بریندار، کە بێوچان بەدەوری خۆیدا بخولێتەوە، پڕ بە قورڕگم بانگم دەکرد و توند بە لەپی دەستم بە ڕووی دیوار و ئاسنی دەرگا ساردەکەمدا دەکێشـا. ئینجا بەبێ هیـوا پاڵم بـە دیوارەکـەوە دا و پێـی دا شـۆڕ بوومـەوە، لەسەر ئەو ئەرزە کۆنکرێتە سـارد و شـێدارە لێـی دانیشـتم، هـەوڵم دەدا بگەڕێمــەوە نـاو خـۆم و تاوێـک بیـر بکەمــەوە، لـە ڕێـگەی خەیاڵەکانمــەوە بگەڕێمــەوە بـۆ نـاو یادەوەرییــەکانی ڕابـردووم. بێدەنگ بـاڵم تونـد لەبـەر ئـەژنۆم هـەڵپێکان و سـەرم لەنێوانیـان ڕاگـرت و چـاوم داخسـت، نەمـدەتوانی پەیوەنـدی لەگـەڵ خەیاڵمـدا دروست بکەمـەوە و بەتـەواوەتی لێـی دابڕابـووم، لـەنێو خۆمـدا، بۆ تـەنها وێنەیـەک لـە سـۆراغدا بـووم، بـەتاڵ بـووم، بـەتاڵ لـە هـەموو شتێک، بەتاڵ لە هەموو یادەوەرییەک.

لـە بێدەنگیی چواردەورمـدا، گـوێم لـە دەنگـی دڵـی خـۆم بـوو، لـە قەفەسەی سنگمدا پەلی دەکوتا و خێراتر لە هەموو کاتێکی تـر لێی

دەدا، زۆری پێ نەچوو، لە خۆمدا گیرم خوارد و بێهۆش کەوتم، یان پێدەچێت ئەوسا خەوم لێ کەوتبێت.

نازانم چەندێک لە خۆم و چواردەورم بێئاگا بووم، کاتێک دووبارە لە تاریکیدا بەئاگا هاتمەوە. بە پەلەپڕوزکێ گوڕم دایە بەر خۆم و چووم ڕوخسارم خستە بەر ئەو ڕووناکییەی لە دیوارەکەی دەدا، ئەو ڕوناکییەی فۆرمی پەنجەرە خڕەکەی وەر گرتبوو، هاوشێوەی بۆرییەکی شووشە، کە تەنها ڕووناکیی خۆی دەدا بە دوو بست لە دیوارەکە، هەستی بینینم بەدرێژایی باڵای ئەو ڕووناکییەدا هەڵزنی و تا هێزی چاوم بڕی کرد، تا ئاستی دوورترین ئەستێرەم نارد، تاوێک بوو بە خەیاڵ بەناو ئەستێرەکاندا دەفڕیم، ئەوەی گەڕاندمیەوە ناو ئەو بەندی و تاریکییە، ڕژانی لەناکاوی فرمێسکی چاوم بوو، کە سوێراوی خۆیان ڕژاندە سەر لێوە وشکەکانم.

هێزم لە خۆمدا کۆ کردەوە و دیسان، ڕووبەڕووی ئەو دەللاقە بچووکە ڕوانیم، لە ڕێگەی خەیاڵمەوە دەمویست پەیوەندی لەگەڵ ئەستێرەکاندا بگرم، هەتا دواتنۆکی وزەم، بانگم کرد، تاوێک توانیم ئەو بێدەنگییەی چواردەوری خۆم بشکێنم و هیچی تر. ئینجا لەتاو ئازاری ملم، تاوێک خۆم نوشتانەوە، کاتێک لە ڕووناکییەکەدا لە جلەکانی بەرمم ڕوانی، ڕاچڵەکیم و زیاتر خۆم هەڵبڕییە بەر ڕووناکییەکە، بینیم قوماشێکی ئەستووری ڕەنگ شین، لای ڕاستی سەر سنگم ژمارە سەد و یازدە نووسرابوو، ئەوسا نەمدەوێرا بیر لەوە بکەمەوە، کە پێدەچێت پۆشاکی بەندینخانە بێت؛ هەموو هەستەکانم وایان پێ دەوتم، بەڵام نەمویست باوەڕیان پێ بێنم.

دەستێکم لە سەر بۆ خوار بە ئازای خۆمدا گێڕا، لام ئاشکرا بوو، پانتۆڵەکەیشم هەمان قوماشی چاکەتەکەم بوو، کوتوپڕ ڕووناکیی

مانـگ و ئەسـتێرەکانم وەلاوە نـا و بـە دیوارەکـەی پشـتمدا خـۆم داخزانـدە خـوار، لـەناو تـاریکیی چواردەورمـدا، خـۆم مـات دا و بێـدەنگ لـە فرسـەتێک دەگـەڕام، مەبەسـتم ئەوەیـە، لـە قـووڵایی خەیاڵمدا دەگەڕام، بەڵکوو لە ڕێگەی وێنەی دیمـەنێکی ئەوسـامەوە، لـە ئێسـتام تێبگـەم. ئەوەنـدە بێـدەنگ، هەمـوو هەسـتەکانم لـە خامۆشـی و تـاریکیی چواردەورمـدا ڕاگرتبـوون، دیسـان مانـدوو و پرزە لێبڕاو خەوم لێ کەوت.

کاتێـک بەئاگـا هاتمـەوە و بەئەسـتەم چـاوم هـەڵبڕی، چـواردەورم ڕووناک بووبووەوە، ژوورەکـە ئەوەنـدەی ڕوونـاکی تێ کەوتبوو، بەس بوو تاوەکوو چواردەوری خۆم ببینم، خۆم بینییەوە لە نێوان چوار دیـواری بـەرزدا، کـە بـە بـەرزیی باڵایـان، بـە نووسـین ڕەش کرابوونەوە، بەتانییەکی سـەوز لـە سـووچێکی ژوورەکـەوە گرمۆڵـە کرابـوو، ئـەرزێکی تـەڕ و شـێدار، پەنجەرەیـەکی خـڕی بـەرز بـە بنمیچی ژوورەکەوە نووسابوو، دەرگایەکی ئاسنی ڕەنـگ سـەوز و ژەنگـاوی، جلـەکانم شـینێکی تـۆخ، ژمـارە سـەد و یـازدە لەسـەر چاکـەت و پانتۆڵەکـەم نووسـرابوو، بـۆنێکی مـردووی خنکێنـەر بەسـەر سـنگ و مەلاشـومەوە نووسـابوو، کاتێـک بەتانییەکـەم هەڵگرت، وەکوو قومبەلەیەکی تەوقیتکراو تەقییەوە و بە تـەپوتۆزی خۆی، ژوورەکـەی قانـگ دا، ناچـار بەهێواشـی لـە جێگەکـەی خـۆی دام نایەوە، سەرنجم لە دەرگاکە دا، دەللاقەیەکی بچـووک دەکـەوتە ناوەڕاستی دەرگاکەوە.

پـاش ئـەوەی تـەواو دڵنیـا بـووم لـە بەندینخانـەم، بـە ژوورەکـەدا دەسـتم بـە گـەڕان کـرد، ژوورێـک، کـە بـە دوو هـەنگاو لەوسـەری بووم، ئینجا لە پەنجەرەکەوە لـە دەرەوەم دەڕوانـی، لـە پارچەیـەک

ئاسمانی شین و دوورەدەست زیاتر، هیچی تری پیشان نەدەدام. نازانم چەنێک بوو لەوێدا چەقیبووم، تەنانەت باڵندەیەکیش چییە. بەوێدا تێنەپەڕی، لە گەرما و بۆگەندا، لەسەر ئەرزە تەڕ و شێدارەکە دانیشتم و لە دیوارە پڕ لە نووسین و هێڵکارییەکانم دەڕوانی، بە چەند ڕەنگێک، سەرتاپای دیوارەکان نووسرابوون، نووسراوی کۆن و نوێ، بە چەندین زمان، سەرنجیان ڕاکێشام و چاوم لێ نەدەترووکاندن، لە ڕاستەوە بۆ چەپ بەناویاندا چاوم دەگێڕاو لاپەڕەبەلاپەڕە هەڵم دەدانەوە. هەرچەندە نووسراو و هێڵکارییە نوێکان، کۆنەکانیان داپۆشیبوون. تاکوتەرا نیگار و پۆرترێتیش کێشرابوو، کە زۆریان بووبوون بەژێر نووسینی نوێوە، یان پێدەچوو کات ڕەنگی پەڕاندبن، چەند بوو سەرنجی نووسین و نیگارەکانی سەر دیوارەکانم دەدان، بەتەواوی نایەتەوە بیرم.

لە ناکاو گوێم لە خرەخڕ و دەنگی پێ بوو، کە لەودیو دەرگا ئاسنەکەوە دەهات، بە سەرسامی و دڵ پڕ لە گومانەوە، هەستامەوە و چووم لەپشت دەرگاکەوە ڕاست ڕاوەستام و چاوەڕوان بووم، پاش تاوێک، دەنگی زرەی کلیل و خرەخڕی تاقیکردنەوەیان، لە بێ ئارامیمدا لە دەرگاکە چوومە پێشەوە و بەر بوومە لێدانی، بە دەست و جارجاریش بەبێ ئەوەی گوێ بە ئازاری پێکانم بدەم، خێرا خێرا شەقم لە دەرگاکە هەڵدەدا و بەردەوام بانگم دەکرد، زۆری پێ چوو، دەرگاکە هەر نەکرایەوە، بێدەنگی و چاوەڕوانی ڕۆحی دەکرۆشتم، بیرم لەوە کردەوە، کە دەبێت لە قەبر نرابم و ئەمە دوانزرگەم بێت، دەبێت لە کام قەبرستانی ئەمستردام نێژرابم، بڵێیت ئەو هاتوهاوارە ئەو

پیرێژنانـە بـن، کـە ڕۆژانـە لەسـەر قەبرستانەکان خـەریکی گـوڵ ڕواندنن، کـاتی خـۆی چەنـدین جـار بەدیاریانـەوەوە بـووم، کاتێک ئەو پیرانە تاکوتەرا لەسەر گۆڕەکان تـۆوی گوڵیـان دەپرژاند و بـە دەنگی بەرز نیازی دڵی خۆیان دەوت، 'تەمـەنا دەکـەم، تـا دەمـرم، دەرگای خەیاڵ و یادەوەرییەکانم لێ دانەخرێن.'

لـەو کاتـەدا چەند جارێک لەبـەر خۆمـەوە وتـم، 'مـن مـردووم، تـۆ بڵێیت ئەم جێگەیە قەبرەکەم بێت؟'

بێهیوا و بە دوودڵییەکەوە خۆم بە دەرگا ئاسنەکەوە هەڵپەسارد. کاتێک دەرگاکـە لەناکـاو کرایـەوە، ڕاچڵـەکیم و لـەنیوان خـەیاڵ و ڕاستیدا، پەشۆکابووم، خۆم پێ ڕانەگیرا و بەسەر نـووکی پێکانمدا هـاتم و بەپێشـدا کـەوتم، بەسـەر ئـەو پۆلیسـەدا، کـە دەرگاکـەی کـردەوە، ناچـار خـۆمم بەسـەر شـانەکانی ئـەوەوە گرتـەوە، ئینجـا ئـەویش بـە پاڵێک لـە خـۆی دوور خسـتمەوە و فڕێـی دامـە سـەر زەوییـە سـارد و تەڕەکـە، کاتێک تەماشـام کـرد، کابرایـەکی سـمێڵ ڕەشـی کـورتە بـاڵای گرگنـە، دەستێک جلـی سـپیی دەڵبی لەبـەردا بـوو، تەپلەیـەکی ڕەشـی لەسـەردا و بـە پێشـی تەپلەکەیـەوە، سـەرە داڵێکـی چـەرمی وشـککراوی پێـوە بـوو، تـووڕە و هەڵەشـە، بـێ چەنـدوچوون پـەلاماری دام، دەسـتی کـرد بـە شـەق تێهەڵـدانم، لـە بەرئەژنۆم و جارجاریش نـووکی پێڵاوە ڕەق و ڕەشـە ناقۆڵاکانی، بەر سک و سمتم دەکـەوت، لەگـەڵ هـەموو جووڵەیەکیدا، بەتۆپـەڵ تف لە دەمی دەر دەپەڕین و دەیاندا بە ڕوومدا، یـەک وشـە، تـەنها یەک وشە، بەردەوام دووبارەی دەکردەوە، 'یا خنزیر، یا خنزیر.'

لـە بنباڵیـدا دارحـەیزەرانێکی ڕەشـی تونـد گرتبـوو، بـە دەسـتێکی، کۆمـەڵێک کلیـل و بـە دەسـتەکەی تـری، جـامێکی قـووڵی فـافۆن.

کەوتمە سەر قنگ و ویستم هەستمە سەر پێ و پرسیاری لێ بکەم، لەناکاو بە حەیزەرانەکەی توند لە ناوچەوانمی سرەواند، ئینجا جامە فافۆنەکەی فڕێ دایە بەردەمم، جامەکە چەند جارێک خولایەوە و وەکوو من، لەسەر قنگی خۆی ڕاوەستا، لە خەیاڵمدا پرسیارێکم ئامادە کرد، دیسان گوڕم دایە بەر خۆم و ڕووم تێ کرد، ئەو خێرا هەنگاوێکی نایە ئەودی و دەرگاکە و بە تووڕەییەوە دەرگاکەی لەسەر داخستم.

لەوپەڕی بێزاری و بێ ئاگاییمدا بووم، چەندین جار هاوارم کرد، 'دەمەوێت بزانم بۆ چی لێرەم؟'

ئەوەندە زۆرم لە خۆم کرد، گوێم لە خێرایی لێدانی دڵم بوو، لەوە دەچوو بیەوێت قەفەسەی سنگم بشکێنێت و بۆخۆی بفڕێت.

لام ئاشکرابوو لەکوێم، بەڵام پێشتر چی ڕووی دابوو و بۆچی لە بەندینخانە بووم، ئەودەم نەمدەزانی، هەناسەم لە خۆم دەبڕی، لەناو بێدەنگیی چواردەورمدا خۆم مەلاس دەدا و دەمویست وێنەیەکی ڕابردووم بێنمەوە پێشچاوم، بەڵکوو تێبگەم چی ڕووی داوە و بۆچی بەندم، گەرما و بۆگەنی ژوورەکە و برسێتی و ئازاری جێگەی نووکەشەقەکانی پۆلیسەکە، هەستەکانمیان تەواو شێواندبوو و نەیاندەهێشت تاوێک لە خۆم بگەڕێم و سۆراغێک لە ڕابردووم بکەم. چاوێکم هەر لەسەر جامە فافۆنەکە بوو، ناچار خۆم بۆ درێژ کرد و لە باوەشمدا دام نا، نیوە بوو لە برنجێکی بۆری خوساوی ساردەوەبوو، لەو دەمەدا بە خۆمم وت، 'تۆ بڵێیت هەموو جارێک ئەو تۆزە برنجە، ئەوەندە گران لەسەرم بکەوێت.'

جامە فافۆنەکەم لەتەنیشت خۆمەوە دانا و پاڵم دا بە دەرگا

ئاسنەکەوە، نازانم چەندێک بوو لە هەوڵی بیرکردنەوەدا بووم، دیسان بێدەنگیی ناو خۆم ماندووی کردم و بۆ جاری سێهەم، خەوم لێ کەوت.

بەیانی زوو بوو، لەگەڵ کەوتنی یەکەمین تیشکی خۆر بۆ ناو ژوورەکەم، تاکوتەرا لەنێوان درزی پەردەکانەوە هاتبوونە ژوورەوە، هێندەی تر ترس و نیگەرانییان خستە دڵمەوە، وەکوو بڵێی خەونێکی بەد خەوی زڕاندبێتم، دەنگێکی غەریب لە بەرگوێمدا دەزرینگایەوە، بەخێرایی گۆرەم دایە بەر خۆم و چووم بۆ ژوورەکەی دایکم، دەرگای ژوورەکەی لەسەر پشت بوو، بەڵام خۆی لەوێ نەبوو، بە پلیکانەکاندا چوومە خوارێ بۆ هۆڵی دانیشتنەکە، بۆن و دووکەڵی جگەرە، سنگیان پڕ کردم، لەناو هۆڵەکەدا دووکەڵ و هاتنە ژوورەوەی تیشکی خۆرەکە تێکەڵ بووبوون و شین دەیاننواند. دایکمم بینی، لەسەر تاکێک قەنەفە دانیشتبوو، لەناو چڕیی دووکەڵی جگەرەکەی خۆیدا، بەئەستەم دیار بوو، زووزوو هەنسکی هەڵدەکێشا و بەکوڵ دەگریا، کاتێک بینیمی، خێرا باوەشی بۆ گرتمەوە، باش بەبیرم دێت، خێرا خۆم خستە باوەشی و ئینجا ئەو توند هەردوو باڵی تێوە ئاڵاندم و هێواش هێواش دەستی بەسەر دەستمدا دەهێنا، هێشتا بەیانی زوو بوو، بەڵام دایکم بۆنی شەراب و جگەرەی لێ دەهات، بەردەوام دەگریا، لێم پرسی، 'دایە، چی بووە؟'
سەرێکی بۆ ڕاوەشاندم و بە دەنگێکی کز وتی، 'هیچ.'
پاش ئەوەی تاوێک بوو لە چاوە ماندووەکانیم دەڕوانی، لێم پرسی، 'دایە، کوانێ ئێدی؟'

'ڕۆیشت.'

پاش تاوێک بێدەنگبوون، دیسان، بێ ئەوەی سەیری بکەم، پێم وت، 'دوێنێ گوێم لە ئێوە بوو.'

'گوێت لە چی بوو؟'

سەرم داخست و پێم وت، 'ئێوە شەڕتان بوو، تووڕە بوون لە یەکتری و جنێوتان بە یەکتری دەدا.'

لەپڕێکدا خۆی ڕاست کردەوە، دەستی برد بۆ پاکەتی جگەرەکەی و جگەرەیەکی داگیرساند، خۆی بێدەنگ کرد و وەڵامی نەدامەوە.

پەیوەندیی دایکم لەگەڵ ئێدی، دوو ساڵی تەواوی خایاند، ئەو دوو ساڵە، هەستم بە تەنیایی نەکرد، تەنها یەک ڕۆژ چی بوو، هەستم بە تەنیایی نەکرد، ئێدی بووبووە هاوڕێ و هاودەنگم، ئەوکات تەمەنم تەنها نۆ ساڵان بوو.

پاش بێدەنگییەکی زۆر، وەکوو دایکم بیری لێ کردبێتەوە، لەپڕێکدا بە دەنگێکی تێکشکاوەوە وتی، 'نەخێر، ئێدی بۆی نییە بێتەوە بەم ماڵەدا.'

'بەڵام، ئێدی...!'

دایکم نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم، گوڕی دایە بەر خۆی و منی وەلاوە نا و هەستایە سەر پێ، جگەرەکەی لەناو تەپڵەکە پڕ لە فلتەرەکەدا کوژاندەوە، پڕی کرد بە دەستمدا و توند مەچەکی گرتم، ڕایکێشام بەدوای خۆیدا، ڕووەو هەیوانەکە و پاشان بە پلیکانەکاندا بۆ سەرەوە، بەدەم ڕۆیشتن و بە تووڕەییەوە وتی، 'تۆ ئەوەندە زوو هۆگری ئەو پیاوە بێڕەوشت و مودمین و ڕیسوایانە دەبیت.'

بەڕێوە نەمدەتوانی خێرایی پێکانی ئەو هەڵگرم، قاچم لەیەک ئاڵان

و کەوتم، ئینجا بەدوای خۆیدا ڕایکێشام، لە دەرگای ژوورەکەمدا ڕاوەستا و فڕێی دامە سەر ئەرزی ژوورەکە، بێ ئەوەی هیچ بڵێت، دەرگای ژوورەکەمی بەدوای خۆیدا ڕاکێشا.

ئەو قسانە لەسەر دیوارەکانی ڕۆحم هەڵکەنراون و ناسڕێنەوە، 'من ئەوەندە زوو هۆگری ئەو پیاوە بێڕەوشت و مودمین و ڕیسوایانە دەبم.'

هەرگیز ئەو هەڵەیەم دووبارە نەکردەوە و جارێکی تر ئەو پرسیارەم لە دایکم نەکردەوە.

۷

دادگا

لەوپەڕی قوولایی سەرنجمەوە، چاوم بەسەر دیوارەکاندا دەگێرا، ئەو هەموو نووسینە سەرنجڕاکێشانە، هێلکارییەکی کۆن و نوێی بێشومار، زۆربەی نووسینەکان بە خەتی عەرەبی نووسرابوون، تاکوتەرایش بە هیرۆگلیفی و لاتینی، هیرۆگلیف، مەبەستم لە نووسینی فیرعەونەکانە، ڕێنووسی ئەو دوو زمانەی لەبارەیانەوە شارەزا بووم و فۆرمیان لەلام غەریب نەبوو، چەندین ساڵ خەریکی فێربوون و ناسینیان بووم.

سەری پەنجەکانم بە شێی ئەرزی ژوورەکە تەڕ دەکرد، پاشان ڕەشی و نووسینە تەواونەکراوەکانی سەر دیوارەکانم پێ پاک کردەوە، هەڵبەتە دوایی لام ئاشکرا بوو، ئەو تەڕییەی ناو زیندانەکەم میزی جرج بوو، ئەو جرجانەی لەژێر بالاخانەی ئەو بەندینخانەدا دەژیان.

بەناو پۆرترێت و نووسینەکاندا بەدوای چیرۆکی کۆن یان نوێدا دەگەڕام، بە سەری پەنجە تەڕەکانم، ڕەنگە بۆر و ڕەشەکانم

تێکهەڵکێش دەکرد، لە ڕێگەی تۆنی ڕەنگەکانەوە، بەبێدەنگی گوێم لە دەنگی تێکەڵاوبوون و بەریەککەوتنی ڕووداوی ناو نووسینەکان دەگرت، سەرسام، بە ڕاست و چەپمدا لێم دەڕوانین و دەستم بە ڕووی ڕووتیی هێڵە کاڵ و تۆخەکانیاندا دەهێنا.
هەموو هەستەکانم خستبوونە دۆخی ئامادەباشییەوە، بەڵکوو بزانم پێش هاتنم بۆ ئەو جێگەیە، چی ڕووی داوە، گوێم لە هەناسە و دەنگ و ژاوەژاویان بوو، بۆنی پۆرترێتە کۆنەکانم دەکرد، چاوم فریای ژماردنی جووڵەیان نەدەکەوت، هەناسەم لە خۆم بڕیبوو. بەئەستەم بە سەری پەنجەکانم خەریکی نوێکردنەوەی هێڵی پۆرترێتەکان بووم، شەو و ڕۆژ لە بیرکردنەوەدا بووم، بەدەوری خۆمدا دەخولامەوە و چاوم لێ نەدەترووکاند، تاکوو ئاگاداری هەموو جووڵە و بەریەککەوتنێکیان بم، پەنجەکانم وەکو فڵچە و نینۆکەکانم شفرە، خەریکی ڕاستکردنەوە و بەیەکگەیاندنەوەی هێڵەکان بوون. دیواری بەندینخانەکە تەواوی غەریبی و گومانێکمیان ڕەواندبۆوە، بەردەوام سەرنجم لەسەر نووسینە تەواو نەکراوەکان و پۆرترێتە تێکشکاو و داپۆشراوەکان بوو.

چەندین مانگ تێپەڕین، هەموو ڕۆژێک چوار جار لە کاتێکی دیاریکراودا، ڕۆژانە پۆلیسێک تەنها بە یەک وشە دەیدواندم، ئەو وشەیەی ئێستایش لەناو گوێمدا دەزرنگێتەوە، وشەی، 'خنزیر.'
پۆلیسەکە، ڕۆژی دوو جار بۆ سەر تەوالێت و دوو جاریش، بەیانی و ئێوارە، نانی بۆ دەهێنام، ژەمی بەیانییان، شۆربا و پارچەیەک نانی بۆر، ئێوارانیش، برنجێکی خوساو بوو، پێدەچوو

بە میزی ئەو پۆلیسە تەڕ کرابێت، کە بە تەوسەوە هەموو ڕۆژێک بۆی دەهێنام.
ڕۆژانە بایەک لە پەنجەرە بەرزەکەوە، ژووری زیندانەکەمی پڕ لە تەپوتۆز و بۆنی خۆش و ناخۆشی خۆی دەکرد، زۆر جاریش لە دوور، بەکزی دەنگی مۆسیقام دەبیست. زۆربەی کات دەنگی ئەو گۆرانیبێژەم دەبیست، کە پێش هەموو کەسێک، بێ خواستی خۆم، بە تۆنی دەنگی خۆی ئاشنای کردم.
لەسەر دیوارەکان زۆر ڕستەی تەواونەکراو نووسرابوو، زۆربەیان کورت، کەمێکیشیان درێژ و بێکۆتا، لەناویاندا چەندین وشەی تەنیا و غەریب، لەو دەورووبەرە، لەژێر سێبەری چیرۆک و هۆنراوەکاندا بۆخۆیان دەگەڕان، زۆربەیان بێ دەنگ و ڕەنگ بوون، لەناو هەموویاندا، تاکوتەرا تەنیایی و غەریبیی خۆیان لەبیر چووبووەوە، هەندێک وشە خۆیان بە ڕستەی ئەم چیرۆک و ئەو هۆنراوەدا هەڵدەزنی، چەندین ڕوخسار، بێدەنگ لە کەنارەوە، تەنها بینەر بوون، پەیکەرئاسا بێدەنگ چاویان بە هەمووواندا دەگێڕا، چاویان پڕ بوو لە شەرم و گومان. یەک یەک بەسەریاندا گەڕام، لەژێر تۆزی چەندینساڵەی ئەو چوار دیوارە دەرم دەهێنان، تۆخم دەکردنەوە و دەستی شەرم و بێدەنگییانم دەگرت. ئەو پۆرترێتە ناوازانەی لەژێر تەڵخیی ڕەنگ و پەچەی سەر ڕوخساری خۆیاندا، تەنها چاویان زیتەی دەهات، پێدەچوو خۆشیان بەگومان بووبێتن لە ڕەگەزی خۆیان، ڕێگەم بۆ دەکردنەوە و دووبارە هێڵکاریی ڕوخسار و جەستەیانم دەکێشایەوە، شەوان بەڕووتی لە ئامێزم دەگرتن و لەگەڵیاندا سەمام دەکرد، ژوورە ئەنگوستەچاوەکەم پڕ بووبوو لە ڕووناکیی

لەشـی ڕووتـی ئـەوان، بـە ڕۆژیـش، بەئەسـتەم لێیـان دەڕوانـیم، هـەرگیز شـەرمی ئـەوانم پـێ نەدەشـکێنرا، یەک یەک لـە سـنووری دیوارەکانـەوە لـە دەسـتم هەڵدەهاتن و خۆیـان دەهاویشـتەوە ژێـر بەرگە ڕەش و لیخنەکانیان.

ڕۆژێـک، ئەوەنـدە لـە قـووڵایی خەیاڵمـدا بـەدوای هەڵاتووەکانـدا چووبـووم، بێئاگـا مـابووم لـە چـواردەورم و پۆلیسـەکە بێـدەنگ هاتبووە ناو ژوورەکەم، لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا ڕاوەستابوو، بە دەنگی ئەو ڕاچەڵەکیم، لەناکاو نەڕاندی، 'خنزیر.'

پۆلیسەکە، هاوشێوەی ڕۆژانی پێشوو، تووڕە و هەڵەشە دیار بوو، چەندین جار لەسەر یەک، 'خنزیر، خنزیر...'

شەش مانگ ئەو تەنها کەس بوو بێدەنگیی ژوورەکەی دەشکاندم، لەناو گرێ و ونبوونمدا دەری دەهێنام. بە یەک وشـە دەیدوانـدم و هـەموو ڕۆژێـک، یـەک شـەق و یـەک زللـەی لـێ دەدام، هـەموو ڕۆژێـک، پەنجـەی نامرۆڤانـەی خـۆی دەژەنییـە ڕۆحـم و خـەیاڵی دەشـێواندم. هـەر ڕۆژە بـە شـێوەیەک پێشـوازیم لـێ دەکرد، بـەڵام ئـەو، یـەک ڕوو، یـەک شـێوازی جلوبـەرگ، یـەک وشـە و لـە یـەک کاتی دیـاریکراودا دەهـات، هـەموو جارێـک خـۆی هەڵدەبڕییـە سـەر نـووکی پێیەکـانی و پشـتەملی تونـد دەگـرتم و پـێش خـۆی دەدام، وەکوو یاسـایەکی نـەگۆڕی ئـەو بەندیـنخانەیە بێـت، هـەموو جارێـک دەموچاوم لێ دەشـاردەوە، لەتـاو زللـە و کۆڵەمسـتە لەناکاوەکـانی، ناچار خێرا سەرم بۆ دادەنەواند و پشتم تێ دەکرد، ئـەویش پـاش وەشـاندنی زللـە و شـەقێک، پشـتەملی دەگـرتم، ئـەوە هـەموو پەیوەندیی نێوان من و ئەو پۆلیسە بوو، بەدرێژایی شـەش مانـگ، هەموو ڕۆژێک چوار جار سەردانی دەکردم.

ئەو بەیانییە، لە ژوورەکەمدا ماڵئاواییم لە هیچ شتێک نەکرد، لە خەیاڵی خۆمدا، 'پاشان دەگەڕێمەوە ناوبەینی ئەو دیمەنانەی لەسەر دیواری ژوورەکەم بوون، دیارە دیسان بۆ ئاودەستە بۆگەن و قێزەونەکانم دەبات!'

کاتێک بە تووڕەییەوە کەلەبچەی کردم و پێش خۆی دام، ئەو جارەیان ڕووبەڕووی ئاودەستخانەکان نەیبردم، بەلایاندا گوزەرمان کرد، لە دەرگایەکی ئاسنەوە، کە بۆیەیەکی ڕەشی تۆخ کرابوو، چووینە ژوورەوە، چووینە ڕاڕەوێک، دوو مەترێک پانییەکەی و لە دوو سەد مەترێکیش درێژتر دەبوو، ئەمبەر و ئەوبەری ئەو ڕاڕەوە، قەفەسی ئاسن بوون، لە هاوشێوەی باخی ئاژەڵان، هەموو قەفەسەکان، پڕ بوون لە بەندکراو، هەزاران بەندکراو، کاتێک چاویان بە ئێمە کەوت، لەپڕێکدا و لە یەک کاتدا لە نێوان شیشە ئەستوورەکانەوە باڵیان دەرهێنا، زۆربەیان دەستیان ڕووبەڕووی ئێمە درێژ دەکرد، چاویان سامناک و دەهری و ماندوو دیار بوو، پێستیان داکەوتبوو و سەر و ڕیشیان درێژ، وەک ئاژەڵێکی دڕندە، نینۆکە درێژەکانیان ڕووبەڕوومان دەهاوی و ددانیان لێ جیڕ دەکردینەوە، بەردەوام پڕ بە دەمیان بەڵغەم و تفیان تێ دەگرتین، ئەو ڕاڕەوەیان پڕ کربوو لە هاتوهاواری خۆیان، هەموو پێکەوە، بە کۆرس و بە ناوازە هاواریان دەکرد، "الله أكبر، الله أكبر."

مانای ئەو ڕستەیەم دەزانی، لەو چەند ساڵەی دواییدا، لە شاری ئەمستردام، لەسەر چەندین دیوار و بە چەندین زمان نووسرابوو، خوا گەورەیە، خوا گەورەیە، وەکوو دایکم دەی وت، 'ئێمە گومانمان لە گەورەیی خوا نییە، هەر وەکوو چۆن ئەو خوایە

سکێچی گەورەیی خۆی لە کتێبە پیرۆزەکاندا کردووە!'

دواتر بۆم دەر کەوت، کە ئەوانە کێ بوون و مەبەستیان لەو هاتوهاوارە چی بوو. پۆلیسەکە بە ڕاست و چەپماندا، بە دارەکەی دەستی پێیدا دەکێشان، لە تاوان پێیەکانم خێرا خێرا بەدوای خۆمدا هەڵدەگرت و پۆلیسەکەیش ناچار بوو دوام بکەوێت.

لە دەرگایەکی هەمان شێوەی ئەوەی پێشوودا، چووینە هۆڵێک، پڕ بوو لە مێز و کورسی، دوو پۆلیس، لەوە دەچوو چاوەڕوانی ئێمەیان کردبێت، دوای کەمێک قسەکردن لەگەڵ ئەو پۆلیسەی هێشتا پشتەملمی توند گرتبوو، ڕادەستی ئەو دووانەی کردم و خۆی لە هەمان دەرگاوە، کە لێوەی هاتین، بێدەنگ و بێ ماڵئاوایی بەجێی هێشتم، ئەوکات خەیاڵی ئەوەم دەکرد، 'ئەی دوای ئێرە بۆ کوێم دەبەن؟'

دوو پۆلیسەکە، هەردووکیان جلی ڕەشیان لەبەردا بوو، باڵایان لە من بەرزتر بوو، یەکێکیان زنجیری کەلەبچەکەی گرتم و بەدوای خۆیدا ڕایکێشام و ئەوی تریان، دوو مەترێک لەدوایەوە دەڕۆیشت، پاش کردنەوەی چەند دەرگایەکی ئاسن و بڕینی چەندین ڕاڕەو و ژێرخان و سەرخان. ئینجا کەوتینە نێو هۆڵێک، کە پێدەچوو گەراج بێت، تەنها جیپێکی لێ وەستابوو، دوو پۆلیسی تر لە پێشەوەی جیپەکەدا بوون، شۆفێرەکەی و پۆلیسێکی تر، یەکێکی تر لە پۆلیسەکان، دەرگای پشتەوەی جیپەکەی کردەوە، ئینجا ئەو پۆلیسەی هێشتا دەستی بە زنجیری کەلەبچەکەی دەستمەوە بوو، بەدوای خۆیدا ڕایکێشام بۆ ناو پشتی جیپەکە و لە بەری لای شۆفێرەکەوە، لەسەر ڕاستە تەختەیەک دانیشتم، پۆلیسەکان یەکێکیان بەرامبەرم و ئەوی دییان لەتەنیشتمەوە

دانیشت، ئینجا لە دەرگایەکی کارەبایی بەرزەوە چووینە سەر ڕاستەشەقامێکی جەنجاڵ، من لە جامی نێوان ئێمە و شۆفێرەکەوە، بە لاچاوێک لە دەرەوەم دەڕوانی.

خەیاڵم ئەوەندە پەرت بوو، نەمدەوێرا بیر لە ئازادبوونم بکەمەوە، پۆلیسەکان هەرچواریان بێوچان لەگەڵ یەک قسەیان دەکرد، بە دەنگێکی زۆر بەرز، نەمدەزانی ئاخۆ کێ قسەکەرە و کامیان گوێگرە، زۆر کات، لە یەک کاتدا، هەرچواریان پێکەوە قسەیان دەکرد و پڕ بە کابینەی جێبەکە دەیاننەڕاند بەسەر یەکتریدا. پاش چارەکە کاتژمێرێک، گەیشتینە ناو باڵاخانەیەک، بەخێرایی دایان گرتم و بەنێو دەرگایەکی کراوەیاندا بردم، چەندین پۆلیس و ئەفسەری تر، لەو دەوروبەرە تاکوتەرا ڕاوەسابوون، گەیشتینە بەردەمی پرسگەیەک و یەکێک لە پۆلیسەکان فایلێکی بۆری دایە دەستی کابرایەکی ڕەشتاڵەی چاویلکە لەچاو، کە لەپشت مێزی پرسگەکەوە تا پشتێنەی لە ئێمەوە دیار بوو، یەکێک لە پۆلیسەکان خەریکی لێدوان و پڕکردنەوە و ئیمزاکردنی چەند کاغەزێک بوو، پۆلیسەکەی تر منی برد و لەسەر کورسییەک لەپێش پرسگەکە دای نام، نائاگاییم لە ڕووداوەکان وردەوردە تەنگیان بە ڕۆحم هەڵدەچنی.

ئەو ڕووداوانە هەرگیز لە چاوەڕوانیی مندا نەبوون، زیاتر لە یەک کاتژمێر لەوێدا دانیشتین و چاوەڕوان بووین، هەوایەکی گەرم و پەنگ خواردوو، خەیاڵم تەنها لای قومێک ئاو بوو. دوای ئەوە، لە یەکێک لەو چەند دەرگایەوە کە دەکەوتنە سەر ئەو هۆڵە، چووینە ژوورێکی بچووک، مێزێکی درێژکۆلە و چەندین کورسی چواردەریان لێ دابوو، بە چواردەوری ژوورەکەدا، چەندین

دۆلابی سەوز پشتیان نابوو بە هەرچوار لای دیواری ژوورەکەوە، ژوورەکــە بێپەنجــەرە بــوو، بــەڵام چەنــدین گڵــۆپی ســپی بــە بنمیچەکەیــــەوە دەگــــڕان، دەستشــــۆرێک لــــە ســــووچێکییەوە و ئاوێنەیەکی بە سەرەوە بوو، کورسییەک بەرامبەری دەستشۆرەکە دانرابــوو، تەنــەکە خۆڵێــک قــنج لەبنیــدا دانرابــوو، یــەکێک لــە پۆلیســەکان، کەلەبچەکــەی لــە دەســتم کــردەوە و بــە ئامــاژە و بــە نیوەئینگلیزی، داوای لــێ کــردم لەســەر کورســییەکە دابنیشــم، ئــەو کورســییەی لەپێش دەستشــۆرەکە بــوو، کاتێــک چوومــە بــەردەمی دەستشــۆرەکە و لــە ئاوێنەکــەدا ســەرنجم دا، شــێوازێک، کــە خــۆم زۆر غــەریب بــووم پێــی، شــەپۆلێک لــە گومــان و دوودڵــی دای بــە کەناری ڕۆحمدا، خێرا هەموو لەشم ئارەقێکی ساردی دەر دا، هــیچ لێکچــوونێکم نــەدی لەنێــوان خــۆم و ئــەو وێنەیــەی لــە ئاوێنەکــەی بەرامبەرمـــدا لـــێم دەڕوانـــی، خێـــرا ســـەرم داخســـت و لەســـەر کورسییەکە دانیشتم.

یــەکێک لــە پۆلیســەکان، بــە مەکینەیــەکی کارەبــایی دەســتی کــرد بــە هەڵپاچینی سەر و ڕیشم، بە تۆپــەڵ تاڵەمووەکــانم زەرد زەرد، بــەر دەبوونــەوە ســەر کۆشــم. ڕیشــم بــە وێنــەی قــژم درێــژ بــوو، لــە چڵکنیــدا، تۆپــەڵ تۆپــەڵ پێکــەوە لکــابوون، ئــەو وررووژانــەی ڕۆحــم، کاریشیان لــە مووەکــانم کردبــوو، هــەموو ڕەپ دیــار بــوون و تونــد خۆیــان لەیــەک ئاڵانــدبوو. ســەر و ڕیشــمی بــە یــەک ئەنــدازە کــورت کــــردەوە، پاشــــان ئــــەو پۆلیســــەی قــــەیرێک بــــوو لە پشــــتمانەوە ڕاوەستابوو، بەردەوام لەگەڵ دەلاکەکەمدا دەدوا، لێم هاتــە پێشــەوە و دەستێک جلی قەدکراوی لەسەر دەستی بۆ ڕاگرتم و داوای لــێ کــردم لەبــەریان بکــەم، جلــەکانی لەســـەر مێزەکــەی ناوەڕاســتی

ژوورەکە دانا، خەریکی گۆڕینی جلەکانم بووم، دەستێک چاکەت و پانتۆڵی ڕەساسی بوون و هێشتا بۆنی ئارەقێکی نوێ و تەڕیان لێ دەهات، دوای چەندین مانگ، ڕەنگێکی ترم پۆشی، هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا، هیوایەک خەریکی کردنەوەی گرێکانی سەر دڵم بوو، چەند جارێک ویستم پرسیارێک، کە لە خەیاڵمدا ئامادەم کردبوو، لە دوو پۆلیسەکەی بکەم، بەڵام ئەوان لە لێدوانێکی نەبڕاوەی گەرموگوڕدا بوون، نەمویست لێیان تێک بدەم.

کاتێ لە دەرگایەکی ترەوە کابرایەکی درێژی ڕەقەڵەی ئەفەندیی سەر سپی لەگەڵ دوو پۆلیس خۆیان کرد بەژووردا، بەهەڵەداوان، خێرا خێرا، وەکوو بڵێیت لە گەڕانەوەمدا بۆ هۆڵەندا فڕۆکەکەم بەجێم بهێڵێت، بێ ئەوەی تەنها وشەیەک چییە لەگەڵ دوو پاسەوانەکەمدا بیگۆڕنەوە، بە جووت دەستیان دایە بنباڵم و لە هەمان دەرگاوە بردمیانە ناو قەفەسێکی گەورە، کە بەسەر هۆڵێکی سەرنجڕاکێش و تەختەڕێژکراودا دەکەوت، لە ناوەڕاستی قەفەسە ئاسنینەکەدا، لەسەر کورسییەک دایان نام و ئەفەندییەکە لەلای ڕاستم و دوو پۆلیسەکەیش لەپشتمەوە ڕاوەستابوون، لە قەفەسی ناو سێرک دەچوو، کە شێر و پڵنگەکان یاریی تێدا دەکەن و تەماشاکەرانیش بە چواردەوردا لێیان دەڕوانن، لەگەڵ یەکەم نیگامدا، زانیم کە هۆڵی دادگایە. گوایا بۆ منیان هێنابوو بۆ ئەو دادگایە، ئەوردەم نائاگا بووم، لە هۆڵەکەدا بێجگە لە کارمەندانی ئەو دادگایە، شەش کەس بوون و هەموو عەبای ڕەشی قەراغ سەوزیان لەبەردا بوو، دوو نووسەر و سێ فۆتۆگرافەریش دەبینران، فۆتۆگرافەرەکان، کە بە ڕاست و چەپیاندا وێنەیان دەگرت و فلاشیان لێدەدا، کامێرایەکیش لە کەنارەوە ڕووداوەکانی

تۆمار دەکرد. وەکوو تر، ئامادەبووانی ناو هۆڵی دادگاکە، بیست کەسێک دەبوون، خێرا بۆ ناسراوێک چاوم بەناویاندا گێڕا، ئامادەبووەکان هەموو تووڕە و بێزار دیار بوون. لەگەڵ هاوارێکی لەناکاودا، هەموو هەستانە سەر پێ. بە سەرسامییەوە لە هەموویانم ڕوانی، لەناکاو یەکێک لە پۆلیسەکان توند هەردوو بنباڵی گوشیم و ڕاست هەڵی ساندمە سەر پێ، ئەوەی لەو هۆڵەدا ئامادە بوو، لە منی دەڕوانی، لە یەک ساتەوەختی کورتدا، فۆتۆگرافەرەکان لێم هاتنە پێش و لەسەر یەک شەوقی فلاشەکانیان دەگرتە ناو چاوم، ناچار، توند چاوم داخست.
کاتی دەستپێکردنی دادگاییەکەم، یەکێک لەو چەند دادوەرانە هەستایە سەر پێ و دەستی کرد بە خوێندنەوە بە زمانی عەرەبی، بە دەنگێکی گڕ دەینەڕاند، جارجار گوێم لە ناوی خۆم و وشەی هۆڵەندا دەبوو، دادوەری خوێنەر، بێ ئەوەی لە خوێندنەوە ڕابوەستێت، جارجار بە دەستەسڕێک ئارەقی ناوچەوانی دەسڕی، زیاتر لە کاتژمێرێکی پێچوو، ئینجا ئەو دادوەرەی نیومەترێک جێگەکەی لەوانی تر بەرزتر بوو، دەستی کرد بە لێدوان. بەردەوام بە پێوە ڕاوەستابووم و لەو خەڵکەم دەڕوانی و ئەوانیش زۆربەیان سەرنجیان لەسەر من بوو. چاوم بەسەر ئەو هەموو دەموچاوە ماندوو و ڕەنگ زەردانەدا دەگێرا، یەک یەک بۆ چەند هەناسەیەک سەرنجم لەسەریان ڕادەگرت و بێوچان لێم دەڕوانین، یەک یەک وێنەیانم لە خەیاڵمدا هەڵدەگرت، هەموو مۆرەیان لێ دەکرم و دانیان لێ جیڕ دەکردمەوە، منیش بە ڕوویەکی خۆشەوە، یەک یەک زەردەخەنەم بۆ دەکردن.
لەو ساتەدا ئەو پرسیارەم لە خۆم دەکرد، 'بۆچی من دەستبەسەر

کراوم و بە چ تاوانێک تۆمەتبارم و دادگایی دەکرێم؟'
لە خەیاڵمدا، لەو ساتەوەی ماڵئاواییم لە دایکم و کارل کردبوو، تاوەکوو ئەو ساتە، کە هێشتا لە دادگاکە بووم، دەیان و سەدان جار بە خەیاڵ پێیدا گەڕامەوە، لە چەند کات و شوێنێکدا، دەزووی خەیاڵەکانم دەبچڕان، بە خۆمم دەوت، 'پێدەچێت شتێک ڕووی دابێت و من نائاگا بم لێی، یان بە هەڵە منیان تاوانبار کردبێت.'
لە قووڵایی خەیاڵمدا بووم، لە دەنگی چەکوشەکەی دادوەر بەئاگا هاتمەوە، لەناو هۆڵەکەدا بوو بە ژاوەژاو، دەیان کەس لە دانیشتووانی هۆڵەکە هەستانە سەر پێ و دەستیان لە هەوادا ڕادەوەشاند و پڕ بە قورگیان هاواریان دەکرد، 'الله أکبر، الله أکبر.'
دادوەر کۆتایی بە دانیشتنەکە هێنا، دوو پۆلیسەکەی زیاتر لە چەند کاتژمێرێک دەبوو، وشک لەپشتمەوە بە پێوە ڕاوەستابوون، خێرا دەستیان دایە باڵەکانم، چۆن هێنابوومیانە ناو هۆڵی دادگاکە، ئاواش بەخێرایی بۆ ژوورەکەی پێشوو بردمیان، پۆلیسەکان بەدەم لێدوان و پێکەنینەوە، توند نینۆکەکانیان لە نەرمایی باڵەکانم چەقاندبوون، هەستم دەکرد خوێنیان لێ دەچۆڕا، خۆم تێک نەدا، لێم نەڕوانین، دیاربوو ئەو دوو پۆلیسە بەستەزمانە، یاسای ئەو وڵاتەیان جێبەجێ دەکرد، من وەک مرۆڤێکی غەریب و دەستبەسەر، ملکەچیان بووم.
یەکێک لە پۆلیسەکان جلە شینەکانی بۆ فڕێ دامە سەر مێزەکە و داوای لێ کردم لەبەریان بکەم، لەو دەمەدا ئەمەم لە خەیاڵدا بوو، 'وا دادگایی کرام، مافی ئەوەم هەیە شتێک بزانم لەبارەیەوە، بەڵام چۆن بوێرم ئەو پرسیارە لە پۆلیسەکان بکەم.'

بە بێزاری و تووڕەییەوە جلە شینەکانم لەبەر کردن، یەکێک لە پۆلیسەکان کورسییەکی بۆ ڕاکێشام و داوای لێ کردم دابنیشم، زیاتر لە کاتژمێرێک لەگەڵ ئەو دوو پۆلیسە، لەو ژوورەدا بووین.

بێدەنگ، لە دوورەوە لە ئاوێنەکەم دەڕوانی، ڕەنگی بۆری دیوارەکەی پشتمی تێدا دووبارە دەبووەوە، پۆلیسەکانیش بەردەوام لەگەڵ یەکدا قسەیان دەکرد.

لەپڕێکدا، کابرایەک خۆی کرد بە ژووردا، پۆشتە و بالآبەرز، قژنێکی قەڵەوی سمێڵ ڕەش، تەمەنی لە سەرووی پەنجاوە دەبوو، جانتایەکی چەرمی ڕەشی بە دەستەوە، لەسەر مێزەکە و لەبەرامبەرم جانتاکەی دانا و بە دەنگێکی بەرز وتی، 'السلام عليكم.'

لێم ڕوانی و هیچم نە وت، دوو پۆلیسەکەی لە ژوورەکەدا بوون، بە کۆرس وەلامیان دایەوە، 'وعليكم السلام ورحمة الله وبركاته.'

پاشان پۆلیسەکان یەکیەک ژوورەکەیان بەجێ هێشت و تەنها من و کابرای قژن ماینەوە، پاش هێنانی دوو پەرداخی پلاستیک ئاو و لەسەر قەراغی مێزەکە دای نان، بێ ئەوەی لە کابرا بڕوانم، خێرا و بە نائارامییەکەوە، خۆم درێژ کرد بەسەر مێزەکەدا و هەردوو پەرداخەکەم لەناو دەستم گرت و یەک یەک ڕژاندمنە ناو گەرووموەوە، بە شەرمێکەوە لە کابرام ڕوانی و هەردوو پەرداخەکەم بەبەتاڵی لەسەر مێزەکە دانانەوە، لەبەرامبەرم دانیشت و دەستی بۆ درێژ کردم و وتی، 'من ناوم سەعید حاتەمە، پارێزەرم.'

بە سەرسامییەکەوە لێم ڕوانی، سەرم بۆ ڕاوەشاند و هیچم نە وت، لە خەیاڵمدا دەم وت، 'پارێزەر...! بۆچی دەبێت پێویستم بە

پارێزەر بێت؟ یان، بەڵکوو لە ڕێگەی ئەم پیاوەوە شتێک لە ڕووداوەکان تێبگەم!'

کاتێ دەستم لەناو دەستی نا، ئەو پێی وتم، 'ئەگەر تۆ دەتەوێت من وەکوو پارێزەرت دەستبەکار بم؟'

پاش ئەوەی لە جانتاکەی چەند کاغەزێکی دەرهێنا و لە بەردەممدا دای نان، دیسان دووبارەی کردەوە، 'من پارێزەرم.'

دیار بوو کابرا بەگومان بوو لە پیشەکەی خۆی، یان دڵنیا نەبوو لەوەی من گرنگیم بەو دابێت، پاش ئەوەی چەند کاغەزێکی خستە بەردەمم و قەڵەمێکی لەسەر دانان، دەستی نەگێڕایەوە و لەسەر دەستم دای نا، بە چاوێکی بەزەییەوە لێی ڕوانیم، 'ئەمڕۆ بیستی مانگی یەکە، تۆ شەش مانگی تەواوە دەستبەسەریت، خۆت دەزانیت، بە تۆمەتی کوشتن و جاسووسی تۆمەتبار کراویت، دادگای تاوانی المنیای باشووری قاهرة، بڕیاری خۆی بەسەردا داویت، کەواتە تۆ پێویستیت بە پارێزەرە. دەبێت باش ئەوە بزانیت، کە تەنها چەند ڕۆژێکت بوار ماوە. پێویستە تۆ ناڕازیبوونی خۆت پێشکەش بە دادوەری باڵا بکەیت، ئەگەر تۆ بتەوێت، کەواتە...'

نەمهێشت قسەکەی تەواو بکات، 'بەڕێز، تکایە پێش هەموو شتێک، من دەمەوێت بزانم بۆچی دەستبەسەرم و بە چ تاوانێک دادگایی کراوم؟'

قاقایەکی لێدا و وتی، 'هێندەی من بزانم، هەڵە نەکراوە لە کەیسەکەی تۆدا، تۆ جەنابت، مارتن سەلەمۆ نیت؟'

'بەڵێ.'

'تۆ بەسەر تاوانەکەوە دەستبەسەر کراویت و چەندین کەس

شایەتی ئەو ڕووداوەن، یانی چی، دەڵێیت نازانم لەسەر چی دەستبەسەرم!'

'نەخێر، نازانم!'

'باش گوێم لێ بگرە، من پارێزەرم.'

هەستایە سەر پێ و هات دەستێکی خستە سەر شانم، وەکوو بیەوێت زیاتر لە خۆیم دڵنیا بکات، هەتا متمانەم پێی هەبێت و قسەی بۆ بکەم، بەردەوام بوو، وتی، 'پێویستە ئەم چەند دۆکۆمێنتە ئیمزا بکەیت، هەتا من، پارێزەر سەعید حاتەم، بۆ زانیاریت، من ناودارترین پارێزەری وڵاتی میسرم، بەوپەڕی باوەڕبەخۆبوونمەوە دەتوانم بڵێم، ناودار لە هەموو وڵاتە عەرەبییەکانیشدا، ئەوکات تۆ، من، پارێزەر سەعید حاتەم، قبوڵ دەکەیت بە پارێزەری خۆت.'

دەستی برد کاغەزەکانی لە بەردەممدا بڵاو کردەوە، یەک یەک دەستی بۆ خواری نووسراوەکان درێژ دەکرد و داوای لێ کردم ئیمزای بکەم.

نووسینەکان بە زمانی عەرەبی نووسرابوون، بەڵام شێوە ئیستیمارە دیار بوون و پڕ کرابوونەوە، پاش ئەوەی پارێزەرەکە لەسەر هەرسێکیان ئیمزای خۆی کرد، بە بێزارییەکەوە هەردوو دەستم لەیەک هەڵپێکان و بە سەرنجەوە لە چاوی پارێزەرەکەم ڕوانی و پێم وت، 'من ڕازیم بەوەی تۆ ببیتە پارێزەرم، بەڵام تکات لێ دەکەم یارمەتیم بدە، تەنها ئەوەندەم پێ بڵێ، تاوانی من چییە و بە چ تاوانێک تۆمەتبار کراوم؟'

وەکوو ماخۆلانی بێت، بە ژوورەکەدا دەستی کرد بە گەڕان، تاوێک بێجگە لە لێکخشانی بنی پێڵاوەکانی لە کومباری ژوورەکە،

هیچی دیکەت نە دەبیست، ئینجا لە ناکاوێک، هەردوو کوڵەمستی بە مێزەکەدا کێشا، سنووری چاوی گەورە کرد و خۆی تووڕە کرد، لە کاتی قسەکردندا، تف لەنێوان لچ و لێوەکانییەوە دەکەوتنە سەر مێزەکەی بەردەمی و سەر ئەو چەند پارچە کاغەزەی بە ئیمزاکردنیان، بە گوێرەی یاسای میسر، من و ئەوی لەیەک مارە دەکرد، نوشتایەوە بەسەر مێزەکەدا و لێم نزیک بووەوە و لەژێر لێوەوە چپاندی، 'ئوتێل، سەماء!'

سەرم لێ ڕاوەشاند و لێم پرسی، 'ئێ، ئێ، زیاتر!'

'تۆ لە ئوتێلی ناوبراو، لە ژووری ژمارە پەنجاوحەوت، لەگەڵ خالید ئەحمەد عەبدولسەلیم و سەمیر عەلی مەنسوور، دوو کەسێتیی چالاکەوانی فەلەستینی و ئەندامی بزووتنەوەی حەماس، جەنابت لە خەودا هێرشت کردۆتە سەریان، یەکێکیانت کوشتووە و ئەوی تریانت بریندار کردووە. هێندەی من بزانم، بریندارەکە تا ئەمڕۆیش هەر لە نەخۆشخانەیە، ئێستا حاڵی بوویت، دەزانیت چ تاوانێکت کردووە؟'

بە سەرسامییەکەوە لێم ڕوانی. لە خەیاڵی خۆمدا ئەو پرسیارانەم لە خۆم دەکرد، 'ئەو کابرایە باسی چی دەکات؟ ئوتێل سماء؟ دوو فەلەستینی؟ حەماس؟ کوشتن؟ نەخۆشخانە...؟'

پاش تاوێک بیر کردنەوە، وتم، 'لە ڕاستیدا، ئەوەندەی بەبیرم بێتەوە، یەکەم ڕۆژم گەیشتمە میسر، شۆفێری تاکسییەک، بێ خواستی خۆم، بۆ ئوتێلێکی بردم، بەڵام نازانم کام ئوتێل بوو، بەڵێ، دووان لە ژوورەکە لەگەڵمدا بوون، یان، ئا، ئا، با باش بیر بکەمەوە، خەڵکی کوێ و چ کارە بوون و ناویان چی بوو، دڵنیا بە پارێزەری بەڕێز، نازانم، بەڵام...'

پارێزەرەکە بە تووڕەییەوە دەنگی هەڵبڕی و قسەکانی پێ بڕیم، 'الله أکبر! برام، برای بەڕێز، مۆساد، لە سیازدەی دوازدەی ساڵی ١٩٤٩دا، لە ئیسرائیل دامەزراوە، بە کورتییەکەی، تۆ، تۆ ئەندامی نهێنیی ئەو دەزگایەیت، پێویستە تۆ لێم تێبگەیت، تکایە ئەوەندە پێچوپەنا مەخەرە بەر باسەکان، من دەبمە پارێزەرت و متمانەم پێ بکە.'

سەرم ڕاوەشاند و دەنگم لێ هەڵبڕی، 'جەنابی پارێزەر، من پێش شەش، مانگ بۆ حەفتەیەک هاتم بۆ میسر، بە بانگهێشتی مۆزەخانەی نێودەوڵەتیی قاهیرە، ڕۆژی دەی حەوت، کاتژمێر یەکی دوای نیوەڕۆ، لە فڕۆکەخانەی قاهیرە دابەزیم، پاشان ئەوەی لەبیرم بێت، بە تاکسییەک لە فڕۆکەخانەوە بۆ گۆڕەپانی تەحریر بەڕێ کەوتم، لەوێشەوە، بێ خواستی خۆم، شۆفێری تاکسییەک بردمی بۆ ئوتێلی ناوبراو، بەڵام، گەرما، جەنابی پارێزەر، هێزی تیشکی خۆر و بێزاری و بێهوودەیی ڕۆحم، ئەوەندە کاریان تێ کردم و ورووژاندمیان و ئازاریان دام، سەرنجم نەدا بزانم ناوی ئوتێلەکە چی بوو، هێندەی بزانم، ژمارەی ژوورەکە پەنجاوحەوت بوو، یان، پێم وا بێت، بەڵێ، تۆ ڕاست دەکەیت، دوو گەنجیش لەو ژوورەدا لەگەڵمدا بوون، بەڵام بێئاگا بووم لەوەی خەڵکی کوێن و چ کارە بوون، گەرمیی ئەو تیشکی خۆرە، وای کرد کە...'

نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم، 'خوای گەورە، خوای گەورە، باشتر وایە تۆ گوێڕایەڵی من بیت، من لێرە تەنها بەختێکم بۆ تۆ، ئێستا تۆ زیندانی هەتاهەتاییت بەسەردا براوە، بەڵام من گەرەنتیت دەدەمێ، کە بۆت بکەم بە بیست ساڵێک یان کەمتر!'

بێ ئارامی و تووڕەبوونێک لە ناخمدا دەیکولاندم و ئارەقە

سـەرتاپای جەسـتەمی خوسـاندبوو، بەحەپەسـاوی لـە خـەتی کاڵەوەبووی سەر کاغەزەکانم دەڕوانی، لە خەیاڵمدا بەردەوام ئەو ڕستەیە دووبارە دەبووەوە، 'تۆ زیندانی هەتاهەتاییت بەسەردا براوە.'

دیسان پارێزەکە لە خەیاڵمی دابڕیم، بە پەنجەی ئاماژەی بە یەکێک لە کاغەزەکانی بەردەمم کرد، 'ئەگەر تۆ لێرە ئیمزا بکەیت، ئەوا تۆ، من سەرپشک دەکەیت لە کێشەکەتدا.'

دەستی گواستەوە بۆ سەر کاغەزی دووەم و بە هەمان تۆنی دەنگ وتی، 'ئەمەیان، تۆ هەموو مافی دادگا و خەرجییەکی من دەگریتە ئەستۆی خۆت.'

کاتێک دەستی خستە سەر کاغەزی سێهەم، بە سەرنجەوە لێی ڕوانیم و وتی، 'بەڵێ، ئەمەیان گرنگە، بێجگە لەوەی تۆ ئیمزای دەکەیت، پێویستە کەسێک لێرە، لە میسر، گەرەنیت بکات، کە هەموو خەرجی و مافێکی من پارێزراو دەبێت، مەبەستم، تۆ دەبێت ناو و ناوونیشانی ئەو کەسە تۆمار بکەیت، پاشان ئەو کەسەش دەبێت خۆی ئیمزام بۆ بکات، ئەوکات من دەستبەکار دەبم، وەکوو تر، من ئامادە نیم بەبێ بەرامبەر کارت بۆ بکەم.'

کاغەزەکانم لەناو دەستم گرتن، پاش تاوێک بێدەنگی، ڕووم تێ کرد و پێم وت، 'بەڵکوو هاوکاریم بکەیت، هەتا تەنها تەلەفۆنێک بۆ قونسوڵی هۆڵەندا بکەم، ئەوسا کاری هەردووکمان ئاسان دەبێت، من هاوولاتییەکی هۆڵەندیم و باڵیۆزخانەی ولاتەکەم ئامادەن هەموو هاوکارییەکم بکەن.'

ڕاپەڕی و بە سەرسامییەکەوە لێی ڕوانیم، 'بۆ قونسوڵی ولاتەکەت ئاگادار نییە، کە تۆ دەستبەسەریت؟'

'نەخێر، باوەڕ ناکەم، ئەگین کەسوکاریشم ئاگادار دەبوون، یان چەند وەختە کەسێک سەردانی دەکردم.'
'تۆ ئیمزای ئەو دۆکۆمێنتانەم بۆ بکە، ئەوکات دڵنیا بە، بە خوای گەورە قەستەم، پەیوەندی دەکەم بە قونسوڵی هۆڵەنداوە.'
کاغەزێکی لە جانتاکەی دەرهێنا و لەسەر مێزەکە دای نا، 'تۆ، ئیمەیڵ و ژمارەی تەلەفۆن و ئەدرەسی کەسوکارتم بۆ بنووسە، هەر ئەمڕۆ ئاگاداریان دەکەمەوە، با خوای گەورە لەنێوانماندا ئاگادار بێت، پەیوەندییان پێوە دەکەم، لەمڕۆ زوو تر نییە.'
'تکایە، هەر ئێستا با بە تەلەفۆنە دەستییەکەی تۆ پەیوەندی بگرم لەگەڵ قونسوڵی وڵاتەکەم، یان هەر ئەوەندە بە کەسوکارم بڵێم، کە من لەکوێم، زیاتر نا، ئەوکات تۆ دەتوانیت لەگەڵ ئەوان ئەم لێدوانە تەواو بکەیت، دڵنیا بە هەموو مافێکی بەڕێزیشت بە زیادەوە دابین دەکەن، بە یارمەتیت، بە یارمەتیت...'
هەردوو دەستی لەسەر مێزەکە دانا و باڵەکانی بڵاو کردەوە و بە ساردییەکەوە وتی، 'الله أكبر، الله أكبر! کوڕی خۆم، پێش هەموو شتێک، پێویستە تۆ متمانە بە من بکەیت، ئینجا منیش ئامادەم داواکارییەکانت جێبەجێ بکەم.'
سەرم بەسەر دۆکۆمێنتەکاندا شۆڕ کردەوە، بێ ئەوەی وشەیەک چییە لێیان تێبگەم، لەو دەمەدا ئەفسەرێک خۆی کرد بە ژووردا، ڕووی تێ کردین و بە زمانی عەرەبی چەند ڕستەیەکی وت و ئاماژەی بۆ کاتژمێرەکەی دەستی کرد، ئەوکات، پارێزەرەکە سەرێکی بۆ ئەفسەرەکە ڕاوەشاند و بە نائارامییەوە ڕووی تێ کردم، 'بەڕێز مارتن سەلەمۆ، کاتمان نەماوە، تۆ پێویستە بڕیاری خۆت بدەیت!'

مرۆڤ کاتێک دەبێتە گاڵتەجاڕ، هەست دەکات لەوپەڕی لاوازی و بێدەسەلاتیدایەتی، کە دەکەوێتە غەریبی و لە شتەکان تێناگات.
ئیتر بەناچاری ئیمزام بۆ کرد، بەلام پێش ئیمزاکردنی دۆکۆمێنتەکان، ئیمەیڵ و تەلەفۆن و ئەدرەسی ماڵەوەم بۆ نووسی، لەگەڵ ژمارەی تەلەفۆن و ئیمەیلی کارمن.
پاش ئیمزاکردنی هەرسێ کاغەزەکە، تاوێک دەستم بەسەریاندا ڕاگرت، پڕ بووم لە گومان، هێزێک ڕێگەی پێ نەدەدام دەستبەرداریان ببم، ئەو چەند پارچە کاغەزەی بێ ئەوەی بزانم چییان لەسەر نووسرابوو، ئیمزام کردن، لەو دەمەدا هەموو گیانم دەلەرزی، پێچ بە سکمدا دەهات، چاوم پڕ بووبوو لە فرمێسک و لە قەراخی پێڵووی چاومدا مەنگییان خواردبوو، لەوەدا بوون بڕژێنە سەر ڕوومەتەکانم، لە کاتێکدا پارێزەرەکە پڕی کرد بە کاغەزەکاندا و بە لوولکراوی خستنیە ناو جانتاکەی، ویستم پێی بڵێم، 'من هیچ بەرپرسیار نیم لەو ئیمزایانە.'
بەلام شتەکان ئەوەندە خێرا ڕوویان دا، دەرفەتی ئەوەم نەما. دوو پۆلیسەکە خۆیان کرد بە ژووردا و بێ ڕاوەستان، کەلەبچەکەیان کردەوە دەستم. لەو دەمەدا خێرا پارێزەرەکە بێ ماڵئاوایی لە ژوورەکە دەر چوو، منیش بە دەنگی بەرز بانگم لێ کرد، 'بەڕێز پارێزەر، من کوڕی خێزانێکی ناودار و دەوڵەمەندی هۆڵەندام!'
پۆلیسەکان لە دەرەوە سواری هەمان جیپی ڕەشیان کردمەوە، لەگەڵ هەمان ئەو چوار پۆلیسەدا کە هێنامیان بۆ ئەو دادگایە، ترنجاینە ناو کابینەی جیپەکە، پڕ بوو لە دووکەڵی جگەرە، جیپەکە لە شێوەی سندوقێکی چوارگۆشەدا بوو، کە تایەی لەژێردا بێت.
هەر لەگەڵ ڕێکردنماندا، گەرما ناو کابینەکەی پڕ کرد لە ڕق و

هالاوی خۆی، ئەم جارەیان بە پێچەوانەی هاتنمانەوە بۆ دادگا، هەردوو دستمیان بە زنجیری کەلەبچەکەم بە قولاپێکدا، کە بە بنمیچی جێبەکەوە بوو، هەڵواسی، ئەوسا لە خەیاڵی خۆمدا وتم، 'لەوانەیە ئەمانیش، لە ترسی تاوانبارێکی وەکوو من، زەندەقیان چووبێت.'

زۆری پێ نەچوو، شانەکانم و پاشان هەردوو باڵەکانم سڕ بوون و ئیتر بەدرێژایی ئەو ڕێگەیە، هەستم بە ئازاریان نەکرد.

چوار پۆلیسەکە، هەر لە سەرەتای سەفەرەکەماندا بۆ گەیاندنی من بە دۆزەخ، دەستیان کرد بە لێدوان، بە دەنگی بەرز وەکوو ناکۆک بن و شەڕیان بێت، چاوەڕوان بووم ئاخۆ کەی پەلاماری یەک دەدەن، بە جۆرێک لەگەڵ یەکتریدا دەدوان و چاویان لە یەکتر بز دەکردەوە، بواریان بەیەک نەدەدا و بەردەوام هەرچواریان پڕ بە کابینەی جێبەکە دەیاننەڕاند، چاوەڕوان بووم ئاخۆ کەی یەکتری دەدەنە بەر دەستڕێژی گوللە و لەو نێوەندەدا ڕزگارم دەبێت.

تەواو هەستی مرۆڤانەی خۆمم لەدەست دابوو، ئەوەی تەنها بیرم لێ دەکردەوە، قومێک ئاو بوو. جێبەکە کاتژمێرێک زیاتر دەبوو بەسەر ڕێگەیەکی پڕ لە چاڵوچۆڵدا دەڕۆیشت، وەکو مەڕێکی مردارەوەبوویی هەڵواسراو، بەردەوام بە ڕاست و چەپمدا دەکەوتم، چووینە سەر شەقامێکی سێ ڕێچکەیی، نازانم چەند بوو بەڕێوە بووین، چونکە لەبەر بێهەوایی و لە هیلاکیمدا تاوێک بوو خەوم لێ کەوتبوو.

لە بۆنی ئارەقی بنباڵی پۆلیسێک بەئاگا هاتمەوە، خۆی توند پێوە نووساندبووم و خەریک بوو کەلەبچەکەمی لە قولاپەکە دەکردەوە، هەستم بە بوونی باڵەکانم نەدەکرد، وەکو دوو پارچە پەڕۆی تەڕ

پێمدا شۆڕ بوونەوە. لە حەوشەیەکی گەورە، کە چواردەوری بە دیواری بەرز و بە تەلی دڕکاوی تەنرابو لە جێبەکە دایان بەزاندم، چەندین پۆلیسی چەکدار تاکوتەرا لەو ناوە پیاسەیان دەکرد، پێش چوونە ژوورەوەمان، لە بەردەرگەیەکدا، ڕادەستی چەند پۆلیسێکی تریان کردم و پۆلیسەکانی هاوسەفەرم بێ ماڵئاوایی بەجێیان هێشتم، لە یەکێک لە پەنجەرەکانەوە چاوم لێیان بوو، سواری جێبەکە بوون و لە دەرگا بەرز و ئاسنەکەوە دەرباز بوون و لە چاوم ون بوون، بەدرێژایی ئەو ڕێگەیە، ویستم لێیان بپرسم، 'بۆ کوێم دەبەن؟'

پاش ئەوەی لەگەڵ دوو پۆلیس چووینە هۆڵێکی گەورە، کە پێدەچوو پرسگە بێت، لەوێ چەندین دەستبەسەری ترم بینی، هەریەکە بە یاوەریی پۆلیسێک و دووان بە پێوە یان لەسەر ئەو کورسییانە دانیشتبوون، کە بە ڕیز بە دیوارەکانەوە لکابوون، پاش ئەوەی دوو پۆلیسەکە لەسەر کورسییەک دایان نام، ئەملاولایان لێ گرتم و بەسەر مندا بانگیان لەیەک دەکرد و بە دەنگی نزم یەکیان دەدواند، بۆ ئەوەی گوێیان لە دەنگی یەکتری بێت، زیاتر خۆیان بەسەر مندا دەدا، هەردووکیان بۆنی هەمان سابوونی ڕیش تاشینیان لێ دەهات، زیاتر لە کاتژمێرێک لەنێوانیاندا بووم، هەستم دەکرد ئەوان بە گوێکانی مندا دەیانچپاند، ئەودەم خەیاڵم لای پارێزەرەکە بوو، بەردەوام ئەو پرسیارەم لە خۆم دەکرد، 'تۆ بڵێیت پارێزەرەکە هەواڵی من بە دایکم بگەیەنێت، یان باڵیۆزخانەم بۆ ئاگادار بکاتەوە؟'

پۆلیسێکی ڕەشتاڵەی بالابەرزی قەڵەو، هەمان جلی پۆلیسەکانی تری لەبەردا بوو، ڕەنگی جلەکانی، سەوزێکی کاڵتری دەنواند،

فایلێکی لوولکراوی لەنێو دەستدا بوو، تۆپەڵێک کلیلی جۆراوجۆری بە بەرورگیەوە بەر دابوونەوە و بەردەوام زرەیان دەهات، بێ ئەوەی هیچ بڵێت و تەنانەت مۆڵەت لە دوو پۆلیسەکەی تەنیشتم وەر بگرێت، کە زیاتر لە کاتژمێرێک دەبوو پاسەوانی و چاودێریی منیان دەکرد، دەستی دایە زنجیری کەلەبچەکەم و هەڵی ساندمە سەر پێ، پاشان بەدوای خۆیدا کێشی کردم.

دوای ئەوەی تاوێک بە چەندین ڕاڕەوی چۆڵ و شێداردا ڕۆیشتین، گەیشتینە ناو ژوورێک، پێدەچوو حەمام بێت، پۆلیسەکە هاتە بەردەمم و کەلەبچەکەی لە دەستم کردەوە، بە چەند ڕستەیەکی عەرەبی و بە ئاماژە، داوای لێ کردم جلەکانم دابکەنم، لەو دەمەدا پۆلیسێکی تر، کە کیسەیەکی گەورەی ڕەشی پێ بوو، پەیدا بوو، بە لێدوان و پێکەنینەوە هات و لەتەنیشت پۆلیسی یەکەمەوە ڕاوەستا، ئەویش لە پۆلیسی یەکەم بالابەرزتر و زلتر بوو، بەڕووتی لەنێوانیاندا ڕاوەستا بووم، لەوپەڕی گومان و بێزاریمدا سەرسام لێم دەڕوانین. تاوێک وەکو منیان لە بیر چوبێتەوە، وەستابوون و لەگەڵ یەک دەدوان و منیش بەڕووتی چاوەڕوانی فەرمانی ئەوانم دەکرد، ئینجا یەکێکیان بە دارەکەی دەستی ئاماژەی بە یەکێک لە دووشەکان کرد، بە چواردەوری ژوورەکەدا هەموو جێگەی خۆشۆرین و خۆگۆڕین بوون، بە دوو مەترێک بەرزییەوە دەیان ئاو پرژێنی دووشکردن، کە دوودڵ بووم ئاخۆ بچمە بەر کامیان، تاکوو یەکێک لە پۆلیسەکان نووکی دارەکەی دەستی لە پشتم توند کرد و بۆ بەر دوشێک پاڵی پێوە نام، کاتێک چاوەڕوان لەبەریدا ڕاوەستابووم، بە تیلەی چاوم سەرنجم لەسەر سەرم دەدا، بەگومان بووم لەوەی ئاخۆ چی

بەسەرما دەباریت، ئاوی سارد یان گەرم، تاویکی پێ چوو، چونکە پۆلیسەکان لە گەرمەی لێدواندا بوون و زووزوو منیان لەبیر دەچووەوە.

دەستم لەتەنیشتمەوە شۆڕ کردەوە و سەرم داخست و چاوم نووقاند، ئەوکات نەمدەزانی چاوەڕوانی چیم دەکرد.

نەمزانی کامیان ئاوەکەیان بەسەرمدا بەر دایەوە، ڕاچڵەکیم و هاوارێکم کرد. ئاوەکە زۆر سارد بوو، دوای شەش مانگ، ئەوە دووەم جارم بوو ئاو بەر گیانم بکەویت، پۆلیسەکان لێم نزیک بووبوونەوە و بە دارەکانیان، ئاماژەیان پێ دەدام و پێدەکەنین، ئەوەندە چڵک و چەوری لەسەر پێستم کەڵەکە بووبوو، پێستم وەکو گیاندارێکی ئاوی دڵۆپی ئاوەکانی لەسەر دەخلیسکان، یەکێک لە پۆلیسەکان پەلی گرتم و بەدوای خۆیدا ڕایکێشامە ناوەڕاستی هۆڵەکە، بەردەوام بە دارەکانیان دەیانکێشا بە قنگی ڕووتمدا، نەمدەزانی ڕوو لە کامیان بکەم و ئاخۆ لە کامیان دڵنیا بم، ڕووم لە هەرکامێکیان دەکرد، ئەوی تریان لەپشتمەوە زرمەی لێ هەڵدەستانم، یان دارەکانیان لە گەڵوگونم دەئاژنی، لە کاتێکدا ڕووم لە یەکێکیان کردبوو، بە تووڕەییەوە لێی ڕوانیم و لەناکاو پەلاماری دام، باوەشی پیا کرم و توند بە خۆیەوە نووساندمی، لەدوامەوە ئەوی تریان هەوڵی دەدا دارەکەی دەستی لەنێوان گوپی قنگمەوە بکەیەنێتە ناو لەشم، هەموو ماسولکەکانی لەشم توند گرژ کردن و هێزم دایە بەر خۆم، بەڵکوو بتوانم قنگم توند دابخەم. هاوارم نەدەکرد لێیان و تەواو بێدەنگیم هەڵبژارد، هەستم پێ کرد ڕۆحم تاوێک لە لاشەم دەر چوو، فڕی بە ژوورەکەدا، لاشەی خۆمم بینی، چۆن دوو دڕندە نا مرۆڤانە نینۆکیان لە پێستم

دەچەقاند و گازیـان لـێ دەگرت، دوای ئـەوەی هـەردووکیان تـەواو ماندوو بـوون لـە ئـازاردان و گـاڵتە پێکردنم، یەک یەک جلـی نـاو کیسـە ڕەشـەکەیان بۆ ڕاگرتم و لەبەرم کردن، هـەمان ڕەنگی جلی بەندینخانەکەی پێشووم بوون، جیاوازییان تەنها ژمارەکانیان بوو، ئەمـەیان بـە خـەتی عـەرەبی لەسـەری نووسـرابوو، بـە سـەرو گوێلاکی تەڕەوە، جلەکانم لەبەر کردن، دیسانەوە کەلەبچەکەیان لە بازووم توند کرد، یەکێک لە پۆلیسەکان، بەدوای خۆیدا ڕایکێشـام، چـاوەڕوان بـووم ئـاخۆ چ وێسـتگەیەک و چ ڕووداوێکـی تـر چاوەڕوانمـە، کـاتێ لەنێـوان پۆلیسـەکاندا بـە ڕاڕەوێکـی دوورو درێـژدا دەڕۆیشـتین، سـەرنجم دا، بە زەحـمەت سـەرم دەگەیشـتە شانیان و وەکو تۆپی تێنس، لەبەینی باڵە ئەستوورەکانی ئەواندا ئەمبـەر و ئەوبـەری دەکرد، لەگەڵ هـەموو بەرکەوتنێکمـدا، پێکـەوە قاقایان لێدەدا، خۆم بۆ شل کردبوون و لەگەڵیاندا لەو یاریکردنـەی ئەواندا بەشدار بووم.

گەیشـتینە هۆڵێک، کـە لـە قاوەخانـە و چێشـتخانە دەچـوو، لەسـەر یەکێک لەو هەموو کورسـی و مێزانەی لەو هۆڵەدا بوون دایان نـام، هۆڵەکە پڕ بوو لە ڕووناکی، بێجگە لـەوەی دەیـان گڵۆپی سپی بە بەرزییـەوە دەگـڕان، ئـەملاولای هۆڵەکـە بـە پەنجـەرەی گـەورە تـەنرابوو. دیسـان کەلەبچەکـەیان لـە دەسـتم کـردەوە، دەسـتم ساردوسـڕ و کـەمخوێن، مێروولـەیان دەکـرد، تاوێـک خـەریکی تێڕوانین و هـەڵگلۆفتنیان بـووم، تـاوەکوو تۆزێـک هێـز و ڕەنگیـان هاتەوە بەر. یەکێک لە پۆلیسەکان ڕۆیشت و ئـەوی تریـان بێدەنگ لەپشتمەوە ڕاست لێی ڕاوەستا، تاوێک بـوو تیشـکی خۆرەکە ڕێک لـە دەموچـاوی دەدام. گـەرم بـوو، بـەلام بێـزاری نـەدەکردم، چـاوم

لێک نا و بە خەیاڵ گەڕامەوە بۆ ئەو ڕۆژەی یەکەم ڕۆژم بوو لەم سەفەرە دووروودرێژەمدا، دەمێک بوو دەمویست سەفەرێک بکەم و چەندین ساڵ بخایەنێت و هەموو وڵاتانی دونیا بەسەر بکەمەوە، دیارە لە ژیانمدا ئەمە دوایین سەفەر و دوایین جێگەمە، ئەوەی ئەوکات نەمدەوێرا بیری لێ بکەمەوە، دایکم بوو، نەمدەویست لە خەیاڵمدا، دایکم بە نەخۆشی و جەستەیەکی پڕ لە برین و شێوازێکی شێواو و داڕزاوەوە ببینم، بەو هەموو ئەشکەنجە و بێزارییەم ڕازی بووم، چونکە لە بیرکردنەوەم لە دایکم دایان دەبڕیم.

بەئاگا هاتمەوە، کاتێک پۆلیسێک سینییەکی زەردباوی پلاستیکی لە بەردەممدا دانا، قاپێکی قووڵی پلاستیک و کەوچکێک و سێوێک و پارچەیەک نانی لاکێشەیی هەڵئاوساوی لەسەر بوو، نانەکە لە خڕکەبەرد دەچوو، سێوەکە لە سووچێکی سینییەکەدا، هێشتا دەخولایەوە، دیار بوو هێزی دەست و مەچەکی پۆلیسەکە کاری لەسەر ئەویش مابوو، پۆلیسەکە لەپە دەستێکی بە سەرمدا کێشا، وەک باوکێک، چۆن فەرمان بەسەر منداڵیدا دەکات، بە پەنجە ئاماژەی بە سەر سینییەکە دا و هیچی نە وت، بێ ئەوەی بیری لێ بکەمەوە چی دەخۆم و چ جۆرە خۆراکێکە، نان و شۆرباکەم تەواو کرد، لە کاتێکدا سێوەکەم لەناو دەستم توند گرتبوو، دوای چەندین مانگ، بۆ یەکەم جارم بوو میوە ببینم، لە خەیاڵمدا بە خۆمم وت، 'پێدەچێت ئەم وڵاتە میوەی کەم بێت!'

لەگەڵ سێوەکەی ناو دەستمدا، لە گفتوگۆدا بووم و لە خۆ ئامادە کردندا بووم، ئاخۆ چۆن دەست بکەم بە خواردنی و ددانەکانم لەکوێی بچەقێنم. یەکێک لە پۆلیسەکان دەستی دایە باڵم و هەڵی

ساندمە سەر پێ و ئەوی تریان کەلەبچەکەی کردەوە بازووم، بە هێزێک، کە نەمتوانی بەرەنگاری ببمەوە، سێوەکەی لە دەست دەرهێنام، کاتێ لە شانمەوە ڕێی دەکرد، دەستی کرد بە داکرمانی سێوەکەم، لە عەزرەتدا بەو تام و چێژەی لە خەیاڵمدا هەڵم گرتبوون، ناو دەمم پڕ بوو لە شەربەتی سێو.

ئەو ڕۆژە، دوای ئەو هەموو ڕووداو و دەردی سەرییانە. بردمیان بۆ زیندانێک، قەرەوێڵەیەکی ئاسنی دووقات و ئاودەستێکی ڕۆژهەلاتیی تێدا بوو، ئاودەستەکە کونێکی خڕی بچووک بوو، کە لە کۆنکریتی زیندانەکە کرابوو، بەلوعەیەکی ئاویش لە شانیەوە بوو، دیوارەکانی بە نووسین و هێڵکاری ناتەبا داپۆشرابوو. چاوم گێڕا بە سەر و خواری جێگەکاندا بۆ هاوزیندانییەکەم، پۆلیسەکان کەلەبچەکەیان لە بازووەکانم داماڵین، فرسەتم هێنا و ڕووم تێ کردن و لێم پرسین، 'دەتوانم پرسیارێکتان لێ بکەم؟'
پۆلیسەکان دایانە قاقای پێکەنین و شانەکانیان بەرز کردەوە و یەکێکیان سەرێکی بۆ ڕاوەشاندم و ئەویدیان وتی، 'یەس.'
لە خۆئامادەکردندا بووم و ویستم دەمم بکەمەوە و بدوێم، هەر هەمان پۆلیس وتی، 'نەو.'
هێندەی لەبیرم مابێت، ئەوکات ویستم لە پۆلیسەکان بپرسم، 'ئایا لەکوێم و لە چی زیندانێکدام و کەوتومەتە چی جێگەیەکی دونیاوە.'
هەردووکیان بە پێکەنین و دووبارەکردنەوەی هەمان دوو وشەوە، 'یەس، نەو' لێم هاتنە پێشەوە و لە دیوارەکەیان توند کردم، زیاتر لە دەیان جار بە لەپی دەستە پان و پڕ هێزەکانیان، دەیانکێشا بە

سەروگوێلاکمدا، بێ ئەوەی هیچ بەرگری لە خۆم بکەم، یان هەر هیچ نەبێت، بازوو و دەستم بکەم بە قەڵغان بۆ دەموچاوم، ڕاست پشتم لە دیوارەکە توند کرد و تووڕە چاوم لە چاوە بێشەرم و زیتەکانیان بڕی.

تاوەکو هێزم لێبڕاو کەوتمە سەر زەوی زیندانەکە، نازانم چەندێک بوو لەسەر شانی ڕاستم خۆم گرمۆڵە کردبوو. لەسەر ئەو کۆنکریتە شێدارە، ڕۆحم لە قووڵایی جەستەی تێکشکاومدا مات کرد، چاوم لێک نا، گوێم لێ بوو، دەرگای ئاسنی زیندانەکە داخرا، بە ئەستەم دەنگی پۆلیسەکانم لە دەرەوە دەهاتە وێ، هێشتا قاقایان لێ دەدا و زووزوو بۆ یەکترییان دەسەندەوە و دەیان وت،

'یەس.'

'نەو.'

'یەس.'

'نەو.'

٨

حمار

چاک دەمزانی بەندکردنم، بە هەموو مانایەک نەهامەتییەکی گەورەیە و ئەگەر وا بڕوات، دەروونم هەڵدەقرچێنێت و لە ماوەیەکی کورتدا هێزم لێ دەبڕێت و لە تەواوی خەیاڵەکانم و ڕابردووم دام دەبڕێت.

شەوی یەکەمم لە زیندانە نوێیەکەمدا، زیاتر لە کاتژمێرێک بەدوای پلاکی کوژانەوەی ئەو گڵۆپە زەردەڵەیەدا گەڕام، کە بە بنمیچی ژوورەکەوە شەو و ڕۆژ دەگڕا، ڕووناکییەکەی بێزاری کردبووم، شەوقی لە قووڵایی ئەو دیوارە ڕەشکراوە جەنجاڵەدا دووبارە دەگڕایەوە، پاش ئەوەی کۆڵم دا و نەمدۆزییەوە، نائومێد لێی دانیشتم، لە خەیاڵی خۆمدا وتم، 'لەوانەیە شێوە خوویەکی شانۆ ئامێز بێت. چەندین سەدەیە لە وڵاتی بەریتانیا، لەناو شانۆکاراندا بووە بە باو، شەوان هۆڵی شانۆکانیان بەتاریکی بەجێ ناهێڵن و هەمیشە گڵۆپێک لەسەر تەختەی شانۆکان دەگرێت، بە مەزەندەی

ئـەوان، بـۆ ڕۆحیانەتەکانــە و بەردەوامیدانــە بــە جووڵــە لەســەر تەختەی شانۆ.'

بـەڵام تـۆ بڵێیـت مـن، لـە ڕاسـتیدا، ئـەوکات نەمـدەوێرا بیـر لـەوە بکەمــەوە، ئــاخۆ مــن ئەکتــەری ڕۆژم یــان شــەو، تاوێـک لــە چـاوەڕوانیی بینـەر و ئەکتـەری تـردا بـووم، لـە چـاوەڕوانیی ئـەو خێوانەدا بووم، کە پێدەچوو هاوشێوەی مـن بوونایـە. بە قەرەوێڵـە ئاسنەکەدا هەڵگـەڕام و لـە پەنجەرەکـەوە بـانگم دەکـرد، پاشـان بـە کوڵەمستم چەند جارێک لـە دەرگاکـەم دا، لەناکاو، لە ژوورەکـانی تــرەوە دەســت کــران بــە هــاوار و بانــگ، بەنـدکراوەکان بۆیــان دەســەندمەوە و بــە هــەمان شـێوەی مـن لـە دەرگاکانیـان دەدا، لـە نادیارەوە هاتوهاواری ناو تەواوی بەندینخانەکەم دەبیست.

پێدەچێت ئـەوکات، لـەژێر ڕوونـاکیی ئـەو گڵۆپـە زەردەدا، لـەناو هاتوهـاواری خۆمـدا مانـدوو بـووبێتم و لەســەر قـاتی خـوارەوەی قەرەوێڵەکە، تەخت لەسەر پشت خەوم لێ کەوتبێت.

کاتێک لـە ئـازاری ناوسکم و تۆنی دەنگی خۆم لە خـەو ڕاپـەڕیم، خێرا هەستام و لەسەر جێگەکەم دانیشتم، چاوم هەڵگلۆفت، پاشـان لەتاو ئازار، دەسـتم خسـتە نێوان ڕانەکانمـەوە، تەماشـام کـرد دوو پۆلیس بەسـەرمەوە ڕاوەسـتابوون و قاقایـان لێدەدا، جارجـار بـە دارەکانی دەستیان، ئاماژەیان پێ دەکردم، چەندین ڕۆژ دوای ئـەو ڕۆژە، لەگـەڵ میزکردنمـدا خـوێنم دادەنـا. لـەدوای ئـەو ڕۆژەوە تێگەیشتم، کە دەبێت بەیانییان زوو، لە کاتی دیاریکراودا، بەخەبـەر بـم، لــە کاتێکـدا بــەیانییان پۆلیســەکان دێـن بـۆ ســەرژمێریی زیندانییەکان و پشکنینی ژوورەکان.

ڕۆژی دوایی، هێشتا تاریک و ڕوون بوو، پۆلیسێک دەللاقەی ناو دەرگا ئاسنەکەی کردەوە و چاوێکی بە ژوورەکەدا گێرا. ئەوکات لەپێش دەلاقەکە ڕاست ڕاوەستابووم، دیار بوو هەر ئەوەندە بەس بوو، هەموو بەیانییەک، بۆ ئەوەی دڵنیا بن لەوەی من نەبووم بە مارمێلکە یان قالۆنچە و لە درز و بەینی شیشەکانەوە هەڵنەهاتووم، چەند پۆلیسێک سەردانییان دەکردم.

لە دەمەونیوەڕۆی ئەو ڕۆژەدا، پۆلیسێک لە دەللاقەکەوە قاپێک برنجی دایە دەستم، تاوێک ڕاوەستام و وام زانی پۆلیسەکە کەوچکی لەبیر چووە، دوای زیاتر لە کاتژمێرێک چاوەڕوانیم، برسێتی زۆری بۆ هێنام و بە سەری پەنجەکانم کەوتمە ڕاوکردنی دەنکە برنجەکانی ناو ئەو زەرداوەی بۆنی میزی لێ دەهات.

لەسەر قەراغی جێگەکە دانیشتم، هێشتا قاپی خۆراکەکەم لەناو دەستدا بوو، دەللاقەکە کرایەوە و هەمان ئەو پۆلیسەی خۆراکەکەی بۆ هێنام، بە عەرەبی چەند وشەیەکی پێ وتم، زوو حاڵی بووم کە قاپی خۆراکەکەی دەویست، خەریک بوو پێی بڵێم، کە هێشتا تەواو نەبووم، بەڵام پرسیارەکەم گۆڕی و لێم پرسی، 'ئایا پلاکی کوژاندنەوەی ئەو گڵۆپە لەکوێی ژووری زیندانەکەمدایە؟'

سەرێکی لێ با دام و دیسان داوای قاپەکەی لێ کردم، وەکوو لێم تێنەگەیشتبێت، قاپی خۆراکەکە، کە تەنها زەرداوەکەی تێدا مابوو، خێرا بە نابەدڵییەکەوە نام بە سەرمەوە و هەڵم قوڕاند، ئینجا قاپەکەم بەبەتاڵی دایەوە دەستی، پۆلیسەکە تاوێک سەرسام لە چاومی ڕوانی و بێدەنگ دەللاقەکەی بە ڕوومدا داخست.

بیرم لێ دەکردەوە، کە پێدەچێت ئەم ژوورە ببێتە شوێنی

هەمیشەیی ژیانم، یانی تاکوو مردن لێرەدا بمێنمەوە، لەو دەمەدا بە خۆمم وت، 'یان تۆ بڵێیت ئەو پارێزەرە باڵیۆزخانەی هۆڵەندای ئاگادار کردبێتەوە، ئیمەیڵێک یان تەلەفۆنێک، بەڵام بۆ کێ؟ دەبێت دایکم لە ژیاندا مابێت؟ یان کارمن مەیلی بۆ من مابێت و لە خۆی ببوورێت و بێت بۆ ئەم دوورەوڵاتە و ڕزگارم بکات، لەو زیاتر، دەبێت کێ هەبێت هەوڵێکم بۆ بدات، یان کارل، ئەو هاوڕێ نوێیەی دایکم، نازانم، نامەوێت بە خەیاڵیش هۆگری هیچ یەکێک لە هاوڕێکانی دایکم ببم.'

کەمتر بیرم لە جەستەم دەکردەوە و زیاتر لەناو خەیاڵمدا دەژیام، بەردەوام چاوم بە ژووری زیندانەکەدا دەگێڕا، هەموو شتێک ڕەنگی تەپوتۆزی ئەو بیابانەی گرتبوو. دیوارەکان، هەتا دەست پێیان گەیشتبوو، هێڵکاری و نووسینیان لەسەر بوو، بنمیچ و ئەرزەکە شێدار و کەڕوویەکی سەوزبا و ڕەنگ و ڕوخساری ڕاستی داپۆشیبوون، لە پەنجەرە چوارگۆشەکەوە، بە ڕۆژدا خۆر ژوورەکەی پڕ دەکرد لە ڕووناکی و وزەی خۆی.

قاتی سەرەوەی قەرەوێڵەکە، بەرزییەکەی دەگەیشتە ئاستی لێواری پەنجەرەکە، پەنجەرەکە بە شیشی ئەستووری ژەنگ گرتوو تەیمان کرابوو، دیار بوو لە ئەزەلەوە بیر لەوە نەکرابووەوە، شووشەی تێ بگیرێت، پەنجەرەکە بەسەر بیابانەکەدا دەیڕوانی، دەیڕوانی بەسەر یەک پارچە چۆڵەوانیدا، نازانم چەندێک بوو دەستم لە شیشی پەنجەرەکە هەڵپێکابوو، لە بەرفراوانی و بەتاڵی و ساف و بێگەردیی ئەو بیابانەم دەڕوانی.

چەندین شەو و ڕۆژ بەو شێوەیە تێپەڕین، زۆربەی کاتەکانم لە بەردەمی پەنجەرەکەدا بەسەر دەبرد، تەنها ئەو ڕەنگە زەردباوە

بـوو، لەگـەڵ ڕەنێگـی شـینی کـاڵی بێگـەرددا، کـە ڕۆژێـک نـەبوو هەورێک بـەری بگرێت، زۆر جـار شـنەی بـام لـە کـاتی جووڵەیاندا دەگـرت، کاتێـک چنگێـک پـڕ لمیـان لـەو دەوروبـەرە هەڵـدەگرت و دەیانپرژاند، تاکوتەرا گردی بـەرز و نزمیـان لـێ دروسـت دەکردن، لەبەر خۆمەوە وتم، 'دەبێت کێ و ڕۆحی کێ، لـەو بیابانـەدا بژی و دەســتی ڕەنگینــی خــۆی بــە ڕووی تــەخت و بێڕەنگــی ئــەو چۆڵەوانییەدا بێنێت و بەردەوام یاری لەگەڵ سروشت بکات.'

لە سـەرەتاوە، زۆربەی کات لەبـەر پەنجەرەکـەدا ڕادەوەسـتام و بە سـەرنجەوە لـە بیابانەکـەم دەڕوانـی، چاوەڕوان بـووم ئـاخۆ کـەی، مرۆڤێـک، گیانـدارێک بـەو بیابانـەدا تێدەپـەڕێت، شـەوانە باڵاخانـەی ئـەو بەندینخانەیـە پـڕ دەبـوو لـە دەنگـی گریـان و چرینـی گـۆرانیی دڵتەنگ و هاتوهاوار لە یـەکتری، بێجگـە لـەوەی بـەردەوام دەرگـا و دیوارەکانیــان دەکوتــا. گــەرمای ڕۆژ و ئــەو تــەپوتۆزەی هــیچ ڕێگرییـــەک نـــەبوو لـــە هاتنەژوورەوەیانـــدا، لەگـــەڵ ڕەشــــەبا ژوورەکـەیان پـڕ دەکـرد لـە خـۆڵ و لمـی بیابانەکـە، لـە سـەرەتاوە سـەرمای شـەو ماسـولکەکانی لەشـمیان گـرژ دەکـرد و بـەردەوام ئازاریان دەهات، لە یەکێک لەو ڕۆژانەدا، لـە خۆئامادەکردنـدا بـووم بۆ بەرەنگاربوونـەوەی سـەرمای شـەو، لەبـەر پەنجەرەکە، دەسـتم کرد بە تەکاندنی ئەو دوو پێخەفەی لەسـەر هەردوو جێگەکە بوون، تەپوتۆز و بۆگـەنیان لـە ژوورەکـەم دەر نـەدەچوون و بـە دیـوار و سـەروگوێلاکمدا دەهاتنـەوە، وەک ئـەوەی بۆیـان نـەبێت لـە ژووری زیندانەکە دەر بچنە دەرەوە. پێخەفەکان تا هەناویان پڕ بووبوو لـە تـۆز و لمـی بیابانەکـە، بـۆنی سـاردی و کـەڕووی ژوورەکـەیان گرتبـوو، لـە کـاتی هەڵدانـەوەی پێخەفەکانـدا، چەنـدین پارچـە جلـم

لەژێریاندا دۆزییەوە، ئەوکات لەبەر خۆمەوە وتم، 'پێش من، زیندانییەک لێرە بووە، کاتێک ئازاد کراوە، لەبیری چووە.'

یەک یەک تەکاندمن و تاوێک بە ڕووی شیشی پەنجەرەکەدا، لەبەر خۆرەکە ڕام گرتن، بەو نیازەی، گەرمی خۆرەکە ئەو بۆدڕنە مردووەیان لێ دابماڵێت، تا شەوان لەبەریان بکەم و لە سەرمای شەوی ئەو بیابانە بمپارێزن.

لەسەر یەکێک لە جێگەکان، لەسەر لا کەوتبووم، تاوێک بوو دەنگم لە خۆم بڕیبوو، گوێم بۆ هەموو دەنگێک هەڵخستبوو، کە لە پەنجەرە و دەرگا و دیوارەکانەوە دەهات، چاوم بڕیبووە ئەو هێڵکاری و نووسینانەی لەسەر دیواری بەرامبەر جێگەکەمدا بە ناوازە لێمەوە دیار بوون، ئەوەی لە منەوە دیار بوو، چەندین چاوی زرت و ڕەش بوو، خەیاڵیان ورووژاندم و لە قووڵایی بیرەوەرییەکانمدا بۆ ئەو ڕۆژەیان گێڕامەوە، 'ڕۆژێکی خۆرەتاوی مانگی حەتەوت بوو، لەگەڵ دایکمدا، قۆڵمان لە قۆڵی یەک هەڵپێکابوو، لە بەردەم *زانکۆی سەربەستی ئەمستردام* دا ڕاوەستابووین، چواردەورمان بە هاوڕێ و کەسوکاری قوتابییەکان گیرابوو، هەموو بۆ وەرگرتنەوەی بڕوانامەکانمان ئامادە بووین.

دایکم چاوی بە چواردەورماندا گێڕا و توند باڵی گوشیم و پێی وتم، 'ئەمە ئەو ڕۆژەیە، پاش چەندین ساڵ هەوڵ و کۆشش، هونەر و مێژووی هونەر، بڕوانامە لەو بوارەدا... دەمێ ساڵە خەونت بوو.'

بەبێ ئەوەی لێی بڕوانم، بە پێکەنینێکەوە لەبەر خۆمەوە وتم، 'دەترسم شانازیم پێوە بکەیت!'

هێواش و بە مەکرێکەوە وتی، 'کەمێک.'
تایبەت بۆ ئەو ڕۆژە، قاتێکی چاکەت و پانتۆڵی ڕەشم لەبەر کردبوو، بۆینباخێکی جەرگی، بۆ جاری یەکەمم بوو بۆینباخ ببەستم و بەردەوام دەستم پێوەی بوو، ئەویش بیرۆکەی دایکم بوو. بەبیرم دێت، دایکم چەند جارێک داوای لە چەند قوتابییەک کرد، کە بە کامێراکەی خۆی وێنەمان بگرن، ئەو ڕۆژە دایکم بە جۆرێک خۆی گۆڕیبوو، کە سەرنجی هەموو ئامادەبووانی ڕاکێشابوو، قژە لوول و ڕەشەکەی بەسەر شانیدا بەر دابۆوە، عەزییەکی ڕەشی تا سەر سمتی تەسک و لە پێش و پاشەوە، وەک خۆی بەئەنقەست دڕاندبێتی، فش دیار بوو، بە جۆرێک تایبەتمەندییەکی دابوو بەو باڵا و لەشولارە ڕێکەی، لەگەڵ هەموو بەریەککەوتنێکماندا، هەستم بە گەرمیی لەشی دەکرد، زۆر دڵشاد و بەختەوەر دیار بوو، منیش زۆر بە شانازییەوە لە شانیەوە ڕاوەستابووم، دەمویست ڕووم لەو خەڵکە بکەم و هاواریان لێ بکەم و بڵێم، 'خەڵکینە، ئەو ئافرەتە جوانە دایکی منە.'
لەو کاتەدا دایکم شانێکی تێوە ژەندم و پرسیی، 'کەی، ئەوان دێن؟'
'ئەوان، کێ... ئەوان؟'
'کارمن.'
کاتێ ویستم وەڵامی دایکم بدەمەوە، لەو دەمەدا کارمن لە دوورەوە پەیدا بوو، دەم بە پێکەنین و ڕووخۆش، لەگەڵ کوڕێکدا بوو، کە ئەویش قوتابی بوو لەگەڵماندا، هەروەها کچێکی باڵابەرزی قژ زەردی سپیکەلانەی چاو شینی لەگەڵ بوو، من و کارمن دواساڵی خوێندنمان بوو، ئەو ڕۆژە بڕوانامەی کۆتاییمان

وەر دەگرتەوە. کارمن دووراو دوور، هەردوو باڵی ڕووبەڕووی من و دایکم واڵا کردن و بە دەنگی بەرز بانگی لێ کردین، 'ئازیزان، ڕۆژتان باش.'

دایکم پێش من کەوت و باوەشێکی بە کارمندا کرد، لە کاتی ماچکردنیدا پێی وت، 'بەختەوەرم کە دیسان دەتبینمەوە، ئازیزم کارمن.'

کارمن دایکمی توند بە خۆیەوە نووساند، ئینجا لەسەر شانی دایکمەوە لە منی ڕوانی و وتی، 'منیش هەروەها، ئەیفا خان.'

کاتێ لەگەڵ دایکمدا دەستیان لە یەک بەردا، کارمن لە من هاتە پێش و زمانێکی تەڕی بە لچ و لێوی خۆیدا هێنا و دەمی نایە ناو دەمم.

نازانم لەو ساتەدا ئێمە چەندمان پێ چوو، دوو جار دایکم قەراغی چاکەتەکەمی ڕاکێشا و وتی، 'تەواو، تەواو، دەی ئەوەندە بەسە، پێم بڵێن، ئەم دوو بەڕێزەی تر کێن؟'

پاش ئەوەی کارمن خۆی لە نێوان باڵەکانم دەرهێنان، بەڵام هێشتا دەستێکی هەر لەناو دەستمدا بوو، ڕووی لە کچەکە کرد و وتی، 'ئەوە ئانایە، ئامۆزامە، ئەمڕۆ لەبری دایکم لەگەڵم هاتووە، هەروەها بۆ جاری یەکەمیەتی شاری ئەمستردام ببینێت.'

پاشان دەستی بۆ فیکتۆر ڕاکێشا و وتی، 'ئەوەیش فیکتۆر لاورینت، هاوڕێ و هاوپۆلی من و مارتن.'

کاتێ بێدەنگ سەرنجم لە ڕوخسار و باڵای ناسک و ئاڵتوونیی ئانا دابوو، کارمن ڕای وەشاندم و دەمی نایە پەناگوێم و لەبن لێوەوە چپاندی، 'ئەگەر بە ئانا سەرسامی، ئەوا بۆت هەیە ئەمشەو سواری ببیت.'

دەستم لە کەمەری هەڵپێکا و بە گوێیدا چپاندم، 'سوپاس بۆ ماریفەتت، پێویست ناکات، ئەمشەو لەگەڵ تەیرەکەی خۆمدا دەچمە ناو جێگەوە، خۆی دەزانێت چەندێک تامەزرۆیم.'

پاش ئەوەی لەگەڵ ئانا دەستی یەکترمان ڕاوەشاند و ئەملاولایم ماچ کرد. تەوقەیەکی هاکەزایشم لەگەڵ فیکتۆردا کرد، فیکتۆر کوڕێکی بالآکورت، دەموچاوێکی قوپاوی لاوازی هەبوو، لەوانە بوو کە پێش بیست ساڵییان، سەریان دەست دەکات بە ڕووتانەوە، بە ڕواڵەت لە پیاوێکی پەنجاساڵە دەچوو، وەکوو کارمن، خەڵکی بەلجیکا و دانیشتووی شاری برۆکسل بوو، ماوەی چوار ساڵی خوێندنیان پێکەوە، فیکتۆر هاودەنگ و هاوسەفەری کارمن بوو، ئەوسا کارمن بە منی دەوت، 'فیکتۆر تەنها هاوڕێی سەفەرمە.'

ئاهەنگی دەرچوونمان بۆ ئێمە، تایبەتمەندییەکی ئەوتۆی نەبوو، بێجگە لە چاوەڕوانی و گوێگرتن لە چەندین وتاری درێژی چەند پرۆفیسۆرێک و یەک بە یەک خوێندنەوەی ناوی قوتابییان و وەرگرتنی بڕوانامەکانمان، کە ئێمە تەنها بۆ ئەوە لەوێ ئامادە بووین. لەگەڵ وەرگرتنی بڕوانامەکاندا، لە هۆڵەکە دەر چووین و بەرە و سەنتەری شار بەڕێ کەوتین، پاش ئەوەی دایکم لە ڕێگا لێمان جیا بووەوە و بەجێی هێشتین، ئەگەر باش بەبیرم بێت، ئەو ڕۆژە دایکم لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی شێوەکاریدا پێشانگەی هاوبەشی کردبووەوە.

تاکوو ئێوارە درەنگ، چوارقۆڵی بە شاردا گەڕاین، لە چەندین بار و قاوەخانە لامان دا و بە بیانووی دەرچوونمانەوە، هەرجارە جۆرێک لە مەشرووبمان داوا دەکرد، کاتێ لە کۆفیشۆپێک لامان دا، سەرەتا لە بیرەوە دەستمان پێ کرد، پاشان کردمان بە

پێشبڕکێ و هەرجارە یەکێکمان جۆرێک لە ویسکیی داوا دەکرد، بە ڕادەیەک مەست بووبووم، مەیلم زیاتر بە ئانا دەدا وەک لە کارمن.

لە کاتێکدا کە هەموو قاقامان لێدەدا، لەپڕێکدا کارمن خۆی خستە سەر کۆشی فیکتۆر، دەمیان نایە ناو دەمی یەکتری و تاوێک بەسەر یەکدا نوشتانەوە، لە سەرەتاوە بە گاڵتە دەهاتە پێشچاوم، لەگەڵ ئانا پێکەنینمان پێیان دەهات، مەست بووم و لەنێوان ڕاستی و خەیاڵدا، خۆمم لێ ون بووبوو. بەگومان بووم، نەمدەزانی ئاخۆ ئەوەی ڕووی دا، ڕاستی بوو یان خەیاڵ، دڵگەرم و بێ ئارام، جێگەم بە خۆم نەدەگرت، زووزوو قومی قووڵم لە ویسکییەکەم دەدا و لەناو خەیاڵمدا نوقم بووبووم، بە خۆمم دەوت، 'هەڵبەتە ئەوانیش زۆر مەستن و هۆشیان لەلای خۆیان نییە.'

ئانا لەتەنیشتمەوە دانیشتبوو، زۆر مەست دیار بوو، خۆی لێ هێنامە پێش و لێی پرسیم، 'بیر لە چی دەکەیتەوە؟'

پاش تاوێک بێدەنگی و لەخۆمداگەڕان لە وەڵامێک، وتم، 'هیچ!'

باڵێکی خستە سەر شانم و دەمی هێنایە نزیک گوێم و لەبن لێوەوە چپاندی، 'تا کەی من و تۆ ئاوا بێدەنگ دانیشین و لەوان بڕوانین؟'

پێش ئەوەی ڕووی خۆی بە ڕوومەتمەوە بنێت و توند باڵەکانی لە ملمەوە بئاڵێنێت، هەردوو ڕانی بەسەر ڕانەکانمدا درێژ کرد و خۆی خستە سەر کۆشم، لەو دەمەدا، منیش بە تیلەی چاوێک کارمنم بەسەر کردەوە، ئەو لەگەڵ فیکتۆر، لە گەرمەی قسەکردندا بوو، لچ و لێوم تەڕ کرد و هێواش بەسەر ڕوومەتی ئانامدا خشاند، بۆنێکی قورس و پیاوانەی لە خۆی دابوو، لەگەڵ بۆدڕنی

ویسکی و ئارەقی لەشمان و بۆنی جگەرەدا تێکەڵ بووبوو، بەڵام جوانیی ئانا و بێزار بوونم، لێچ و لێوی ئانایان پێ لستمەوە، ئەوەندە خۆی لێ توند کردبووم، لەسەر جلەکانیشیەوە هەستم بە ڕووتیی ئەندامەکانی جەستەی دەکرد، توند چاوم داخست و ئەمەم بە خەیاڵدا هات، 'ئێمەی مرۆڤ، پێویستە جارجار خۆمان بەقووڵی مەست بکەین، تەنها مەستییە وامان لێ دەکات، کە بۆ ساتێک خۆمان و ئازاری خۆشەویستیمان لەیاد بکەین، ناوبڕێک وەر بگرین، کە ڕۆحی من و کارمن پێویستی پێیەتی، بەڵکوو تاوێک لە گیانکێشانی یەکتر دەست هەڵبگرین و ساتێک فڕین بە یەکتری ڕەوا ببینین، بەڵکو بتوانین ئەو سنوورە بشکێنین، کە ناوی غیرە و دڵپیسییە، سنووری خۆشەویستییەک بشکێنین، کە لە خۆپەرستیمانەوە سەرچاوەی گرتووە.'

ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە، ساڵانێک خەیاڵی من و کارمنی شێواند. لەیادمە جارێکیان کارمن پێی وتم، 'پەیوەندیی من و تۆ، پێویستە هاوشێوەی تابلۆکانی دایکت ئەبستراکت بێت.'

درەنگانێکی شەو، چوارقۆڵی بەسەر شەقامەکانی شاردا، قۆڵمان لە قۆڵی یەک هەڵپێکابوون، پێیەکانمان بەئەستەم بەدوای پێی یەکتریدا بۆ هەڵدەگیرا و تەواو مەست و ماندوو بووین، خۆمان گەیاندەوە ماڵی ئێمە، لەسەر مێزی نانخواردنی چێشتخانەکە دانیشتین، بە هەرچوارمان، زیاتر لە چوار لیتر ئاومان خواردەوە، بەڵام دوای ئەوەی تینوویتیمان شکا، دەستمان کردەوە بە شەرابخواردنەوە، شەرابی سوور، کە دایکم ساڵانە بەتایبەتی لە فەلاحێکی ناوداری دروستکەری شەراب، لە خوارووی فەرەنسا داوای دەکرد، باسی هیچمان نەدەکرد، یان باشتر بڵێم، زۆرینەی

کات بێدەنگ بووین، ئەگەر یەکێکیشمان دەمی بکردایەتەوە، ئەوا ڕستەکەی تەواو نەدەکرد و لەناکاو بێدەنگ دەبوو، کوتوپڕ فیکتۆر هەستایە سەر پێ و پڕ بە چنگی، کۆندۆمی فڕێ دایە سەر مێزەکە و وتی، 'مارتن، کچینە بە خۆشی، ئەگەر ڕێنماییمان بکەیت، من و کارمن لەکوێ...!'

قسەکەیم پێ بڕی، خێرا چاوم بڕییە چاوی و بە دەنگێکی بەرز وەڵامم دایەوە، 'تۆ و کارمن ملتان بشکێنن و بگەڕێنەوە بۆ وڵاتە کاولەکەی خۆتان.'

کاتێ من ئەمەم وت، هەرسێکیان دایانە قاقای پێکەنین، کارمن، کە جاری تر هاتبووە ماڵی ئێمە و شارەزای ماڵەکە بوو، دەستی فیکتۆری گرت و بەدوای خۆیدا ڕایکێشا بۆ هۆڵی دانیشتنەکە، پاش ئەوەی دەرگاکەیان بە ڕووماندا پێوە دا، بێدەنگییەکیان لەدوای خۆیانەوە بەجێ هێشت، کە من و ئانا کەوتینە ناو قووڵاییەوە، هەردووکمان بێدەنگ تاوێک لەسەر ڕووی مێزەکەمان دەڕوانی، لەو چەندین کۆندۆمەی لەسەر مێزەکە بڵاو بووبوونەوە. لە خەیاڵمدا، لەگەڵ کارمن لە لێدواندا بووم، لە مەستیمدا، سەری باسەکانم لەیەک بۆ گرێ نەدەدران و هەر هەمووی لە خەیاڵمدا بووبوونە جەنجاڵییەک، بووبوونە قورساییەک لەسەر سنگم و هەناسەیان لەبەر بڕیبووم، ڕووداوەکان بێ خواستی خۆم، زۆر بەخێرایی ڕوویاندا.

ئانا کورسییەکەی ڕاکێشایە دواوە و هەستایە سەر پێ، ڕووی تێ کردم و خۆی ئاخنییە سەر کۆشم، پاش ئەوەی هەردوو باڵە ڕووتەکانی لە ملم هەڵپێکان، لێوە ساردەکانی لە دەمی وشکم توند کردن، تاوێک بە ساردییەکەوە یەکترمان هەڵگلۆفی، هێشتا لە

قوولایی خەیاڵمدا بێدار نەبووبوومەوە، تاوێک لە چاومی ڕوانی و وتی، 'جێگەیەکی نەرم هەیە لەم ماڵەدا، تاکوو پێکەوە لەسەری ڕابکشێین؟'

بێ ئەوەی وەڵامی بدەمەوە، هەستاین و چەند کۆندۆمێکم لەسەر مێزەکە هەڵگرت و دەستی ئانام گرت و بەدوای خۆمدا بە پلیکانەکاندا بەرەو سەرەوە بردم، بۆ ژووری خەوتنەکەی خۆم.

خۆم فڕێدایە سەر جێگەکەم و لەسەر پشت ڕاکشام، بە لاچاوێک لە ئانام دەڕوانی، کە خەریکی داکەندنی جلەکانی بوو، پاش ئەوەی بەڕووتی هاتە سەر جێگەکەم، بە پێوە ڕاوەستا و پێیەکانی لەملاولای شانەکانمدا بڵاو کردەوە و بە مەکرێکەوە وتی، 'هەموو کوڕێکی هوڵەندی، وەکوو تۆ ساردوسڕن؟'

پەیکەرێک، کە هەموو ئەزموونی بینینمی بەتاڵ کردەوە، جەستەیەکی ڕێک و ڕەنگی پێستی ئاڵتوونی، نەمدەزانی لەکوێوە دەست پێ بکەم، کام هەستم پێش ئەوی تریان بکەوێت، هەموو پێکەوە گڕیان گرتبوو، پەنجەیان دەچەقاندە ڕۆحم، داوام لێ کرد، کە تاوێک بە ژوورەکەدا بگەڕێت، بێدەنگ، تکام لێ کرد نەمدوێنێت، دوای ئەوەی چەند جارێک بە بەردەمی جێگەکەمدا هات و چوو، بەدەم خۆنمایشکردنەوە وتی، 'دەتەوێت دیمەنی جەستەم بەڕووتی لە خەیاڵتا هەڵبگریت، پاشان بیخەیتە سەر کەنفاسێک.'

'نا، نا، کەنفاسی چی.. بۆ خەیاڵم، تەنها بۆ خۆم.'

'هەر عاشقم نەبیت باشە...!'

'بەس تەنها ئەمشەو.'

'ئاخ، ئەگەر وا بێت، بەوپەڕی خۆشحاڵیمەوە.'

بازی دایەوە سەر جێگەکەم و دەستی کرد بە داکەندنی جلەکانی من، پاشان دەستی برد، پەتی گڵۆپی ژوورەکەی ڕاکێشا، کە دەکەوتە ژوور سەرمانەوە و گڵۆپەکەی کوژاندەوە، بە جۆرێک، لە تاریکیی ژوورەکەدا، ڕوخساری و شەوقی زەردی لەشیم لێ ون بوو، خێرا دەستم برد و پەتی گڵۆپەکەم ڕاکێشا و گڵۆپەکەم داگیرساند، دیار بوو ئانا لەو کاتەدا بێئاگا بوو لەوەی ژوورەکە ڕووناک بووبووەوە، نینۆکەکانی لە پێستم دەچەقاند، چاوی نووقاند و بەردەوام لچ و لێوی دەگەست، باڵەکانم لە جەستەی هەڵپێکابوو، پڕ بە دەستم، لەشی ڕووتیم گرتبوو، سمتمان توند لێک گیر کردبوون و بێدەنگ لێکمان هەڵدەسوو، ناوبەینمان لە ئارەقە و کەفی سپی و هۆرمۆنی حەزمان تەڕ بووبوو، زۆربەی کات، بەسەریەوە بووم و بە سەرنجەوە لە بەر ڕووناکیی گڵۆپەکەدا لێم دەڕوانی. دیار بوو ئانا لە ڕیتمی تەکانە هێواشەکانی من ڕازی نەبوو، بە پرتاوێک لەسەر خۆی وەلای نام و ڕانەکانی بەسەر سمتمدا بڵاو کردەوە، بە هەڵەشەییەکەوە پێی وتم، 'گانکردن تەنها خۆش بێت، بەس نییە بەلای منەوە، دەزانیت، دەزانیت چۆن؟ ئازارم بدە، هەتا ئازار و خۆشی، لەناو ڕۆحمدا تێکەڵ بەیەک ببن، بکێشە بە ڕانەکانمدا، گازم لێ بگرە، نینۆکەکانت لە مەمکم گیر بکە، قژم ڕابکێشە. کاتێک ماچم دەکەیت، گاز لە زمانم بگرە، ئەوە تۆ زیاتر لە کاتژمێرێکە بەسەرمەوەیت، نە تیژیی نینۆکەکانت و نە تیژی و ڕەقیی هیچ بەشێکی دیکەی لەشت، نەچەقینە ناسکی و ڕووتیی لەشم، نازانم، بمبوورە، هەستت پێ ناکەم کە...'

لەمەوە بێدەنگ بووین، بێ ئەوەی من هیچ وەڵامێکی بدەمەوە،

خۆی بەسەرمدا درێژ کرد و هێواش سەری نایە سەر سنگم، وەکوو بڵێی پەشیمان بێت، نەمدەزانی چیی پێ بڵێم و چۆن وەڵامی بدەمەوە، سەرسام لێم دەڕوانی، مەستی و خواردنەوەی ڕێژەی زۆری ئەلکحول لە خوێنمدا، هێزیان لەبەر بڕیبووم، پاش چەند هەناسەیەک، چاوم لێک نا، ئەوکات ماندوو بووم، نەمتوانی زیاتر بیر لەو هەڵچوون و تووڕەبوونەی ئانا بکەمەوە، لەو دەمەدا چوومە ناو خەوێکی قووڵەوە.

کاتێک بەخەبەر هاتمەوە، لچ و لێوم تاکوو ناو قوڕگم، لە تینوواندا پێکەوە نووسابوون، ئانا هێشتا سەری لەسەر باڵم بوو، لەسەر پشت کەوتبوو و پرخەی دەهات، گۆی مەمکەکانی سوور و قیت لە حەوایان دەڕوانی، تاوێک بێدەنگ لێم ڕوانی و دەستێکم خستە سەر ورگی و تا خوار ناوکی بردم، ساردوسڕی جەستەی لەگەڵ ئەو جوانییە سروشتییەی ئەودا، خێرا هەوەسمی وەکوو خۆی سارد کردەوە، پاشان لە تینوواندا بەڕووتی بە پلیکانەکاندا چوومە خوارەوە و لە چێشتخانەکە دەمم نا بە بەلوعەکەوە و تاوێک سەرم خستە بەر ئاوەکەی.
بە سەری تەڕەوە، کە هێشتا ئاو بە سەر شانەکانمدا دەچۆڕایەوە، لەبەر پەنجەرەی چێشتخانەکەدا بێدەنگ ڕاوەستام، بیرم لە ڕووداوەکانی ڕۆژی ڕابردوو دەکردەوە، لەناکاو لەوپەڕی قووڵایی بێدەنگی و تاریک و ڕوونی چێشتخانەکەدا، کە بە ناوازە ڕووناکیی گڵۆپی سەر شۆستەکان بەشێکی کەمیان ڕووناک کردبۆوە، دەستێکی سارد کەوتە سەر شانم، بێ ئەوەی ئاوڕی لێ بدەمەوە وتم، 'ئانا، تۆیش تینووت بوو؟'

'بەڵێ، من هەمیشە تینوومە.'

دەنگەکەم ناسییەوە، پەشۆکام، گیانم داهێزرا، خێرا ئاوڕم لێ دایەوە، ڕووناکیی دارگڵۆپەکانی کۆڵان، بەکزی دەگەیشتنە ناو ژووری چێشتخانەکە، دەموچاوێکی خەواڵوو، بەڕووتی، دیار بوو ئەویش شەرابی سوور قوڕگی وشک کردبوو، لە تینووانـدا بەخەبەر هاتبوو، تاوێک بێدەنگ بەرامبەری یەک ڕاوەستاین، هیچمان بەیەک نە وت، پاشان لە شانی یەکەوە ڕاوەساین و لە گڵۆپی سەر شۆستەی شەقامەکانمان دەڕوانی، بەئەسپایی دەستی لە دەستم هەڵپێکا، نازانم ئەوکات چیم لە خەیاڵدا بوو، بێجگە لەوەی ئەوەندەم بەس بوو، کە تەنها بێدەنگ ببم، کارمن ئەو بێدەنگییەی شکاند، 'لە زەتت لە ئانا برد؟'

بێ ئەوەی وەڵامی بدەمەوە، توند دەستیم گوشی، تا زۆری بۆ هات و لە عەزرەتدا دەستی لە دەستم دەرهێنا، دەرگای چێشتخانەکەی کردەوە و بەڕووتی و بە پێی پەتی چووە دەرەوە، دەرگای پشتەوەی چێشتخانەکەمان دەکەوتە سەر باخی پشتەوەی ماڵەکەمان، بێ دوودڵی، خێرا دوای کەوتم و لەناو چیمەنەکەدا، کە دەکەوتە ناوەڕاستی باخەکە، کارمن ڕاست ڕاوەستابوو، لە ئەستێرەکانی ئاسمانی دەڕوانی، شەونم چیمەنەکەی تەڕ کردبوو، لەبنی پێکانمەوە فێنکییەکی دەدا بە لەشم، چووم لەپشتیەوە ڕاوەستام و هێواش باڵەکانم بەسەر شانەکانیدا هەڵخستن و خۆم پێوە نووساند، هەستەکانم بەئاگا هاتن و ئاشنایەتیی خۆیان نیشان دا، خوێنم سەرلەنوێ دەستی کردەوە بە گەڕان بە دەمارەکانمدا، بۆن و گەرمیی لەشی، هەموو خەیاڵ و توانای بیرکردنەوەمیان وەستاند، ئەو بۆنەی لووتەکانم پڕ نەدەبوون لێی، پاش تاوێ خۆ

لەیەک توندکردن و تەماشاکردنی ئەستێرەکان، کارمن وتی، 'ئەستێرەی من لە ئاسمان نییە.'

'باشتر، بە تۆ چی لەو دوورەوە.'

شنەی بایەک، تاڵی قژە ئاڵۆزکاوەکانی ئەوی دەدا بە ڕوومدا، سەری وەلاوە نا و لێوی وشکی بە لچ و لێومەوە نووساند، بۆنی هەناسەی دای بە ڕوومدا، ئەو هەناسەیەی هێشتا بۆنی شەرابی لێ دەهات، وەک گیرۆدەبوویەک، لەگەڵ هەموو هەناسەدانێکی ئەودا، من هەناسەم هەڵدەمژی، زمانم بە لچ و لێوی دا دەهێنا و درزی وردی وشک هەڵاتوویانم تەڕ دەکردەوە.

دوای ئەوەی تاوێک بوو بێدەنگ یەکترمان لەئامێز گرتبوو، کارمن وتی، 'چوار ساڵ پێکەوەبوون، دوای ئەو هەموو یادگارییە، بێمانایە بەو جۆرە ماڵئاوایی لەیەک بکەین.'

پاش تاوێک هەڵمژین و قومدان لە یەکتری، دیسان وتی، 'لەگەڵ تۆدا، کۆندۆمم پێویست نییە، دڵنیام لەوەی تۆ لە کاتی ڕابواردنماندا داوام لێ ناکەیت پەنجە بخەمە قنگتەوە.'

هەردووک دەستمان کرد بە پێکەنین، بەدەم پێکەنینەوە وتم، 'تۆیش لە کاتی ڕابواردنماندا داوای ئەوەم لێ ناکەیت، کە لێت بدەم و ئازارت بدەم.'

باڵەکانی لە ملم هەڵپێکان و بەدرێژایی لەشمان، خۆی پێوە نووساندم، شادەمارەکانم لەژێر پێستمدا خۆیان ڕادەپسکاند و هەڵئاوسابوون، تا دەهات، دڵم خێرا لێی دەدا و بەردەوام خۆی دەکێشا بە قەفەسەی سنگمدا، گوێم لێ بوو، سنگم وەکوو چەرمی دەهۆڵ زرمەی لێوە دەهات، گەرمییەک لەشمی داگرتبوو، کە نە سرووەی هەوای ساردی ئەو شەوە و نە ئەو چیمەنە تەڕەی بە

پێی پەتی لەسەری ڕاوەستابووم، ساردی نەدەکردمەوە. نازانم چەند دەبوو لەوێدا بەیەکەوە لکابووین، کاتژمێرێک بوو، بەدرێژایی ئەو شەوە، پێکەوە، یان چەندین شەو و ڕۆژ تێپەڕیبوون و ئێمە لە خەڵوەتی تێکەڵاوبووندا سڕ بووبووین و بێئاگا بووین لە کات، هەر لەوێدا و بە پێوە، لێو و ناو ڕۆحی یەکترمان تەڕ دەکردەوە، بەردەوام لەپی دەستە زبرەکانم بە لەشی ڕووتیدا دەهێنا، ئەژنۆم دەلەرزین و تا دەهات، لەشم تەڕایی لێ دەبڕا.

پاشان خۆمان لەسەر شەقامەکە و لەژێر ڕووناکیی دارگڵۆپەکاندا بینییەوە، دەست لەناو دەست بەسەر شۆستەی ئەو کۆڵانە چۆڵانەدا بەڕووتی ڕامان دەکرد، لەگەڵ دەرکەوتنی هەموو لایتیی ئۆتومبێلێکدا، خۆمان لەودیو سنووری ڕووناکیی دارگڵۆپەکاندا ون دەکرد، بێئاگا بووین لەوەی ئەو شەوە تەمەنی کەمی ماوە، شەو دواساتەکانی خۆی ڕادەستی ڕۆژ دەکاتەوە و سپێدە لەو دەوروبەرە ڕووناکیی دارگڵۆپەکان کز دەکات.

باش بەبیرم دێت، سپێدەی دابوو، لە باڵاخانەکانەوە تاکوتەرا هاواریان لێ دەکردین و فیکەیان بۆ لێدەداین، کاتێک گەیشتینە ماڵەوە، ماڵەکە بێدەگ بوو، دیار بوو ئانا و فیکتۆر هێشتا لە خەوندا بوون، هەردووکمان مەست بووین و بە ڕاست و چەپماندا دەکەوتین. کارمن لە چێشتخانەکە هەردوو دەستی گرتم و لە چاومی ڕوانی، 'دڵم پڕە لە حەزێکی شێتانە بۆت، حەزێک، کە تەواوی هەستەکانم گیرۆدەین.'

ڕاچڵەکیم و دەستێکم بەسەر دڵمەوە گرت و پێم وت، 'ئەو وتە جوانەت هەڵگرتبوو بۆ دواساتی ماڵئاواییمان لە یەکتری؟'

'نازانم، ئەی تۆ، دواوتەت چییە؟'

'جا تۆ هیچت بۆ من تیا هێشتەوە؟'

کارمن برۆکانی هەڵبڕین، سەیرێکی کردم و بە شەرمێکەوە وتی، 'دەزانم، بمبوورە، بەتایبەتی لەم کاتەدا، کە دواساتمانە پێکەوە، هەست دەکەم ئەو لێدوانەم لەوپەڕی خۆپەرستیمەوە بوو، بەڵام...!' تاوێک بێدەنگ و سەرسام لە چاوی یەکترمان دەڕوانی، دەستی لەناو دەستمدا دەلەرزی و وردە وردە سارد دەبووەوە، هێواش چاوی لێک نا و لێم نزیک بووەوە و لچ و لێوی بەئەسپایی بە ڕوومەتی تەزیومدا خشاند، ماچێکی کردم و پێی وتم، 'ژیانێکی خۆش، سوپاس بۆ هەموو شتێک.'

دەستی لە دەستم کردەوە و لێم دوور کەوتەوە، بێدەنگ، دەستە ساردەکانم لێک هەڵدەسوون، بێ ئەوەی وەڵامی بدەمەوە، بێوچان لێم دەڕوانی، پشتی تێ کردم و دەرگای هۆڵی دانیشتنەکەی کردەوە و چووە ژووری و دەرگاکەی بەدوای خۆیدا داخست، پاش تاوێک سەرسام بوونم، ماندوو بە پلیکانەکاندا سەر کەوتم و چووم بۆ ژوورەکەی خۆم، لەتەنیشت ئاناوە، بێ ئەوەی لێی بڕوانم و بەئاگای بێنم، ڕاکشام و لێی خەوتم.

ڕۆژی دوای ئەو ڕۆژە، لە ساردیی دەستی دایکم ڕاچڵەکیم و بەئاگا هاتمەوە، لەسەر قەراغی جێگەکەم دانیشتبوو، پاش ئەوەی بەپەلە چەرچەفەکەم بەسەر خۆمدا ڕاکێشا و تۆزێک خۆم هەڵپەسارد، لەو دەمەدا ژوورەکە پڕ بوو لە ڕووناکی، هێشتا سەرم زۆر قورس بوو، چاوم بەئەستەم بۆ هەڵدەهات، دایکم لێی ڕوانیم و پرسیی، 'دوێنێ زۆرت شەراب خواردەوە؟'

لە حەوسەڵەمدا نەبوو وەڵامی بدەمەوە، لچێکم لێ هەڵقورتاند،

دیسان ئەو وتی، 'ئەوە کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆیە، پێدەچێت ئێوە تا درەنگانی شەو ئاهەنگی دەرچوونتان گێڕابێت!'
دوای ئەوەی دایکم ئەمەی وت، خۆی بەسەرمدا ڕاکێشا، لەسەر کۆمێدیی تەنیشتی جێگەکەم، پارچەیەک کاغەزی هەڵگرت و دەستی کرد بە خوێندنەوەی.

'ئازیز مارتن،
بمبوورە بۆ دوێنێ شەو، بمبوورە لە زیادەڕۆییم، ویستم شەوێکت لەگەڵدا بەسەر بەرم، پڕ بێت لە لەزەت و بتوانم سەرسامت بکەم بە خۆم و چێژ لەیەک وەر بگرین، بە داخم تۆ بۆ هەردووکمانت بە ڕەوا نەبینی.
ماچێک لە منەوە. ئانا.'

دایکم پاش ئەوەی تاوێک بە سەرنجەوە لە نامەکەی ڕوانی، بە سەرسامییەکەوە لێی ڕوانیم و پرسیی، 'ئانا...! ئەی، ئەی، تۆ دوێنێ شەو لەگەڵ کارمن نەبوویت؟ پێم بڵێ، چ باسە؟'
چەرچەفەکەم لە خۆمەوە ئاڵاند و هەستام، لەسەر جێگەکەمەوە بازێکم دا بۆ خوارەوە، بەرەو حەمامەکەمان چووم، بەدەم ڕێگەوە و لەبەر خۆمەوە وتم، 'بمبوورە، لە ڕاستیدا خۆشم نازانم دوێنێ شەو چی ڕووی دا.'

بە ڕۆژدا ژووری زیندانە بەرتەسکەکەم پڕ دەبوو لە ڕووناکیی خۆر و تەواو گەرم دادەهات. ڕۆژانە، کاتێک خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان لەنگەری دەگرت، لەو بیابانەدا خۆر هاڵاو و بۆکڕووزی لە

هەموو شتێک هەڵدەستاند، بۆ چەند کاتژمێرێک بۆنی سووتان و بەخۆڵبـــوونی دەنـــکە زیخـــەکانی بیابانەکـــە، هـــەوای ژووری زیندانەکـەمیان دەگـۆڕی و لەسـەر سـنگمدا پـەنگیان دەخـوارد و هەناسـەیان تونـد دەکـردم، دەنکـی زیخـەکان دەبوونـە پارچەیـەک پشکۆ و سوور هەڵدەگەڕان، خۆر هـەموو شـتێکی دەسـووتاند، کـە بـەر تیشـکی ئـەو بکەوتایـە، بـەردەوام دەنگـی مـار و مێروو و ئـەو گیاندارە خشۆکانەم دەبیست، کە لە تـاو گـەرمای بیابانەکـە خۆیـان دەئاخنییـە ژێـر سـێبەری دیـواری زیندانەکـە، ئـەو باڵاخانەیـەیی بـۆ مەبەستێکی تر لە ناوەڕاستی ئەو بیابانەدا دروست کرابوو.

پـاش ئـەوەی چەنـدین شـەو و ڕۆژم لـەناو تـەپوتۆز و کـەڕووی ژوورەکەدا گوزەراند، ڕۆژێک لـەو ڕۆژانـە گـوڕم دایـە بـەر خـۆم و دەسـتم کـرد بـە پاککردنـەوە و شـۆردنی هـەموو شـتێک لـە ژوورەکەدا، چەند ڕۆژێک خۆمم پێوە سەرقاڵ کـرد، لـەو ڕۆژانـەدا، بەلوعەی ئاوەکە ڕۆژی چەند کاتژمێرێک ئـاوی پێدا دەهـات، یـانی ڕۆژانـە زیـاتر سـێ کـاتژمێر بەبـەردەوامی ئـاوی لەبـەر دەڕۆیشـت، ئاوەکە بۆنی هێلکەی کولاوی لێ دەهات.

ئـەو دوو بلـووزە کۆنـەی لـەژێر یـەکێک لـە جێگەکانـدا دۆزیمنـەوە، یـەکێکیان قـۆڵ درێـژ و ئـەوی تریـان قـۆڵ کـورت، ڕەنگیـان لەبـەر بڕابوو، نەدەناسرانەوە، تا بزانم ئاخۆ بـە چ ڕەنگێـک بانگیـان بکـەم، یـەکێکیانم لەبـەر کـرد، ئـەوی تریـان بـە ڕۆژدا ئـارەقی گیـانمی پـێ دەسڕی و خۆمم پێ وشک دەکردەوە.

کاتێـک لەسـەر جێگەکـەم ڕاوەسـتابووم و بـە پارچـە جلـە شـڕێک بنمیچی ژوورەکەم پاک دەکـردەوە، سـەرنجم دا جاڵجاڵۆکەیـەک لـە سـووچێکدا دەواری خـۆی لـێ هەڵـدابوو، خـۆی لـەژێر ڕایـەڵەی

تەیمانەکەیـدا مـات کردبـوو، هەسـتم دەکـرد بـە چـاوە زرتـە وردیلـەکانی لێی دەڕوانیم، نیومـەترێک بـە چواردەوری تـەیمان و ماڵەکـەی ئـەودا بــە ڕەشــی و زەردی هێشــمەوە، لەدوای ئــەو ڕۆژەوە، هەموو ڕۆژێک سەردانم دەکرد، بەیانی باش و نیوەڕۆ و ئێوارە و شـەوانیش چەند جارێک بـانگم لـێ دەکرد، کـە شـەوی ئـەویش شـاد بێـت، زۆر جـاریش بـەجێی دەهێشـتم و لـە نێـوان شیشـەکانەوە، بـە بـەرچاوی منـەوە دەچووە دەرەوە. ئـەو ڕۆژانـە بێجگـە لەدەوری مـاڵی جاڵجاڵۆکەکـە، گڵـۆپی ژوورەکەیشـم پـاک نەکردەوە، شەوان زیاد لـە پێویسـت ڕوونـاکی دەیدا لـە ژوورەکـە، ئەگـەر پاکم بکردایەتـەوە، ڕەنگـی لـە زەردەوە دەگـۆڕا بـە سـپی و هـەر زوو لێـی بێـزار دەبـووم و هێزیشـی لـە هێڵکارییـەکانی سـەر دیوارەکە دەبڕی.

پـاش ئـەوەی ژوورەکـەم لـە تـەپوتۆز پـاک کـردەوە، نووسـین و هێڵکارییــە کۆنــەکان باشــتر دەر کــەوتن، لەنێــوان ئــەوان و بیرکردنـەوەدا لـە ڕابـردووم، بەتایبـەتی لـە دایکـم و غـەریبیکردنی شــاری ئەمسـتردام، سـەرنجم چـووە سـەر پۆرترێتێـک کـە زۆر ناشاز و نەزانانە کێشـرابوو، بـەڵام چاوە مـەنگ و ڕەشـەکانی لـە هەرجێگەیەکی ژوورەکەدا بوومایە، هەستم دەکرد لێیان دەڕوانیم و چاودێرییـان دەکـردم، ئەوەنـدەم لـێ ڕوانیبـوو شـەوانیش لـە خەونمـدا ئامـادە بـوو. بێجگـە لـەو پۆرترێتـە، دەیـان دەموچـاوی شـێواو و تەواونـەکراوی تـر لـە چـواردەوری ئـەودا و لەسـەر دیوارەکـانی تـر کێشـرابوون، زۆربـەیان تـەنها چاویـان بـەدەرەوە بوو، هەستم دەکرد بەکۆمەڵ نیگابانی ژوورەکەیان دەکرد، چاویان پڕ بوو لە شەرم و گومان، بە جۆرێک کە لە مرۆڤ بوونی ئەوان

دڵنیا نەبووم و زیاتر وەک گیاندارێکی زەلیل خۆیان نمایش دەکرد.
بەردەوام دەنگێکی ناوازە، دەنگێکی غەریب، وەکوو ئەوەی زۆر لە دوور بێت، شەوانە لەناو بێدەنگیی خۆم و چواردەورمدا گوێم لێ دەبوو، لە نادیار و قووڵایی دیوارەکانەوە دەهات، دەنگێکی زۆر نزم، زیاتر لە نووزە نووز دەچوو، دەنگی ئەو کەمئەندامانەی لەناو خۆیاندا مانیان گرتبوو، زیاتر بە چاویان دەیانویست بدوێن، پێدەچوو هێزێکی نادیار دەستی نابێتە قورگیان.
ڕۆژێک دوای ئەو ڕۆژانەی ژوورەکەمم تێدا پاک کردەوە، لە دەنگی خرەخرِی تۆپەڵە کلیل و هاتوهاواری ناو باڵاخانەی زیندانەکە بێدار بوومەوە، پۆلیسێک خەریکی کردنەوەی دەرگای زیندانەکەم بوو، خێرا بەهەڵەداوان ڕاست بوومەوە و خۆم گەیاندە بەردەمی دەرگاکە، لەگەڵ کردنەوەی دەرگاکە و هاتنە ژوورەوەی پۆلیسەکەدا، لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا ڕێک ڕاوەسابووم، بێ ئەوەی سەرجم بدات یان سڵاوم لێ بکات، چاوێکی خێرای بە ژوورەکەدا گێرا، بێدەنگ پاشەوپاش گەڕایەوە دواوە و دەرگاکەی بەدوای خۆیدا داخست.
تاوێک چاوم هەڵگڵۆفت و دوایین بنکرِی خەوم تێدا شڵەقاندن، بە ئەرز و دیواری ژوورەکەدا ڕوانیم، ژوورەکە تا دەهات، ڕووناکتر دەبووەوە، نووسین و هێڵکاریی سەر دیوارەکان، لەبەر ڕووناکیی تیشکی خۆرەکەدا جیاوازتر دەیاننواند.
هەموو پێکەوە، خەتە عەرەبییەکان و فۆرمە تێکشکێنراوەکان، هێڵە کۆن و کاڵەوەبووەکان، بەکۆمەڵ نمایشی دیمەنێکی ئەبستراکتیان دەکرد، ئەو ڕۆژە نەچوومە سەر جێگەکەم و بەردەوام بە ژوورەکەدا دەگەڕام و چاوم بە ڕووی دیوارەکانی چواردەورمدا

دەگێڕا، خەیاڵم بۆ ڕابردوو هەڵفڕی، بۆ بەردەم ئەو دیواربەندانەی لەگەڵ هاوڕێکانم، لەسەر دیوارەکانی شاری ئەمستردام دەمانکێشان، ئەو دیواربەندانەی شەوان بەدزیی پۆلیسەوە کارمان تێدا دەکرد و ئینجا ڕۆژانە وەکوو ڕێبوار دەچووین بۆ تەماشاکردنیان، هەروەها تەواوی هێڵکاریی سەر دیواری ئەو بەندینخانەیەم لەگەڵ تابلۆکانی سامان خدردا بەراورد دەکرد، لێکچوونێکی زۆرم دەبینی، چارشێوە ڕەنگ ڕەشەکانیان، بەتایبەتی فۆرم و فیگوری ناو کارەکانی سامان، پێدەچوو ئەو هێڵکارییانە لە خەیاڵ و کولتوورێکی هاوشێوەوە سەرچاوەیان گرتبێت، بەو هەموو لەیەکچوونە سەرسام بووم. ئەوەندە بە تێرامانێکی غەمگینەوە لێم ڕوانین و بیرم لێ کردنەوە، قورساییان لەسەر زەینم کرد و بەکۆمەڵ گوشاریان بۆ هێنام، ئەو شەوە هەر زوو خۆم لەناو جێگەکەم توند کرد و بەتانییەکانم لە خۆمەوە ئاڵاند، هەستم بە ورووژانی ڕۆحم دەکرد، کاتێک لە پێشچاوی ئەو حەشاماتە نوقسان و کەمئەندامەدا کە چواردەوریان گرتبووم، بەکۆمەڵ بانگیان لێ دەکردم، بە جۆرێک ژوورەکەیان لە هاوار و نزای خۆیان پڕ کردبوو، ژوورەکەم لە گۆڕەپانێک دەچوو، کە هەزاران کەس خۆپیشاندانی تێدا بکەن و سەرجەم ناڕازی و توورە بن، بەکۆرس و بە ناوازە بانگیان دەدا، توورە لەو دەستەی فۆرمی ئەوانی بە نیوە ناچڵی کێشابوو، یان ناڕازی و توورە بوون بە هاتنی غەریبێکی وەکوو من بۆ ناویان، ئەوەی لەناو ئەو دەریای فۆرم و هێڵکارییەدا سەرنجی ڕادەکێشام، پۆرترێتێک بوو، کە لە ناوەڕاسی دیواری بەرامبەری جێگەکەدا کێشرابوو، تەنها دەموچاوی بەدەرەوە بوو، لەسەر شانەکانیەوە، بەرەو خوار تا

سەر ئێسقان کرابوون و شێوێندرابوو، لە هەمووان جیاواز تر دەیڕوانی، خامۆش و بێسرتە، چاوە ڕەش و نەرمەکانی ئەو، تەنها خاڵێک بوون، کە لە ژووری زیندانەکەمدا لە تەماشاکردنیاندا گومان و دوودڵیی منیان دەڕەواندەوە و ئارامیان بە ڕۆحم دەدا.
ڕۆژی دوایی، بڕیارم دا هێڵەکانی ئەو پۆرترێتە تۆخ بکەمەوە، سەری پەنجەکانم بە تف و لینجاوی ناودەمم تەڕ دەکرد و بە هێنانی ڕەشی و تۆزی نووسین و هێڵکارییەکانی چواردەوری، سنگ و مەمکەکانیم قوت دەر خستن و هەتا سەر سمتیم بەڕووتی کێشا، سێبەرم بۆ شانەکانی کرد، بە جۆرێک، تەواوی هێڵکارییەکانی تر دەکەوتنە پشتیەوە، بەو مەبەستەی بەڵکوو زیاتر لە نهێنیی نیگاکانی تێبگەم.
ئەو شەوە، تا درەنگانێ، بەدیاریەوە بووم، نازانم شەو چەندی مابوو تاریکیی خۆی لەگەڵ ڕووناکیی ڕۆژدا ئاڵوگۆڕ بکات، کاتێک بەخەبەر هاتمەوە، دەمێ بوو خۆر کەوتبوو، بە خۆمم وت، 'دیارە ئەم بەیانییە پۆلیسەکان دوا کەوتوون!'
لەپڕێکدا ڕاپەڕیم و خۆم ڕاست کردەوە، تاکوو خۆم ئامادە بکەم، نەبا لەناکاودا پۆلیسەکان خۆیان بکەن بە ژووردا.
کاتێک لەسەر جێگەکەم دابەزیم، سەرنجم دا پۆرترێتەکە شێوێنرابوو، هەر وەکوو سەرەتای هاتنم، تەنها دەموچاوی بەکاڵی دەبینرا، سەر سنگ و شانەکانی، دیسان کرێندرابوون و ڕەش کرابوونەوە. لە بێزاریمدا، لە دەرگای زیندانەکەم دەڕوانی، وەکوو ئەوەی لە خەیاڵمدا بمەوێت پرسیار لە پۆلیسەکان بکەم، 'بۆچی؟'
کاتێک ئاوڕم دایەوە، بینیم کابرایەکی سەر و ڕیش سپی و موولوول، لەسەر جێگەکەی خوارەوە خۆی گرمۆڵە کردبوو،

باڵەکانی لە خۆیەوە ئاڵاندبوو، چاوی لێک نابوو، گوێم لە دەنگی هەناسەدانی نەبوو. ویستم بێدەنگ سەر بکەوم بۆ سەر جێگەکەم، کابرا وەکوو لەخەو ڕاپەڕیبێت، بە شڵەژاوییەکەوە لەسەر قەراغی جێگەکە دانیشت و پاش چاو هەڵگلۆفتن و لەچاوکردنی چاویلکەیەک، کە شووشەکەی ئەوەندە ئەستوور دیار بوو، چاوی گەورە و زەق دەینواند، بەدەم ورتەورتەوە، کە بەئاستەم گوێم لێی بوو، 'ئەرێ ئەوە تۆیت، بەندکراوە هۆڵەندییەکە؟'

سەرسام ڕاوەستابووم و لێم دەڕوانی، پیرەپیاوێکی پشتکۆم، سیس و زەرد هەڵگەراو، بە تێڕامانێکی غەمگینەوە، بە دەنگێکی بەرز، دیسان وتی، 'دیارە لە ئینگلیزی تێناگەیت، باشترە بە عەرەبی پێت بڵێم، وایە یان نا؟'

دڵنیاییەک بە دڵ و دەروونمدا هات، ئینجا بە هەڵەشییەکەوە وتم، 'بەڵێ، بەڵێ.'

'تۆ جوولەکەیت؟'

زۆرم لە خۆم کرد دەنگم هەڵنەبڕم، 'مەبەستت چییە، دەتەوێت بزانیت من...'

هەڵوێستەیەکم کرد، لە بیرکردنەوەدا بووم، ئاخۆ چۆن ڕستەکەم تەواو بکەم، ئەو لێی پرسیم، 'تۆ جوولەکەیت؟ دەزانم کە تۆ جوولەکەیت، ترسنۆک.'

'پێدەچێت تۆ لە من باشتر بزانیت.'

لەو دەمەدا، کابرا پێدەکەنی و ڕوومەتەکانی سوور هەڵگەڕابوو، بەدەم پێکەنینەوە وتی، 'تۆ جوولەکەیت، یان هەڵگەڕاویتەوە لە دینەکەی خۆت و بوویتە مەسیحی؟'

'نەخێر، تۆ هەڵەیت، من هەڵگری هیچ دیانەتێک نیم.'

بە قەهر و بێزارییەکی زۆرەوە هاواری کرد و وتی، 'یا حمار، بەدڵنیاییەوە تۆ جوولەکەیت، بوەستە، لێم بوەستە، زۆر چاکە، فرسەتێکی باشە بۆ من، هەتا لەگەڵتا ساغی بکەمەوە و بزانم، ئاخۆ ئێوە لەسەر هەقن یان ئێمە!'

بروسکەیەک بە لەشمدا هات، لە ڕۆحمەوە گەرمییەک شاڵاوی بۆ ماسولکەکانم دەهێنا، لە عەزرەتا دەستێکم بە سووچی قەرەوێڵەکەوە گرت و چاوم توند نووقاند، لە خەیاڵمدا ئەو ساتەم بەبیر هاتەوە، لە ئوتێل سماء، کاتێک یەکێک لەو دوو کەسەی لە ژوورەکەدا لەگەڵم بوون، چەندین جار ئەو پرسیارەی لێ کردم، 'تۆ جوولەکەیت؟ تۆ جوولەکەیت؟'

تاوێک بێئاگا بووم لە کابرا، کاتێک هاتمەوە هۆش خۆم و چاوم هەڵبڕی، کابرا لەسەر ئاودەستەکە چیچکەی کردبوو، دەستی بە ئاو دەگەیاند، سەیرێکی کردم و لەسەرخۆ پرسیی، 'بۆچی گیراویت؟'

'نازانم.'

هەستایەوە و پاش خۆگورجکردنەوە، هاتە بەردەمم، لێی ڕوانیم و پرسیی، 'پێیان نە وتیت لەم کاولەیەدا منت لەگەڵدام؟'

'نەخێر.'

'ئاخ، لێرە ئەوەیش ئاساییە.'

دەستی ڕووبەڕووم درێژ کرد، بە دوودڵییەکەوە دەستم لەناو دەستی نا، دەستی ڕەق و زبر، لە پارچەدارێکی سووتاو دەچوو، زەردەخەنەیەک کەوتە سەر لێوی و وتی، 'سەلیم عومەر عەبدلڕەحمانم'

'مارتن سەلەمۆ'

توند دەستی ڕاوەشاندم و وتی، 'دەڵێم، مارتن، تۆ دیارە جێگەی سەرەوەت هەڵبژاردووە، کە چەندین ساڵە جێگەی خەوی من بووە، بەڵام، لەمەولا لە خوارەوە دەخەوم و سەرەوە بۆ تۆ.'

پاش ئەوەی سەرم بۆ ڕاوەشاند، هیچی ترم نە وت، ئەو پێکەنی و وتی، 'پێت باشە؟'

سەرم بۆ لەقاند، 'باشە.'

دەستێکی خستە سەر شانم، دیسان پێکەنی و پێی وتم، 'داگیرکەر.'

٩

كارمن

ماوەی ساڵێک بوو لەگەڵ کارمندا پەیوەنیمان هەبوو، کارمن پێی وا بوو کاتی ئەوە هاتووە لەگەڵ دایکی ئاشنا ببم و چاومان بە یەکتری بکەوێت.

کاتژمێر هەشتی سەرلەبەیانیی ڕۆژی بیستی مانگی نۆڤەمبەر، من و کارمن بە شەمەندەفەر، لە شاری ئەمستردامەوە بۆ برۆکسل بەڕێ کەوتین، بڕیار وا بوو چەند ڕۆژێک لای دایکی کارمن بمێنینەوە.

کاتژمێر یازدەی سەرلەبەیانی، لە وێستگەی برۆکسل لە شەمەندەفەر دابەزین، ملی شۆستەیەکی باریکی درێژمان گرتە بەر، تاوەکوو بردینییە ناو هۆڵێکی گەورەی جەنجاڵی چاوەڕوانکردن، لە لاپەڕێکەوە بە شانی یەکەوە ڕاوەستاین، کارمن بەردەوام چاوی بۆ دایکی دەگێرا، کە بڕیار وا بوو لەوێ، لە کاتی دیاریکراودا، چاوەڕوانمان بێت. کارمن چەند جارێک هەواڵپرسیی لەگەڵ چەند کۆنە دۆست و ناسیاوێکیدا گۆڕییەوە، هەستەکانم لە

ئامادەباشیدا بوون، وەکوو پیشەی هەمیشەییم، لە بەرکەوتنی هەموو شتێک یان لەبەرامبەر هەموو جێ و شوێنێکی نوێدا.

چەند جارێک کارمن پەیوەندیی بە دایکیەوە کرد، بێ چۆنی و چاکی کورت و خێرا خێرا دەیپرسی، 'تۆ لەکوێیت؟ تۆ لەکوێیت؟'

چەندە بوو لەوێدا ڕاوەستابووین، لە ڕەنگ و ڕواڵەتی ئەو خەڵکەم دەڕوانی، لەگەڵ کارمن یەکتریمان نەدواند، لە کاتێکدا پشتم کردبووە کارمن، لە ئافرەت و پیاوێکم دەڕوانی، کە بە ڕواڵەت و جلوبەرگیاندا، پێدەچوو بە ڕەگەز خەڵکی یەکێک لە وڵاتانی ئەفریقا بن، لەو دەمەدا بە بەردەم مندا تێپەڕین، کابرا لەپێشەوە و بەدوای ئەودا، هەتا دەگەیشتە سەر ئافرەتەکە، هەشت منداڵم بژارد، زنجیرێکیان دروست کردبوو بەدوای یەکدا و دەستیان لەناو دەستی یەک نابوو، لە گەورەوە بۆ بچووک، لە شێوەی جەستەی مارێکدا، بەناو جەنجاڵیی ئەو خەڵکەدا دەکشان، کابرا ناوبەناو ئاوڕی لێ دەدانەوە و بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد، "یاللە، یاللە!" وەک ئەفسەرێک، چۆن فەرمان بەسەر سەربازەکانیدا بکات.

لەناکاوێکدا کارمن باڵی توند گوشیم و وتی، 'مارتن، مارتن، ئەوە کارلایە!'

لە ئاوڕدانەوەمدا، بینیم ئافرەتێک لە شانیەوە ڕاوەستابوو، ئەوەی لەو کاتەدا بینیم و بە خەیاڵمدا گوزەری کرد، بەراوردکردنیان بوو، ڕەنگی قژیان، میکیاج و بەرزیی باڵایان، قەڵەمیی دەموچاویان، ئەوەی لە یەکتری جیایی دەکردنەوە، ڕەنگی مەسکارای دەوری چاویان بوو، کارلا قاتێکی چاکەت و پانتۆڵی ڕەشی تەسک و جووتێک پاپووچی پاژنەبەرزی ڕەنگ سپیی لەپێدا بوو، زیاتر

بواری نەدام لێی بڕوانم، ڕووبەڕووم هات و بە ڕووخۆشییەکەوە باڵەکانی بەرەو ڕووم پان کردنەوە، لەبەر خۆیەوە وتی، 'کارمن، ئەو شتە بەلەزەتە چییە؟'

باوەشێکی توندی پێدا کردم، پاش ئەوەی چەند جارێک ئەملاولامی ماچ کرد، تاوێک بە باڵامدا هەڵزنا و قژە ڕەش و لوولەکەی بەسەر دەموچاومدا پرژاند، بۆنێکی لێ دەهات، کە چاومیان خوساند و هەناسەیان قورس کردم، دەستێکی بە پشتمدا هێنا و هێواش تا سەر سمتم بردی و توند یەکێک لە گردەکانی سمتمی گوشی، منیش دەستێکم لەسەر شانی و دەستەکەی ترم لەسەر کەمەری ڕاگرتبوو، وەکوو پێکەوە بەنیازی سەماکردن بین، ئارەقێکی شەرمنانە سەر سنگی تەڕ کردبووم، کارمن دەستی کێشایە نێوانمان و لێکی جیا کردینەوە و بە مەکرێکەوە پێی وتین، 'تەواو، تەواو، بەسە ئیتر، هەڵی بگرن بۆ دوایی!'

لە چاوەڕوانیی ئەوەدا بووم، کە خۆمان بە یەکتری بناسێنین، لە هەمان کاتدا دەمێ بوو ناوی یەکتریمان بیستبوو، وا بزانم کارلا ئەوەی بە پێویست نەدەزانی، جانتاکانمان بە دەستەوە گرتن و لە ڕۆیشتنماندا، کارلا هاتە نێوانمان و قۆڵی لە قۆڵمان هەڵپێکا و پێی وتین، 'ئوتومبێلەکەم لە گەراجێک لەم نزیکانە ڕاگرتووە، کە نزیکەی کیلۆمەترێک لێرەوە دوورە، بمبوورن، لەم نزیکانە ئوتومبێل ڕاگرتن یاساغە.'

کاتێک لە وێستگەکە دەر چووین، کارلا وەکوو ئەوەی قسە لەگەڵ خۆی بکات وتی، 'کارمن، دەڵێم، مارتن لە چ جۆرە نموونەی پیاوێکە؟'

کارمن بێدەنگ بووبوو، دیار بوو لە بیرکردنەوەدا بوو، دیسان

کارلا وتی، 'مەبەستم ئەوەیە، تۆ بڵێیت ئەوەندە لێهاتوو بێت، دوو ئافرەتی بۆ تێر بکرێت؟'

کارمن قاقایەکی لێدا و وتی، 'ئاخ، مەگەر خۆم نەیناسم.'

'یانی پیاوی هۆڵەندی، لە جێگەدا لە پیاوی بەلجیکی لێهاتووترن؟'

'بەڵێ، بەڵێ، ئەوە بۆ ماوەی ساڵێکە کێرە لاستیکەکەم لە ماڵ لەبیر چووە و بیریشم نەکردووە.'

'ئەو پارچە لاستیکەی تۆ، شەوێکم لێ نەپەڕاندووە، تاکوو بۆت تەڕ نەکەمەوە.'

هەردووکیان دایانە قاقای پێکەنین، کاتێک گەیشتینە گەراجەکە، هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و جانتاکانمان لە ئۆتومبێلەکەی کارلا هاویشتن، سەرنجم لە ڕەنگی ئۆتومبێلەکەی کارلا دا، کە هاوشێوەی ڕەنگی نینۆکی قاچ و پەنجەکانی دەستی بوو. لەشم ئارەقێکی گەرمی کردبوو، کارلا دەستێکی خستە سەر شانم و پرسی، 'دەڵێم مارتن، تۆ کتێبەکانی نووسەر، یان فۆڵکەرت خوێندۆتەوە؟'

'بەڵێ، جگە لە کتێب و نووسراوەکانی، تابلۆ و پەیکەرەکانیشیم دیون.'

'من ئەوسا شازدە ساڵ بووم، کتێبی *میوەی تورکیم* کڕی و خوێندمەوە، پاشان وەکوو فیلمێکیش بینیم، باوەڕ بکە، تەواو ئاسۆی بیرکردنەوەی منیان گۆڕی، دەتوانم بڵێم، ئەو نووسەرە منی پەروەردە کرد، لەسەر شێوازێکی تر لە ئازادی و زیاتر چێژبینین لە سێکس، لە هەمان کاتیشدا لێوەی فێر بووم، کە مرۆڤ پێویست ناکات پابەند ببێت بە هیچ خوویەک یان کولتوورێکەوە و دوای مێگەل بکەوێت، دەزانیت مارتن، من زیاتر

سەرسام بووم بە نووسەرەکە خۆی، باش بەبیرم دێت، کە ئەوسا لە یەکێک لە بەرگی یەکێک کتێبەکانی وێنەیەکی خۆی بەڕووتی، هەر بە ڕووتوقووتی بڵاو کردبۆوە، نازانم لەبیرم نەماوە چەند جار خوێندمەوە، بەڵام ئەوەندەی لەبیرم مابێت، هەموو جارێک دوای خوێندنەوەی، لەنێوان ڕانەکانم دەنا و بەسەریدا دەنووستم.'

باش لەبیرم نەماوە چۆن بوو خۆم لەو قسە و باسانەی کارلا قوتار کرد و خۆم لەناو ئۆتومبێلەکە هاویشت، لەپشتەوە لێی دانیشتم، زۆری پێ چوو، تا بەڕێ کەوتین، چونکە ئەوان تاوێک بوو لەتەنیشت ئۆتومبێلەکەوە ڕاوەستابوون و لەگەڵ یەک دەدوان. تاوەکوو گەیشتینە ماڵی کارلا، نیوکاتژمێرمان پێ چوو، لە ڕێگە، باس باسی دایکم بوو، کارلا دۆکیومێنتارییەکی لە کەناڵی یەکی بەلجیکا دیبوو دەربارەی دایکم، دیار بوو زۆر سەرسام بوو پێی، داوای کرد من دایکمی پێ بناسێنم، یان لە داهاتودا لەگەڵ کارمن سەردانی ئەمستردام بکات و دایکم ببینێت، بەنیازی ئەوەی بەڵکوو دایکم پۆرترێتی کارلا بەڕووتی بۆ ژووری نووستنەکەی بکێشێت، سەرم بۆ لەقاند و پێم وت، 'بۆ نا، دایکیشم پێی خۆشە.'

لەو باسانەدا بووین، کارلا شکاندییەوە بەردەمی گەراجێک، گەراجی خانوویەکی گەورە، کە دیار بوو نۆژەن دەکرایەوە و کرێکارەکان لەسەر پەیژە و سەربان و ناو باخەکەدا خەریکی کار بوون، لە دابەزینماندا، کارلا ڕووی لە ئێمە کرد و پێی وتین، 'دیوی دەرەوەی، هێشتا زۆری ماوە تەواو ببێت، بەڵام ناوەوەی تەواو بووە، مەبەستم لە نۆژەنکردنەوە ئەوەیە، کە جێگە دەست و شوێنەواری کەسی پێوە نەهێڵم.'

لە دەرگایەکی کۆنی گەورەوە چووینە ژوور و کەوتین بەسەر هۆڵێکی گەورەدا، هۆڵەکە چێشتخانەیەک و بارێکی مۆدێرنی دەکەوتنە سەر، لەسەرخۆ چاوێکم بە ماڵەکەدا گێڕا، زۆر گەورە دیار بوو، ماڵەکە زۆر ڕۆشن بوو، ڕۆشن بوو وەکوو ڕەنگ و فۆرم، ماڵێک، بە ڕەنگی سپی داپۆشرابوو، کەرەستەکان یان ئەلەمنیۆم یان دار بوون و بۆیەی سپی کرابوون، مێز و کورسی و قەنەفەکان لە چەرمی سپی گیرابوون، کارلا و کارمن بە قژە ڕەشەکەیانەوە، زەق تێیدا دەر دەکەوتن، بەپانی دیوارەکاندا ڕەفەی باریک کێشرابوون و ڕازێنرابوونەوە بە پەرداخی شەرابی هەمەجۆر، لەسەر مێزی ناوەڕاستی هۆڵەکە، چەندین گۆڤاری ڕەنگاوڕەنگ کەڵەکە کرابوو، کارلا لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا ڕاوەستا و هەردوو باڵی پان کردەوە، وەکوو بیەوێت ئاماژە بە هەموو شتێک لە ماڵەکەدا بکات، بە دەنگێکی بڵند وتی، 'بەخێر بێن بۆ کۆشکی کارلا!'

پاش ئەوەی سەر و خواری ماڵەکەی پێ گێڕاین، پرسیی، 'ئێ، بەلاتانەوە چۆنە؟'

کارمن ماسولکەکانی دەموچاوی گرژ کرد و چاوی بچووک کردەوە و بە تورەییەکەوە لە کارلای پرسی، 'هەست ناکەیت زیادەڕۆییت کردبێت؟ من هیچ شتێک لە ماڵەکەدا ناناسمەوە!'

'ئازیزم، تۆ ساڵی جارێک ڕێگەت دەکەوێتە ئێرە، وەکوو میوان.'

لەمەوە بێدەنگی کەوتە نێوانیان، کارمن ئەو دوانیوەڕۆیە دەنگی لێ دابڕین و کزۆڵەی لێ کرد، بێزارییەکی زۆر بە ڕوویەوە دیار بوو، کارلا منی بەسەر هەموو پارچە و کەرەستەیەکی ماڵەکەدا گێڕا و

جۆری و نرخ و ناوی گارگە و چۆنێتیی گواستنەوەیشیانی بۆ باس کردم.
ئەو ئێوارەیە، کارلا بەیارمەتیی وەستای چێشتخانەکەی، کە لە سەنتەری برۆکسل بوو، بۆ ئامادەکردنی خۆراک سەرقاڵ بوو، چێشتکەرەکە کابرایەکی قەڵەوی سوورکار بوو، قژی بە سەرەوە نەمابوو، سەر و کەللەی سوور هەڵگەڕابوو، کارلا بە پییێر بانگی دەکرد، پییێر بە زمانێکی فەرەنسیی نەرم دەدوا و بەردەوام چاوی لە من نە دەترووکاند، کاتێک کارلا لە شانمەوە ڕاوەستابوو، بە گوێمدا چپاندی، 'خۆ چێشتکەرەکەم بێزاری نەکردوویت؟'
بە سەرسامییەکەوە و لەژێر لێوەوە وەڵامم دایەوە، 'تێناگەم، بۆ وای دەبینیت کە بێزاری کردبم؟'
'پییێر، تەنها حەزی لە پیاوانە و ئەگەر من خۆشمی بۆ ڕووت بکەمەوە، نەک هەر سەیریشم ناکات، بەڵکوو لەوانەیە ئێرەش بەجێ بێڵێت.'
سەرم بۆ لەقاند و پاشان چووم بۆ لای کارمن، لەو کاتەدا کز و خەمبار لە بەردەم بەنجەرەکەدا ڕاوەستابوو، تەماشای دەرەوەی دەکرد، کە لە گۆڕەپانێکی بەتاڵی چیمەن پێک هاتبوو، منیش بێدەنگ لە شانیەوە ڕاوەستام، نەمویست ئەو بێدەنگییە بشکێنم و خەیاڵی کارمن بشێوێنم.
دیار بوو دەمێ بوو پشتمان لە کارلا و پییێر کردبوو، بەردەوام دەنگیان لێوە دەهات و خەریک بوون، لەناکاوێکدا کارلا خۆی هاویشتە نێوانمان و وتی، 'فەرموون، میوانە ئازیزەکانم، خۆراک ئامادەیە.'
لەو کاتەدا پییێر بە گرژومۆنییەکەوە دەستێکی بۆ حەوا داین، بێ

ئەوەی هیچ بڵێت، لێی دا و ڕۆیشت. دڵەکوتێم بوو، تاکوو بزانم چی ئامادە کراوە، هەرچەندە کارمن بە نابەدڵییەکەوە جێگەی گرت، ئینجا هەرسێکمان لەسەر مێزەکە دانیشتین، کارلا ئاماژەی بە خۆراکەکان کرد و وتی، 'دەی دڵەکانم، تامی بکەن بزانن چەند بەچێژە، چێشتی دەستی باشترین چێشتکەر لە بەلجیکا، مۆنسیۆر پییێر.'

لەسەر هەرسێ قاپەکە، سێ پارچە ماسی دانرابوو، بە چواردەوریدا، چەندین پارچە سەوزەی کوڵاو، نە ماسییەکە و نە سەوزەکانم نەدەناسییەوە، پێم وا بێت ئەگەر زیندوو بوونایە، لەوە دەچوو بمزانییایە چین و کێن و سەر بە چ تیرەیەکن، دوو قاپی بچووکی شۆرباش لە ناوەڕاستی مێزەکەدا بوو، لەگەڵ کەرەی تێکەڵ بە سیر و سەبەتەیەکیش نانی فەرەنسیی لەسەر کەڵەکە کرابوو، بێجگە لە دوو شووشەی شەرابی سوور، کە سێبەری باڵای خۆیان بەسەر مێزەکەدا ڕاخستبوو، دیار بوو کارلا پەرداخی لەبیر چووبوو، لەو دەمەدا کە من چاوم لەسەر شووشەی شەرابەکان بوو، دەمویست نووسینەکانیان بخوێنمەوە، کارلا وتی، 'ئەو دوو شووشە شەرابە، بەتایبەتی بۆ ئەم شەوم کڕیون، ئەوە تەمەنیان لە ئێوە زیاترە، تا بڵێیت گرانن، شەرابی وا، لە هیچ بازاڕێکدا دەست ناکەوێت.'

کاتێ دەستمان کرد بە نانخواردن، کڕی و بێدەنگی باڵی بەسەر ماڵەکەدا کێشا، هەموو سەرمان داخستبوو، تام و لەزەتی خۆراکەکە، نووزەی لە هەموومان بڕیبوو، زۆری پێ نەچوو، قاپەکانی بەردەممان بەتاڵ بوون، ئینجا من تامەزرۆی قومێک شەراب بووم، ویستم پرسیاری پەرداخ بکەم و شەراب بخۆینەوە،

لەو دەمەدا کارلا ڕووی کردە کارمن و لێی پرسی، 'دەڵێم، کارمن، پێت باشە ژوورەکەی تۆ بخەمە سەر ژووری خەوتنەکەی خۆم، مەبەستم دیواری نێوانیان لا بەرم و بیانکەم بە یەک ژوور؟'
کارمن، بێ ئەوەی سەیری دایکی بکات، لەژێر لێوەوە پرسیی، 'چۆن؟'
'ئەوە دوو ساڵە، تۆ شەوێک چییە لەو ژوورەدا نەخەوتوویت! وەکوو تر،ماڵی تۆ ئێستا لە ئەمستردامە، وانییە؟'
'تۆ دەزانیت چی دەڵێیت، ئەمستردامی چی و ماڵی چی، منیش وەکوو تۆ لەم ماڵەدا دەژیم؟!'
'ئێ، ئێ، ڕاستە، زۆر ڕاستە، تۆ لەو دوو ساڵەی ڕابردوودا، من و ئەم ماڵەیشت بە ئەمستردام و ئەم کوڕە جوانە گۆڕیوەتەوە.'
کارمن بە قەهر و بێزارییەکەوە قیژاندی، 'دایکە، من لێت تێناگەم، دەتەوێت ئەم باسە بگەیەنیتە کوێ و مەبەستت چییە؟'
'ئازیزم کارمن، ئەوە خواستی من نەبووە، کە بەتەنیا بم، بەڵکوو تۆ بە پێویستت دەزانی بچیت بۆ دەرەوەی وڵات و لە ئەمستردام بخوێنیت، بۆ لە بەلجیکا زانکۆ قات، بووبوو؟'
پاش تاوێک بێدەنگی، بەدەم ورتەورتەوە، کە بە ئەستەم گوێم لە دەنگی بوو، کارمن وتی، 'دایکە، بە یارمەتیت، ئێستا کاتی ئەوە نییە، هەڵی بگرە بۆ سبەینێ، پێم وا بێت تۆ کێشەیەکت هەیە، بەڵام مەرج نییە ئەو کێشەیە من بەرپرس بم لێی.'
کارلا بەدەم گریانەوە منگاندی، 'خۆت گێل مەکە، باش دەزانیت مەبەستم چییە، بێبەختیی من لەوەدایە، تۆ زۆر لە باوکت دەچیت!'
کارمن لە عەزرەتدا دەستی دەگوشین، فرمێسک لە چاویدا پەنگی خواردبوو. تاوێک بوو بە قەهرەوە بێدەنگ لە دایکی دەڕوانی،

پاشان بە دەنگێکی نووساوەوە وتی، 'بەڵێ، دایکە، دەزانم من لە باوکم دەچم، پێی بەختەوەر بم یان نا، ئەوەیان لای کەس نادرکێنم و هەڵی دەگرم بۆ خۆم، چوونیشم بۆ ئەمستردام، ڕاکردنم بوو لەو دونیایەی تۆ بۆت خولقاندبووم، ڕاکردن بوو لە شەڕ و ئاژاوەی نێوان تۆ و باوکم، ئەو باوکەی ئێستا دڵنیام لە سووچێکی ئەم دونیایەدا بۆخۆی دوور لە ئێمە دەژی.'

کاتێک ناوی باوکی کارمن کەوتە نێو ناوانەوە، بیری ئەوەم کەوتەوە، لە سەرەتای پەیوەندیماندا کارمن بۆی باس کردبووم، باوکی بەیانییەک، بە مەبەستی ڕۆژنامەکڕین لە ماڵ دەر دەچێت و ئیتر ناگەڕێتەوە.

سەرم داخستبوو، وەکوو چۆن ڕووداوەکان وایان دەخواست، سەری پەنجەکانم بە ماسولکە داتاشراوەکانی ڕووی مێزی نانخوادنەکەدا دەهێنان، ڕاچڵەکیم لە قیژەی کارلا، 'باوکت، باوکت، لەو باوەڕەدای مابێت و ژیانێکی نوێی پێکەوە نابێت؟'

'دڵنیام، چونکە دڵم وام پێ دەڵێت.'

'ئەو پیاوە لاواز و ساویلکە و ترسنۆکە، لەو باوەڕەدایت بتوانێت تەنها ڕۆژێک بێ من بژی؟'

'دایکە، دیارە تۆ شتێک دەزانیت، دەربارەی باوکم، کە من بێئاگام لێی، تکایە، هەرشتێکی نوێ لەبارەی باوکمەوە دەزانیت پێم بڵێ.'

کارلا ڕووی لە کارمن وەر گێڕا، کە بەردەوام چاوی بە ماڵەکەیدا دەگێڕا، هەردوو دەستی بە قژیدا هێنا، هێشتا پاشماوەی گرژومۆنی بە ڕوخسارییەوە دیار بوو، بە دەنگێکی نزم وتی، 'نەخێر هیچ هەواڵێکی نوێی نازانم، نایشمەوێت هیچ هەواڵێکی باوکت بزانم، ئەو باوکەی تۆ، شایانی ئەوەنییە، ئەگەر ئێستا

تۆپبێت و لەبنی دەریادا ڕزیبێت، دەربەسی نیم، هیچ دەربەسی نیم، لە قووڵایی دڵمەوە ئەو تۆپینەی پێ ڕەوا دەبینم.'
کارمن لە عەززەتدا خەریک بوو لەسەر کورسییەکەی بەر ببێتەوە، بە دەنگێکی کزۆڵەوە لە دایکی ڕوانی و پێی وت، 'تۆ پەیمانت پێ دام، لە سۆراغکردنی کۆڵ نەدەین، ئیتر بەزیندوویی بێت یان...'
کارلا بواری نەدا کارمن قسەکەی تەواو بکات، بە بێزارییەکەوە زریکاندی، 'تاکوو کەی چاوەڕوانی ئەو باوکە بەڕێزەی تۆ بکەم، پێم ناڵێیت، کەی بتوانم ئەو سەرئێشەیەم نەمێنێت و بۆخۆم بەئاسودیی بژیم؟'

من نەمدەویست لەوە زیاتر گوێیان لێ بگرم، لە قووڵایی خەیاڵمدا، لە گەڕاندا بووم لە یادەوەرییەکم، تاکوو هەستەکانمی پێوە پابەند بکەم و هەستەکانم لە چواردەورم داببڕم، سەرنجم چووە سەر شووشەی شەرابەکان، لە خەیاڵمدا بە خۆمم وت، 'دەبێت ئەو شەرابە کۆن و گرانبەهایانە تامیان چۆن بێت، خەیاڵیان چەند بڕ بکات؟'
من لە ساغکردنەوەی نرخی دوو شووشە شەرابەکەدا بووم، بینیم چۆن کارلا دەستی دانێ و بردنی بۆ سەر مێزی کەوانتەری چێشتخانەکە. تاوێک بوو هەردووکیان بێدەنگی دای گرتبوون، بەردەوام بە شانی یەکدا دەهاتن و دەچوون، خەریکی کۆکردنەوەی قاپ و قاچاخی سەر مێزی نانخواردنەکە بوون، پاش تاوێک سەرنجدانم لە هەردووکیان، جارجار نیگای کارمنم دەکرد و لە ئاراستەی چاوی دەگەڕام، زیاتر لە کاتژمێرێک، کارمن و دایکی قسەیان لەگەڵ نەکردم و تەنانەت لێشیان نەڕوانیم، منیش

ورده ورده له خەیاڵی خۆمدا نغرۆ دەبووم.
ئەو ڕۆژانەم هاتەوە یاد، کە دایکم نیگاری دەکێشا، چۆن ئەو لە کاتی کێشانی تابلۆیەکیدا مەست و بێدەنگ دەبوو، هەستەکانی لە ڕووی فیگور و هێڵەکاندا چەقیان دەگرت، زەلیل خۆی گرمۆڵە دەکرد، گەر پرسیارێکیشم لێ بکردایە، خێرا وەڵامی دەدامەوە.
لەو دەمەدا، چەند جارێک ویستم بانگی کارمن بکەم، بەڵام هیچ پرسیارێکی ئامادەکراو یان وشەیەکم شک نەدەبرد لە خەیاڵمدا، تاکوو شیاوی دوای ئەو شەڕە دەنووکەی ئەوان بێت، ئەوسا لە خەیاڵی خۆمدا دەم وت، 'دەبێت کارمن هەست بە چی بکات و بیر لە چی بکاتەوە!'
خەمم بوو، خەمی دڵی کارمنم بوو، دەبێت دڵی لەکوێوە درزی بردبێت، دەبێت ڕۆحی ئێستا چ ڕەنگێک بنوێنێت، لەوانەیش بوو ئەوکات ئەو بەرامبەر من هەستی بە شەرمەزاری کردبێت، بۆ ئەوەی بواریان پێ بدەم زیاتر لەگەڵ یەک بدوێن، هەستام ویستم بچمە دەرەوە پیاسەیەک بکەم، کاتێک لەناو دەرگاکەدا ڕاوەستابووم و بەنیازی ڕۆیشتن بووم، ئاوڕم دایەوە و تاوێک لە هەردووکیانم ڕوانی، پشتیان لێم بوو، لە چێشتخانەکە، هەریەکەیان بە شتێکەوە خەریک بوو، بە ئەنقەست کۆکەیەکم کرد، دیار بوو ئەوان لە بیرکردنەوەیەکی قووڵدا بوون، دەرگاکەم بەدوای خۆمدا داخست و بەتەنیشتی گەراجەکەدا، کە شۆستەیەکی باریکەلەی بەرد ڕێژکراو بوو، تاوەکوو ناو باخی پشتەوەی ماڵەکەی بردم، هێشتا خۆر ئاوا نەبووبوو، باخی پشتەوەی ماڵەکە تێکوپێک درابوو بەسەر یەکدا، دەت وت ڕەوەبەرازی کێویی تێ کەوتووە. لە کەنارەوە، چەند کورسییەکی داری ڕزیو دانرابوو، بە

چواردەوریانـدا ئاخزەجگـەرە پرژابـوو، یـەکێک لـە کورسـییەکانم هـەڵگرت و بردمـە لا و تەنیشـت دیـواری خانووەکە، بە مەبەسـتی ئەوەی لـە هیچکـام لـە پەنجـەرەی ماڵەکـەوە نـەبینرێم، لـە کـەناری باخەکـەدا، کاتژمێرێک زیـاتر دانیشـتم، نەمـدەتوانی خـەیاڵم ڕابگـرم لەسـەر سـاتێک لـە ڕابـردووم، بیریشـم لـە داهـاتووم نەدەکـردەوە، کـارمن تـەواو بیروهۆشـمی داگیـر کردبـوو، لێدوانـەکانی ئـەوان، وەکـوو خڕکـە بـەردێک خۆیـان بـە دیوارەکـانی خـەیاڵ و کەللـەی سـەرمدا دەدا و زووزوو دووبـارە دەبوونـەوە، بـە دڵـەکوتێ خـۆم ڕاست کردەوە و هەستام و بەرە و ژوورەوە چووم.

کاتێـک لـە دەرگـام دا، کـارلا کردییـەوە، بـەبێ ئـەوەی هـیچ بڵـێم، ئـەویش بـە سـاردییەکەوە لێـی ڕوانـیم و هیچـی نـە وت، ماڵەکـە بێدەنگییەکی ترسناک دای گرتبوو، لەوە دەچوو نە شـەڕ بێت و نـە ئاشتی، دایکم هەموو جارێک دەی وت، 'نە شەڕ و نـە ئاشتی یـانی بێـدەنگی، بـەڵام ئـەو بێدەنگییـە، لـە شـەڕکردن ترسـناکترە بـۆ ڕۆحمان.'

هەموو ئەو ڕۆژە، تەلەڤزیۆنەکە داگیرسابوو، بەڵام ئەویش لەلایـەن خـاوەن ماڵەکـەوە بێـدەنگ کرابـوو، لەسـەر کـەناڵی یـەکی بـەلجیکا بـوو، بەرنامەیـەکی لێدوان بـوو، چەنـد کەسـێک بـەدەوری مێزێکدا دانیشـتبوون و لـە گەرمـەی لێدوانـدا بـوون، دوای ئـەوەی بـۆ کۆنترۆڵی تەلەڤزیۆنەکە چاوێکم بە چواردەوری خۆمـدا گێڕا، خـۆم ڕاست کردەوە و ویستم لە کارلا بپرسم، ئایا بۆم هەیە دەنگی تەلەڤزیۆنەکە زیاد بکەم، لـەو دەمـەدا، کـارمن لـەناکاو بـە دەنگێکـی بەرز وتی، 'گوێ بگرە دایکە، لـەو بـاوەڕەدا نیم تۆ بتوانیت ژیانـت لەگەڵ هـیچ کەسـێکدا بـەش بکـەیت، تۆ هـەرگیز ناتوانیت کەسـێکت

خـۆش بوێـت، تـۆ تەنیـا خۆتـت خـۆش دەوێـت و بـەس، تـۆ خۆپەرستیت، دەقاودەق چوویتەتە سەر دایکت، ئەویش زیاتر لە چـل سـالّی تەمـەنی، لەگـەڵ کەرەسـتە گرانبـەها و پشـیلە بێسفەتەکانیدا ژیا.'

'تۆ ڕاست دەکەی کارمن، ئەگەر من کەسانی هاوشێوەی تۆ و باوکتم هەبێت، هەر ئەوە چارەنووسمە، ناچارم لە جێگەی تۆ و باوکت، دوو پشیلە ڕابگرم.'

لەمەوە بێدەنگ بوون، هەردووکیان وەک دوو ورچی برسی، بێ ئـارام بـە ماڵەکـەدا دەگـەڕان، کـارلا وەک ئـەوەی شـتێکی بیـر کەوتبێتـەوە، ڕووبـەرووی کـارمن چـوو، هـەردوو شـانەکانی تونـد گرت و ڕای وەشاند، بە تووڕەییەوە پێی وت، 'هەمووی خەتای تۆ و باوکتە، دەزانیت، دەزانیت؟'

'ئاخ دایکە، چەند بەستەزمانیت، یەک جار، تەنها، یەک جار لە ژیانتا سەرزەنشتی خۆت بکە و هەڵەکانی خۆت ببینە، هێندەی من لەبیرم بێت، تۆ هەمیشە مافت بە خۆت داوە و ئیمـەت قەرزاربار کـردووە، خـۆت، هـەر خـۆت، هـەتا دوایـی، هـەر خـۆت و بـەس، دەزانیت وایە، خۆ پەرست.'

دەنگی هۆڕنی ئوتومبێلێک لەپێش گەراجی ماڵەکە، هەردووکیانی ڕاچڵەکانـد و لێکـی جیـا کردنـەوە، کـارلا بەهەڵـەداوانێک، بـێ ڕاوەستان و بە ڕاکردن بە پلیکانەکاندا چوو بۆ نهۆمی سەرەوە. دیسان کارمن چوو لە بەردەم پەنجەرەکەدا ڕاوەستا، بێدەنگ لە دەرەوەی دەڕوانی، لەو کاتەدا کارلا بە پلیکانەکاندا بە لەنجەولار هاتە خوارێ، لەبەر خۆیەوە گۆرانیی دەچڕی، جیاوازتر لە تاوێک لەوەوپێش، عەزییەکی سووری کورتی تا سەر ئەژنۆی لەبەردا

بوو، دوو جووت پێڵاوی پاژنەبەرزی بە دەستەوە بوو، وەکوو بڵێی ئەو تووڕەبوون و گرژییەی لە سەرەوە، لەبەری خۆی داکەندبێت، ڕووخۆش و گەشاوە دیار بوو، بەرامبەرم دانیشت و هەردوو جووتە پێڵاوەکەی تاقی کردەوە، جارێک لێی ڕوانیم و ڕای وەرگرتم، عەزییەکەی بەری ئەوەندە کورت بوو، ڕانە ڕێک و سپی و لووسەکانی، جێگەی سەرنجم بوون، چەند جارێک لە بەردەممدا خولایەوە و دیسان ڕای وەرگرتمەوە، منیش تەنها سەرم بۆ دەلەقاند، لەو کاتەدا کارمن پشتی تێ کردبووین و تاوێک بوو بێدەنگ لە دەرەوەی دەڕوانی. کاتێ کارلا چوو لەپشتی کارمنەوە ڕاوەستا و هەردوو باڵەکانی لەملیەوە ئالاند، بە دەنگێکی پڕ لە سۆز و مەکرەوە وتی، 'ئازیزم، لە دایکت زوویر مەبە، تەمەن و ساتەکانی ژیان وا دەخوازن، کە من و تۆ وا مامەڵە لەگەڵ یەکتریدا بکەین، ئەوەی ڕابورد ڕابورد، پێویست ناکات من و تۆ تاکوو دەمرین بەدیار ڕابردوومانەوە وشک ببین.'

کارمن نە دەنگی لێوە هات و نە لە جێگەی خۆی جوولا، لەو دەمەدا چەند جارێک زەنگی دەرگاکە لێدرا، کارلا بە ڕاکردن ڕووبەڕووی دەرگاکە چوو، دەرگاکەی والا کرد، کوڕێکی درێژی سوورکار، دیار بوو لە من و کارمن لاوتر بوو، بەدوای کارلادا هات و لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا ڕاوەستا، قاتێکی چاکەت و پانتۆڵی سپی و تەنانەت ڕەنگی پێڵاوەکانیشی سپی بوو، بەبێ ئەوەی سڵاومان لێ بکات، باوەشی بە کارلادا کرد و لە زەوی هەڵی بڕی، چەند جارێک بەدەوری خۆیدا خولاندییەوە، بۆ چەند هەناسەیەک دەمیان لەناو دەمی یەک نا، پاشان دەستی یەکیان گرت و بە فیزێکەوە بە ماڵەکەدا دەستیان بە گەڕان کرد، دیار بوو کارلا

دوایـین گۆڕانکـاری و جوانکـاریی ماڵەکـەی بـۆ بـاس دەکـرد، بەردەوام بە زمانی فەرەنسی لەگەڵ یەک قسەیان دەکرد. زۆری پێ نەچوو، بەدەم پێکەنین و یەکترگوشینەوە، بەبێ ماڵئاوایی لێیان دا ڕۆیشتن.

ماڵەکـە تـەواو بێدەنگی دای گـرت، مـن و کـارمن تـەنیا کـەوتین، نەمویست دەستپێشخەری بکەم و بانگی بکەم یان بچم بۆ لای، زۆری پێ نـەچوو، کارمن چوو بۆ چێشتخانەکە و دوو پەرداخ و دوو شووشە شەرابەکەی هێنان و لەسەر مێزەکەی بەردەمی مندا دای نان، پاش هەڵبچڕینی یەکێک لە شووشەکان، بە دەنگێکی گڕ و تێکشکاوەوە، بێ ئەوەی سەیرم بکات، وتی، 'شەرابم لەگەڵ دەخۆیتەوە؟'
سەیرێکم کرد و سەرێکی ڕازیبوونم بۆ لەقاند، دیار بوو هیچمان نەماندەزانی چۆن یەکتری بدوێنین و لەکوێوە دەست پێ بکەین، بێدەنگی دای گرتین، خێرا خێرا پەرداخەکانمان نیوەپڕ دەکردن و دەمان ڕژاند بە قورگی وشکماندا، پاشان کارمن، بە هەردوو دەستی، چاوی هەڵگلۆفت و وتی، 'دێیت لەگەڵم بچینە دەرەوە؟'
'بەڵێ، دێم لەگەڵت."
لە کاتێکدا خەریکی خۆئامادەکردن بووین، کارمن تەلەفۆنی کرد بۆ تاکسی، زۆری پێ نەچوو، لە بەردەمی ماڵەکە ئامادە بوو، لێم نەپرسی بۆ کوێ دەچین، هەموو ئەو ڕێگەیەیش، قسەمان لەگەڵ یەکتری نەکرد. پاش بیست خولەکێک، گەیشتینە جێگەیەک. دابەزین و پاش ئەوەی دوو کۆڵانی بەرتەسکمان بڕی، کەوتین بەسەر گۆڕەپانێکی جەنجاڵدا، کە سەنتەری شاری پێک دەهێنا و

بەناوبانگ بوو بە جێگەی ئاهەنگی شەوانە، کارمن بەدەم ڕیوە چاکەتە چەرمەکەی داکەند و دای بەسەر دەستیدا و وتی، 'لای من، ئەم گۆڕەپانە خۆشترین جێگەیە.'

سەیرێکم کرد و سەرم بۆ لەقاند، پێشم کەوت و بە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکەدا، بۆ بەردەمی دیسکۆیەک، کە دیار بوو هێشتا نەکرابۆوە، کوڕ و کچ ڕیزیان گرتبوو، لە بەردەرگایەکی گەورەی ئاسندا، لەسەر دەرگاکە نووسرابوو، دیسکۆی *چاڵ*.

کارمن خێرا هاوڕێ کۆنەکانی دۆزییەوە و بەیەکدا ئاڵان، سێ کچ و دوو کوڕ بوون، پێدەچوو هاوتەمەنی ئێمە بن، لەپشتی کارمنەوە ڕاوەستابووم و لێم دەڕوانین، پاش تاوێک گفتوگۆکردن، یەکێک لە کوڕەکان دەستی بۆ من درێژ کرد و لە کارمنی پرسی، 'ئەو کوڕە لەگەڵ تۆیە؟'

کارمن، بێ ئەوەی ئاوڕ لە من بداتەوە، وتی، 'بەڵێ، میوانی منە.'

لە شوێنی خۆمەوە یەک یەک چاوێکم پێدا گێڕان و سەرم بۆ لەقاندن، ئینجا ڕووم لێ وەر گێڕان و لەپشتیانەوە، لە ڕیزەکەدا ڕاوەستام، هەستم پێ کرد، شەرابەکە تا دەهات زیاتر کاری تێ دەکردم، لەو جەنجاڵی و تەنیاییەمەدا، پەلکێشی دەکردم و دەیهاویشتمەوە ناو خۆم، لە خەیاڵی خۆمدا وتم، 'کارلا ڕاستی کرد، بەڕاستی شەرابی چاکە.'

نازانم من زۆر مەست بووم، یان هەر وام دەبینی، زووزوو کارمن لەگەڵ یەکێ لە کوڕەکاندا دەستلەملانێی دەکرد، لە کاتێکدا پشتم تێ کردبوون و خۆم بە دیوارێکەوە هەڵپەساردبوو، دەستێک توند شانی گوشیم. لە ئاوڕدانەوەدا بینیم، کارمن زەردەخەنەیەکی بۆ کردم و پێی وتم، 'مارتن، وەرە با بچینە ژوورەوە.'

دوای کەوتم و چووینە ناو دیسکۆکە، کاتێک من جێگەیەکی بەتاڵم لــە کــەناری بارەکــە گــرت و داوای پــەرداخێک ئــاوم کــرد، مەیخانەچییەکە سەرێکی لێ ڕاوەشاندم و پێی وتم، 'لێرە بەس لە تەوالێتەکان ئاو هەیە، ئەگەر زۆرت تینووە، بچۆ بۆ ئەوێ!'

بــە بێزارییەکــەوە ســەیرێکم کــرد و پــێم وت، 'باشــە، بمبــوورە کۆلایەکم بەرێ.'

پێش ئەوەی مەیخانەچییەکە کۆلاکەم بۆ تێبکات، من پشتم تێ کرد و بینیم کارمن لەگەڵ هاوڕێکانیدا لە گەرمەی سەماکردندا بوو، دوای زیاتر لە کاتژمێرێک، هاوڕێکانی کارمن ماندوو بوون و بڵاوەیان لێ کرد، کارمن بەتەنیا لەسەر سەکۆی سەماکردنەکە، لەنێوان هەمووانـدا، بێئاگـا لـە چـواردەوری چـاوی لێـک نـابوو و چوارپەلی با دەدا و سەمای دەکرد، لەو کاتەدا وا هەستم دەکرد، کە تەنها نمایش بۆ من دەکات، چاوم لێ نەدەتروکاند و بێوچـان بە سەرنجەوە لێم دەڕوانی، ئارەق لە دەموچاوی دەتکا، قژە لـوول و ڕەشـەکەی، تـەڕ بـە ملیدا مەلاسـەیان کردبوو، بلـووزە تـەنک و تەسـکەکەی بـەری، بــە گۆشــتیەوە نووســابوو، ئەوەنــدەم بــە ســەرنجەوە لــێ ڕوانیبــوو، دڵــم لــە عەزرەتــدا خــۆی دەکێشــا بــە قەفەسی سنگمدا، لە تینوواندا قوڕگم بە مەلاشوومەوە نووسابوو، نازانم چەند جار یان چ جۆرە مەشروبێکم داوا دەکرد و ڕژاندم بە گەروومدا، بەڵام نـە مەسـت دەبووم و نـە چـاوم هـیلاک دەبوو لـە ڕوانینی کارمن.

زۆری نەخایاند، خۆمم لەسـەر سـەکۆی سـەماکردنەکەدا بینییـەوە، ڕووبـەڕووی کـارمن، بـەبێ ئـەوەی بەئاگـای بێنمـەوە، هاوشـێوەی ئـەو چـاوم لێـک نـا و بەرامبـەری دەسـتم کـرد بـە سـەماکردن، لـە

کاتێکدا بەڕێوە بووم بۆ ناو قووڵایی خەیاڵەکانم و هێشتا لە دەرگای هیچ ئانووساتێکم نەدابوو، دوو دەست وەبن باڵەکانم کەوتن و جەستەیەکی تەڕ و گەرم نووسا بە گیانمەوە، بەئەستەم چاوم هەڵبڕی، بینیم کارمن تا دەهات، زیاتر خۆی لێ توند دەکرم. وەک ئەوەی بڵێی لە قووڵایی مندا، لە جێگەیەک بگەڕێت، تاکوو خۆی تێ بئاخنێت، بێ دوودڵی، باڵەکانم تێوە ئالاند و هێواش هێواش چاوم لێک نایەوە، لەگەڵ تۆنی مۆسیقاکەدا، پێیەکانمان بەدوای پێی یەکتریدا دەخشاند و هێواش خۆمان دەلەنگاند. زیاتر چی بنووسم، دەربارەی ئەو دەمەی لەوێدا لەگەڵ ئەو بووم، بێئاگا بووم، بێئاگا بووم لە چواردەورم، دەرگای خەیاڵم لەسەر داخرابوو، هەموو هەستەکانم بە کارمنەوە پابەند کردبوو.

تا ئەو کاتەی یەکێک لە هاوڕێکانی کارمن، بە پێکەنینەوە دەستێکی خستە نێوانمان و لێکی جیا کردینەوە و پێی وتین، 'دەبێت بڕۆین، دیسکۆکە دادەخرێت.'

کاتێک ڕوانیم لە چواردەورمان، بێجگە لە هاوڕێکانی کارمن، کەسی ترم نەدەبینی، دوو کاتژمێر زیاتر بوو لەگەڵ کارمن چووبوومە خەڵوەتەوە و بێئاگا بووین لە چواردەورمان. لە چوونەدەرەوەماندا، سەرنجی کاتژمێری نێو تەلەفۆنەکەم دا، کاتژمێر سێی شەوی نیشان دەدا. گۆڕەپانەکە هێشتا جمەی دەهات و لێرە و لەوێ، هێشتا کوڕ و کچ بەکۆمەڵ ڕاوەستابوون، بەناو گۆڕەپانەکەدا ڕۆیشتین و گەیشتینە گەراجێک، کە لە ژێرخانی بالاخانەیەکدا بوو، یەکێک لە هاوڕێکانی کارمن، ئوتومبێلەکەی لەوێ ڕاگرتبوو، ئەوان لە پلانی ئەوەدا بوون، کە چۆن هەر حەوتمان لەو ئوتومبێلەدا جێگەی خۆمان بکینەوە، چەند

جارێک خۆمم لە کارمن نزیک کردەوە و ویستم پێی بڵێم، 'با بە جیا تاکسییەک بگرین.'

زۆری پێ نەچوو، خۆمم لەپشتەوەی ئۆتومبێلەکەدا بینییەوە، لەنێوان دووان لە کچەکاندا، نیوەی سمتی یەکێکیان لەسەر کۆشم بوو، کارمن لەپێشەوە دانیشتبوو، زوورزوو دەنگی ڕیکۆردەکەی زیاد دەکرد و لەبەر خۆیەوە گۆرانییەکەی دەچرپییەوە. ئەوەندە نەبوو بەڕێوە بووین، ئۆتومبێلەکە ڕاوەستا و هەموو دابەزین، شەقامێکی چۆڵوهۆڵ لە کەناری دارستانێکدا، چەند هەنگاوێک لە ئۆتومبێلەکە دوور کەوتنەوە، تا سنووری دارستانەکە، هێشتا ڕووناکیی دارگڵۆپەکان دەیگرتەوە، هەموویان بە ڕیزی یەکدا ڕاوەستان و پانتۆڵەکانیان تا سەر ئەژنۆیان هێنانە خوار، یەکێک لە کوڕەکان منی ڕاکێشایە ڕیزی خۆیانەوە و پێی وتم، 'مارتن، دەی تۆیش لەگەڵماندا بەشدار بە و بەو تەلبەندەدا هەڵمیزە.'

دوای ئەوەی منیش چوومە ڕیزیانەوە، بە هەمان شێوەی ئەوان، پانتۆڵەکەم داکێشایە خوار، کارمن تاوەکوو سێی بژارد، پاشان یەکیەک و دوودوو هەڵمیزاین بە تەلبەندەکەدا، سەرنجم دا، چۆن کچەکان زیاتر خۆیان بۆ بەپشتدا دەخست و هەردوو دەستیان لەناو ڕانیان نابوو، تا بە لچ و لێوە سوور هەڵگەڕاوە تەڕەکانیان، وەک کوڕەکان میزەکانیان بگەیەننە تەلبەندەکە، بەدەم میزکردنەوە، کارمن وتی، 'مارتن، ئەوە پیشەی دەیانساڵمانە، هەموو شەوێکی شەممان، دوای گەڕانەوەمان لە دیسکۆ، لەم جێگەیەدا، زۆر جار دوو هێندەی ئێستاین، ئەو تەلبەندە دڕکاوییە دەبینیت، ئەوە ئاسەواری جەنگی جیهانیی یەکەمە، ئەوە ئەو سنوورەیە، کە بەلجیکای کردبوو بە دوو بەشەوە، تاوەکوو

ئەمرۆیش، ئاسەواری بەسەر ڕۆحی خەڵکی ئەم ولاتەوە ماوە، دەزانی مارتن، ئێمە هەموو تەنها هاوڕێی میزی یەکترین.'

زۆری پێنە چوو، هەموو ترنجاینەوە نێو ئوتومبێلەکە، بەدەم پێکەنین و هۆڕین لێدانەوە، گەیشتینە بەردەمی ماڵی کارلا. لە دابەزینماندا، هەموویان گەرموگوڕ دەستی تەوقەیان بۆ درێژ کردم و ماڵئاواییان لێ کردم.

کاتێک گەیشتینە بەردەم دەرگاکە، کارمن دەستی گرتم و خۆی هاویشتە باوەشم، سەرێکی بۆ هەڵبڕیم و دەمی نووساند بە ڕوومەتمەوە.

دەستێکی توند لە پشتم هەڵپێکا، دەستەکەی تری شۆڕ کردەوە بۆ نێوان ڕانەکانم، هێواش لەسەر ڕیتمی ماچکردنەکەمان، بەردەوام دەستی دەجوولاند، لەبن لێوەوە لێی پرسیم، 'پێم بڵێ، ئەمشەوت خۆش ڕابوارد؟ ئەی ئەو دیسکۆیەت بەلاوە چۆن بوو؟ بەڕاست، دیسکۆی چاڵ، لە دیسکۆکانی شاری ئەمستردام خۆشتر نییە؟'

پاش ئەوەی تاوێک لێم ڕوانی، بینیم هیلاکی بە ڕوویەوە دیار بوو، نەمزانی چیی وەڵام بدەمەوە، چاوم لێک نا و دەموچاوم توند کرد لەنێوان گەردن و قژە لوول و ئاڵۆزاوەکەی و بە گوێیدا چپاندم، 'زۆر تامەزرۆت بووم، تکایە، دەمت داخە و هیچ مەڵێ، بۆ تێربوونمان لە یەکتری، تەنها چەند کاتژمێرێکمان لەپێشە.'

کارمن ئەوەندە ماندوو و مەست بوو، خۆی بەپێوە بۆ ڕانەدەگیرا، لە هاتنەژوورەوەماندا پشتم تێ کرد و خۆی دا بەسەر پشتمدا و بێدەنگ بردم بۆ ژوورەکەی خۆی، لەناو جێگەکەدا، بەدەم پێکەنینەوە دەت وت پێشبڕکێ دەکەین، ئاخۆ کاممان خێرا خۆی ڕووت دەکاتەوە، دوای ئەوەی تاوێک یەکتریمان گوشی و

لستەوە، پاشان لە شانی یەکەوە ڕاکشابووین و خامۆش و بێسرتە لە چاوی یەکترمان دەڕوانی، سپێدە بوو، ڕووناکیی دەرەوە لە پەنجەرەکەوە کارێکی کردبوو، کە ڕوخساری یەک بەباشی ببینین، لەناکاو کارمن، بەبێ ئەوەی ماسوولکەکانی دەموچاوی تێک بدات، بەخوڕ فرمێسک بە چاویدا دەهاتە خوار و تک تک دەکەوتنە سەر جێگەکە، لە قوولاییمەوە گەرمییەک دای گرتم، کە لە چاومەوە سەری کرد و لە شێوەی فرمێسک هاتە دەرەوە. توند خۆمان بەیەکەوە نووساند و چاوی تەڕمان لێک نا.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی دوایی، لە دەنگی کارلا بەئاگا هاتمەوە، کاتێک چاوم کردەوە، بینیم کارلا لەسەر قەراغی جێگاکە دانیشتووە، قاتێک تراکسوودی تەسکی لەبەردا بوو، چاوی بە مندا دەگێڕا، کە بەڕووتی لەسەر جێگەکە کەوتبووم، بە دەنگێکی عەیارانەوە وتی، 'بەیانیت باش، ئازیز.'
بێ ئەوەی وەڵامی بدەمەوە، بە پەلە پەل لە پێخەفەکە گەڕام، کارلا نوشتایەوە، لەبەر پێیدا پێخەفەکەی هەڵگرتەوە و بۆی فڕێ دام و پێی وتم، 'دەبێت ئەمشەو چ حەشرێکت بە کچەکەم کردبێت، زەرد هەڵگەڕاویت و بۆنی شەهوەتت لێ دێت.'
هەستا بڕوات، ئاوڕی دایەوە و دیسان وتی، 'زوو بکەن دەی، وەرنە خوارێ، من چاوەڕوانتانم، پێکەوە دەچین بۆ چێشتخانەکەم، لەوێ جێگەی تایبەتمان بۆ گیراوە و ئەمشەو لەوێ ئاهەنگە.'

١٠

پۆرترێت

چەند حەفتەیەک دوای گەڕانەوەی سەلیم، سەرلەبەیانی زوو لەخەو بەئاگا هاتمەوە، بەلێشاو دەزوولەی تیشکی خۆر خۆیان ترنجاندبووە نێو ژوورەکەوە، بەئەستەم دەمتوانی چاوم هەڵبڕم، لە خەیاڵی خۆمدا بە خۆمم وت، 'خۆ دوێنێ شەو پێش خەوتنم پەردەکانم دادابوونەوە؟'

بەردەوام گوێم لە خشەخشی پێ بوو، بەتانییەکەم بەسەر خۆمدا دا و تاوێک خۆم لەژێریدا شاردەوە، لە خەیاڵی خۆمدا وتم، 'دیسان دایکم، وەکوو پیشەی هەمیشەیی، بەم بەیانییە زووە هەڵی کوتاوەتە سەرم.'
لەپڕ بەتانییەکەم لەسەرم لا دا، بەنیازی ئەوەی ئەو پرسیارە لە دایکم بکەم، ئاخۆ، بۆچی بەو بەیانییە زووە بێزاری کردووم؟
کاتێک چاوم بە دیوارەکاندا گێڕا و قژە لوول و سپی و ئاڵۆزکاوەکەی سەلیمم بینی، وەک پیشەی ڕۆژانەی، بەیانییان زوو

بە زیندانەکەدا زیاتر لە کاتژمێرێک دەستی لە پشتی توند دەکرد و دەگەڕا، شەپۆلی گەرمییەک لە شادەمارەکانمەوە دایان بە ڕوومدا، چاوم تەڕ بوو، بەڵام ئەو بێزاری و تووڕەبوونەم ڕێگەیان بە فرمێسکەکانم نەدان بەر ببنەوە. سەرسام، تاوێک بوو لە بنمیچی دێز و چڵکنی ژوورەکەم دەڕوانی، بۆ ئەوەی بتوانم بە خەیاڵیشم لەو ئانوساتە دەر بچم. بە دەنگی سەلیم ڕاپەڕیم، بە بێزارییەکەوە وتی، 'دەزانیت مارتن، من و تۆ چوار حەفتەیە پێکەوەین!'

لەژێر لێوەوە بەهێواشی وتم، 'چوار حەفتە، چوار حەفتەی پڕ لە گومان، بریا هەر تەنیا بوومایە.'

لەگەڵ سەلیم، ئەو چوار حەفتەیە جگە لەوەی ڕۆژانە چەند جارێک بە گومانەوە لە چاوی یەکترمان دەڕوانی، یەک قسەمان لەگەڵ یەکتر نەکرد، بۆ ئەوەی هیچمان دەستپێشخەری بکەین و وتەیەک چییە بیدرکێنین.

سەرلەبەیانیی ئەو ڕۆژە، پۆلیسەکان، وەکوو بیانەوێت دووبارە دەستگیرمان بکەنەوە، بەکۆمەڵ دایان بە سەرماندا و بێبەزەییانە باڵبەستیان کردین، بۆچی و بۆ کوێ، پێم وا بێت سەلیمیش نەیدەزانی، هەرچەندە ئەو خۆی لە پۆلیسەکان تووڕە کرد و تفی تێ دەکردن و بە ئینگلیزی و بە عەرەبی جنێوی پێ دەدان، سەلیم بەدەست پۆلیسەکانەوە ئەوەندە بچکۆلە و لاواز بوو، دەت وت کەروێشکە و بەدەم تانجییەوەیە.

کەلەبچەیان کردین و خۆمان لە ژوورێک بینییەوە، لە بەشی ناوەڕاستی بالاخانەی بەندینخانەکەدا بوو، خۆری تێ نەدەکەوت و تیشکی خۆرەکە تا سەر قەراغی پەنجەرەکە دەهات، پەنجەرەی

ئـەو ژووره، چـوار جارێـک لــە پەنجــەرەی ژووره کۆنەکــەمان گەورەتر بوو، ئەوەندەیش نزم بـوو، کـە هـەردووکمان دەمـانتوانی لـە بەردەمیدا بوەسـتین و لـە دەرەوە بـڕوانین، پەنجەرەکە ڕیزێک شیشـی ئاسـنی ئەسـتووری ژەنگـاوی بـوو، لـە سـەر بـۆ خـوار، لـە کـۆنکریتی دیـوارە ئەسـتوورەکان چـەقێنرابوون، لـەوە دەچـوو لـە ئەزەلــەوە هــیچ ڕەنگێکیــان پــێ نەبەخشــرابێت، ئــەو شیشــانە سـنووریکیان لەنێـوان بەنـدایەتی و سـەربەسـتی و مـردن و ژیانـدا دروســـت کردبـــوو، ژوورەکـــە دوو ئەوەنـــدەی ژووری زیندانـــە کۆنەکــەمان گــەورەتر بــوو، قەرەوێڵــەی تێــدا نــەبوو. لەســـەر ئەرزەکـەی، دوو بـەتانیی سـەوز ڕاخرابـوون و چەنـد بەتانییـەکیش لەسەریان بەقەدکراوی دانرابوو.

ســـەرلەبەیانیی ڕۆژی دوای ئــەو ڕۆژە، دوو پــۆلیس ســـەلیمیان باڵبەســـت کـــرد و پـــێش خۆیـــان دا و بردیـــان، ئـــەو ڕۆژە، تـــا دەمـاودەمی ئێـوارە، بەتـەنیا لەبـەر پەنجەرەکـەدا ڕاوەستابووم، لـە گۆڕەپـانی بەندیـنخانەکـەم دەڕوانـی، بــە خــۆمم وت، 'لەوانەیــە سەلیمیان بۆ دادگا بردبێت.'

کاتێک سەلیم درەنگانێک گەڕایەوە، هەمان پرسـیارم لـێ کـرد، دایـە قاقــای پێکــەنین و ســـەرێکی لــێ ڕاوەشــاندم، پاشــان کفــت و پرزەلێبـڕاو خـۆی دا بـە زەویـدا، بێجگـە لـەوەی جارجـار گـوێم لـە لووشکە لووشـک و نووزە نووزی گریـانی بـوو، ئـەو ڕۆژ و شـەوە هیچی تری نە وت.

ڕۆژی دوایی، پاش ئەوەی من پێش سپێدە بـەئاگا بـووم و تاوێـک بوو لە بەردەمی پەنجەرەکەدا بێدەنگ ڕاوەستا بووم، ئینجـا سـەلیم

لە خەو ڕاپەڕی و لەبەر خۆیەوە و بە دەنگێکی تێکشکاوەوە وتی، 'دادگا... دادگا، ئەم وڵاتە وڵاتێکی بێدادە.'

زۆری لە خۆی کرد و و هات لە شانمەوە، لە بەردەم پەنجەرەکەدا ڕاوەستا، بێزاری بە دەموچاوە زەردەڵە و وشک هەڵهاتوەکەیەوە دیار بوو، دەستیشی ڕەش هەڵگەڕاو، وەکوو دوو دەستکێشی ڕەشی لەدەست کردبن، زووزوو بە یەکتری دەیشێلان، بێ ئەوەی سەیری بکەم، لێم پرسی، 'ئازاریان دێت؟'

'ئازاری چی؟'

'دەستەکانت!'

'نەخێر، دەخورێن، ئەوەیش مانای ئەوەیە، خوێنیان بۆ دێت.'

ڕووی لێ وەر گێڕام و هەردوو دەستی خێرا لەپشتی هەڵپێکان و لێمی شاردنەوە، لە خەیاڵی خۆمدا وتم، 'ئەوەندەی کێشاون بە ڕووی ئەو دەرگا ئاسنە ڕەقەدا، وەکو پارچە کوتەرەیەک ڕەق هەڵگەڕاون.'

ئەو وشەیە، کە بەردەوام لە گوێمدا دەزرنگێتەوە، هەموو ڕۆژێک سەلیم چەندین جار لەپشتی دەرگای ژوورەکەوە ڕادەوەستا، بە کوڵەمست لە دەرگاکەی دەدا و بانگی دەکرد، 'یاناس حرام علیکم.' سەلیم هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و دیسان وتی، 'مارتن، حەفتەی یەکەمی هاتنی تۆ بۆ ئێرە، من لە زیندانی تەنیاییدا بووم.'

بێ ئەوەی وەڵامی بدەمەوە، هەردووکمان بێدەنگ لە پەنجەرەکەوە لە دەرەوەمان دەڕوانی، ئەوەی لێمانەوە دیار بوو، گۆڕەپانێکی زەردباوی کۆنکرێتکراو بوو، هەر بە یاریگەی باسکە دەچوو، گۆڕەپانەکە سێ لای بە دیواری باڵاخانەی بەدینخانەکە گیرابوو، لاکەی تری، کە دەکەوتە بەرانبەر پەنجەرەی ژوورە نوێکەمان، بە

دیوارێکی پێنج تا شەس مەتر بەرز گیرابوو، سەر دیوارەکە بە تەلی دڕکاوی تەنرابوو، بە جۆرێک، کە تەلە دڕکاوییەکان وەک پرچ بە شان و ملی دیوارەکەدا شۆڕ بووبوونەوە، بەرزی دیوارەکە کارێکی کردبوو، کە بیابانەکەمان لێوە دیار نەبێت. لەبن دیوارە بەرزەکەدا، دەیان بەندکراو، کە هەمان جلی ئێمەیان لەبەردا بوو بە ڕیز لە شانی یەکەوە لەبەر ئەو خۆرە گەرمەدا بێدەنگ چاویان لێک نابوو و نێرگەلەیان دەکێشا، بەدرێژایی ئەو ڕۆژە لێم ڕوانین، چاوەڕوانی ئەوە بووم، ئاخۆ کەی تیشکی خۆرەکە دەیانسووتێنێت و دەبن بە خۆڵ، من لەبەر سێبەرەکەیشدا خەریک بوو لە حەژمەت گەرما دەخنکام، لە خەیاڵی خۆمدا لە خۆمم دەپرسی، 'دەبێت بەر ئەو خۆرە چەند گەرم بێت؟'

بەدرێژایی ئەو ڕۆژە، بێوچان مژیان لە نێرگەلەکانیان دەدا و تاوێک دووکەڵەکەیان لە سییەکانیاندا بەند دەکرد و پاشان دەیانکرد بە هەوادا. کاتێک من لەم خەیاڵانەدا بووم، سەلیم پرسیی، 'بۆچی بەند کراویت؟'

ڕووم تێ کرد، پاش ئەوەی لێم ڕوانی، شانم هەڵتەکاند و وتم، 'لەوەتەی لە بەدینخانەم، خۆیشم ئەو پرسیارە لە خۆم دەکەم، بۆچی بەند کراوم؟'

باڵەکانی بڵاو کردنەوە، ڕای وەشاندن و بە بێزارییەکەوە وتی، 'بۆچی ڕاستیم پێ ناڵێیت، لەسەر چی بەند کراویت؟'

'کەی زانیم لەسەر چی بەند کراوم، ئەوا پێتی دەڵێم.'

'یا حمار، تۆ جوولەکە نیت؟'

'بەڵام پرسیارەکەی تۆ ئەوە نەبوو، تۆ دەتەوێت بزانیت من لەسەر چ تاوانێک بەند کراوم.'

'ئەوە گرنگ نییە لێرە، تەنها ئەوەندە بەسە کە...'

بە سەرسوورمانێکەوە لێم ڕوانی و پرسیم، 'تێناگەم، چی، تەنها ئەوەندە بەسە؟'

'کە تۆ جوولەکەیت.'

'ئەوان بە هەڵە تێگەیشتوون، من جوولەکە نیم، من تەنها هاووڵاتییەکی ئاسایی هۆڵەندیم.'

دەستێکی بۆ دەرگای ژووری زیندانەکە ڕاکێشا و پێکەنی و وتی، 'دەزانی چی، مارتن، تۆیش وەکوو من ڕۆژانە ئەو پرسیارە لەو دەرگایە بکە، گوایا بە ناهەق گیراویت، ئەوە من زیاتر لە سێ ساڵە، پرسیار لەو دەرگا ئاسنە دەکەم، بەڵام هەرگیز بێئەقلی وا نەکەیت، ئەو پرسیارە لە پۆلیسەکان بکەیت.'

'بۆچی نا؟'

'بە خوای گەورە، ئەوان تەنها بە دارەکانی دەستیان وەڵامت دەدەنەوە!'

تاوێک بوو بیرم لە قسەکانی سەلیم دەکردەوە، پۆلیسی بەندینخانەکەی پێشووم هاتەوە یاد، بە خۆمم وت، 'لەوانەیە سەلیم ڕاست بکات، هەموو ڕۆژێک و بەدرێژایی شەش مانگ، ویستم تەنها یەک پرسیار لەو پۆلیسە بکەم، هەرگیز بواری پێ نەدام وشەیەک چییە بیدرکێنم، خۆیشی تەنها یەک وشەی دەزانی و بەردەوام دەی وتەوە، ئەویش وشەی خنزیر بوو.'

ڕووم لە سەلیم کرد و پرسیم،

'خنزیر بە مانای چی دێت؟'

دایە قاقای پێکەنین و سەیرێکی کردم و وتی، 'لەکوێ ئەو وشەیەت بیستووە؟ لە من، گوایا من پێم وتیت خنزیر؟'

'نەخێر، پێش ئەوەی بمهێنن بۆ ئەم بەندینخانەیە، شەش مانگ لە بەندینخانەیەکی تر بووم، پۆلیسێک بەدرێژایی ئەو شەش مانگە، تەنها ئەو وشەیەی لەگەڵدا بەکار دەهێنام.'

دەستە ڕەش و وشکەوەبووەکانی هەڵبڕین و خستنیە سەر شانم، بە پێکەنینەوە لە چاومی ڕوانی و وتی، 'خنزیر بە مانای بەراز دێت.'

پێکەوە دامانە قاقای پێکەنین و پاشان لێم پرسی، 'بۆچی بەراز؟'

'لەبەر ئەوەی زۆر ڕێزی لێ گرتوویت!'

سەلیم ئەمەی وت، پاشان لەبەر پێکەنین، زووزوو دەکۆکی و هەناسەی توند بووبوو، لەبەر خۆیەوە وتی، 'بەدرێژایی ئەو سێ ساڵەی کە بەندم، پۆلیسێک یان لێپرسراوێک نەبوو بە ناوی خۆمەوە بانگم بکات، تەنها بە وشەی حمار نەبێت، بەڵام بۆ زانیاریت، لێرە هەردەم کەر لە بەراز بەنرخترە.'

دیسان دامانەوە قاقای پێکەنین، زۆر دەمێک بوو نەک هەر پێنەکەنیبووم، بەڵکوو زەردەخەنەیەکیش چییە، نەکەوتبووە سەر لێوانم، هەستم بە ئازاری ماسولکەکانی دەموچاوم و سەر سنگم دەکرد. پاش ئەوەی لە باسی بەراز و کەر بووینەوە، تاوێک بوو بێدەنگ لە دەرەوەمان دەڕوانی، سەلیم بەهێواشی لەبەر خۆیەوە وتی، 'دەزانیت مارتن، ئەو بەندینخانەیەی تۆ پێش ئێرە لێی بوویت، پێم وا بێت، بەندینخانەی الأستئنافە لە دەرب سعیدی سەر بە قاهیرە.'

'نازانم، بەڵام زیاتر لە شەش مانگ لەوێ بووم.'

'ئاخ، کوڕی باش، شەش مانگ، ئەو شەش مانگە لە میسر، بە شەش ڕۆژ لە هۆڵەندا بەراورد بکە، ئەم بەندینخانەیەی ئێستا من

و تۆ لێی بەندین، لە ناوەڕاستی بیاباندایە، شەش سەد کیلۆمەتر لە خوارووی شاری قاهیرەیە، لە سەرەتای سالآنی نەوەدەکاندا و لەسەر فۆرمی "H"ی زمانی ئینگلیزی دروست کراوە، زیاتر لە دوو سەد ژوورە، کە ژوورەکان دابەش دەبن بەسەر دە بەشدا، یەکێک لەو بەشانە، ئەم بەشەی ئێمەیە، تایبەتە بە گیراوانی سیاسی و جاسوس، بۆ نموونە، من و تۆ، زۆرێک لەو گیراوانەی لەم بەشەی ئێمەدان، لە سەرەتای دروستبوونی ئەم بەندینخانەیەوە لێرەن، هاوشێوەی من و سەدان بەندی تری وەکوو من، کە زۆربەمان هەمان کەیسمان هەیە، بۆ زانیاریت، من لە دەی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨٥وە بەند کراوم.'

'چی، چی، ئەوە بەڕاستتە، ئەوکات من تەمەنم تەنها چوار ساڵ بووە.'

'خوا ئاگادارە، زۆرت لە سەرم نییە تا درۆت لەگەڵدا بکەم، پێش ئەوەی بمگوێزنەوە بۆ ئێرە، کە هەژدە ساڵێک پێش ئێستا دەکات، دە ساڵێک لە نزیک قاهیرە لە بەندینخانەی سەربازی بووم، ئەوێ تەنها تایبەت بوو بە گیراوانی سەر بە دەستە ئیسلامییەکان، بەتایبەتی لایەنگرانی ئیخوان.'

'ئەگەر بۆم هەبێت پرسیاری ئەوەت لێ بکەم، لەسەر چی بەند کراویت؟ ئایا، ئایا تۆیش جوولەکەیت؟'

' استغفر الله، استغفر الله العظیم! کوڕی گەنج، تکات لێ دەکەم بە جوولەکە ناوزەدم مەکە!'

'بۆ؟'

'پێم وتیت، تکات لێ دەکەم، بە یارمەتیت!'

'تێناگەم!'

'تکات لێ دەکەم ڕێزم لێ بگرە، تا ڕێزت لێ بگرم، بە هەرحال، لە یاسای میسردا، ئێمە زۆر لە جوولەکە...'

'ئێوە... ئێوە کێن؟'

'ئەگەر بتەوێت بزانیت من کێم و بۆ ئەوەندە ساڵە بەند کراوم، پێویستە لە سەرەتاوە بۆت باس بکەم، ئەگەر خوازیاریت گوێم لێ بگریت!'

'ئیشمان، کارمان؟ بەدڵنیاییەوە گوێت لێ دەگرم.'

سەلیم هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، پاش ئەوەی تاوێک بێدەنگ لە دەرەوەی دەڕوانی، کە پێدەچوو لە بیرکردنەوەدا بێت.

ئەوسا سەلیم بەسەرهاتی خۆی ئاوا بۆ گێڕامەوە:

'شەوێک بەڕێکەوت لە شەقامێکی قاهیرەدا، ڕیسوا و بێماڵ و بێکار، بێ هاوڕێ و بێ کەسوکار، بەڕێکەوت لە شەقامی قصر النیل ڕووم بوو بە ڕووی چەند کەسێکەوە، نانیان دابەش دەکرد بەسەر ئەو کەسانەدا، کە ئەو شەوە لەو شەقامەدا ئامادە بوون، پاسێکی سپییان پێ بوو، چەندین گەنج بە مەبەستی خۆراک وەرگرتن دەورەیان لێ دابوون، بە فرسەتم زانی و چوومە ڕیزەوە ڕاوەستام، سەرنجم دا خۆراکیان بە هەرکەسێک دەدا، ڕایان دەگرت و تاوێک قسەیان لەگەڵدا دەکرد، کاتێک سەرەم هات، گەنجێکی ڕێکپۆش، چاکەت و پانتۆڵێکی ڕەشی لەبەردا بوو، پێڵاوەکانی لەبەر ڕووناکیی گڵۆپی سەر شەقامەکەدا بریقەیان لێوە دەهات، بە ڕوویەکی خۆشەوە سڵاوی لێ کردم و لێی پرسیم ناوت چییە و کارت چییە بەڕێز، ئایا بەڕێزت خاوەنی ماڵیت یان بێ دەرەتانیت، لە وەڵامدا ناوی خۆم و پاشان پێم وت، "ساڵانێکە

بێکارم و لە کوچە و کۆڵانەکانی شاردا شەو و ڕۆژم دەگوزەرێنم."

دەزانیت چی، مارتن، باوەڕ بکە لەو ساتەدا زۆر دەترسام کە سەر بە پۆلیس بن، دەستی بۆ درێژ کرم و دەستم نایە ناو دەستی، کابرا توند دەستی گوشیم و ڕای وەشاندم، زەردەیەکی بۆ کرم و پێی وتم، "ئێمە ئامادەین، وەکوو ڕێخراوێکی خێرخوازی هاوکاریت بکەین. یەکەمین، وەک جێگەی خەو. دووەمین، دۆزینەوەی کار بۆت، هەرئێستا بڕیاری خۆت بدە و ئەم هەلە لەدەست خۆت مەدە، لە میسری خۆشەویستدا، هەموومان یەکسانین و گەنجێکی وەکوو بەڕێزیشت، شایانی ژیانێکی باشترە."

چاوی لە چاوم بڕیبوو، دەستی بەر نەدام، تا وەڵامم دایەوە، "باشە، باشە، بە سوپاسەوە هەموو هاوکارییەکی ڕێخراوەکەتانم قبوڵە."

دەزانیت مارتن، ئەوسا من خاوەنی هیچ نەبووم، تاوەکوو لەدەستم بچێت و لێی زەرەرمەند ببم، خۆم ڕادەستی ئەوان و قەدەری خوای گەورە کرد، هەر لەوێدا پاسەکەیان پڕ کرد لە کەسانی بێدەرەتان و ڕیسوای سەر ئەو شەقامانە و بەرەو دەرەوەی قاهیرە بەڕێ کەوتین. لە دەرەوەی شار، لە بەردەمی باڵاخانەیەکدا پاسەکە ڕاوەستا و هەموو پێکەوە دابەزین، بێجگە لەوان، کە چوار کەس بوون، ئێمەیش دە کەسێک دەبووین، چەند پیاوێک لە بەردەمی باڵاخانەکەدا ڕاوەستابوون، پێدەچوو چاوەڕوانی ئێمەیان کردبێت. بە ڕێز تەوقەی گەرمیان لەگەڵ کردین و بە ڕوویەکی خۆشەوە پێشوازییان لێ کردین، هەر لەوێدا

کردینیان بە دوو بەشەوە، من لەگەڵ سێ کەسی تردا و دووانیش لــە پێشــوازیکارەکانمان بــۆ نهــۆمی چــوارەم پێشــمان کــەوتن، شوقەیەکی نوێ بوو، لەوە دەچوو تازە نۆژەن کرابێتەوە، چونکە هێشتا بۆنی گەچ و چیمەنتۆی تەڕی لێ دەهات، ئەپارتمانەکە دوو ژوور و هۆڵێک بوو، هۆڵەکە تەنها کومبارێکی تێدا ڕاخرابوو و هیچــی تــر، ژوورێــک دوو قەرەوێڵــەی دووقــاتیی تێــدا بــوو، ژوورەکەی تریان، چەند کورسییەک و چەندین کتێبخانەی پڕ لە کتێب، یەکێک لەو دوو پیاوەی لەگەڵمان بوو پێش ئەوەی بەتەنیا بەجێمان بهێڵن، پێیان وتین، "کوڕە گەنجەکان، ئەمەماڵی ئێوەیە و سەربەستی خۆتان وەر بگرن، ڕۆژانە چەند جارێک خۆراکتان بۆ دێت، دانیشتووانی ئەم باڵاخانەیە، هەموو بە برای خۆتان بزانن و دەتوانن شەو و ڕۆژ لە دەرگایان بدەن، ئێستا پشوو بدەن، خوا یار بێت، بەیانی زوو چەند برایەکمان دێن و پێکەوە دەچن تا شوێنی کارتان نیشان بدەن، هەروەها لە چەند ڕۆژی داهاتوودا، خۆتان کلیلی ئێرەتان پێ دەبێت و ئەوکات ئێوە سەربەستن کاتتان چۆن بەسەر دەبەن."

پاشــان دەرگــای ژووری کتێبخانەکــەیان داخســت و لێیــان دا ڕۆیشتن، یەک یەک تەوالێتمان کرد و دەست و دەموچاومان پاک کــردەوە لــە تــەپوتۆز و ڕەشــی و دووکــەڵی گــاز و بــەنزینی ئۆتومبێلــەکانی ســەر شــەقامەکانی شــاری قاهیرە، کاتێک چوومە ژووری خەوتنەکە ئەوان سێ جێگەیان بۆ خۆیان گرتبوو، تەنها جێگەیەک کە مابوو، بە بەرزییەوە بوو، پێش ئەوەی سەر بکەوم بۆ سەر جێگەکەم، ڕووم تێ کردن و پێم وتن، "ئێمە، پێویستە یەکتری بناسین."

دیار بوو ئەوانیش پێشتر یەکتریان نەدیبوو، خوا ئاگادارە، ئەو سێ گەنجە هەژارە چاویان پڕ پڕ بوو لە ترس و گومان، یەک یەک دەستم بۆ درێژ کردن و ناوی خۆمم بەڕاستی پێ وتن، بە دەموچاویاندا دیار بوو، کە ئەوان هەرسێکیان ناوی خوازراویان بۆ خۆیان هەڵبژاردبوو، پاشان بۆم دەر کەوت کە وا بوو.

من هەر زوو لێی خەوتم، بە خوای گەورە ئەوە چەند ساڵێک بوو، یەکەم جارم بوو بچمە ناو جێگەی نەرم و پاکەوە، پێشتر هەموو شەوێک لە کوچە و کۆڵانەکاندا هەر بە دانیشتنەوە دەخەوتم، دەبووایە چاوێکم لێک بنایە و بە چاوەکەی ترم، ئاگاداری خۆم بوومایە.

باوەڕ بکە مارتن، وەکو گورگ ژیانم دەبردە سەر، نەبا پۆلیس دەرکم پێ بکەن، کە ڕیسوا و بێدەرەتانم، ئەگینا دارکارییان دەکردم، لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا، دوو جار لێدانم خواردبوو، خوا ئاگادارە هیچ شارێک بە ئەندازەی شاری قاهیرە بێجێوڕێی تێدا نییە، دەتوانم بڵێم، ملیۆنێک کەس لەو شارەدا بێدەرەتانن، پۆلیسی قاهیرەش شەوانە دەکەونە ڕاوکردنیان و شەو نییە چەند کەسێکیان لێ نەکوژن و بێسەروشوێنیان نەکەن.

بەبیریم دێت، جارێکیان لە کارتۆنێکدا خەوتبووم، بە دەست پۆلیسەکانەوە بەخەبەر هاتمەوە، بەدەم لێدانمەوە پێیان دەوتم، "شاری قاهیرە بۆ کەسێکی ڕیسوا و بێدەرەتانی وەک تۆ، یاساغە، چونکە تۆ و ئەمسالی وەک تۆ، ڕوخساری شار ناشیرین دەکەن و گەشتیاران پێتان بێزار دەبن."

دەی، با لە باسەکەم دوور نەکەومەوە، ڕۆژی دوایی، تاریک و ڕوون بەخەبەریان هێناین و پاش خواردنی نان و خورما و پەنیر،

لەگەڵ دوو کەسدا بە تاکسییەک ڕۆیشتین، یەکێکیان لێی دەخوڕی، لەگەڵ سێ گەنجەکەی تر لەپشتەوەی تاکسییەکەدا لێک ترنجابووین، بە خوای گەورە براکەم، خۆیشمان لە بۆگەنی چڵکی لەشمان بێزار بووبووین، شۆفێرەکە لەتاوا هەموو جامەکانی هێنابوونە خوارێ، ئینجا یەکێک لە ڕێبەرەکانمان، یەک یەک پرسیاری دەربارەی ڕابردوومان لێ دەکرین، ئاخۆ چ کارێکمان کردووە و لە چی کارێکدا شارەزاییمان هەیە.

ئەگەر باش لەبیرم مابێت، وا بزانم من دوای هەموویان سەرەم هات، بواری ئەوەم هەبوو تۆزێک بیر بکەمەوە و بیری خۆم ڕێک بخەم، وا بزانم لە وەڵامدا پێم وت، "من زمانی ئینگلیزی باش دەزانم و خاوەنی مۆڵەتنامەی شۆفێریم، لە ساڵانی ڕابردوودا، ئەوەی کە نانم پێ پەیدا کردبێت، زانینی زمانی ئینگلیزی و ئەو مۆڵەتنامەی شۆفێرییەم بووە، وەکوو تر هیچ دەست ڕەنگین نیم، بەڵام بەلامەوە گرنگ نییە، هەموو کارێک دەکەم، ڕێخراوەکەی بەڕێزتان بۆم بدۆزنەوە."

کابرا سەرێکی بۆ ڕاوەشاندم و پاشان هەموو بێدەنگی دای گرتین، کاتێک گەیشتینە ناو حەوشەی کارگەیەکی گەورە، کە بە دار و پەردووی ئەو ناوەدا دیار بوو دارتاشخانە بوو، هەموو پێکەوە دابەزین و یەکێک لە ڕێبەرەکان، لە دەرەوەی تاکسییەکە دەستێکی خستە سەر شانم و پێی وتم، "تۆ بچۆ لەناو تاکسییەکە دابنیشە و چاوەڕوانمان بە، کاری گونجاو بۆ تۆ لێرە نییە."

سەرم بۆ لەقاند و چووم لە تاکسییەکەدا دانیشتم. پاش کاتژمێرێک، یەکێک لە ڕێبەرەکان گەڕایەوە، کە شۆفێری تاکسییەکە بوو، هەر لە ڕێوە پێی وتم، "ڕێخراوەکەمان خاوەنی

کۆمپانیایەکی گەشتوگوزارە و لەوێ کارمان هەیە بۆ تۆ، کۆمپانیاکەیش ناوی الخوطارە و لە زۆرینەی وڵاتانی عەرەبی نووسینگەمان هەیە، لە داهاتووشدا، خوای گەورە پشتیوان بێت، لە تەواوی دونیادا نووسینگەمان دەبێت، ئەمڕۆ تۆ دەچیتەوەماڵەوە و لە سبەینێوە برایەکم دێت بەدواتدا و پێکەوە دەچن بۆ نووسینگە، هەر ئەو برا بەڕێزە سبەینێ دێت بەدواتدا، خۆی لێپرسراوی نووسینگەکەیە و بەرپرسیارە لە پێداویستیی جلوبەرگی گونجاو و خاوێن بۆ تۆ."

گەیاندمییە بەردەم باڵاخانەکە و تا ناو ئەپارتمانەکە لەگەڵم هات، زەرفێکی دایە دەستم، کە چەند سەمونێکی تێدا بوو، دەرگای لەسەر داخستم و بەتەنیا بەجێی هێشتم، لە حەمامەکە، کە تەنها سابوونێکی سەوزی ڕەقی لێ بوو، خۆم پاک شت و بە چەرچەفی سەر جێگەکەم، خۆم وشک کردەوە، بە خوای گەورە ئەوە چەندین ساڵ بوو، تەنها لە نیلدا مەلەم دەکرد، پاش ئەوەی چەرچەفەکەم لە خۆمەوە ئاڵاند، پانتۆڵ و کراس و گۆرەوییەکانیشم پاک شۆردن و بە قەراغی جێگەکەمدا هەڵم خستن.

دەمەو ئێوارەیەکی درەنگ، کاتێک هاوەڵەکانم گەڕانەوە، ئەوەندە ماندوو بوون، خۆیان بە پێوە بۆ ڕانەدەگیرا، لەو دەمانەدا بوو، کابرایەکی سوورکاری قەڵەو بە مەنجەڵێکەوە خۆی کرد بە ژووردا، دوو کەسی تری لەگەڵ بوون، یەکی قاپ و کەوچکێکیان داینێ و خۆراکیان بەسەردا دابەش کردین، باش لەبیرم نەماوە چیمان خوارد.

ڕۆژی دووەم، تاریک و ڕوون بەخەبەریان هێناین، سێ هاوەڵەکەم دوای هەمان دوو کابرای ڕۆژی پێشوو کەوتن، بە منیان وت، "تۆ

لێرە چاوەڕوان بە." زۆری پێ نەچوو، کابرایەکی بالابەرزی ڕێکپۆش خۆی کرد بە ژووردا، لە دەرگاکەوە بە ناوی خۆمەوە بانگی لێ کردم، "اخ سەلیم یاالله، یاالله..." خۆی پێ ناساندم، ناوی محەمەد جعفر بوو، پێکەوە بەرەو سەنتەری قاهیرە بەڕێ کەوتین، لە ڕێگە خۆمان کرد بە کۆگایەکی جلفرۆشیدا، دوای هەڵبژاردنی دوو قات و چەند کراس و جووتێک گۆرەوی، سوپاسی کابرای خاوەن کۆگاکەی کرد و بێ ئەوەی پارەی بداتێ، لێمان دا ڕۆیشتین، لە ڕێگە پێکەنیم و پێم وت، "ئەو کۆگایە بە بەلاشە."

بێ ئەوەی لێم بڕوانێت و بەدەم ڕۆیشتنەوە وتی، "نەخێر، ئێمە خۆمان خاوەنی ئەو کۆگایەین، مەبەستم، من، تۆ، ئێمە."

ئەو ڕۆژە و ڕۆژانی دوایش، لەگەڵ ئەو کابرایە بەیانییان لە کاتژمێر هەشتی بەیانییەوە دەچووین بۆ نووسینگەی الخوطار، دەکەوتە سەنتەری شار لە شەقامی ئەحمەد عورابی، کارم بەڕێکردنی میوان و لێنانی چای ئامادەکردنی شەربەت و پاککردنەوەی نووسینگەکە بوو، ئەوەی ماندووی دەکردم، تەنها ئەوە بوو کە دەبووایە لە بەیانی زوو تا درەنگانی ئێوارە بە پێوە ڕابوەستامایە و خزمەتم بکردایە.

هەموو شەوێک، ئەپارتمانەکەمان پڕ دەبوو لە میوان و تا درەنگانێک دادەنیشتین قسەمان دەکرد، قسەوباس بوو لەسەر گوزەرانمان، بە مەزەندەی ئەوان، ئامادەکردنمان بوو بۆ ئەوەی لە پاشەڕۆژدا خۆمان بێ دەستگیرۆیی ڕێخراوەکەی ئەوان، لە هەرجێگەیەک بێت، جا قاهیرە یان هەرجێگەیەکی تر لە میسر بێت، سەرلەنوێ دەست بە ژیانی ئاسایی خۆمان بکەینەوە، پاش مانگێک، هەریەکێک لە ئێمە کەسێکیان بۆ دیاری کردین، تاوەکوو

ڕێنماییمـــان بکـــات، بـــۆ خوێندنـــەوە و باشـــکردنی ئاســـتی بیرکردنـەوەمان، لەدوای ئـەو ڕۆژەوە، لەگـەڵ ئـەو مامۆسـتا یـان باشترە بڵێم ڕێنماییکارەم، کە نـاوی سـەلاح عیزەدین بـوو، بۆمـان هەبوو پێکەوە بچینە ژووری کتێبخانەکە، باش بـەبیرم دێت، دوو کتێبی بۆ دەستنیشان کردم، یەکێکیان کتێبێکی سید قوطب و ئەوی تریان، چ ڕۆمانێک بوو، لە ڕاستیدا لـەبیرم نـەماوە نـاوی چـی بـوو، بـەلام پـێم وا بێـت نووسـەرەکەی میسـری بـوو و نـاوی نـەجیب مەحفوز یان شتێک لەو بابەتە بوو.

بۆ خوێندنەوەی ئەو کتێبانە سـەلاح عیـزەدین، چـوار ڕۆژی مۆڵـەت دامـێ، هـەروەها پێـی وتـم، "پێویسـت ناکـات بچیت بۆ کارەکـەت و چەند مانگێک تۆ تەنها خەریکی خوێندنـەوە بـە، مانگانەکەیشـت بـێ کـەموزیاد وەر دەگریـت." کاتێـک ویسـتی بـڕوات، دیسـان وتـی، "دێمـەوە و پێکـەوە دەربـارەی ئـەو دوو کتێبـە دەدوێـین." دەسـتی لەناو دەستم نا و بەگەرمی باوەشێکی تونـدی پێدا کـردم، لـە کـاتی ڕۆیشـتنیدا، ئـاوڕێکی لـێ دامـەوە و پێـی وتـم، "بـە سـەرنجەوە بیانخوێنەرەوە و باش بەراوردیان بکە."

بـاش بـەبیرم دێـت، دوای ئـەو دوو کتێبـە، دەیـان کتێبـی تـرم خوێندەوە و پێکەوە گفتوگۆمان لەسەر کردن.

پاش ئـەو مانگـە و خوێندنـەوەی ئـەو کتێبانـە، پەیوەندییـەکی گـەرم لەنێـوان مـن و سـلاح عیـزەدین و سـێ هاوەڵەکەمـدا، کـە لـە ئەپاتمانەکە لەگەڵمدا بوون، دروست بووبوو، ئەو ڕۆژەیشـم لـەبیر ناچێتـەوە، ڕۆژی هـەینی بـوو، لەگـەڵ سـلاح عیـزەدین پێکـەوە لـە مزگەوتی ئەزهەر نوێژمان کرد.

پاش نوێژ، بە پیاسـە بـەرە و ماڵـەوە بـەڕێ کـەوتین، درەنگانێکی

شەو گەیشتینەماڵەوە، لە ڕێگە سەلاح وتی، "مەبەستی سەرەکیی ئەم ڕێخراوەی ئێمە، گەڕانەوەی ڕگەزنامەی ڕەچەڵەکی خەڵکی میسرە."

ئەوەی ڕاستی بێت، ئەوسا باش لە مەبەستی سەلاح تێنەگەیشتم، هەروەها یەکێک لە هاوەڵەکانم پێی وتم، "ڕێخراوەکەمان سەدان مزگەوتی ئاوەدان کردۆتەوە، دەیان یانەی وەرزشی، هەزاران چاپخانە لە سەرتاسەری وڵاتدا، چەندین قوتابخانە، تا ئێستا هەشت کتێبخانەی گشتی و دوو چاپخانە، نووسینگەی هەلی کار، نووسینگەی گەشتوگوزار، دەیان ئوتێل، لە هەزاران شار و دێی وڵاتدا خانەی هەژاران کراونەتەوە، گرنگترینیان ئەوەیە، لە هەموو شارە گەورەکانی میسردا، لە زۆربەی شارەکان گەلێک لە هاوشێوەی ئەم باڵاخانەیی ئێمە دروست کراون و خەڵکی هەژار و بێدەرەتانی وەک ئێمە لێی سوودمەندن، ئەوەیش ڕەنجی شانی گەنجانی ماندوونەناس و دڵسۆزی دامەزرێنەری ئەم ڕێخراوەیە، ئێمەیش ئەرکی سەر شانمانە، بەردەوامیی پێ بدەین و لەپێناویدا ڕەنج بدەین."

ڕۆژێک لەو ڕۆژانەی لەگەڵ سەلاح عیزەدین پێکەوە لە گەڕان بووین، سەلاح وتی، "کۆڵەکەی ئەم باوەڕەی ئێمە، لە وڵاتی میسری ئازیز و گەورەدا، زانایانە، بە هێز داکوترا، پشتیوان بە خوای گەورە، لە ساڵانی داهاتوودا، هەموو دونیا دەگرێتەوە."

ئەوسا، یەکەمین جار بوو لە ژیانمدا هەست بە بەختەوەری بکەم، دەمزانی بۆچی دەژیم و کار دەکەم و چ پاشەڕۆژێک چاوەڕێمە، زۆر بە دڵسۆزی و هەست بە لێپرسراوێتییەوە کارم دەکرد.

سێ سەد جنیە مانگانەکەم بوو، ڕێخراوەکە نیوەیان بۆ خۆیان

دەبرد، لە سەرەتاوە ڕازی نەبووم، دوای چەند مانگێک، ئەوەیشم بە زۆر دەزانی، نیوەی داهاتەکەم بۆ خۆم هەڵگرم، چونکە لەو دەمانەدا ئەوەندە بە خوێندنەوە و هاوڕێ نوێکانمەوە خەریک بووم، نەمدەپەرژایە سەر ئەوەی پارەکانم خەرج بکەم، پاشان، ئەوەی مانگانە دەمایەوە، دەمگەڕاندەوە بۆ ڕێخراوەکەمان.

برام مارتن، پرسیارەکەی تۆ ئەوە بوو، من لەسەر چی گیراوم، شەوێک لە خەودا بووین، کە دایان بەسەرماندا، هێزی سەربازیی تایبەت لە دەرگا و پەنجەرەوە خۆیان کرد بە ژووردا، خوای گەورە ئاگادارە، لە بانگی الله أکبر و شریخەی گوللە بەئاگا هاتمەوە، زۆر بێبەزەییانە باڵبەستیان کردین، دەیان گەنج لەو باڵاخانەیەی ئێمەدا خۆیان نەدا بەدەستەوە و بوونە قوربانی، لە ئەنجامدا، سێ پەراسووم شکا و جومگەی شانێکیشم دەرچووبوو، لە بەندینخانە زیندانییەک شانی بۆ خستمەوە جێگەی خۆی، پەراسووەکانم هەر بەخواری خۆیان یەکیان گرتەوە.

ئیتر ئەو شەوە، هەموو سەرنشینانی باڵاخانەکەیان دەستگیر کرد، کە زیاتر لە بیست پاسێک دەبووین.

پاش ئەوەی چوار ساڵ لە گرتووخانەی سەربازی بووم، ئینجا لێپێچینەوەم لەگەڵدا کرا، بە خوای گەورە هیچ پرسیارێکیان لێ نەکردم، هەموو لێپێچینەوەکەم دوو خولەکی پێ چوو، بێ ئەوەی من بۆم هەبێت هیچ بڵێم، لێپرسراوێکی سەربازی پێی وتم، "تۆ بە دوو تۆمەت تاوانبار کراویت:

یەکەم، تۆ ئەندامێکی چالاکی دەستەی تیرۆرستی اخوان المسلمینیت.

دووهەم، لە ساڵی ١٩٧١دا، کاتێک تەمەنت هەژدە ساڵ بووە،

نەچوویت بۆ سەربازی، هەڵهاتوویت لە ئەدرەسی نیشتەجی بوونت، بەتایبەتی لەو ساڵەدا وڵات لە تەنگانەدا بووە، چونکە لەگەڵ ئیسرائیلدا لە جەنگێکی قورسدا بووە."

دەزانیت چۆن، مارتن، بەبیرم دێت ئەو ساڵەی دەبووایە بچوومایە بۆ سەربازی، من تەواو خۆم ون کردبوو، ماددەی هۆشبەرم بەکار دەهێنا. ئەو چەندین ساڵەم بە یەک ڕۆژ لێ ڕۆیشت، خۆم و باوەڕەکەیشم لە جەنجاڵیی شەقامەکانی قاهیرەدا لێ ون بوو، بەڵام نەمتوانی لە بەردەم ئەو لێپرسراوە سەربازییەدا هیچ بەرگرییەک لە خۆم بکەم، هەر وەکوو بۆم باس کردیت، هەموو دانیشتنەکەمان دوو خولەکی خایاند، لەبەرامبەر ئەو دوو تاوانەدا، سزای هەتاهەتاییان بەسەردا بڕیم، لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ، هیچ بەرگرییەکم لە خۆم نەکردووە، لەوە دەچێت هەر لە یەکەم ڕۆژەوە، ڕۆحم ئەوەی قبوڵ کردبێت و بەندبوون بە شایانی خۆی بزانێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا، ڕۆژی جارێک گەرم دادێم و لە ناوەوە دەکوڵێم، بە جۆرێک، ئەگەر ڕۆژێک ڕوو نەدات، لەوە دەچێت دڵم لە لێدان بکەوێت.'

سەلیم، پاش تاوێک بێدەنگی، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و دیسان وتی، 'یا خنزیر، تۆ وا دەزانیت زیرەکیت و نهێنیی خۆت لای کابرایەکی غەریبی وەکوو من ناڵێیت، دەتەوێت من بەئاسانی باوەڕت پێ بکەم، گوایا نازانی لەسەر چی بەند کراویت، هیچ پەلەم نییە، بە خوای گەورە، ڕۆژێک دێت خۆت دەیدرکێنیت، بوەستە جارێ، جارێ زووە، بە خوا پاش ساڵێک یان دووان خۆت خوازیاری ئەوە دەبیت یەکێک بێت و گوێت لێ بگرێت، وەک من،

چەندین ساڵە چاوەڕوانم تاوەکوو کەسێک بێت و بەسەرهاتی ژیانی خۆمی بۆ بگێڕمەوە، ئەوەی بۆم باسکردیت، ئەوە هەمووی نییە بگرە بەسەر هاتی من زۆر لەوە زیاترە و سەدان و هەزاران جار بۆ ئەو دیوار و دەرگا و پەنجەرە و جێگەیەم گێڕاوەتەوە، تەنانەت زیخ و بای ئەو بیابانەیش بە سەرهاتی ژیانی من دەزانن، ئەگەر لە ناکاویش مردم یان لە یەکتری جیایان کردینەوە، ئەوا ئەوان بەسەرهاتی تەواوی منیان لایە.'

بە سەرنجەوە لێم ڕوانی، لە خۆمدا بۆ وشەیەکی گونجاو دەگەڕام، بەڵام ئەوسا هیچم نە وت، ڕووم لێ وەر گێڕا، بە دوو چاوە تەڕەکانم، لە بەندییەکانم دەڕوانی، کە لە گۆڕەپانی بەندینخانەکە دانیشتبوون و بەردەوام نێرگەلەیان دەکێشا.

سەلیم دەستی ڕووەو گۆڕەپانەکە ڕاکێشا و وتی، 'ئەو زیندانییانە دەبینیت؟ ئەوانە یان زیندانیی هەتاهەتایین، یان بە مردن سزا دراون، شەو دەخەون و بە ڕۆژیش لەبەر ئەو خۆرە گەرمە نێرگەلە دەکێشن.'

'بۆچی یەکتری نادوێنن، بۆیان نییە یان...!'

'نەخێر، نەخێر، "قومی لێ بدە و خۆت هەڵبدە ڕابردووتەوە." ئەوە حیکمەتی ئەو دانیشتنەیە.'

بە سەرسووڕمانێکەوە لە سەلیمم ڕوانی و پرسیم، 'تێناگەم!'

'ژیان بۆ ئەوان، کۆتایی پێ هاتووە، هیچ ڕووناکی و ئاسۆیەک لەپێشیان نەماوە، تاوەکوو بۆی بژین، بە پێچەوانەی مرۆڤی سەربەستەوە، دەژی بە هیوای بەردەوامبوون و گەیشتن بە هیواکانی و داهاتوویەکی باشتر و زۆر شتی تریش، بەڵام ئەو زیندانییانە بۆ گەیشتن بەو ئازادییە و وەک مرۆڤ، سەرلەنوێ

بەرکەوتنەوەیان لەگەڵ ژیاندا، تەنها گەڕانەوەیانە بە خەیاڵ بۆ ڕابردوویان، ئێستا ئەوان خوازیارن ڕۆحیان لە ئێستایان داببڕن. مارتن، بۆ زانیاریت، ئەوانە هەموو مولحیدن و مونافیقن، باوەڕیان بە خوا و پاشەڕۆژ نییە، جا گوێ بگرە مارتن، ئەوە ئێمەیش ئەوسا لە قاهیرە وامان دەکرد، ئەها، ئەها، سەیریان بکە، چۆن قومی لێ دەدەن، دەیانبینیت چۆن بە دووکەڵی نێرگەلە ڕۆحیان قانگ دەدەن، پاشان تیشکی ئەو خۆرە گەرمە کاسیان دەکات و ڕۆحیان لە جەستەی کولاویاندا بێزار دەبێت، ئینجا تەواو بێهۆش و سڕ دەبن، وەک چۆن هەنگبڕەکان دووکەڵ بە شارەهەنگدا دەکەن، بە خوای گەورە، بەندبوون مانای لێسەندنەوەی مافی بەمرۆڤبوون و تەنانەت ئیمانیشت لێ زەوت دەکات، زیاتر لە بیست ساڵ لە مانای بەمرۆڤبوونم گەڕام، کاتێک خەریک بووم لێی نزیک ببمەوە، ئەوە ڕووی دا، کە بۆم باس کردیت، لەوانەیە تۆ لەو باسانەم سەرت تەقەی بێت، بەڵام ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی من دەمێکە ژیانی بەندیم پەسەند کردووە، لەبیرم چۆتەوە چۆن ئەزموونی ژیان و سەربەستی بکەم، مەبەستم لە تۆ نییە، بەڵکوو مەبەستم خۆمە، تۆ هێشتا بۆن و بەرامی مرۆڤێکی سەربەستت لێ دێت.'

ئەوەندە بە سەرنجەوە گوێم لە سەلیم گرتبوو، قسەکانی قورساییان لەسەر زەینم کرد و گوشاریان بۆ هێنام، بە دڵپڕییەکەوە، بەهێواشی و لەبن لێوەوە چپاندم، 'وا پەروەردە کراوم، لە دەرەوەی خۆم هەرگیز بۆ سەربەستی نەگەڕێم، جا لێرەبم یان لە...'

'تۆ باشتر وایە گوێ لە من بگریت، باشتر وایە وشەی سەربەستی

بە زووترین کات لەبیر خۆت بەریتەوە. ئەو وشەیە، لەم کاولەیەدا ڤایرۆسێکە و دات دەڕزێنێت.'

'یانی، بەو هەموو بێمانایییەوە ئێرەم قبوڵ بێت؟'

لەو دەمەدا، لە فیکەفیکی پۆلیسەکان ڕاچڵەکین، لەناکاو بە گۆڕەپانی بەندیخانەکەدا بڵاو بوونەوە، پۆلیسەکان نێرگەلە کێشەکانیان پێش خۆیان دان و لە دەرگایەکەوە کە دەکەوتە ژێر ژوورەکەی ئێمەوە کردنیان بە ژووردا، لە کاتێکدا ئێمە لە دەرەوەمان دەڕوانی و بێئاگا بووین، لەوەی دوو پۆلیس هاتبوونە ناو ژوورەکەمان و لە پشتمانەوە بێدەنگ ڕاوەستابوون، بێ ئەوەی بماندوێنن، کەلەبچەیان کردە دەستمان و پێش خۆیان داین، سەلیم لەبەر خۆیەوە هەر دەیبۆڵاند و چەند جارێک، هەر وەکوو پیشەی هەمیشەیی جنێوی بە پۆلیسەکان دەدا، پۆلیسەکانیش نووکی دارەکانیان لە قنگ و لاقەبرغەی دەدا و پێی پێدەکەنین، زۆری پێ نەچوو، گەیاندینیانەوە ناو ژوورە کۆنەکەی خۆمان، پۆلیسەکان، وەک ئەوەی یاریمان لەگەڵدا بکەن، سەروشەقیان لە قنگمان هەڵدا و بەدەم قاقا لێدانەوە لێیان دا ڕۆیشتن.

سەلیم باڵەکانی پان کردنەوە و چەند جارێک بەدەوری خۆیدا خولایەوە، بەدەم پێکەنین و بە دەنگی بەرز وتی، 'ئاخ، ژوورەکەم، بە خوا بەهەشتت پێ ناگات، ماڵەکەی خۆم!'

پاش ئەوەی تاوێک بوو بە جووت پێدەکەنین، سەلیم لەو دەمەدا بەدەم پێکەنینەوە بە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو، چووم لەسەر قەراغی جێگەکە دانیشتم و لە سەلیمم دەڕوانی، لە یەک ساتەوەختی کورتدا، ڕەنگی گۆڕا و ڕەش هەڵگەڕا، لەپڕ هەڵوێستەیەکی دەکرد و سەرسام لە هێڵکارییەکانی سەر

دیوارەکانی دەڕوانی، دەستی لەیەک هەڵپێکان و وشک لە بەردەم پۆرترێتە شێواوەکەی سەر دیوارەکەدا ڕاوەستا، ئەو پۆرترێتەی شێوێندرابوو. سەلیم ڕۆژانە چەند جارێک دەستەونەزەر بەرامبەری ڕادەوەستا و تاوێک لێی دەڕوانی.

لەناکاو سەلیم بێدەنگیی نێوانمانی شکاند و وتی، 'دە ساڵێک پێش ئێستا، ئەو وێنەیەی ئەوم کێشا، چونکە زۆر بیرم دەکرد، خوشکە بچکۆلانەکەم، فاتمە، خوا بیبەخشێت، ئەوسا کە منداڵ بووین، بۆمان دابین نەدەکرا، بەردەوام بە ماڵەکەدا دەگەڕا و لەبەر خۆیەوە دەنگی لێوە دەهات و نووزە نووزی بوو، هەرگیز بە ئێمە سەرسام نەبوو، بەردەوام لەگەڵ خۆیدا دەدوا و لەبەر خۆیەوە گۆرانیی دەچڕی و پێدەکەنی.'

لەژێر لێوەوە، بێ ئەوەی ڕوو لە سەلیم بکەم وتم،

'ئەوەیش یەکێک بوو لە ڕەوشتەکانی دایکم.'

'چۆن؟

لەمەوە بێدەنگ بووین، بە سەرنجەوە لە پۆرترێتەکەم ڕوانی، ماڵی خۆمانی بەبیر هێنامەوە، ئەو ماڵەی لەگەڵ دایکمدا بەتەنیا تێیدا گەورە بووبووم، ماڵێک لە پێشانگەی وێنە دەچوو. ماڵێک، دیوارەکانی بە تابلۆکانی دایکم داپۆشرابوو، لەسەر دیوارەکان، ئەو جێگەیانەی تابلۆیان پێوە نەبوو، من بە دەباشیر یان بە قەڵەم ڕەنگم کردبوو، گەلێ جار دایکم تابلۆ یان سکێچی بە تەواونەکراوی بەجێ دەهێشت، پاشان دوای مانگێک، زۆر جار، پاش دوو ساڵێک دەگەڕایەوە سەریان و دیسان کاری تێدا دەکردنەوە. سەر تا خوار، دار و دیوار و هەموو کەرەستەی ناو ماڵەکەمان بە پریشکی ڕەنگ داپۆشرابوون، ژووری خەوتن و

حەمام و تەنانەت ئاودەستەکەیشمان بەر شەپۆلی ڕەنگ کەوتبوو، یان پڕ بوو لە کەرەستەی نیگارکێشان.
ئەو ڕۆژە، تا زیاتر لە پۆرترێتی سەر دیوارەکە ورد دەبوومەوە، زیاتر وێنەی دایکمم تێدا دەبینی، کەسێک کە هەرگیز وێنەیم لە پێشچاو ون نابێت، ئەو ئافرەتە لەشولارڕێک و قژ ڕەش و لولە بێوێنەیە، ئەویش هەرگیز سەرسام نەبوو بە دونیای دەرەوەی خۆی، تەنها لە دونیای خۆیدا دەژیا و لەگەڵ خۆیدا دەدوا و لەبەر خۆیەوە پێدەکەنی، شەو و ڕۆژ بە ماڵەکەدا ڕاوڕاوێنی بوو، یاریی بە ڕەنگ دەکرد و گۆرانیی بۆ خۆی دەچڕی، هاوڕێی هەمیشەیی نەبوون، تاکوتەرا پیاوێک لە ژیانیدا پەیدا دەبوو، لەناکاویشدا لێی ون دەبوو.
هەموو ژیانی پارچەیەک بوو لە هونەرەکەی، وەکوو چۆن هەموو جارێک خۆی دەی وت، 'ڕەنگ بەری چاوی گرتووم، دەبێت بیانڕێژم بە کەنفاسێکدا، ئەگینا بەرپێی خۆم نابینم.'
لە کاتێکدا دایکم ئەمەی دەوت، من زۆرم لێ دەکرد تاوەکوو تاوێک پێکەوە بچینە دەرەوە، بۆ باخێک، بازاڕێک، سینەمایەک.
ئینجا کە زۆر مەست دەبوو، دەی وت، 'من هەڵەکانی سروشت ڕاست دەکەمەوە، تەمەنی بەهار درێژتر دەکەم، وەرزەکانی تر مرۆڤ بێزار دەکەن، من ڕەنگە ونبووەکان دەبینم، هێڵە شاراوەکان هەست پێ دەکەم، لە نەبوونەوە دەیانهێنمە دیوی بوون و سەرلەنوێ دەیانخولقێنمەوە.'
بەبیرم دێت، کاتێک من پازدە ساڵان بووم، دایکم پێشانگەیەکی لە یەکێک لە مۆزەخانەکانی ئەمستردام کردبووەوە، لەسەر تابلۆیەکی نووسیبووی، 'هەموو شتێک لە ژیانی مرۆڤدا بریتییە لە درۆ، تەنها

یەک شت نەبێت، ئەویش درۆ خۆیەتی.'

زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان، ناویان لێ نابوو، 'ڕەشبین و شێت!'

دوایین جار کە دایکم بینی نیگار بکێشێت، لەسەر کەنفاسێکی سێمەتری بوو، کە دوو مەترێکیش بەرز دەبوو، دەیان سەتڵی پڕ لە ڕەنگی لەپێش خۆی دانابوو، دەستی لە سەتڵەکان دەژەند و بە ڕووی کەنفاسەکەیدا دەهێنا، سەدان فۆرم و هێڵکاریی غەریبی تیادا بەدی دەکران، هەموو ڕەنگیان لێ دەچۆڕایەوە و تک تک دەکەوتنە سەر ئەرزەکە، لە تەماشاکردنیاندا، هەستت دەکرد هەموو ماسکن و لێت دەڕوانن و ڕووبەڕووت دێن، بێوچان شەرابی دەخواردەوە، ئەوەندە مەست بووبوو خۆی بە پێوە بۆ ڕانەدەگیرا.

کاتێک دایکم نیگاری دەکێشا، بێدەنگ دەچووە ناو قووڵایی خۆی و هەستەکانی لەسەر بیرۆکەکەی ڕادەگرت، چەندە مەست بووایە، هەردەم ئاگای لای من بوو، هەرگیز فەرامۆشی نەدەکردم.

١١

ڕەنگ

ئەو ڕۆژەم باش بەبیر دێتەوە، تەمەنم پێنج ساڵان بوو، لە کاتێکدا دایکم سەرقاڵی نیگارکێشان بوو، من بە ماڵەکەدا ڕاوڕاوێنم بوو، سەرەتاتکێم لەگەڵ دایکمدا دەکرد، فرسەتم لێ هێنا و بەسکەخشکێ خۆم گەیاندە ژێر ئەو مێزەی کەرەستەی نیگارکێشانەکەی لەسەر بوو، دایکم لەو دەمەدا لە بەردەمی ئەو مێزەدا ڕاوەستابوو، کە دەیان سەتڵی بۆیەی ڕەنگاوڕەنگی ئاکریڵی لەسەر بوون، بە مەبەستی ئەوەی لە ئاوڕدانەوەیدا بیترسێنم، تاوێک بوو چاوەڕوانی بووم و خۆم لێ مەڵاس دابوو، هەناسەم لە خۆم بڕیبوون، نەمدەزانی دایکم هەمان مەبەستی هەیە و بە لاچاوێک چاودێریی کردبووم، لەناکاوێکدا وتی، 'ئەوەتا!'

لە عەزرەتاندا ڕاچڵەکیم و ڕاست هەستامە سەر پێ، لە ئەنجامدا هەموو سەتڵە بۆیەکان قڵپ بوونەوە بەسەر ئەرزی ژوورەکەدا.

لەتاو ئازاری سەرم و ترسی ئەو ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوە، چاوم پڕ بوون لە فرمێسک و دەستم کرد بە گریان، دایکم بەدەم

پێکەنینەوە سەیرێکی کردم و تاوێک لە ڕەنگە ڕژاوەکانی ڕوانی، شەپۆلیان گەیشتبووە ئەوسەری ژوورەکە. بە ترس و لەرزێکەوە لە دایکم ڕوانی، دەستی بۆ ڕاکێشام و وتی، 'دەستتم بدەرێ.'

دەستی گرتم و بەدوای خۆیدا ڕایکێشام، بە پێی پەتی بەناو بۆیە ڕژاوەکەدا چەند جارێک هاتین و چووین، دەستی کرد بە قاقای پێکەنین و خێرا خێرا بەبنی پێیەکانی شەپۆلی بە ڕەنگەکان دەدا. هێشتا چاوم پڕ بوو لە فرمێسک، دڵم خێرا لێی دەدا، دایکم تەماشایەکی کردم و وتی، 'ئازیزەکەم، خۆت دڵگران مەکە، با وا بڵێین، ئێمە ئێستا وەک دوو ئاژەڵین، بزن و کار، ئا، ئا، بێئاگاین لە یاساورێسای ژیان، چاک و خراپ، پاک و قێزەون، پاشان ئێمە، هەموو ڕووداوێک وەکوو گەمەیەک دەبینین.'

من هێشتا نووزە نووزم بوو و ژیر نەبووبوومەوە، کاتێ ئەو لەناو بۆیەکەدا لەسەر دەم پاڵ کەوت و دەستی کرد بە باڵەمەلە، داواشی لە من کرد مەلە بکەم، 'دەی ئازیز، وەرە.'

بە سەرسامییەوە لێم دەڕوانی، بە دەست و پەلی بۆیاوییەوە، بە پێکەنینەوە هەڵمەتی بۆ هێنام و لەباوەشی گرتم، دەستم کرد بە پێکەنین لەگەڵیدا و تاوێک لەناو بۆیە ئاکریلەکەدا تلاینەوە، بە چنگ بۆیەمان دەکرد بە سەرو گوێلاکی یەکتریدا. بەوەیشەوە نەوەستاین و بە ماڵەکەدا دەستمان کرد بە ڕاوڕواێن، ئاسەواری پێیەکانمان گەیشتنە هەموو جێگەیەکی ماڵەکە، سالانێک دوای ئەو ڕۆژەیش، ڕەنگی ئاکریل بە کاشی و پلیکانە و پێخەفی ژووری خەوتنەکانیشەوە دیار بوو.

ڕۆژی دوای ئەو ڕووداوە، یەکەم ڕۆژی چوونم بوو بۆ قوتابخانە، ساڵێک بوو لە خۆئامادەکردندا بووم، هەروەها بۆ یەکەمین جار لە

ژیانمدا، چوار کاتژمێر لە دایکم جیا بوومەوە، ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە، لە خانەی یادەوەرییەکانمدا بە جۆرێک لە خەیاڵمدا تۆمارن، کە تاکوو لە ژیاندا مابم، ئاسان دەستم پێیان ڕادەگات و دەتوانم بیانگێڕمەوە.

پاش ئەوەی دایکم لە پۆلێکدا و لەناو زیاتر لە بیست قوتابیی تردا بەجێی هێشتم، مامۆستاکەمان گەنجێکی باڵابەرزی زەردەڵە بوو، لەتەنیشت کچێکی قەڵەوی پرچ زەردەوە دانیشتبووم، خۆی لێ نزیک دەکرمەوە و شانی لە شانم دەخشاند، مامۆستاکەمان خۆی پێ ناساندین و داوای لە ئێمەیش کرد، یەک یەک و لە جێگەی خۆمانەوە هەستینە سەر پێ و ناوی خۆمان و دایک و باوک و خوشک و براکانمان بڵێین، لە ڕیزی ناوەڕاستدا دانیشتبووم، مامۆستاکەمان ئاماژەی کرد، لەوێوە دەست پێ بکەین، چوار یان پێنج هاوپۆلم پێش من خۆیان ناساند، کاتێک سەرەی من هات، هەستامە سەر پێ و زۆر بەخێرایی وتم، 'من مارتن سەلەمۆ، دایکم ئەیفا سەلەمۆ.'

خێرا دانیشتمەوە، هەموو بە سەرنجەوە لێیان ڕوانیم، مامۆستاکەم لە جێگەی خۆیەوە لێی پرسیم، 'مارتن، تۆ باوک و برا و خوشکت نییە؟'

سەیرێکی مامۆستاکەم کرد و پاشان چاوێکم بەسەر هاوپۆلەکانمدا گێڕا و لەبەر خۆمەوە، 'نەخێر.'

'نەخێر، نەخێر، نەخێر چی!'

'نەخێر مامۆستا.'

'ئاوا، فێر بە، بە دوو وشە وەڵام بدەرەوە. بە ڕێزەوە!'

'بەڵی مامۆستا.'

لەپڕ زەنگ لێی دا، دەنگی ئەو زەنگەی بۆ یەکەم جارم بوو لە نزیکەوە گوێم لێی ببێت، پێشتر لە ماڵی خۆمانەوە، ڕۆژانە دووراو دوور گوێم لێی دەبوو، مامۆستاکەمان پێی وتین، 'هەموو بچنە گۆڕەپانی قوتابخانە و یاری بکەن، ئەگەر گوێتان لە دەنگی هەمان زەنگ بوو، خێرا بگەڕێنەوە پۆل و هەریەکە لە جێگەی خۆی دابنیشێت.'

زۆر لە قوتابییەکان بە پەلە پەل، پێش مامۆستاکەمان کەوتن و بە ڕاکردن بۆ گۆڕەپانی قوتابخانەکە چوون، دوای هەموو هاوپۆلەکانم گەیشتمە گۆڕەپانەکە، چاوێکم بە هەمووواندا گێڕا، لەو دەورووبەرە، لە نزیکی هاو پۆلەکانمەوە تاوێک هەڵوێستەم کرد و گوێم لێ گرتن، بەنیازی ئەوەی بەڵکوو یەکێکیان لێم بڕوانێ یان بانگم بکات بۆ یاریکردن، زوو بێهیوا بووم لێیان و چووم لە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکەدا دەباشیرەکانم لە گیرفانی پانتۆڵەکەم دەرهێنان و لەسەر کاشیی گۆڕەپانەکە دەستم کرد بە نیگارکێشان.

قوتابییەکان هەموو بە چواردەورمدا ڕاوڕاوێنیان بوو، لە سەرەتاوە کەس سەرنجی نەدام، پاش ئەوەی نیگاری باخچەیەکی ئاژەڵانم کێشا و دەیان ئاژەڵم لەنێویدا وێنە کرد، نازانم چەندبوو لەسەر ئەژنۆم کەوتبووم و سەرم داخستبوو بەسەر کاشییە ڕەنگکراوەکاندا، چەندین قوتابی لە دەورم ڕاوەستابوون و لێیان دەڕوانیم، دوانیان بەدەم یاریکردن و قاقای پێکەنینەوە بەسەر نیگارەکەمدا بازبازێنیان دەکرد، بێ گوێدان پێیان، خێرا خێرا بە دەستی ڕاست و چەپم خەریکی هێڵکاری بووم، ویستم نیگاری ئەو باخی ئاژەڵانەی لە خەیاڵمدا بوو، لەسەر کاشییەکان بیکێشم،

لەو دەمەدا زەنگ لێی دا، خێرا چواردەورم چۆڵ بوو، ئینجا دوای قوتابییەکان کەوتم و گەڕامەوە بۆ پۆل و سەر جێگەکەی خۆم، وانەی دووەم، سەیرکردنی چەند کورتە فیلمێک بوو، هەموو دەربارەی یەکەم ڕۆژی قوتابخانە بوو، مامۆستاکەمان جارجار فیلمەکانی دەوەستاندن و لێدوانێکی لەبارەیانەوە دەدا.

لە پشووی دووەمدا، هەموو هاوپۆلەکانم چوونەوە بۆ گۆڕەپانی قوتابخانە، بەتەنیا لە پۆلەکەدا مامەوە، تاوێک بە پۆلەکەدا گەڕام و چەند دەباشیرێکم بە ڕووی تەختە ڕەشەکەدا هێنا، باش بەبیرم دێت، بیرۆکەی ئەوەم بۆ دەهات، ئەگەر لەسەر دیواری پۆلەکە ئاژەڵەکان بکێشم، لەوانەیە هاوپۆلەکانم و مامۆستاکەم زۆریان بەلاوە جوان بێت و ئەو دیوارە کاڵ و سپییانەیش ڕەنگێکیان دێتەوە بەبەردا.

هەموو دەباشیر و قەڵەم بۆیەکانم لە جانتاکەم دەرهێنان و دەستم کرد بە وێنەکێشانی چەندین ئاژەڵ، گەورە و بچووک، بۆ کێشانی گەورەکان، دەچوومە سەر مێزەکان، چەند باڵندەیەکیشم لەسەر شووشەی پەنجەرەکان کێشان، لەسەر مێزێک ڕاوەستابووم خەریکی کێشانی سەر و گوێی ورچێک بووم، کاتێک گوێم لە دەنگی هاوپۆلەکانم بوو، بە لێشاو خۆیان کرد بە ژووردا، یەکێک لە قوتابییەکان زریکاندی، 'تۆ بۆت نییە!'

بەدوای ئەودا هەموو بە کۆرس، 'بۆت نییە، تۆ بۆت نییە!'

بێ ئەوەی ئاوڕیان لێ بدەمەوە، بەدەم نیگارکێشانەوە لەبەر خۆمەوە، 'بەلاتانەوە جوانە؟'

دەنگێکی گڕ بە پەرۆشێکەوە پڕ بە پۆلەکە نەڕاندی، 'ئەوە خەریکی چیت؟ دابەزە، دابەزە خێرا.'

ئاورم دایەوە، مامۆستاکەم بینی، خەریک بوو دەگەیشتە بەردەم ئەو مێزەی منی لەسەر ڕاوەستابووم، بە هەردوو دەستی، هەڵی گرتم و لە ئەرزەکەدا دای نام و پێی وتم، 'بۆت نییە لەسەر دیواری قوتابخانە بنووسیت!'

قوتابییەکان هەموو دیسان بە کۆرس، 'بۆت نییە، بۆت نییە لەسەر دیوارەکان بنووسیت.'

مامۆستاکە بە تەوسێکەوە سەیرێکی کردم و پێی وتم، 'بەڵێ، هەرگیز بۆی نییە.'

شانی گرتم و بۆ لای تەختەڕەشەکە پێش خۆی دام، ڕای وەشاندم و بە تووڕەییەوە لێی ڕوانیم و پێی وتم، 'لێرە بوەستە، نەجووڵێی، ئێستا دێمەوە، دەچم بەدوای بەڕێوەبەردا.'

مامۆستاکە هێشتا لە پۆلەکە دەر نەچوو بوو، قوتابییەکان بە ژوورەکەدا پەرتەوازە بوون، هەریەکە بە جۆرێک خەریکی کڕان و سڕینەوەی وێنەکانم بوو. فریا نەکەوتن زەرەر بگەیەننە وێنەکان. هەر کە گوێیان لە دەنگی پێی مامۆستاکە بوو، خێرا هەریەکە بەهەڵەداوان لە جێگای خۆی دانیشتەوە، بەڕێوەبەری قوتابخانە لە شانی مامۆستاکەوە بوو، کابرایەکی تۆکمەی بچووکی قژن و سوورکاری لوت زل بوو، لە هاتنەژوورەوەیدا، پاش ئەوەی چاوێکی بە ژوورەکەدا گێڕا، سوور بووبووەوە و چاوی زەق دابچڕان، ڕووی تێ کردم و بە تووڕەییەوە، 'بۆت نییە، گوێ ڕووت، بۆت نییە!'

بە دوایدا مامۆستاکە و پاشان هاوپۆلەکانم دووبارەیان کردەوە، 'بۆی نییە، ئەو بۆی نییە.'

بەڕێوەبەر زیاتر لێم دەهاتە پێش و چاوی خەریک بوو دەر

دەپەڕی، بە تووڕەییەوە نەڕاندی، 'بۆت نییە لەسەر دیوارەکان بنووسیت، نیگار بکێشیت، ئەوەی تۆ کردووتە، جێگەی قبوڵ نییە، تۆ چۆن بۆت نییە لەسەر دیوارەکانی ماڵەوەتان بنووسیت، ئاواش بۆت نییە لەسەر دیوارەکانی قوتابخانە بنووسیت و نیگار بکێشیت، تێگەیشتی لێم، هەرگیز بۆت نییە.'

لە چاوە زەقەکانی بەڕێوەبەرم ڕوانی و وتم، 'بەڵێ، چۆن، لە ماڵەوە بۆم هەیە، بەڵام دیوارەکانی ماڵی ئێمە، جێگەی بەتاڵییان تێدا نەماوەتەوە، تەنانەت بۆ بەشی نیگاری مشکێکیش!'

دەستی لەپشتی هەڵپێکان و بە تووڕەییەوە وتی، 'ناچێت بە ئەقڵمدا، ڕاست ناکەیت، دەی گوێ ڕووت، جانتاکەت هەڵبگرە و پێشم بکەوە، پێویستە پەیوەندیی بە باوکت یان دایکتەوە بکەم، لەگەڵ تۆ سوودی نییە!'

پێشی خۆی دام و بردمی بۆ ژوورەکەی خۆی، لە دەرگاکەدا ڕاوەستا بووم، کاتێک لە دەفتەرێک دەگەڕا و وەکوو شتێکی بیر کەوتبێتەوە، ئاوڕێکی خێرای لێ دامەوە و لێی پرسیم، 'دەبێت دایک و باوکت لە ماڵ بن؟'

لەژێر لێوەوە و بە تووڕەییەوە وتم، 'نازانم.'

پاش تاوێک گەڕان بە دەفتەرەکەدا، دەستی دایە تەلەفۆنی سەر مێزەکە و زۆری پێ نەچوو، دەستی کرد بەلێدوان لەگەڵ دایکمدا، بەڕێوەبەر زۆر بەکورتی وتی، 'پێویستە هەر ئێستا بەڕێزت بگەیتە ئێرە و کوڕەکەت، مارتن، زەرەرێکی گەورەی لە قوتابخانەکەمان داوە.'

تەلەفۆنەکەی داخستەوە و بێدەنگ بە ژوورەکەدا، لە ڕاستەوە دەچوو بۆ چەپ. بەردەوام لێم دەڕوانی. پاش چەند خولەکێک،

دایکم بە شپرزەییەکەوە خۆی کرد بە ژووردا، لە ڕێوە بێ سڵاوکردن، ڕووی لە من کرد و لێی پرسیم، 'چی بووە ئازیز؟ چی ڕووی داوە؟'

پێ ڕانەگەیشتم وەڵامی دایکم بدەمەوە، بەڕێوەبەر خۆی هاویشتە نێوانمان و ڕووی لە دایکم کرد، 'ئەیفا سەلەمۆ، تۆ ئەیفا سەلەمۆی شێوەکاریت، وا نییە؟'

دایکم بە ساردییەکەوە، 'بەڵێ، خۆیەتی.'

بەڕێوەبەر ڕووی تێ کردم، 'دەی، کوڕی جوان، بڕۆ، تۆ بڕۆ و لە گۆڕەپانی قوتابخانە چاوەڕوانی دایکت بکە.'

سەیرێکی دایکمم کرد، چاوم لە چاوی بڕی، دەستێکی هێنا بە سەرمدا، 'بڕۆ، ئازیزەکەم، چاوەڕوانم بە، هەر ئێستا دێم بۆ لات.'

گۆڕەپانی قوتابخانەکە کەسی لێ نەبوو، هێڵکاریی باخی ئاژەڵەکانم شێوێندرابوو، بەڵام بە چواردەوریدا، دەیان وێنەی ئاژەڵی ڕەنگاوڕەنگی تر کێشرابوو، بێ وەستان دووبارە دەستم کرد بە کێشانەوەی باخەکە، یەک یەک ئاژەڵەکانم تۆخ کردنەوە. سەرم بەسەر هێڵکاریی ڕووی کاشییەکاندا دانەواندبوو، لەناکاو دایکم دەستێکی بە قژما هێنا، لەلامەوە ڕاوەستا، 'ئەمەیشیان زۆر جوانە، تەواو بووە؟ ئەگەر تەواو بوویت، لەگەڵم وەرە با بڕۆینەوە بۆ ماڵەوە.'

تاوێک بەدەوری کاشییە ڕەنگکراوەکاندا سووڕایەوە و بە سەرنجەوە لێی ڕوانی، پاشان لەبەر خۆیەوە وتی، 'ئەو نەزانانە تێناگەن لە مانای ڕەنگ، با بزانیت ئەزیزەکەم، تۆ هیچ کارێکت نەکردووە هەڵە بێت، من لە مەبەستی تۆ تێدەگەم، تۆ ویستووتە

پۆلەکە بڕازێنیتەوە و لە ژوورێکی گەورەکانەوە بیکەیت بە پۆلیکی پڕ لە ڕەنگ بۆ منداڵانی هاوتەمەنی خۆت، ئەوە قوتابخانە نییە، بەڵکوو فەقیرخانەیە، ئەو کاولەیە جێگەی تۆ نییە. دایکت لە سبەینێوە بەدوای قوتابخانەیەکی گونجاودا دەگەڕێت، ئەمستردام پڕە لە قوتابخانە. هەڵوێستەیەکی کرد و وتی، 'دەڵێم، پێشبڕکێیەک بکەین، تاوەکوو بەردەرگای ماڵەوە، بزانم کاممان خێراین لە ڕاکردندا.'

لە شانی یەکەوە ڕاوەستاین و من تا سێم بژارد و هەردووکمان بە ڕاکردن بەرەو ماڵەوە بووینەوە.

١٢
سەلیم

سەرمای شەو، کەسیرەی کردبووین. کات، بەیانی زوو بوو، پێش ئەوەی خۆر ڕووناکیی خۆی بە ڕووی بیابانەکەدا برژێنێت، پۆلیسەکان وەکوو پیشەی ڕۆژانەیان، خۆیان بە ژوورەکەماندا کرد و چاوێکیان پێدا گێڕا، چەند جارێک سەرەداریان لەسەر سنگمان کوتا و بەجێیان هێشتین.

لەگەڵ سەلیم بە ژوورەکەدا دەستمان بە گەڕان کرد، بێ ئەوەی بەیانی باشم لێ بکات، تاوێک بوو بەبێدەنگی بە ژوورەکەدا دەگەڕاین. پاشان سەلیم لەبەر خۆیەوە دەستی کرد بە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی:

'ئەوسا کە منداڵ بووم، هەموومان لە خانوویەکی گەورەدا دەژیاین، خانوویەکی گەورەی لە بەرد دروستکراو، تەمەنی ئەو خانووە دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی باپیرە گەورەم، ئەو سەردەمەی عوسمانییەکان میسریان داگیر کردبوو و حوکمی وڵاتیان دەکرد،

ماڵەکەمان بە ماڵی ئاغا ناسرابوو. بە خوا بەهەشتێک بوو بۆ خۆی.

لە سەردەمی باپیرەمدا، دەیان گوند و هەزاران هێکتار زەوی موڵکی ئەو بوون، وەکوو دەیانگێڕایەوە، بە دەسەڵاتترین ئاغا بووە لە هەرێمی ئەسیوط، هەرچەندە باوکم جێگەی باوکی گرتبۆوە، بەڵام باوکم دەسەڵات و موڵکێکی زۆری لەدەست دابوو، تەنها ئەو گوندەی خۆمان و زەویوزاری ئەو گوندەی بۆ مابوونەوە، گوندەکەیشمان ناوی تەل عومەر بوو، گوندەکە بە ناوی باوکمەوە ناو نرابوو. ماڵەکەمان دەکەوتە سەر سنووری تەل عومەر، لە ماڵەکەمانەوە بۆ ناو دێکە، نزیکەی کیلۆمەترێک دەبوو، هەر بیست ماڵێک دەبوو، دێی تەل عومەر، دە کێلۆمەترێک لە باشووری شاری ئەسیوط و لە خۆرهەڵاتیەوە، ڕووباری نیل بوو، سێ سەد و پەنجا کیلۆمەترێکیش لە باشووری قاهیرەوەیە.

چەندین هێکتار بە چواردەوری ماڵەکەدا باخوباخات بوو، دار خورما و زەیتوون و دەیان داری میوەی تری بەردار، بە خوای گەورە مارتن بەهەشتێک بوو بۆ خۆی، پڕ لە میوە و ئاوی سازگار، سێ خزمەتکاریشمان هەبوو، بە خۆیان و تفەنگەکانیانەوە، شەو و ڕۆژ پاسەوانیی ماڵ و باخەکەیان دەکردین، جێگەی خەوتن و حەوانەوەیشیان لەپشتی ماڵەکەمانەوە بوو، دوو ژووری خۆیان هەبوو، پاسەوانەکان بۆیان نەبوو پێیان بنێنە ناو دەرگای ماڵی ئاغاوە، ئەو پاسایەیش، ئێمەی منداڵانی ماڵەکەی لێ ئاگادار بووین و بەردەوام چاودێریمان دەکردن.

باوکم سێ ژنی هەبوو، ژنی یەکەمی، کە ئامۆزای خۆی بوو، لە تەمەنی چواردە ساڵییەوە خێزانی بوو، لە هەمان کاتدا، جێگر و

دەمڕاستی باوکم بوو، حەوت کوڕی هەبوو، هەموو منداڵی ئەو ماڵە بە دایە گەورە بانگمان دەکرد، تەنانەت دایکم و ژنەکەی تری باوکیشم، هەر بە دایەگەورە بانگیان دەکرد.

ژنی دووەمی، یازدە کوڕی لەسەر یەک بووبوو، دایکم دوایین ژنی باوکم بوو، ناوی سەلما بوو، من و فاتمەی هەبوو، منداڵترین منداڵی خێزانەکە بووین، فاتمەی خوشکم، تاکە کچی باوکم بوو.

ماڵەکەمان، لە دەرگایەکی ئاسنی سەوزەوە لێوەی دەچوویتە ژووریێ بۆ ناو هۆڵێک، کە دە مەترێک پان و پازدە مەترێکیش درێژ دەبوو، بە چواردەوریدا چواردە دەرگای دەکەوتە سەر، بێجگە لە دەرگای ژوورەکەی باوکم و چێشتخانەکە، کە ڕەنگیان ڕەش بوو، هەموو دەرگاکانی تر، ڕەنگیان سوور بوو، لە سەرەتای هاتنەژوورەوەدا، بە دەستی ڕاستدا بە ژوورەکەی باوکم دەستی پێ دەکرد، ژوورێک، کە کەس لەو ماڵەدا بۆی نەبوو توخنی بکەوێت، تەنانەت دایە گەورەیش، لە شانیەوە ژووری دایە گەورە و پاشان ژووری ژنی دووەمی باوکم، بە گوێرەی تەمەنی ژیانیان لەو ماڵەدا بەدوای یەکدا دەهات، چونکە ژوورەکەی من و دایکم و فاتمە دوایین ژوور بوو، پاشان ژووری کوڕە هەرزەکارەکان بوو، ژوورەکانی تر، جگە لە باوکم، خوا ئاگادارە هیچ کەس لەو ماڵەدا نەیدەزانی بۆچی بەکار دەهێنرێن و چییان تێدایە، هەمیشە داخرابوون و کلیلەکانیان تەنها لای باوکم بوو، چێشتخانەکەمان لەگەڵ ئەوەدا زۆر گەورە بوو، دەرگای ژوورێکیشی دەکەوتە سەر، کە ژووری زەخیرەمان پێ دەوت، زۆر جاریش باوکم ژنەکان و فاتمەی تێدا بەند دەکرد.

ژووری هەرزەکارەکان، زۆر جار بە ژووری پیاوان ناومان

دەبرد، زۆری پێ چوو تا باوکم وەکوو پیاو بینیمی و بڕیاری دا بچمە ئەو ژوورەوە و لەگەڵ براکانمدا بخەوم. ژوورەکەی ئێمەیش، سێ مەترێک پانی و چوار مەترێکیش درێژییەکەی بوو، تەنها سندوقێکی تەختەی تێدا بوو، ئەو پێخەفانەی بۆ خەوتن بەکارمان دەهێنان، دایکم بەقەدکراوی لەسەر سندوقەکە هەڵی دەچنین، چەند ڕاخەرێکیش لە ئەرزەکەیدا ڕاخرابوو، هەرچیی جلوبەرگیشمان بوو، لە سندوقە تەختەکەدا قایم کرابوو.

خوا ئاگادارە مارتن، تاوەکوو ئەمڕۆیش مەراقمە، بەردەوام بیر لەوە دەکەمەوە، ئاخۆ ئەو ژوورە داخراوانە چییان تێدا بووبێت، بەتایبەتی ژوورەکەی باوکم، کە ئێستایش خەونی پێوە دەبینم.

خۆشترین کات لە سەردەمی منداڵیمدا، کە هێشتا باش لەبیرمن و هەمیشە بیریان لێ دەکەمەوە، تایبەتمەندیی ئێوارانی ئەو ماڵە بوو، کە دایە گەورە خۆراکی دابەش دەکرد بەسەر هەمووواندا، هەر خێزانە مەنجەڵ و قاپ و کەوچکی خۆی هەبوو، مەنجەڵەکانیش، ئەندازەیان بەگوێرەی گەورە و بچووکیی خێزانەکان دەگۆڕا، هەر خێزانە مەنجەڵی پڕ لە خۆراکی خۆی وەر دەگرت و لە ژووری خۆی نانی دەخوارد، باوکیشم هەر ئێوارەیە لەسەر سفرەی یەکێک لە ژنەکانی بوو، هەر ژنێک ئێواران مەنجەڵی دەسکداری وەر بگرتایە، بەمانای ئەوە بوو، کە خۆراکی تایبەتیی باوکمی تێدایە، یانی ئەو مەنجەڵە ڕووی لە هەر ژوورێک بکردایە، باوکم ئەو ئێوارەیە لەوێ بوو، ئەویش دایە گەورە بڕیاری لەسەر دەدا، خوا شایەتی حاڵە، هەر بیستویەک منداڵەکەی ئەو ماڵە، ئێواران بەڕیز لە بەردەم چێشتخانەکەدا ڕادەوەستاین و چاوەڕوان بووین، ئاخۆ مەنجەڵە دەسکدارەکە ڕوو لە چ ژوورێک دەکات، ئەو ئێوارەیە کێ

خێروبەرەکەت ڕووی تێ دەکات، مانای ئەوە بوو، ئەو ژەمە لەو ژوورەدا گۆشت دەخورێ و کوڕانیش بۆیان هەبوو لەگەڵ باوکیاندا نان بخۆن.

دەزانی چی مارتن، ئەو ئێوارانەی باوکم لە ژوورەکەی ئێمە دەبوو، لەلایەوە دادەنیشتم و پێکەوە لەسەر سینییەکی فافۆن نانمان دەخوارد، دایکم و فاتمەیش لەولاوە بە جیا، باش بەبیرم دێت، دایکم فاتمەی لەباوەش دەنا و توند بەخۆیەوە دەیگوشی، لە عەزرەت ئەوەی نەوەک بە ژوورەکەدا بگەڕێ و باوکم بێزار و تووڕە بکات، ئەوسا دایکم نانی نەدەخوارد و دەوەستا، تاوەکوو ئێمە تەواو دەبووین، کاتێک باوکم لە نانخواردن تەواو دەبوو، خێرا بەجێی دەهێشتین، ئینجا دایکم لەگەڵ فاتمە دەستیان دەکرد بە نانخواردن. هەر هەمان شەو، لە نیوەشەودا، لە کاتێکدا مانگەشەو ژوورەکەمانی نیوەڕووناک دەکردەوە، باوکم جارێکی تر سەردانی ژوورەکەی ئێمەی دەکردەوە، بۆنی باوکمم دەکرد و گوێم لە تەپەتەپی پێیەکانی دەبوو، بۆنی ئارەقی لەشیم دەکرد، خۆم لەژێر بەتانییەکەم توند دەکرد و هەناسەم لە خۆم دەبڕی، چاوم توند دەنوقاند، دەستم لەسەر گوێم دانابوو، هەرچەندە تەنها کاتیش بوو دایکم و باوکم پێکەوە ببینم، وەکوو تر، باوکم لە پێشچاوی ئێمەدا توخنی ژنەکانی نەدەکەوت.

ئێوارەیەک لەو ئێوارانەم باش لەبیر ماوە، باوکم لای ئێمە بوو، لەناکاو فاتمە خۆی لە دەستی دایکم ڕاپسکاند و خۆی گەیاندە سەر سینییەکەی ئێمە، وەکوو من لەلای باوکمەوە لێی دانیشت، لەپڕ باوکم خۆی ڕاپسکاند و ڕاست هەستایە سەر پێ، پەلی فاتمەی گرت و لە دووری دوو مەترێکەوە فڕێی دایە باوەشی

دایکم، دەستی کرد بە شەق تێهەڵدانی دایکم و فاتمە، بە خوای گەورە، باوکم ئەوەندە تووڕە و بێزار دیار بوو، غەزەب لێ دەباری، دایکیشم خۆی بەسەر فاتمەدا گرمۆڵە کردبوو، لەژێرەوە هەردووکیان دەیانزریکاند و بەکوڵ دەگریان، ئینجا باوکم سینیی خۆراکەکەی هەڵگرت و بۆ ژوورەکەی خۆی بردی، تاوەکوو ناو هۆڵەکە بەدوایدا چووم، ئاوڕی لێ نەدامەوە و دەرگای ژورەکەی توند بەدوای خۆیدا داخست، هێشتا من پارووپەکم خواردبوو، تاوێک بەرامبەری دایکم و فاتمە ڕاوەستام و خۆم لێ تووڕە کردن، بەرە و ڕوویان دەستم کرد بە شەق داهێنانەوە.

ئەگەر باش لەبیرم مابێت، دایکم سەری هەڵنەبڕی و لێی نەڕوانیم، بەکوڵ بەسەر فاتمەدا دەگریا، ئەوەی ئێستا لە خەیاڵمدا مابێت، با بزانم، ئا، پێم وتن، 'خەتای ئێوە بوو، باوکم ڕۆیشت.'

دەزانی، مارتن، ئەو ئێوارانەی باوکم لای ئێمە نانی دەخوارد، تەنها ساتێک بوو کە پێکەوە بین، بەس من و ئەو و کەسی تر نا، تەنها لەو ساتانەدا، ئەو پیاوە باوکی من بوو، وەکوو تر، خوا ئاگادارە نە سەیری دەکردم و نە دەیدواندم. ئەو ئێوارانەی لەگەڵ باوکمدا پێکەوە نانمان دەخوارد، هەموو جارێک باوکم لێی دەپرسیم، "کوڕم، بووی بە پیاو؟"

زووزوو خۆم قنج دەکردەوە، بێ ئەوەی بوێرم لێی بڕوانم، لە وەڵامدا دەم وت، "بەڵێ باوکی بەڕێزم."

بە خوا ئەوسا، جاری واش هەبوو، بە مانگ باوکم سەری بە ژوورەکەی ئێمەدا نەدەکرد، بەبیرم دێت، باوکم هەموو جارێک دەی وت، "من تەنها لەگەڵ پیاودا دەچمە سەر سفرە."

'ئەوسا پێم وا بوو دەبێت من هۆکاری ئەو نەهاتنەی باوکم

بـووبێتم، بـەردەوام براکـانم تانـەیان لـێ دەدام و دەیـان وت، "باوکمان دێتە ژوورێک، کە پیاوی تێدا بێت."'

پاش ئەوەی سەلیم ڕووبەڕووی دەرگاکە ڕاوەستابوو، تاوێک بـوو بێدەنگی دای گرتبوو، لەوە دەچوو لە خەیاڵیدا بۆ بەسەرهاتێکی تـر لە ڕابردوویدا بگەڕێت، لێم پرسی، 'ئەوسا تەمەنت چەند بوو؟'

'حەوت تا هەشت ساڵان بووم.'

'ئـەی، باوکـت چـۆن پیاوێـک بـوو؟ پەیوەنـدییت لەگـەڵی گەیشـت بەکوێ؟'

'بـاوکم پیـاوێکی باڵابـەرزی کەتـەی چوارشـانە بـوو، کاتێـک مـن لەدایـک بـووم ئـەو دەمێـک بـوو پـەنجا سـاڵی تێپەڕانـدبوو، جووتیارەکـانی گونـدی تـەل عومـەر، لـە بـەروبوومی سـاڵەکە، لـە سەدا بیست بۆ ئەوان و لە سەدا هەشتایشـی بـەر بـاوکم دەکـەوت، هەرچەندە لە سەردەمانی بـاوک و باپیرەی باوکمدا جووتیارەکـان مافیان زۆر لەوە کەمتر بوو، بەڵام ئەوە گرێبەسـتی نیوانیـان بـوو، هەڵبەتـە هـەردوو لا ڕازی بـوون پێـی، زەوییـەکان هـەموو مـوڵکی باوکم بوو، نەک هەر ئەوە، بگرە هەموو خانوو و زەویی دێکـەیش، موڵکی ئێمە بوو.

پـێش جـەژنان و ڕۆژانـی جـەژنانی ماڵەکـەمانم بـاش لـەبیرە، لـە یەکێک لەو ڕۆژانەدا، بـاوکم و دایـە گـەورەم پێکـەوە چووبـوون بـۆ شـار، تـا پێداویسـتی و جلوبـەرگ بکـڕن بـۆ هـەمووان، بـە بۆنـەی هـاتنی جەژنـەوە، کـە ئەوسـا چەنـد ڕۆژێکـی مـابوو، خـوای گـەورە ئاگادارە، لەگەڵ دەرچوونی ئەوان لە دەرگای باخەکەمان، ئەو ماڵە بوو بە مەیدانی جەنگ، دایکم و ژنی دووەمی باوکم، پڕ بـە ماڵەکە

هاواریـان دەکـرد و جنێویـان بـە یـەکتر دەدا، کوڕەکـانیش هـەموو بەرامبـەر ئێمـە ڕاوەسـتابوون و دانیـان لـێ جیـڕ دەکردینـەوە و چاوەڕوانی فـەرمانی دایکیـان بـوون، لەناکـاو یـەکێک لـە کوڕەکـان هـاواری کـرد، هێـرش بـەرن، پـەلاماریان بـدەن، ملیـان بشـکێنن، گازیان لێ بگرن، لە ئانوساتێکی کورتدا، هـەموو دەستمان کرد بـە زۆرانبازی و ژنـانیش دەسـتیان نایـە قژی یـەکتری، تـەنها کەسـێک کە بەشدار نەبوو لەو شـەڕەدا، فاتمە بوو، بێ ئەوەی گوێ بـە ئێمـە بدات، لە ژوورەکەی خۆماندا یاریی بە دوو چڵەدار دەکرد، من ئەو ڕۆژە بــەرەنگاری چەنــد برایــەکم بوومــەوە، بــەڵام لــە چەنــد هەناسـەیەکدا بـەزیم، چونکـە ئـەوان نـەک هـەر بەتەمـەن لـە مـن گەورەتر بوون، بەڵکوو دوو هێندەیش بـە لاشـە زلتر بـوون، خێرا بـە زەوییانـدا دام و چەنـدین شـەق و کوڵەمسـتیان تـێ سـرەواندم، ناچـار پاشەکشـەم کـرد و بەسکەخشـکێ خـۆم گەیانـدەوە نـاو دەرگـای ژوورەکـەی خۆمـان، لـەوێوە دەمبینـی چـۆن دایکـم ژنـی دووەمی باوکمی لەژێر دەنا، بە قژ بەو هۆڵـەدا ڕای دەکێشـا، پێـی سەرسـام بـووم، تـا ئـەو کاتـەیش نـەمزانیبوو دایکـم ئەوەنـدە ئافرەتێکی لێهاتوو و قارەمـان بـوو، بـاوەڕ بکـە مـارتن، هاوشـێوەی پیاو شەڕی دەکرد.

بە خوا دایکم ئەوسـا هـەر بەوەیشـەوە نەوەسـتا، ئینجـا یەک یەک پـەلاماری براکانمیشـی دا، خـوا ئاگـادارە، ئـەو پیـاوە زلانـە لـە بەردەمیدا ڕایان دەکرد و خۆیـان لـە ژوورەکانیـان قـاییم دەکـرد و دەرگایان لەسـەر خۆیان دادەخست، گۆڕەپانی شـەڕی بـە هـەموان چـۆڵ کـرد، دایکیشـم بەسـەر دەرگـا داخراوەکانـدا دەگـەڕا و بـە نەعلـەکانی دەسـتی، پێیـدا دەکێشـان، ئـەوانیش لـەودیو دەرگـا

داخراوەکانــەوە بانگیــان لــێ دەکــرد، "ســەلما بەرەڵلایــە، ســەلما بێکەسـە، سـەلما بێڕەوشـتە." ئینجـا دایکـم زیـاتر شـێتگیر و تـوورە دەبـوو، هــاواری لــێ دەکــردن، "ئەگــەر غیرەتتــان تێدایــە، وەرن ڕووبەڕوو وام پێ بڵێن."

ئەوانیش لـەودیو دەرگـا داخراوەکانـەوە، بـە کـۆرس دەیانزریکاند، "سـەلما بەرەڵلایـە، سـەلما بەرەڵلایـە." لـە ئەنجامـدا دایکـم بـەدەم گریــان و جنێودانــەوە پاشەکشــەی دەکــرد و دەگەڕایــەوە بــۆ ژوورەکەی خۆمان، لـەو کاتانـەدا مـن لـە ئەرزەکـەدا، لەسـەر سـنگ پـاڵ کـەوتبووم، بـەس تـەنها سـەرم بردبـووە دەر و لـە دوورەوە تەماشای ڕووداوەکانم دەکرد، ئینجا خۆم کشـاندە دواوە و دایکـم دەرگاکــەی تونــد داخســت، دوای نیــوەڕۆ، دایکــم لــە ســووچێکی ژوورەکـەدا بێوچـان دەگریـا و گرمۆڵـە ببـوو. دەمـەو ئیوارەی ئـەو ڕۆژە، خۆم دابوو بەسەر پەنجەرەی ژوورەکەماندا و لـە باخەکـەم دەڕوانــی، جــێگە شــەق و کوڵەمســتی براکــانم، هێشــتا ئازاریــان دەهات، بەئەستەم خۆم بـە پێوە بۆ ڕاگیر دەکرا، لەپڕێکدا ماڵەکە تــەواو بێــدەنگ بــوو، لــەو بێدەنگییــە کوتــوپڕە ســەرم ســووڕ مــا، وەکــوو هــەموو لەناکــاو فــڕیبن و ماڵەکــەیان بەجــێ هێشــتبێت، تەنانـەت درەختـەکانیش جووڵـەیان لـە خۆیـان بڕیبـوو، ئـەو نەرمـە بایەیش، کە بەردەوام پڕ بـە کۆشـێک تـەپوتۆزی بیابانی دەکرد بـە ژوورەکەمانـدا، دەنگـی نـەما، چۆلەکـەکانی باخەکـە لەسـەر پـەلی دارەکــان وشــک هەڵنیشــتبوون و دەنووکیــان لێــک نــابوو، پاسـەوانەکان لـەناو دەرگـای هاتنـە ژوورەوەی باخەکـەدا، ڕاسـت بەرامبەری یەک ڕاوەستابوون، دارخورماکان بـەڕیز و لـە شـێوەی سەربازدا، کە لە گۆڕەپانی مەشقدا بن، قیت ڕاوەستابوون، لەناکاو

دووراو دوور جێبەکەی باوکمم بینی، بە بەردەمی خزمەتکارەکاندا تێپەڕی و ڕووەو ماڵ دەهات، خێرا بانگم لە دایکم کرد و پێم وت، "باوکم هاتەوە، باوکم هاتەوە." دیار بوو لە ژوورەکانی تریشەوە هەمان دیمەنیان دیبوو، چونکە پەنجەرەکانی ئەوانیش، ڕووەو دەرگای باخەکەمان بوو، یانی ئەوانیش هەمان دیمەنیان لێوە دیار بوون، لەگەڵ دایکم کاتێک چووینە هۆڵەکە، هەموو لەوێ بوون و بە تووڕەییەوە لە چاوی یەکترمان دەڕوانی، کاتێک باوکم خۆی کرد بە ژووردا، زۆرمان لە خۆمان دەکرد تاوەکوو ئاسەواری بێزاری بە ڕوومانەوە دیار نەبێت، سارد و ناشیرین بەدەم یەکەوە پێدەکەنین و بە لالووتێکەوە لە شانی یەکەوە ڕاوەستابووین. لەگەڵ هاتنەژوورەوەی دایە گەورەدا، منداڵان هەموو لەدەوری کۆ بووینەوە، باوکیشم لەولاوە، لەسەر کورسییەکەی دانیشت و قاچی نایە سەر قاچی و خەریکی ئامادەکردنی نێرگەلەکەی بوو، چاوەڕوان بووین ئاخۆ چیمان بە دیاری بۆ کڕدراوە، لە ماڵی ئێمەدا ڕۆژێکی وا، ساڵی جارێک ڕووی دەدا. ئەو جارەیش ڕێکەوتی جەژنی قوربانی دەکرد، پاش وەرگرتنی دیارییەکە، دەبووایە بمان وتایە، "خوا بە خێری بنووسێت بۆ باوکی بەڕێزمان." پاشان یەک یەک دەچووین سێ جار دەستی باوکمان ماچ دەکرد و دیسان هەمان ڕستەمان دووبارە دەکردەوە. بێدەنگ، هەموو هەناسەمان لە خۆمان بڕیبوو، گەورە و بچووک، هەموو ملمان کووڕ کردبوو، لە بەرپێی خۆمانمان دەڕوانی، هەموو خۆمان بە تاوانبار دەزانی، هەموومان بەشدار بووین لەو شەڕەدا، دەمانزانی باوکم سزامان دەدات، خوا ئاگادارە، کەسی لێ دەر ناکات، بەڵام کەی، ئێستا، دوایی، نیوەی شەو. دەزانی چی، مارتن،

هـەموو باشـمان دەزانـی هەرشـتێک لـە ماڵەکـەدا ڕووی بدایـە، باوکمی لێ ئاگادار دەکرایەوە، ئەوەیش گران نەبوو بزانرێت کێ سیخوڕی بۆ باوکم دەکات، بە خوا هـەموو سیخوڕیمان بەسەر یەکـەوە دەکـرد، باوکیشـم لەبەرامبـەر هـەر سـەرپێچییەک کە لـە ماڵەکـەدا ڕووی بدایـە، هەرگیـز لێبـووردنی بەرامبـەر بـە تاوانبـار نەبوو، سزای گرانی دەدا و بێبەشی دەکرد لە خۆراک و پاشـان لە ژوورێکی تاریکدا بەند دەکرا، دوای وەرگرتنی دیارییـەکان، هـەموو بـە ڕیـز لـە شـانی یەکـەوە ڕاوەسـتابووین، چـاوەڕوانی دواقسـەی بـاوکم بـووین. ئـەویش زووزوو قـومی لـە نێرگەلەکـەی دەدا و دوکەڵەکـەی تێکـەڵ بـە هـەوای گـەرم و خنکـاوی هۆڵەکـە دەکـرد، تووڕەیی لە چاویەوە سەری کردبوو، لەو کاتـەدا تـەنها دەنـگ کە دەبیسترا، دەنگی فـاتمەی خوشـکم بـوو، لـە ژوورەکـەی خۆمانـەوە دەنگی دەهـات و لەبـەر خۆیـەوە گـۆرانی دەچڕی، یـان زۆر جـار وەک شـێت لەگـەڵ خۆیدا قسـەی دەکـرد. بـاوکم زۆر جـار فـاتمەی سزا دەدا لەسـەر ئەو نووزە نووز و گۆرانی وتنەی، فاتمـە هـەرگیز کۆڵی نەدەدا و بە کەس بێدەنگ نەدەکرا.

هەر وەکوو چۆن پێم وتیت، تاوێک بوو هـەموو بێدەنگ بووبـووین و چاوەڕوانی باوکمان دەکرد، ئەویش خێرا خێرا مـژی قووڵی لە نێرگەلەکەی دەدا و بە تووڕەییەوە لێی دەڕوانین، هەموو ئارەق بە ڕووماندا دەچۆڕایە خوار. لەپڕێکدا باوکم ئەو بێدەنگییەی شکاند و نەڕاندی، "لەبەر خاتری خوا و ڕێزم بۆ جەژنی قوربانی پیرۆز، بە خـوای گـەورە و میهرەبـان، ئەگـەر پیـاوبم، نایـەڵم بەسـەرتانەوە بچێت."

هەسـتایە سـەر پـێ و پـاش ئـەوەی دیسـان بـە تووڕەییـەوە لـە

هەمووانی ڕوانی، نەڕاندی بەسەرماندا، "من پیاوم، پیاو! دەی لە بەرچاوم ون بن، جانەوەرینە."
لە یەک ساتەوەختی کورتدا، هۆڵەکە چۆڵ بوو، هەر خێزانە و چووینەوە ژوورەکانی خۆمان و دەرگاکانمان لەسەر خۆمان داخست، دایکم، وەکوو ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت، من و خوشکەکەمی لە شانی یەکەوە ڕاگرت و ئەو جلە نوێیانەی کە بۆمان کڕابوو، لەبەری کردین.'

لەمەوە بێدەنگی کەوتە نێوانمان، پاش تاوێک، سەلیم لەبەر خۆیەوە پرسیی، 'مارتن، خوشک و برات هەن؟'
'نەخێر.'
'تاقانەیت؟'
'بەڵێ، من تەنها منداڵی دایکمم.'
'دایکت؟'
'بەڵێ دایکم.'
'ئەی باوکت؟'
'باوکی چی!'
سەلیم هەستایە سەر پێ و بەرامبەرم ڕاوەستا، پاش ئەوەی تاوێک لێی ڕوانیم، دایە قاقای پێکەنین، زۆری پێ چوو، تاوەکوو هێواش بووەوە و توانیی بدوێت، بەدەم پێکەنینەوە وتی، 'تێناگەم!'
'باشتر کە تێناگەیت، بەڵام سەلیم، تۆ لەسەر باسەکەی خۆت بەردەوام بە و پێم بڵێ، باوکت ئەو ڕۆژە سزای دان؟'
سەلیم زووزوو دەکۆکی و قوڕگی خاوێن دەکردەوە، پاش ئەوەی بە ژوورەکەدا دەستی بە گەڕان کرد.

بەردەوام بوو، ئەوەی لەبیرم مابێت، هەر ئەو شەوە باوکم یەک یەک ژنەکانی دارکاری کرد، بە خوا قیژە و گریانیانماڵەکەی پڕ کردبوو، ڕۆژی دوایی، دایکمم بینی هەردوو بەرچاوی شینومۆر هەڵگەڕابوو، ئەو ڕۆژەی ڕێکەوتی یەکەم ڕۆژی جەژنی دەکرد، بەیانی زوو من و دایکم لە گریان و هاوار هاواری فاتمە بەخەبەر هاتینەوە، کە هەردووکمان بە جلە نوێکانمانەوە خەوتبووین، پڕ بە ژوورەکە هاواری دەکرد و هەردوو دەستی توند بە سکیەوە گرتبوو. دایکم بەهەڵەداوان باوەشی پێ دا کرد و دەستی کرد بە گریان بەسەریدا، زۆری پێ نەچوو، باوکم خۆی کرد بە ژووردا و پەلی من و فاتمەی گرت، بەدوای خۆیدا ڕایکێشاین بۆ چێشتخانەکە و لەوێوە هەردووکمانی فڕێ دایە ژووری زەخیرەکە و دەرگاکەی لەسەر داخستین، من بۆ جاری یەکەمم بوو، بچمە ئەو ژوورە، وا بزانم باوکم منی بینی، چاوم پڕ بوو لە فرمێسک، هەر بۆیە منی لەگەڵ فاتمەدا سزا دا.

ژووری زەخیرەکە، گڵۆپی تێدا نەبوو، ئەوسا دایە گەورەم هەموو جارێک بە چرایەکی دەستییەوە خۆی پێدا دەکرد و پێداویستی و کەرەستەی چێشتلێنانی لێ دەر دەهێنان، لەناو تاریکیی ئەو ژوورەدا، بە لوشکەلوشک لە شانی یەکەوە ڕاوەستابووین، فاتمە پێش من ژیر بووەوە، من هێشتا پاڵم دابوو بە دەرگا ئاسنەکەی ژوورەکەوە و تووڕە و دڵشکاو دەگریام، بێجگە لەوەی ئەو سەرلەبەیانیی جەژنەم لەکیس چووبوو، خەمی ئەوەیشم بوو، ئاخۆ چی بکەم دوایی و چۆن ڕووم بێت لە ڕووی براکانمدا سەر هەڵبڕم، دەبێت چەند گاڵتەم پێ بکەن؟ کە باوکم بە پیاوی نەزانیوم و لەگەڵ فاتمەدا سزای داوم. ئەوسا باوکم کە سزای کوڕەکانی

دەدا، دوای چینێــک لێــدانمان، هــەرگیز لــەو ژوورەدا بەنــدی نـەدەکردین، بـەڵکوو دەری دەکردینـە دەرەوە بـۆ نـاو باخەکـەمان، ئەوسـا براکـانم دەیـان وت، "ژووری زەخیرەکـە پـڕە لـە جنۆکـە و خێو، ئەو پیاوەی بچێتە ئەو ژوورە، بەساغی نایەتـە دەرەوە، بـەڵام بـۆ ژنــان ئاســاییە، چونکــە ئــەوان خۆیــان لــە ئەزەلــدا تــوخمی جنۆکەن."

لـەو کاتـەدا کـە بیرم لـەو قسـانەی براکـانم دەکـردەوە، هێندەی تـر تـرس دای گـرتم و هـەموو گیـانم وەکـوو شەقشـەقە دەلـەرزی، لــەناکاو دەســتێک تونــد دەســتی گــرتم، ڕاچڵــەکیم، فاتمــە بــوو، بەهێواشی پێی وتم، "مەترسە."

بە تووڕەییەوە خۆم لێ ڕاپسکاند و ویستم دەسـتم لـە دەسـتی دەر بهێنم، ئەوەندە توند دەستی لە دەستم هەڵپێکابوو، لێم نەدەبووەوە، چەنـد جارێـک نەڕانـدم بەسـەریدا و پێم وت، "دەسـتم بـەر بـدە و وازم لێ بهێنە، هەمووی خەتای تۆیە من لێرەم."

زۆر تاریــک بــوو، چــاو چــاوی نــەدەبینی، تارمــایی جنۆکــە و خێوەکـانیش، لـە چواردەورمـان ورتـەورتیان بـوو، بـەو خـوای گەورەیـە، خـۆم بـە گـوێی خـۆم گـوێم لێیـان بـوو، براکـانم هـەموو ڕاسـتیان دەکـرد، لـە ترسـان خـۆم بێـدەنگ کـرد و چـاوم تونـد نووقانـد، بـەڵام تارماییـەکان لەپـێش چاومـدا هـەر ون نـەدەبوون، فاتمـە دەسـتی ڕاکێشـام و بـەدوای خۆیدا بردمـی بـۆ نـاو قووڵایی ژوورەکە، من هیچم نـەبینی و کوێرانـە دوای ئـەو کـەوتم، جارجـار قـاچم لـە کەرەسـتەی نـاو ژوورەکـە هەڵدەکـەوت، دیـار بـوو فاتمـە ڕاهاتبوو بەو تاریکییە، باش بەبیرم دێت، کە لـە کۆتـایی ژوورەکـە، لەناو ئەو تاریکییەدا، بەگاگۆڵکێ و پاشان بە سکەخشـکێ لـە نێوان

ئەو هەموو گوێنییانەوە بردمی، پاشان لە کونێکی بەرتەسکەوە، کە بەئەستەم پێوەی دەچووین، لەپێشدا وام دەزانی لێوەی دەچینە دەرەوە، بەڵام کاتێک بەدوای یەکدا کرم ئاسا خۆمان کرد بەو کونەدا، لەودیو دیوارەکەوە ژوورێک بوو، من و فاتمە بە پێوە بەئەستەم جێگەمان تێیدا دەبووەوە، لە نێوان بەردی دیوارەکانیەوە، ڕووناکی دەهاتە ژوورێ، فاتمە خۆی لێ نزیک کردمەوە و دیسان بەهێواشی پێی وتم، "مەترسە، هیچ مەترسە."
لە سووچێکی ژوورەکەدا، دوو پارچە دار ڕاستوچەپ بەیەکەوە بەسترابوون و پارچەیەک گوێنیی بەبەردا کرابوو، لە داهۆڵی ناو کێڵگەی جووتیارەکان دەچوو، لەو دەمەدا، فاتمە دەستی دایە و وتی، "ئەوەیش بووکەکەمە، ناوی عومەرە."
ناوی باوکمی لێ نابوو، لەوێوە باش گوێمان لە پیاوەکانی باوکم بوو، لەگەڵ یەکتری دەدوان، کزکز دەنگی مۆسیقاش دەهات، بۆ یەکەم جارم بوو گوێم لە دەنگی مۆسیقا بێت، چونکە لە ماڵەکەی ئێمەدا، تەنانەت ڕادیۆشمان نەبوو، براکانم دەیان وت، "باوکم لە ژوورەکەی خۆی نەک ڕادیۆ، بەڵکوو تەلەڤزیۆنیشی هەیە."
بەڵام کەسمان دڵنیا نەبووین، کە ئایا ڕاستە یان درۆ. باوەڕ بکە مارتن، بە خوای گەورە، نەک تەنها بۆ جاری یەکەمم بوو ئەو ڕۆژە گوێم لە دەنگی مۆسیقا بێت، بەڵکوو بۆ جاری یەکەمیشم بوو، گوێم لە فاتمە بێت بەئاسایی بدوێت و قسەم لەگەڵدا بکات، بەس دایکم لە فاتمە تێدەگەیشت، فاتمە تەنها لەبەر خۆیەوە، وەکوو شێت دەدوا و بەردەوام گۆرانی دەگوت، هەر زوو براکانم ڕێنماییان کردم، کە ئەگەر بمەوێت ببم بە پیاو، پێویستە لە ژنان دوور بکەومەوە، نە بیاندوێنم و نە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەم،

کاتێـک پیاوەکـانی بـاوکم بێـدەنگ بووبـوون، ئەوسـا دەنگـی ڕادیۆکەیانمان باشتر دەبیست، ئەو ڕۆژەیش بۆ یەکەم جارم بوو گوێم لە دەنگی ئوم کەلسوم بێت، ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام فاتمە بوو، کە هەموو گۆرانییەکەی لەگەڵدا دەگوتەوە، ئەو دەنگە ناسک و منداڵانەی خوشکەکەم، تێکەڵ بەو دەنگە بەسۆزەی ئوم کەلسوم دەبوو، ئێستایش دەنگیان لەناو گوێمدا دەزرینگێتەوە، بە خوای گەورە، وەکوو ئەوەی بە دەنگیان مەستیان کردبم، نازانم کەی و چەندێک لەوێدا خەوم لێ کەوتبوو. فاتمە ئەو ڕۆژە بۆ یەکەمین و دواجاریشـی بـوو، بمـدوێنێ و تەنانـەت گـوێم لـە دەنگیشی بێت.'

لە کاتێکدا سەلیم پشتی تێ کربووم، تاوێک بوو بێدەنگی دای گرتبوو، ئینجا هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و هەردوو دەستی بڵند کرد و بە زەلیلییەکەوە لەبن لێوەوە چپاندی، 'خوایە بمبەخشە، خوای گەورە لێم خۆش ببە و بە گەورەیی خۆت بمبەخشە.'

خۆم پێ ڕانەگیرا و هەستام لێی نزیک بوومەوە و لە شانیەوە ڕاوەستام، لێم پرسی، 'بۆچی دوایین جار بوو گوێت لە دەنگی بێت؟ ئەی پاشان؟'

'ئەوە دوایی بۆت باس دەکەم، پەلەت نەبێت.'

'هیچ پەلەم نییە، خۆ ناتوانم لەدەستت هەڵبێم!'

'لە خودا بەزیاد بێت، خوای گەورە تۆی بە خەڵات بۆ من ناردووە.'

بە پێکەنینێکەوە لێم ڕوانی، 'کەواتە تۆ و خواکەی تۆ هۆکارن، کە من لێرەم؟'

بە سووچێکی دەمی، نیوەزەردەیەکی کرد و وتی، 'بەڵێ، بەڵێ، وایە ئەی بەراز.'

لە چاوی یەکترمان ڕوانی و هەردوو دامانە قاقای پێکەنین، بەدەم پێکەنینەوە، سەلیم وتی، 'گوێم لێ بگرە، با ئەوەیشت بۆ باس بکەم، کە چۆن لە چوار ساڵیمەوە چوومە بەر خوێندن.'

سەلیم بەرامبەرم هەڵوێستەیەکی کرد و لەبەر خۆیەوە وتی:

'دەزانیت مارتن، ئەو ڕۆژانەم باش لەبیرە، کاتێ چوار ساڵان بووم، بۆ یەکەمین جار لەگەڵ براکانم چووم بۆ مزگەوتی دێی تەل عومەر بۆ وانەی قورئان خوێندن. ئەو ڕۆژە بۆم نەبوو دەست بدەم لە کتێبی قورئانی پیرۆزەوە، مامۆستاکەمان بەدرێژایی ئەو ڕۆژە ڕینمایی کردین، کە چۆن دەستنوێژ بگرین و خۆمان خاوێن ڕابگرین و بەرەوانی نوێژەکانمان بکەین. من ئەو ڕۆژە بێدەنگ لە ڕیزدا دانیشتبووم و گوێم لە مامۆستاکەمان گرتبوو، بەڵام ڕۆژانی دوایی، کاتێک دەستمان کرد بە خوێندنەوە و نووسین، پاش مانگێک و دووان و سیان، ساڵێک تێپەڕی و من هەر فێری خوێندنەوە و نووسین نەبووم. زۆر جاران مامۆستاکەم لەگەڵم بەشەڕ دەهات، لەماڵەوەیش لەلایەن باوکمەوە فەللاقە دەکرام و زۆر جاریش بێبەش دەبووم لە نانی ئێوارە، براکانیشم خێرا ناتۆرەی سەلیمی تەمەڵیان بەسەردا بڕیم.

ئەوسا باوکم هەموو جارێک پێی دەوتم، "شەرم دەکەم کوڕی وەکوو تۆم هەیە."

ئیتر خۆیشم سەرزەنشتی خۆمم دەکرد، باوەڕم وا بوو منداڵێکی تەمەڵم و ناتوانم فێری نووسین و قورئان خوێندنەوە ببم، هەتا

ئەو ساڵانەی لە قاهیرە دەژیام، بۆم دەر کەوت چاوم زۆر کزن، بەڵام ئەوکات پێم وا بوو هەمووان وا دەبینن و ئەو دونیایە لە پێشچاوی هەموو مرۆڤایەتیدا، هەر وا تەڵخ و دێز دەنوێنێ، لە خوێندنیش پیتەکانم بۆ لەیەک جیا نەدەکرانەوە و هەموو تێکەڵ دەبوون بەسەر یەکتریدا، لە ترسا دەمم تەتەڵەی دەکرد و بە هەڵە پیتەکانم دەخوێندەوە.'

'ئەی کە ئەوەندە ئاستی بینینت لاواز بوو، کەسێک نەبوو دەرک بەو کێشەیەت بکات؟'

'نەخێر، هەر زوو بە تەمەڵ و بێمێشک لە قەڵەمیان دام و ساڵانێکی دوورودرێژ، هەموو ڕۆژێک لەسەری سزا دەدرام.'

'ئەی چۆن فێری خوێندنەوە و نووسین بوویت؟'

'ئەوسا لە مزگەوت، بە هەموومان قورئانێکمان لە پێش بوو، هەرگیز من بۆم نەبوو دەست لە قورئانەکە بدەم و نزیکی بکەومەوە، ئەوەی لەو ساڵانەدا فێری بووم، نوێژکردن بوو، لەگەڵ چەندین ئایەتی قورئان، لەدوای مامۆستاکەمانەوە ئەوەندەمان دەوتنەوە، تاوەکوو لەبەرمان دەکرد، ئەوەی ڕاستی بێت، مارتن، لە لەبەرکردندا لە هەموویان زیرەکتر بووم.

پرسیت چۆن زانیم چاوم کزن؟ ئەوە زۆر دواتر، وا بزانم تەمەنم بیست ساڵ بوو، کاتێک لە قاهیرە بووم، لەگەڵ کوڕێکی خەڵکی ئەسکەندەریە پێکەوە ژوورێکمان بە کرێ گرتبوو، کوڕێکی قبتی، ناوی ئادەم فوئاد بوو، ئەو کوڕە شەو و ڕۆژ خەریکی خوێندنەوە بوو، داوای لێ کردم، کە کتێب بخوێنمەوە، کاتێک پێم وت، نازانم بنووسم و بخوێنمەوە، سەیر بوو بەلایەوە، ئینجا ئادەم کاغەز و قەڵەمی هێنا و بەبیانووی ئەوەی هەر هیچ نەبێت فێرم بکات چۆن

ناوی خۆم بنووسم، کاتێک ناوی نووسیم لەسەر کاغەزەکە ئەوەندە لێی چوومە پێش، لووتم خستبووە سەر کاغەزەکە، ئادەم پێی وتم، "تۆ چاوەکانت کزن؟" ئینجا ئەم چاویلکەیەی بۆ هێنام، کە لەو ڕۆژەوە، تا ئەمڕۆ، لەچاومدایە، ئادەم لە باوکیەوە ئەم چاویلکەیەی بۆ جێ مابوو. کاتێک چاویلکەکەی دامێ و لەچاوم کرد، بە خوا مارتن، نازانم چۆنت بۆ باس بکەم، ئەو ڕۆژە خۆشترین ڕۆژ بوو لە ژیانمدا، باوەڕ بکە، لە سەرەتاوە تووشی سام و دڵگوشین بووم و بێدەنگ لە ئادەم و ناو ژوورەکەم دەڕوانی، پاش ئەوەی لەسەر کاغەزەکە سەیرێکی ناوەکەی خۆمم کرد، هەستام و بە ڕاکردن چووم بۆ بەردەمی پەنجەرەی ژوورەکە، ئەوسا من و ئادەم لە باڵاخانەیەک بووین لە زەمالیک لەسەر ڕووباری نیل، بۆ یەکەمین جارم بوو بەڕوونی ڕووباری نیلم بینی، خانوو و باڵاخانەکانی شاری قاهیرەم لە دوورەوە بۆ لێک جیا دەکرانەوە، بە خوای گەورە، نازانم چەندێک بوو لەپشتی پەنجەرەکەوە ڕاوەستابووم و لە شاری قاهیرەم دەڕوانی.

ئەوسا کە بەیەکجاری لە ماڵەوە ڕۆیشتبووم و بڕیارم دابوو نەگەڕێمەوە. بەڵام لەدوای ئەو ڕۆژەوە کە ئەم عەینەکەم دەست کەوت، زۆر غەریبیی ماڵەوەمان و ئەو دونیا کۆنە تەڵخەم دەکرد، کە بەجێم هێشتبوو، حەزم دەکرد باوکم و دایکم و براکانم جارێکی تر ببینمەوە. مارتن، بەڵام بۆ زانیاریت، ساڵ زیاترم پێ چوو، تاوەکوو بە ڕەنگ و ڕواڵەتی ئەم دونیا نوێیەم ڕاهاتم، هەرچەندە ئێستایش غەریبیی وێنەی ئەو دونیا تەڵخەی ئەوسام دەکەم، لەدوای ئەو ڕۆژەوە، ئادەم بە دوو ساڵ فێری خوێندنەوە و نووسینی کردم.'

'پاش بیست ساڵ، ئەوجا فێری خوێندنەوە و نووسین بوویت؟'
'بەڵێ، ئەویش بە هێزی ئەم چاویلکە ئەفسوناویەی باوکی ئادەم.'
لەو دەمەدا، لەسەر قەراغی جێگەکەم دانیشتبووم، سەلیم هات لەتەنیشتمەوە دانیشت، چاویلکەکەی لە چاوی داگرت و خستیە سەر ڕانم و پێی وتم، 'فەرموو تۆیش تاقیی بکەرەوە.'

چاویلکەیەکی کۆنەی ڕەنگ ڕەشی قورس، لە چەند لایەکەوە شکابوو، دیسان بە لەزگە و چەسپ چاک کرابووەوە، سەلیم لێم هاتە پێش و لەژێر لێوەوە وتی، 'مارتن، دەی، چاویلکەکەم لەچاو بکە و تاوێک لەم دونیایەی من بڕوانە، بزانە چەند جیاواز دەبینیت.'
چاویلکەکەم هەڵگرت و کردمە چاوم، بێجگە لە تارماییەکی لێڵ، هیچی ترم نەدەبینی، سەلیم بێ ئارام لێی پرسیم، 'ئێ، ئێ، بەلاتەوە چۆنە، چۆن دەبینیت؟'
'یەک پارچە بیابان، لێڵ، بگرە هیچ نابینم.'
'بەڕاست، پێم بڵێ، چۆن دەبینیت؟'
'سەلیم، ئەو چاویلکەیە زۆر بەهێزە بۆ چاوی من، لەوانەیە بۆ تۆ بشێت، بەڵام بۆ چاوی من دەست نادات.'
بە تووڕەییەوە سەیرێکی کردم و وتی، 'قسەی بێمانا دەکەیت. بێنە، بێنە چاویلکەکەم، هەی بەراز.'
بە پێکەنینەوە سەیرێکم کرد و پێم وت، 'بەداخەوە، ئەو چاویلکە ئەفسوناویەی تۆ، بۆ چاوی من ناشێت.'
چاویلکەکەم بۆ ڕاگرت و وتم، 'فەرموو، ئەوە چاویلکە ئەفسوناوییەکەت.'

سـەلیم وشـک بەرامبـەرم ڕاوەسـتابوو، چـاوی تونـد نووقانـدبوو، وەکوو بیەوێت بیر لە شتێک بکاتـەوە، ماتـەمینی بـە ڕوویـەوە دیـار بوو، ئینجا بێدەنگی دای گرت و ئەو ڕۆژە هیچی تری نە وت.

١٣

تۆفان

لە خەو ڕابووم، دەموچاوم لە سەرمادا تەزیبوون، بەنیوە ناچڵی خەونێکم بیر دەهاتەوە. لە بەئاگا هاتنەوەمدا، چەندین پارچەی دیمەنەکانی خەونێکم لێ ون بووبوو، تەنها شت کە بیرم دەکەوتەوە، ئەوەبوو کە لە خەونمدا دەنگی دایکم گوێ لێ بوو، 'مارتن، مارتن، خۆت کۆ بکەرەوە، دەڕۆین.'

تەنها ئەمەی پێ وتم، یان هەرئەوەندەم لەو خەونەم بیر دێتەوە، تاوێک لەسەر پشت لێی ڕاکشابووم و جار جار چاوم لێک دەنا و لە خەیاڵمدا لە پارچەکانی تری ئەو خەونەم دەگەڕام.

لە دەنگی دەرگای ژووری زیندانەکەم ڕاچڵەکیم، وەکوو نەمەوێت دەسبەرداری ئەو گەڕانەم ببم، جووڵەم لە خۆم بڕی و بێدەنگ چاوەڕوان بووم، هێشتا شەو بوو و سپێدەی نەدابوو، چاوم لە تەپلەی پۆلیسەکان بوو، کاتێک خۆیان کرد بە ژووردا، گوێم لێیان بوو لەگەڵ سەلیمدا کەوتنە گفتوگۆ، چاوەڕوانی ئەوە بووم، ئاخۆ کەی هێرش دەکەنە سەرم و دارکاریم دەکەن، لەسەر ئەوەی لە

کاتی هاتنەژوورەوەیاندا، من هێشتا لەناو جێگەکەمدا بووم.
پۆلیسەکان، ئەو ڕۆژە تەنانەت بانگیشیان لێ نەکردم، دەرگایان بەدوای خۆیاندا داخست و ڕۆیشتن، بە سەرسووڕمانێکەوە ڕاست بوومەوە، لەسەر جێگەکەم دانیشتم، بینیم سەلیم، بە پێوە بێدەنگ ڕاوەستابوو، هێشتا لە دەرگای زیندانەکەی دەڕوانی، بانگم لێ کرد، 'سەلیم، هیچ شتێکی نوێ لەئارادایە؟'
سەلیم هیچ وەڵامێکی نەدامەوە، دیار بوو ئەوەندە چووبووە ناو قووڵایی خەیاڵیەوە، ئاگای لای من نەمابوو، لەسەر جێگەکەم دابەزیمە خوار و بینیم، چەندین قاپی پلاستیکیی سپی، کە لە فۆرمدا جیاواز بوون لە یەکتر، پڕ لە خۆراک لەسەر ئەرزەکە دانرابوو، دیسان بە سەرسووڕمانێکەوە بانگم لە سەلیم کردەوە، 'ئەوە چییە، چی ڕووی داوە؟'
سەلیم بە ساردییەکەوە ئاوڕی لێ دامەوە و وتی، 'ئەمڕۆ بیستوسێی مانگی حەوتە، ڕۆژی یادکردنەوەی شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٥٢ە، یانی ڕۆژی سەربەخۆیی گەلی میسرە.'
'ناوی ئەو ڕۆژەم بیستووە، بەڵام نەمدەزانی ڕێکەوتی ئەمڕۆ دەکات.'
'زیاتر لە ٣٦٠ ڕۆژ لە ساڵێکدا، وەکوو جانەوەر کردەوەمان لەگەڵدا دەکەن، بەڵام بە یەک ڕۆژ لە ساڵێکدا، کە ڕۆژی هاتنەسەردەستەڵاتی خۆیانە، بە یادکردنەوەی ئەو ڕۆژە دوورە، دەیانەوێت ئێستای خۆیان پیرۆز ڕابگرن و بە ناو دڵمان خۆش بکەن، بە خوای گەورە شتێک نییە لە میسردا ناوی سەربەستی بێت، نەک بۆ من، کە زیاتر لە سی ساڵە بەندیان کردووم، بەڵکوو بۆ هەموو ئەو کەسانەیش، کە ئێستا لە جێگەی ئەوسای من، لە

کوچە و کۆڵانەکانی قاهیرەدا دەیگوزەرێنن، تەمەنا دەکەم خوای گەورە تۆڵەی ئێمەیان لێ بکاتەوە و ڕیسوایان بکات.'

بە سەرسووڕمانێکەوە لێم ڕوانی و لێم پرسی، 'ئێ، ئەی ئێستا چی بکەین؟'

لەژێر لچ و لێویەوە زەردەخەنەیەکی بۆ کرم، 'نان دەخۆین، چی دەکەین، هەڵبەتە من و تۆ چیمان لە دەسەڵاتدایە.'

دوای ئەوەی هەردووکمان چەند جارێک بەدەوری قاپەکاندا سووڕاینەوە، لەسەر ئەرزەکە بەرامبەر یەکتر دانیشتین، سەلیم پرسیی، 'دەڵێم مارتن، تۆ شوکری خوا دەکەیت؟'

'کام خوا؟ ئەو خوایەی تۆ بەردەوام ناوی دێنیت؟'

'ئەی بەراز، خوا هەر خوایە، بۆ تۆ خوایەکی ترت هەیە باوەڕت پێی هەبێت، جگە لەو خوایەی من؟'

'خوا لای من تەنها وشەیەکە و ئەو وشەیەیش ئەبستراکتە.'

'شتی وا چۆن دەبێت.'

'بۆ نا.'

'لێت تێناگەم.'

'ئەو خوایەی تۆ ناوی دێنیت و باوەڕت پێیەتی، من نە پێشتر ناویم بیستووە و نە بە خزمەتیشی گەیشتووم، بەڵام خوایەکی قەشەنگی خۆم هەیە، کە بە هەموو تەمەنم بۆی ژیاوم و هەمیشە لە دڵمدا ئامادەیە.'

'مەبەستت لە ئافرەتە؟'

'بەڵێ، مەبەستم لە ئافرەتێکە.'

'خوای گەورە تۆبە، جا کەی ئافرەت شایانی ئەوەیە مرۆڤ وەکوو خوای خۆی هەژماری بکات، هەی مرۆڤی نەزان؟'

'ئەوە بۆچوونی منە.'

' ئەو ئافرەتە کێیە، تۆ دەیپەرستیت؟'

'دایکم.'

لەمەوە سەلیم سەری داخست و بێدەنگی کەوتە نێوانمان.

خۆراکەکەمان، برنج و مریشکێک بوو، کە لەناو پەتاتە و پیازدا کولاندبوویان، ئەوە بۆ ساڵێک دەچوو، بۆ یەکەمین جارم بوو خۆراکی وا بخۆم، بێدەنگ، سرتەمان لە خۆمان بڕیبوو، سەرسام، لە خەیاڵی خۆماندا نغرۆ بووبووین، خێرا خێرا چنگمان پڕ دەکرد و لە دەممان دەئاخنی. دوای ئەوەی دوادەنکە برنجمان لەناو قاپەکاندا ڕاو کردن و ڕووی قاپەکانمان لێسانەوە، سەلیم لەبەر خۆیەوە وتی، 'ئەم ڕۆژە، هەمیشە ڕۆژی ژن هێنانەکەی باوکمم بیر دەهێنێتەوە.'

بێدەنگ لێم ڕوانی و سەرم بۆ لەقاند، ئەو بەردەوام بوو، 'ئەو ڕۆژەی باوکم چوارەمین و دواهەمین ژنی خۆی تێدا هێنا و ئاهەنگمان بۆ گێڕا، ڕێکەوتی ئەم ڕۆژەی دەکرد، سێ ژنەکەی تریشی، هەر لەم ڕێکەوتەدا گوێزابوونەوە و ئاهەنگی بۆ گێڕابوون، ئەوسا تەمەنم شازدە ساڵێک دەبوو، ئەو ڕۆژە، بەیانی زوو، هێشتا خۆر نەکەوتبوو، لەگەڵ چوار برام بۆ شاری ئەسیوط بۆ کڕینی پێداویستی بەڕێ کەوتین، ئەوە بۆ جاری یەکەمم بوو لە دێکەی خۆمان دەر بچم و جێگە و شاری تر ببینم، بەلام ئەو چوار برایەم، چەند جارێکی تر سەردانی شاری ئەسیوطیان کردبوو، ئەوەندە لە چواردەوری خۆمم دەڕوانی، چەند جارێک وەختەبوو ببم بەژێر ئوتومبێلەوە. یەکێک لە براکانم ناچار بوو قۆڵی لە قۆڵم بکات و لەگەڵ خۆیدا بمگێڕێ. لە گەڕانەوەماندا، لە

دەرگای باخەکەمانەوە بۆن و بەرامی بەهارات و گۆشتی کوڵاوم دەکرد، پاسەوانی بەردەرگاکەمان پێی وتین، "کوڕینە، فریا بکەون، ئاهەنگ و خۆشییە، خێرا بکەن، ئەگینا بەشتان نامێنێ."

'دەنگی دەهۆڵ و زووڕنا دەهات، کاتێک گەیشتینە بەردەمی ماڵ، هەموو بە هەڵەداوان و بە ڕاکردن خۆمان کرد بە ژووردا، ژنان هەموو خۆیان گۆڕیبوو و لەو دەوروبەرە دەهاتن و دەچوون، براکانی ترم، هەموو لەمبەر و ئەوبەری هۆڵەکە ڕووخۆش و دەم بە پێکەنین ڕاوەستابوون و تاکوتەرا لەگەڵ یەک دەدوان، لە کۆتایی هۆڵەکە، باوکم لەسەر کورسییەکەی دانیشتبوو، سەرتاپا جلی سپیی پۆشیبوو، سەر و سمێڵی لێ ڕەش کردبووەوە و لە دوورەوە دەبریقایەوە، لە دەستە چەپیەوە، ئافرەتێکی سوور پۆش دانیشتبوو، لە شانی ئافرەتە سوور پۆشەکەوە، ئافرەتێکی لەچک بەسەر بوو، بێوچان لە هەموومانی دەڕوانی، لەچکەکەی ئەوەندە توند لەژێر چەناگەیدا گرێ دابوو، دەموچاوی سوور هەڵگەڕابوو، ئاوساو دەهاتە پێشچاو، چاوی زەق و گەورە دەر پەڕیبوو، باوکم بەردەوام مژی لە نێرگەلەکەی دەدا و دووکەڵەکەی دەکرد بەناو جەنجاڵیی ماڵەکەدا، لەو کاتەدا دایەگەورە هاتە بەردەممان و بە ڕوویەکی خۆشەوە پێی وتین، "هاتنەوە، کوڕەکانم، بەخێر بێنەوە، بڕۆن، بڕۆن دەی، پیرۆزبایی لە باوکتان بکەن، دەی خێرا بکەن."

بەگوێرەی تەمەنمان و بە ڕیز، بەناو ئەو جەنجاڵییەدا خۆمان گەیاندە بەردەمی بووک و زاوا، بە نۆرە لە بەردەمی باوکمدا نوشتاینەوە و دەستیمان ماچ کرد و پیرۆزباییمان لێ کرد، بووکێ لەژێر تارا سوورە تەنکەکەیەوە، چاوی زیتەی دەهات و یەک یەک لە ئێمەی دەڕوانی، لەژێر تاراکەیەوە دیار بوو، کیژۆڵەیەکی

منداڵكاری دەموچاو سپیكەلە بوو، هاوتەمەنی فاتمەی خوشكم بوو، یانی ئەوكات پێدەچوو تەمەنی سیازدە بۆ چواردە ساڵ بووبێت.

باوكم دەستی درێژ كرد بۆ لای ژووری چێشتخانەكە و بە ڕووخۆشییەكەوە پێی وتین، "كوڕەكانم، بڕۆن بۆ چێشتخانەكە، بە دڵی خۆتان شیرینی و خۆراك بخۆن، پاشان بەم بۆنەیەوە، ئاهەنگ بۆ باوكتان بگێڕن."

یەكێك لە ژنەكانی باوكم، لەو كاتەدا لەبەر دەمماندا قوت بووەوە، سینییەكی لەسەر دەست بوو، پڕ بوو لە مەسكەت و لوقم و گەزۆ و شیرینیی جۆراوجۆر، تا ئەو ڕۆژەیش، لە ماڵی ئێمەدا، تەنانەت لە جەژنەكانیشدا، نەماندیبوون و تاممان نەكردبوو، باوكم دیسان بانگی لێ كردین، "كوڕەكانم، بە دڵی خۆتان بخۆن، قابیلتانە و نۆشی گیانتان بێت."

پاش ئەوەی لەپێش چاوی باوكم بە ترس و لەرزێكەوە سەرو مەسكەتمان خستە دەممان، بێدەنگ بەدوای یەكتردا چووین بۆ چێشتخانەكە، بۆن و بەرامی خۆراك و خواردنەوە و هالاو و بۆنی بەهارات، ماڵەكەیان قانگ دابوو، چەندین مەنجەڵی گەورە لەسەر ئاگر بوون، دەیان سینی و قاپی گەورەی پڕ لە شیرینیی جۆراوجۆر، لەسەر مێز و ئەرزی چێشتخانەكە دانرابوو.

ئەو ڕۆژە باوكم زۆر دڵخۆش و بەكەیف دیار بوو، ڕووی خۆش بوو لەگەڵ هەمووماندا و یەك یەك بانگی دەكردین و دەستی بە سەرماندا دەهێنا و ئەملاولای ماچ دەكردین، دەمەوئێوارە، هەموو پێكەوە نانمان خوارد، ئەو ڕۆژە هەموو شتێك زۆر بوو، گۆشت و خۆراكی جۆراوجۆر ئامادە كرابوو، چەند پیاو و ژنی بێگانەمان

لەناودا بوو، وا بزانم کەسوکاری بووکێ بوون و لەگەڵ ئەو هاتبوون، جووتیارانی دێش، ئەو دوانیوەڕۆیە بەکۆمەڵ دەهاتن و وەکوو ئێمە بە سەردەستی باوکمدا نوشتانەوە و دەستیان ماچ کرد و پیرۆزباییان لێ کرد، پاشان لە بەردەرگا هەریەک لە جووتیارەکان، کیسەیەکی پڕ لە نوقڵ و شیرینیی وەر دەگرت و بەرەو دێ دەڕۆیشتنەوە.

ئەوسا ساڵێک زیاتر دەبوو، من لەگەڵ براکانمدا لە ژووری پیاواندا دەخەوتم و تەواو جیا بووبوومەوە لە دایکم و فاتمە، ئەو ڕۆژە، لە دەمەوئێوارەدا، چاوێکم بە ماڵەکەدا گێڕا بۆ فاتمە و دایکم، بەڵام لە هیچ جێگەیەک پێیان نەگەیشتم و تەنانەت لە ژوورەکەی خۆشیاندا نەبوون، ئەوەی ڕاستی بێت، زیاتر نەمپرسی و لەگەڵ براکانمدا سەرقاڵی خواردن و ڕابواردن بووین.

دوای نان خواردنی ئێوارە، ئاهەنگ گوێزرایەوە بۆ سەر سەکۆی بەردەمی ماڵەکە و ناو باخەکە، لەگەڵ براکانمدا، دەمانخوارد و لەگەڵ ژەنینی دەهۆڵ و زووڕناکەدا سەمامان دەکرد، دایە گەورەیش لەگەڵ بەربووکەکەدا، لە بەردەرگای ماڵەکەدا تاوێک بوو ڕاوەستابوون و قسەیان دەکرد، زۆری پێ نەچوو، دەنگی هەلهەلەی دایەگەورە و بەربووکەکە سەرنجی هەمووانی ڕاکێشا و هەموو گوێقوڵاخ بووین، لەو کاتەدا باوکم لە ماڵ هاتە دەر و گۆچانێکی بە دەستەوە و بەرەو گۆڕەپانی ئاهەنگەکە دەهات، خزمەتکارەکانیش لوولەی تفەنگەکانیان کردە ئاسمان و دەستیان کرد بە تەقەی خۆشی، باوکم گۆچانەکەی لە هەوادا با دا و لەگەڵ ڕیتمی دەهۆڵ و زووڕناکەدا، دەستی کرد بە سەما، تا درەنگانی شەو، هەموو بە چواردەوری باوکمدا خولاینەوە و سەمامان کرد.

لەو دەمەدا، گویم لە یەکێک لە براکانم بوو بە برایەکی ترمی دەوت، "سەد شوکور بۆ خوای گەورە، باوکمان جارێ بە بەریەوە ماوە و بەهێزە." هێندەی پێ نەچوو، بوو بە زاوا و ژنە تازەکەی کون کرد و کردی بە ژن!'

لەو کاتەدا قسەکانم بە سەلیم بڕی و لێم پرسی،

'چۆن، چۆن، پیاو، بەهێز، کونکردن!'

سەلیم بە سەرسووڕمانێکەوە سەیرێکی کردم و وتی، 'تێناگەم لێت؟'

'مەبەستم، ئایا کونکردن یان بنپڕاندنی کچێکی لاوی تازە باڵقبووی تەمەن سیازدە یان چواردە ساڵ، گوایا تەنها بە کێری پیاوی بەهێز ئەنجام دەدرێت؟'

'ئەی چۆن.'

'زۆرینەی کچان لە سەردەمی تەمەنی باڵقبوونیاندا، خۆیان بە پەنجە ئەو پەردەیە دەدڕێنن، لە کاتی یاریکردندا یان لە ئەنجامی کەوتنیان، ئیتر بە هۆی هەر ڕووداوێکی ترەوە بێت، تێدەگەیت لە مەبەستم یان...'

'ئەی ئەو کچانە لە پاشەڕۆژیاندا تووشی لێپرسینەوە نابن؟'

'کام پاشەڕۆژت مەبەستە؟'

'مەبەستم، کە شوویان کرد، یان پاشەڕۆژ، پاشەڕۆژ، لە بەرامبەر خودادا.'

'تۆ پێت وا نییە کە، مەبەستم، کە هەر پیاو خۆی خودا و پاشەڕۆژیش بێت بۆ ئەو کچانە؟'

'استغفر الله العظیم!'

'بمبوورە.'

'ئاخ، مارتن، واز بێنە لەو قسە هیچوپووچانەت. یەکەم، من هەرگیز ژنم نەهێناوە و نازانم چۆنە و چۆن دەبێت، دووەم، ئەوە یاسای ژیانە و خوا دای ناوە، ئیتر پێویستە ئێمەی مرۆڤ پەیڕەوی بکەین.'

'مەرج نییە هەموو مرۆیەک پەیڕەوی ئەو یاساوڕێسایە بکات.'

'مارتن، ئەو باسە قسە زۆر هەڵدەگرێت، ئێستا بوارم پێ بدە باسی ڕووداوەکانی شەوی ئاهەنگەکە و ڕۆژی دوای ئەو شەوەت بۆ وەگێڕم.'

'ئێ باشە، بەردەوام بە.'

سەلیم وەکوو ئەوەی لەبەر خۆیەوە بدوێت، وتی، 'شەوی ئاهەنگی ژن هێنانەکەی باوکم، من و براکانم هەموو لەتاو ئازاری سکمان خەومان لێ نەکەوت، بەردەوام بە ڕێگەی ئاودەستەوە بووین، هەموو بەدوای یەکتردا ڕیزمان گرتبوو، تاکوتەرایش خۆیان لە ڕیزەکەدا بۆ پێ ڕانەدەگیرا و بەرەو دەرەوە هەڵدەهاتن و لە باخەکەمان دەستیان بە ئاو دەگەیاند.

ڕۆژی دوای زەماوەندەکەی باوکم، سەرلەبەیانی زوو، پێم وا بێت ئەو شەوە هەموو دوو کاتژمێر خەوتبووین، سەرلەبەیانیی ڕۆژی دوای ئەو شەوە، بەکۆمەڵ بەرەو مزگەوت بۆ نوێژی بەیانی بەڕێ کەوتین، مەلای مزگەوت، دوای نوێژ، کاتژمێرێک قورئانی بۆ خوێندینەوە و باسی ژیانی پەیامبەری بۆ کردین.

لە کاتێکدا ئێمە لە ژوورەوەی مزگەوتەکە چواردەورمان لە مەلا دابوو، لە حەوشەی مزگەوتدا بوو بە هەرا و جەنجاڵی و شین و واوەیلا، مجەوری مزگەوتەکە بەهەڵەداوان خۆی کرد بە ژووردا و

چــوو بــۆ لای مــەلا و بــە گوێیــدا چپانــدی، مەلاکــەیش بــە شپرزەییەکەوە هەستایە سەر پێ و پێش مجەورەکە کەوت، مەلاکە بەدەم ڕێوە و لەبەر خۆیەوە پێی وتین، "کوڕینە تەواو، تەواو، هەموو بڕۆنەوە ماڵەوە و خواتان لەگەڵ بێت."

لە حەوشەی مزگەوتدا، چەندین کەس لەو دەوروبەرە بەکۆمەڵ و تاکوتەرا ڕاوەستابوون، دەستەدەستە سەریان لێک نابوون و ورتەورتیان بوو، کاتێ ئێمە گەیشتینە حەوشەکە، هەموو بێدەنگ بوون و لە ئێمەیان دەڕوانی، هەرچەندە ئەوەیش بەلای ئێمەوە ئاسایی بوو، چونکە ئێمەی کوڕانی ئاغا، لە هەر جێگەیەکەوە دەر دەکەوتین، جووتیارەکان سەریان لە ئاستماندا دادەخست و بێدەنگ دەبوون. کاتێک لە مزگەوت دەر چووین، بەڕێگەوە باس باسی خۆراک و زەماوەندەکەی ڕۆژی پێشوو بوو، لە ڕێگە، پێش ئەوەی بگەینە بەردەرگای باخەکە، جیپەکەی باوکم ڕووبەڕوومان دەهات و خێرا دای بەلاماندا، باوکم و دایکم و دایە گەورەمی تێدا بوو، بێ ئەوەی لە ئێمە بڕوانن، پاش ئەوەی تاوێک بە سەرسووڕمانەوە هەموو لە یەکترمان ڕوانی، یەکێک لە براکانم هەڵی دایە و وتی، "دەبێت کام لە جووتیارەکان لنگی جووت کردبێت و تۆپیبێت."

کاتێک گەیشتینە ناو دەرگای باخەکە، یەکێک لە براکانم لە پاسەوانی ناو دەرگاکەی پرسی، "دەزانیت بۆچی باوکمان چوو بۆ گوند، ئایا چی ڕووی داوە؟"

پاسەوانەکە سەری ڕاوەشاند و لەوەڵامدا وتی، "پێم وا بێت دایکی مەلای مزگەوت مردووە."

ئێمەیش دەستمان کرد بە پێکەنین و گاڵتەکردن، یەکێک لە براکانم

وتی، "ئاوا، ئێمە وامان دەزانی دیسان شایی و ئاهەنگە، تومەس پیرێژنێک تۆپیوە."

لە ماڵەوەیش، هەموو لە چاوەڕوانیی بینینی ژنە تازەکەی باوکمدا بووین، بەڵام ئەو ڕۆژە، لە ژوورەکەی خۆی نەهاتە دەر، ئەو نیوەڕۆیە، هەموو بەدەوری سفەرەکەدا دانیشتبووین و پاشماوەی ئەو خۆراکە زۆرەی ڕۆژی پێشوومان دەخوارد، ژنەکەی تری باوکیشم، بێدەنگ بە ماڵەکەدا دەهات و دەچوو، هێشتا ئێمە لە نانخواردن نەبووبووینەوە، لەناکاو ماڵەکە تاریک داهات و دەرگا و پەنجەرەی ماڵەکە ڕەشەبا دەیدان بەیەکدا، لەپڕێکدا، لە دەرگای هۆڵەکەوە ڕەشەباکە خۆڵ و تەپوتۆزی کرد بە ژووردا، لە دەرەوە دەنگی گفەگفی ڕەشەبا دەهات، تا دەهات، زیاتر ماڵەکە تاریک دەچوو، زرموهووڕی دەرگا و پەنجەرەکان، هەمووانی بێزار کرد، چەند برایەکم سفرەکەیان بەجێ هێشت و دەستیان کرد بە داخستنی دەرگا و پەنجەرەی ماڵەکە، لە یەک ساتەوەختی کورتدا، تۆفان و هێزی ڕەشەباکە ماڵەکەی پڕ کرد لە تەپوتۆز و لمی بیابان، چاو چاوی نەدەبینی و هەموو بە یەکتردا دەدراین، هاتوهاواری ئێمە و قیژەقیژی ژنان و زرموهووڕی دەرگا و پەنجەرە و ناڵە و گرمەی تۆفانەکە، ماڵەکەی کرد بە قیامەت، باوبۆران هەموو ئاڕاستەکانی لێ ون کردین و لە بێدەسەڵاتیماندا، هەریەکە بۆخۆی لە قوشبنێکی ماڵەکەدا خۆی لێ گرمۆڵە کرد و بێدەسەڵات خۆمان حەشار دا. ئەو ڕۆژەم باش بەبیر دێت، بە خوا کەس بەتەمای خۆی نەبوو، هەموو وامان دەزانی کۆتایی دونیایە، لە ئایەت خوێندن و شایەتومان هێنان زیاتر، هیچ دەسەڵاتێکی ترمان نەبوو، لە سووچێکی هۆڵەکەدا خۆم لێ گرمۆڵە کردبوو، لە

عەزرەتدا توند هەردوو دەستم بە دەموچوماومەوە گرتبوو، لەدڵی خۆمدا تۆبەم دەکرد و لە خودا دەپاڕامەوە. بەڕێکەوت ئەو ڕۆژە مەلای مزگەوت باسی ڕۆژی قیامەتی بۆ دەکردین، ئەو ڕۆژە مەلا دەی وت، "ڕۆژی قیامەت، ئەمڕۆ یان سبەی یان دوای ساڵێکی تر، لەوانەیشە پاش هەزاران ساڵی تر ڕوو بدات یان ڕوو نەدات، ئەوەیش خوای گەورە خۆی دەیزانێت."

نازانم چەندێک بوو لەوێدا بێهیوا لێی کەوتبووم، کاتێک تۆفانەکە کەمێک هێواش بووەوە و ماڵەکە تۆزێک ڕۆشنایی تێ کەوت، بە ترس و لەرزێکەوە سەرم هەڵبڕی و بە چواردەوری خۆمدا ڕوانیم، بینیم چۆن ماڵەکە دار و دیواری بەسەر یەکدا ڕووخابوو، یەک یەک براکانم لەناو تەپوتۆز و لەژێر دار و پەردووی دیوار و دەرگا داڕووخاوەکاندا دەهاتنە دەر، ساڵی چەند جارێک تۆفان و خۆڵبارین لەو هەرێمەی ئێمە ڕوویان دەدا، بەڵام بە تەمەنی باوکیشم، ڕەشەبا و تۆفانی لەو شێوەیە ڕووی نەدابوو. سەرسام، تاوێک لە جێگەی خۆمەوە لە ماڵەکەم ڕوانی، بینیم چۆن دەرگای ژوورەکەی باوکم و دەرگای سەرجەم ژووری نهێنییەکان، ڕەشەباکە لە گرێژنەوە دەری هێنابوون، بە خوای گەورە، بەبێ ئەوەی بە هانای کەسەوە بچم، تاوێک بە بەردەمی ژوورەکاندا گەڕام و یەک یەک لێم ڕوانین، بەڵام هێزی ڕەشەباکە، هەموو ژوورەکانی کردبوو بە وێرانە و پڕ بوون لە لم و تەپوتۆزی زەردی بیابان و بەئەستەم دەبینران، وێنەی باوکم و باپیرەم، کە بەگەورەیی لە چوارچێوە گیرابوو و بە دیواری هۆڵەکەدا هەڵواسرابوو، تێک شکابوو و لەو ناوەدا کەوتبوو، من و براکانم بە سەر و چاوی خوێناوییەوە لەو دەوروبەرە، لەژێر دار و

پەردووی ماڵە وێرانەکەدا زەلیل و کەنەفت لە یەکترمان دەڕوانی و بەرامبەر دەرگا تێکشکاوەکەی ژوورەکەی باوکم، حەپەسابووین، لەبیرمان چوو بەتەنگ ئافرەتەکانەوە بچین، کە لەو ناوەدا ڕووت و نیوەگیان لێی کەتبوون، کاتێ ماڵەکە ئەهوەن و تەواو ڕووناک بووبووەوە، هەموو لە دەنگی باوکم ڕاپەڕین و کەوتینە خۆمان، خوای گەورە ئاگادارە، ئەوانەیشی بریندار بوون و قاچ و دەستیان شکابوو، زۆریان لە خۆیان کرد و هەوڵیان دەدا لە ڕووی باوکمدا ڕاست بە پێوە بوەستن، باوکم لە عەززەتدا بە ماڵەکەدا ڕای دەکرد، ئێمەیش لە بێدەسەڵاتیماندا، نەماندەزانی چی بکەین، هەندێک لە براکانم بەدوای باوکمدا ڕایان دەکرد و دەگریان و بە چەپۆک لە سەری خۆیان دەدا، باوکم خێرا دەرگا شکاوەکانی بەئەمانەت بە ڕووی ژوورەکاندا گرتن، تووڕە لە هەمووانی دەڕوانی، کاتێک بینیی ژنەکانی یەک یەک لەو ناوەدا لەژێر تەپوتۆزدا کەوتبوون، پەلاماری هەر کامیانی دەدا، نیوەگیان و ڕەشەباکە جلوبەرگی لەبەریدا دادڕیبوو، باوکم هێندەی تر بێزاری دای گرت و بە گۆچانەکەی دەستی، کەوتە لێدانی هەرکەسێک، کە لێوەی نزیک بووایە، بە دەستەکەی تریشی، لە جلکە شڕە دەگەڕا، تا بەسەر ئازای ڕووتەوەبووی ژنەکانیدا بدات، دایە گەورە بەدەم گریان و ناوی خوا هێنانەوە، یەک یەک پەلی ژنەکانی دەگرت و بۆ ژوورە وێرانەکان کێشی دەکردن، باوکم بە تووڕەییەوە هاواری لێ کردین، "بڕۆنە دەرەوە، هەی ناپیاوینە، لە بەرچاوم ون بین هەی بەچکە سەگەکان."

بڕوا بکە براکەم، یەکێک بە پێی خۆی و تاکوتەرایش بە گاگۆلکێ و سکەخشکێ، هەموو بە پەلەپڕوزێ ڕووە و دەرەوە هەڵاتین، من

یەکەم کەس بووم خۆم گەیاندە دەرەوە و خۆم دەرباز کرد.
کاتێک گەیشتمە بەردەمی ماڵەکە و ڕوانیم ئەو تۆفانە چ ئاسەوارێکی وێرانەی لەدوای خۆیەوە جێ هێشتبوو، باخەکەمان بەدەگمەن داری وەستاوی تێدا مابوو، ئەو ناوە یەک پارچە بووبووە بەشێک لە بیابان، لە کاتێکدا بەسەرسامی لە چواردەوری خۆمم دەڕوانی و هێشتا چاوم پڕ بوو لە فرمێسک، دایکم لەناکاوێکدا دەستی گرتم، لێم نزیک بووەوە و پاش ئەوەی بە ترسێکەوە بە چواردەوری خۆیدا ڕوانیی، بە دەنگێکی تێکشکاو و گریاناوییەوە وتی، "سەلیم، سەلیم، فاتمەیان کوشتووە."
ڕاچڵەکیم و تەزوویەکی سارد بە لەشمدا دەهات و دڵم داخورپا، دەستەونەزەر لە جێگەی خۆمدا وشک ڕاوەستام، نازانم لەو دەمەدا چی بە خەیاڵمدا دەهات، خوا ئاگادارە، ڕێک لەویا، وەختەبوو دڵم لە لێدان بکەوێت، نازانم ترس و پەشۆکانی ئەو تۆفانە شوومە بوو، یان ئەوە بوو کە دوای چەندین ساڵ بوو، بۆ یەکەمین جارم بوو دەستم بەر دەستی دایکم بکەوێت، یان هەواڵی مردنی فاتمە بوو.
بە هەرحاڵ، لەو دەمەدا دایەگەورەم لەناو دار و پەردووی دەرگا و پایە ڕووخاوەکانەوە هاتە دەرەوە و بانگی لێ کردین، "دەی کوڕینە، وەرن هاریکاریی باوکتان بکەن."
باوەڕ بکە مارتن، لەو دەمەدا هێزێک، بێ خواستی خۆم، قاچەکانیان پێ جووڵاندم و لەوەدا بووم هەنگاو بەرە و لای دایە گەورەم هەڵنێم، ویستم خۆم لە دەستی دایکم ڕاپسکێنم و دوای براکانم بکەوم بۆ ژوورەوە، تا بە هانای باوکمەوە بچم و بتوانم دڵی باوکم ڕازی بکەم، بەڵام دایکم ئەوەندە بە ڕقەوە دەستی لە

مەچەکم هەڵپێکابوو، نەمتوانی خۆمی لێ قوتار بکەم، بەبیرم دێت، دایکم بەتوورەیی و بە دوو چاوی پڕ لە فرمێسکەوە، بەدوای خۆیدا ڕووەو دەرگای دەرەوەی باخەکە ڕایکێشام، لەبەر خۆیەوە، دایکم وەکوو لەگەڵ خۆیدا بدوێت، "تەرمەکەی لە مزگەوتە و کچەکەم بێناز لەوێ کەوتووە، تاوێکی تر دەیشۆن و دەیپێچنەوە و لە چاڵی دەنێن، تۆیش دوای باوکە زاڵمەکەت دەکەویت و ساویلکانە دەچیت بە دەنگی ئەوەوە!"

باوەڕم پێ بکە مارتن، لە کاتێکدا ناچار بەدوای دایکمدا دەڕۆیشتم، خەم و خەفەتێک لەناو دڵمەوە، وردە وردە بە دەمارەکانی لەشمدا بڵاو دەبووەوە و تا دەهات، بێزار و توورەی دەکرم، بەدرێژایی ئەو ڕێگەیە، لە بیرکردنەوەدا بووم لەو ڕووداوانەی لە چەند کاتژمێری ڕابردوودا ڕوویان دابوو، دایکم لەبەر خۆیەوە بەردەوام دەگریا و دەنووزایەوە و زووزوویش لەبەر خۆیەوە دەی وت، "وەی فاتمە گیان، کچە جوانەمەرگەکەم، خوا تۆڵەی تۆ لەو زاڵمانە بسەنێت."

تاکوو دەهات، هەنگاوەکانی خێراتر دەکرد، بگرە تاوتاو ڕای دەکرد و ڕووەو گوندەکە بەدوای خۆیدا ڕای دەکێشام، بەئەستەم ئاسەواری شەقامە قیرتاوکراوەکەمان دەبینی، هەموو ئەو ناوە، یەکپارچە بووبوون بە بیابان و لم دای پۆشیبوو، کاتێک گەیشتینە نزیکی گوندەکە، بینیم چۆن ئەو تۆفانە ماڵی جووتیارەکانیشی بەسەر یەکتردا ڕماندبوو، دووراو دوور دەنگی نزا و گریانیانم دەبیست.

تا لەناو دێکە نزیک دەبووینەوە، ئاسەواری وێرانەکەم زیاتر دەبینی، چووینە ناو دێکە و لە مزگەوتەکە نزیک بووینەوە،

جووتیارەکـان هـەموو، بـە گـەورە و بچووکـەوە، لـەوێ بـوون، تاکوتـەرا دەگریـان و شـین و ڕۆڕۆیـان بـوو، هـەموو ڕەنگزەرد و تەپوتۆزاوی و سەروگوێلاکخوێناوی دیار بوون، دەرگا و دیـواری مزگـەوت ڕووخـابوو، ئـەو بـەردە مەرمـەڕەی بەپـێش دەرگـای مزگەوتەکـەوە هەڵواسـرابوو، نـاوی بـاپیرەمی لەسـەر بـوو، بـاوەڕ بکە، ئاسەواری لەو ناوەیشدا نـەمابوو، منـارەی مزگەوتەکە بـەلادا هاتبوو، دایکم هێشتا دەستی بەر نـەدابووم، بێ ئەوەی سـڵاو لـەو حەشـاماتەی بـەردەمی مزگـەت بکـات، خـۆی کـرد بەنێوانیانـدا و ڕاستەوڕاسـت ڕووەو مردووخانەکـە چـوو، مردووخانەکـە دوو بەش بوو، بەشـی پیاوان و ژنـان جیـا کرابوونـەوە، نـاو حەوشـەی مزگەوتەکە چەند کەسێکی لێ بوو، مردووخانـەکە، ئەو جێگەیـەی سەردەمانێک ئێمە چاوشارکێمان تێدا دەکرد، چەند پیاو و ژنێک لە بەردەمیـدا ڕاوەسـتابوون و لەگـەڵ یـەک دەدوان، کاتێـک ئێمـەیان بینی، هەموو بێدەنگ بوون و خێرا خۆیان خستە لاوە، دیار بوو لە ژووری مردووخانـەی پیـاوانیش، تـەرمی مـردووی لـێ بـوو، دایکـم سڵاوی لەوانیش نەکرد و خۆی کرد بە بەشی ژناندا. لـە ژوورەوە، سـێ مـەیت دانرابـوو، کـە هەرسـێکیان بـە قوماشـی سـپی داپۆشرابوون، دایکم بـەلای دووانـی یەکەمیاندا هـەنگاوی نـا و لای دوایین تەرم، کە جیـاوازتر لـە دووانەکـەی تـر لەسـەر تاتەشـۆرەکە دانرابـوو، هێشـتا خـوێن لەملاولایـەوە، لـە تەختـەی تاتەشـۆرەکە دەچـۆڕا، خوێنەکـەی تـا سـەر گـونجی ئـاوەڕۆی مەیتخانەکـە چۆڕاوگەی بەستبوو، دایکم دەستی منی بەر دا و لەپڕێکدا دەستی کرد بـە هـاوار و گریـان و بـە چەپۆک بـە سـەری خۆیدا دەکێشا، ئـەژنۆکانی بـە ڕاسـت و چـەپی مەیتەکـەدا داهێشـت و بەسـەر

تاتەشۆرەکەدا نوشتایەوە، خامە سپییەکەی لەسەر دەموچاوی لا دا، بینیم، دەموچاوێکی هەڵئاوساو و تێکشکاو و خوێناوی، لە ڕاستیدا نەمناسییەوە، چونکە شێوەی ئاسایی فاتمەی پێوە دیار نەمابوو، ڕاستتر، نەمدەتوانی لە سیمای تێکشکاوی بڕوانم، لە دڵی خۆمدا وتم، "دەبێت ئەم تۆفانە چەندێک کەسی تری وەکوو فاتمەی کردبێتە قوربانی؟"

تاوێک بوو حەپەساو و بێدەنگ، لەتەنیشت دایکمەوە ڕاوەستابووم، لە ناخمەوە گریانێک قوڵپی دەدا و بێزاری و تووڕەبوونێکیش ڕێیان پێ نەدەدام بگریم و فرمێسکەکانم بڕژێنم، ئەوسا بە نەنگیم دەزانی بگریم، هەموو گیانم کەوتبووە سەر ئارەق و دەلەرزیم، دیار بوو لە عەزرەت ئەو گریانە بەکوڵەی دایکمدا بوو. دوو ژنی سپی پۆش بە هەڵەداوان خۆیان کرد بە ژووردا، خێرا دەستیان دایە باڵی دایکم و هەڵیان ساندە سەر پێ و لە تەرمەکە دووریان خستەوە، یەکێک لە ژنەکان وتی، "بە فەرمانی ئاغا، کەس بۆی نییە تەرمەکەی ببینێت و دەبێت زوو بنێژرێت."

ژنی دووەم هەڵی دایە و وتی، "ئێمە چاوەڕوانین خوێنەکەی وشک بکات، تاوەکوو بتوانین لە تابووتێکی بنێین، ئەوە چەند کاتژمێرێکە چاوەڕوانین، بەڵام بەردەوام خوێنی لەبەر دەڕوات، لە قەبرستانەکەی پشت ئاواییشەوە گۆڕی بۆ هەڵکەندراوە."

لەو دەمەدا نەمتوانی بیر لەوە بکەمەوە، ئاخۆ بۆچی فاتمە لە قەبرستانەکەی پشت ئاوایی دەنێژرێت، قەبرستانەکەی پشت ئاوای، تەنها جێگەی مردووی جووتیارەکان بوو، دوو سەد ساڵ دەبوو مردووانی خێزانی ئاغا، لە حەوشەی پشتەوەی مزگەوت دەنێژران، ئەوەی ڕاستی بێت، ئێستایش لەو نهێنییە تێنەگەیشتم،

دیار بوو ئەوەیش بە فەرمانی باوکم بوو، بۆچی فاتمەی بە مردووییش بێبەری کردبوو، نازانم بۆچی؟ تاوەکوو ئێستایش، لێی تێنەگەیشتووم.

دایکم، پاش ئەوەی جارێکی تر چووەوە بۆ لای تەرمەکەی فاتمە، بەسەر یەکێک لە ژنەکاندا دانەوییەوە و دەستێکی خستە سەر دەموچاوی خوێناویی فاتمە و بە دەنگێکی گریاناوییەوە وتی، "خوای گەورە تۆڵەی تۆ لەو زاڵمانە بکاتەوە، کچە ئازیزەکەم، بە خوای گەورەت دەسپێرم، ماڵئاوا، ماڵئاوا."

دایکم ڕاست بووەوە و بەدەم گریانەوە هاتە بەرامبەرم و قووڵ لە چاومی ڕوانی، "بە خوای گەورەت دەسپێرم، کوڕەکەم."

پاشان ڕووی لێ وەرگێڕام و بە ڕاکردن لە مەیتخانەکە چووە دەرەوە، بە خوا لەویادا لە دایکم تێنەگەیشتم، ئاخۆ بۆچی ماڵئاوایی لە من دەکات، دوای ڕۆیشتنی دایکم، تاوێک بوو لە شوێنی خۆم وشک ڕاوەستابووم و لە دوو ژنەکەم دەڕوانی، کە لەو کاتەدا خەریکی پێچانەوەی تەرمەکەی فاتمە بوون، ئینجا یەکێک لە ژنە مردوو شۆرەکان، ڕووبەرووم هات و بە تووڕەییەوە کردمیە دەرەوە.'

سەلیم تاوێک بوو بێدەنگی دای گرتبوو، بەرامبەر پۆرترێتی سەر دیوارەکە دەستەونەزەر ڕاوەستابوو، وەکوو بیر لە شتێک بکاتەوە، لەسەر جێگەکەمەوە غەمگین لێم دەڕوانی.

پاش تاوێک بێدەنگی، سەلیم ئاوڕی دایەوە و ڕووی تێ کردم و وتی، 'مارتن، دەزانم ئەو بە سەرهاتەی بۆم باس کردیت، زۆرێک

لە ڕووداوەکانی گرانن و ئازاربەخشن، بەڵام ئەوە ڕاستییەکانن و تۆ یەکەم کەسیت دەیانبیستیت. لەدوای ئەو ڕۆژەوە، دایکم سەری خۆی هەڵگرت، تاوەکوو ئەمڕۆیش، هیچ هەواڵێکی نازانم، هەرچەندە ئەوسا باوکم و براکانم زۆر بەدوایدا گەڕان، بەڵام هیچ سۆراغێکیان بۆ نەکرا.

بەبیرم دێت ئەوسا، ڕۆژێک دوای ئەو ڕووداوانە، دایە گەورە وتی، "خوای گەورە ئێمەی خۆش دەوێت، کە ئەو دوو بەڵایەی لە کۆڵ کردینەوە." مەبەستی لە دایکم و فاتمە بوو.

لەدوای ئەو ڕۆژەوە، لە ماڵەکەدا جێگەم پێ لێژ بوو، ژنان هەر بە کوڕی ژنە هەڵگیراوەکە بانگیان دەکردم. چەند مانگێک دوای ئەو ڕۆژە، لەگەڵ یەکێک لە براکانم بەشەڕ هاتم، بەبیرم نایەت شەڕەکەمان لەسەر چی بوو، وابزانم پێی وتم، "تۆ کوڕی ئەو ژنە بەرەڵڵا و بێکەسە سەماکارەی خەڵکی قاهیرەیت، کە باوکم لەبەر خاتری خودا، لەخۆی گرت و تۆبەی پێ کرد و مارەی کرد، بەڵام ئەوە دیسان هەڵهات و ئێستا بزانە لەکوێ دەستی کردۆتەوە بە بەرەڵڵایی خۆی."

لە ڕاستیدا مارتن، تاکوو ئەو ڕۆژانەیش نەمزانیبوو، گوایا دایکم خەڵکی قاهیرە بووە و پێشتر لە یەکێک لە کلوپە شەوانەکاندا سەماکار بووە، چەندین جاری تر لەسەر دایکم، بێڕەحمانە تانەیان لێ دام، چەند جارێک گوێم لێ دەبوو، دایە گەورەم فاتمەی بە شەیتانە بچکۆلەکە ناو دەبرد، خوا ئاگادارە مارتن، لە شەرمان وەختەبوو دەتوامەوە، لە ناچاریمدا، سەرم دادەخست و خۆم بێدەنگ دەکرد.

ئەوسا لە یەکێک لە براکانم بیست، گوایا فاتمە لە یەکەم شەوی

چوونەناوپەردەیدا، ڕازی نەبووە مێردەکەی سواری ببێت، ئیتر ئەویش کوشتوویەتی!"
برایەکی ترم وتی، "لە تۆفانەکەدا، ماڵی مێردەکەی بەسەریدا ڕووخاوە."
ئایا فاتمە چۆن مرد، لە ڕاستیدا، تا ئێستایش ڕاستییەکەیم نەزانی.'

سەلیم هات لەسەر جێگەکە، لەتەنیشتمەوە دانیشت و دیسان وتی، 'دەزانی مارتن، لەدوای ڕۆژی تۆفانەکە و مردنی فاتمە و سەرهەڵگرتنی دایکمەوە، ماڵەکەمان هەر بەوێرانەیی مایەوە، نەک تەنها خانوو و باخەکەمان گۆڕابوو، ژنەکان و براکانیشم ڕەفتاریان لەگەڵ یەکدا و بەتایبەتی لەگەڵ مندا وەکوو جاران نەبوو.'

١٤

نیگار

لـه حەوشـەی بەندینخانەکـەدا، لـە لەتـە خشـت و وردەبـەردی ڕەنگاوڕەنـگ دەگـەڕاین، لـە گیرفانمـان یـان لـە دەممانـدا دەمانشاردنەوە و دزەمان پێ دەکرد بۆ ژوورەکەی خۆمـان، بەو مەبەسـتەی لەسـەر دیـواری ژوورەکـەمان، نیگـاری پـێ بکێشـین، مانگی جارێک بۆ یەک کاتژمێر لە نیوەڕوانێکی گەرمدا، بە جیا لە زیندانییەکانی تر دەیانکردینـە بـەر ئـەو خـۆرە گەرمـە، پۆلیسـەکان نەیاندەهێشـت بچینـە بـەر سـێبەری دیوارەکـان، سـەلیم بەدرێژایـی ئـەو کـاتژمێرە بێوچـان بـەو گۆڕەپانـەدا دەگـەڕا، گـەرمیی تیشـکی خۆرەکە ئەوەندە بەتین بوو، هەسـتم دەکـرد جلـە شـینەکەی بـەرم بەسەر پێستمدا تواوەتەوە، هـەر لـە سـەرەتاوە سـەلیم ئامۆژگـاریی کردم، کە پارچەجلێک لـە سـەرمەوە بئـاڵێنم، هـەتا تیشـکی خۆرەکە ڕاستەوخۆ لـە سـەرم نـەدات، هـەموو سـەروگوێلاکم ئارەقیـان پێدا دەهاتە خوار، پێدەچوو پێوانەی گـەرما لـەو ڕۆژانـەدا، دەوروبـەری پەنجا پلەی سەدی بووبێت.

ئەوسا لەگەڵ سەلیم، جگە لە پۆرتریتەکەی فاتمە، هەرچوار دیواری ژوورەکەمان پاک کردبووەوە و دیسان نیگارمان لەسەر کێشانەوە، ئەو ڕۆژانە پۆلیسەکان کەمتر سەردانیان دەکردین و دوو ڕۆژ جارێک خۆراکیان پێ دەداین، ئێمەیش لە برساندا یان دەخەوتین، یان نیگارمان لەسەر دیوارەکان دەکێشا.

لە یەکێک لەو ڕۆژانەدا، قەرەوێڵەکەمان ڕاکێشابووە ناوەڕاستی ژوورەکە، تا بتوانین لەسەر ڕووی هەرچوار لای دیواری ژوورەکە نیگار بکێشین، پاش پاککردنەوەی لادیوارێک و سەرتاپا ڕەنگی زەرد و سوور کردنی، ئێمە دەمانویست دیمەنی بیابانێکی لەسەر بکێشین، کە ژوورەکەمان بەسەریدا بڕوانێت، درەنگانی شەو تەواومان کرد، ئینجا هەردووکمان چووینە سەر قەرەوێڵەکە و بەرامبەری دانیشتین و لێمان دەڕوانی. نیگارەکە، هەرچەندە پارچەیەک بوو لە بەتاڵی، بە جۆرێک بوو، هەستمان دەکرد ئەولایەی دیواری ژوورەکە ڕووخاوە و بە هەنگاوێک دەتوانین پێ بنێینە ناو ئەو بیابانەوە، بەڵام هەستێکی لا دروست کردبووین، هەردووکمان بەرامبەری بێدەنگ بووبووین و سەرسام لێمان دەڕوانی. لەناو ئەو بێدەنگییەدا، سەلیم بەدەم بیرکردنەوەوە وتی،
'مارتن، ئەم وێنەیە بیابانی سینام بەبیر دێنێتەوە.'
پاش تاوێک بێدەنگی، سەلیم سەری بەلادا خست، وەکوو بیەوێت لە بیابانەکەدا، لە فۆرمێک یان هەرشتێک بگەڕێت، وردەوردە لە خەیاڵی خۆیدا نغرۆ دەبوو، تاوێکی پێ چوو، پاشان هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و دیسان وتی، 'تۆ هیچت بیستووە دەربارەی جەنگی یونی ساڵی ١٩٦٧؟'

'بەڵێ، پێم وا بێت ناوی ئەو جەنگەم بیستووە.'

'زیاتر بە جەنگی شەش ڕۆژە ناسراوە، بەڵام ئێمە ئەوسا پێمان دەوت جەنگی جوولەکە، دوای کۆتاییهاتنی ئەو جەنگە، لەگەڵ باوکم و برایەکمدا چووین بۆ سۆراغی براکانم، کە ئەوسا سیان لە براکانم، لەو ساڵانەدا سەرباز بوون و لەو جەنگەدا بەشدار بوون، بەو بیابانەدا لە شەرم شێخەوە بەڕێ کەوتین تا سەر سنووری ئیسرائیل، بەڵام دوای مانگێک گەڕانمان، هیچ هەواڵێکیانمان دەست نەکەوت و ناچار بۆ ماڵەوە گەڕاینەوە، ئەوسا سێ مانگێکی پێ چوو، تا هەواڵیانمان پێ گەیشت، دوو برام لەو جەنگەدا کوژران و ئەوی تریان بریندار بوو، بریندارەکەیان لە نەخۆشخانەی سەربازی بوو لە ئیسماعیلیە. ئەو برایەم کە بریندار بوو، دوای شەش مانگێک، بە جیبێکی سەربازی گەیاندیانەوە ماڵەوە، دەست و قاچێکی لەدەست دابوو، براکەم خۆی ئاوای بۆ گێڕاینەوە، "لەو هەرێمەی ئێمەی لێ بووین، کە زیاتر لە دە هەزار سەرباز بووین، چاومان بە سەربازێکی جوولەکە نەکەوت، لە دەمەو بەیانییەکی زوودا، دەیان فڕۆکەی جەنگی لەناکاو بۆردومانیان کردین و لە چاو تروکانێکدا ئەو بیابانەیان لێ کردین بە دۆزەخ."

براکەم ئەوسا باسی لە هەزاران کوژراو و بریندا دەکرد، بەڵام دەزگاکانی سەربازی، ئەو ڕاستییەیان شاردەوە. ئەوەی زۆر میزاجی باوکم و خێزانەکەی ئێمەیان شێواند، کوژران و برینداربوونی براکانم نەبوو، بەڵکوو ئەو یاسایانە بوون، کە لە ساڵی ١٩٥٢دا، لەسەر ڕێکخستنی خاوەنداریێتیی زەویوزار دەر چووبوون، ساڵانێکی زۆری پێ چوو، تاوەکوو لەو هەرێمەی ئێمەدا جێبەجێ کران، بەگوێرەی ئەو یاسایە، جووتیارەکان هەموو

دەبوون بە خاوەنی زەویوزاری خۆیان و باوکم تەنها ئەو چەند هێکتارەی بۆ دەمایەوە، کە بە چواردەوری ماڵەکەمانەوە بوو، ئەویش هیچ بەروبومێکیان نەبوو، تاکوو ئەو خێزانە گەورەیەی ئێمەی لەسەر بژێت. چەند مانگێک دوای جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە شومە، باوکم بڕیاری دا کوڕەکانی لە نووسینگەی کار لە شاری ئەسیوط بۆ کرێکاری ناونووس بکات، ئەوەی ڕاستی بێت، هیچمان دەستڕەنگین نەبووین و پێشتر هیچ کارێکمان پێشتر نەکردبوو، پاش دوو حەفتە، لەگەڵ چەند برایەکمدا لە شاری ئەسکەندەریە ناومان بۆ کرێکاری دەر چوو، ئەو ڕۆژەی بەڕێ کەوتین بۆ ئەسکەندەریە، زیاتر لە دوو سەد گەنج دەبووین، هەموو خەڵکی ئەسیوط و دەوروبەری بووین و حەوت پاسمان پڕ دەکرد، ئەوسا لە ئەسکەندەریە بەدرێژایی سەدان کیلۆمەتری کەناری دەریای ناوەڕاست، هاوینەهەواری نوێ دروست دەکران، دەیان کەمپ ئامادە کرابوون بۆ ئەو کرێکارانەی لە تەواوی میسرەوە هاتبوون، کەمپەکانیش لەو بیابانە وشک و گەرمەدا بوون، لەبەر زۆریی کرێکارەکان، خاوەن کارەکان هەقێکی زۆر کەمیان بە کرێکار دەدا، زۆر جاریش ناچاریان دەکردین بە هەمان کرێی ڕۆژێک، شەوانیش کاریان بۆ بکەین.

پاش شەش مانگ کرێکاری و دەردەسەری و نەخۆشی، بۆ یەک حەفتە بۆ ماڵەوە گەڕاینەوە، خوا ئاگادارە مارتن، هەموو شتێک لە ماڵەکەماندا گۆڕابوو، زیاتر لە نیوەی داری باخەکەمان وشک بووبوون، هەریزی بەر ماڵەکەیشمان، لە بێئاویدا زەرد هەڵگەڕابوو، لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەبوو، کە بیستمان ژنە تازەکەی باوکم ڕەدووی یەکێک لە پاسەوانەکانی باوکم کەوتووە

و کەس نەیدەزانی بۆ کوێ چووبوون، ژنە تازەکەی باوکم، ناوی فەریدە بوو، باوکم بە ژنبەژن هێنابووی، لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆیدا، کە ئەویش ئاغا و هاوتەمەنی خۆی بوو. مارتن، مەبەستم لە ژنبەژن، یانی فاتمە شووی کردبوو بەو کابرا ئاغایە و ئەویش کچەکەی خۆی بە باوکم دابوو.'

'چۆن، تێناگەم؟'

'ژنێک بە ژنێک، یانی گۆڕینەوە، ئەوە بۆ وا چاوەکانت داچڕیوون، بەراز، دەڵێی یەکەم جارتە شتی وا دەبیستیت! بە هەرحاڵ، واز لەوە بهێنە، ئەوسا فەریدە تەمەنی، وەک فاتمە، سیازدە بۆ چواردەساڵێک دەبوو، کچێکی کورتەبالای لاوازی ڕیوەڵە بوو، وەکوو فاتمە، بێدەنگ بەردەوام بە ماڵەکەدا دەهات و دەچوو. ئەوەی ئەوسا منی زۆر بێزار کردبوو، ئەو دووبەرەکی و جیاکارییە بوو، کەوتبوونە نێوان ئەندامانی خێزانەکەمان، براکانم و دایکیان بێڕێزانە ناوی باوکمیان دەهێنا، هەر خێزانە بە جیا بۆ خۆی بەشێکیان لە ماڵەکە داگیر کردبوو، چێشتخانە و هۆڵی ماڵەکە کرابوون بە چەندین بەشەوە و دیواریان لەنێواندا دروست کرابوو، باوکم دەرگای ژوورەکەی لەسەر خۆی داخستبوو، کەس نەیدەزانی ماوە یان مردووە. لەو ڕۆژانەدا، چەند جارێک بەدزیی هەمووانەوە چوومە بەردەرگای ژوورەکەی و پاش ئەوەی بە ترس و لەرزێکەوە چەند جارێک لە دەرگام دا، بە دوودڵی و ترس و لەرزەوە بانگم لێ کرد، هەتا ئەمڕۆیش، بەداخەوەم کە هیچ وەڵامێکی نەدامەوە، خوا ئاگادارە ویستم بیبینم و ئەو پارەیەی بە کرێکاری پەیدام کردبوو، بیکەمە دەستیەوە، ویستم تاوێک لە چاوی بڕوانم و تەنها جارێک ئەویش لێم بڕوانێت، بمبینێت، کە

وەفام بۆی هەیە و ئاواتەکەیم هێناوەتە دی، بووم بە پیاو، ئا، ئا، تەنها ئەوەندە، ویستم باوکم بمبینێت، کە بووم بە پیاو.

داخی گرانم، هەوڵەکەم بێهوودە بوو، بگرە جیاواز لە هەرکاتێکی دی، لە ماڵەکەدا هەمووان وەک غەریبەیەک کرداریان لەگەڵدا دەکردم، دوای چەند ڕۆژێک گەڕانەوەم لە کرێکاری، بڕیارم دا لەگەڵ براکانمدا نەچمەوە بۆ ئەسکەندەریە، ڕۆژێک لەو ڕۆژانە، ڕێگەی گوندی تەل عومەرم گرتە بەر و لەوێوە چووم بۆ شاری ئەسیوط، لە ئەسیوط، سواری شەمەندەفەر بووم بۆ قاهیرە، بۆ دوایین جار هەموویانم بۆ هەتاهەتایە بەجێ هێشت.'

'بەڕاست، یانی تا ئەمڕۆیش، هیچکام لە کەسوکارت نەدیونەتەوە؟'

'نەخێر، ئەو ساڵانەی لە قاهیرە ژیام، بەردەوام چاوم بۆ دایکم دەگێڕا، بەڵام بەداخەوە، نەمبینییەوە، خوای گەورە ئاگای لێیە، ڕۆژێک بەسەرمدا تێنەپەڕیوە، بیر لە باوکم و دایکم و بەتایبەتییش فاتمە نەکەمەوە.'

'ئەی دێهاتییەکی وەکوو تۆ، چۆن بەتەنیا ژیانت گوزەراند، لە شارێکی گەورەی وەک قاهیرەدا؟'

'زیاتر لە سێ ساڵ، وەکوو منداڵ، شەوانە دەگریام و دەکڕووزامەوە، ئەوەندە غەریبیی ماڵە کۆنەکەمانم دەکرد، بەردەوام هەستم دەکرد نەخۆشم و دەوای دەردم تەنها گەڕانەوەمە بۆ ناو کەسوکارم و ماڵە کۆنەکەمان، هەر ئەوەیش بووە هۆی ئەوەی بە ماددەی هۆشبەرەوە گیرۆدە ببم.'

'بەڕاست؟'

'بەڵێ، چەندین ساڵ تەواو لە ژیان بێ هیوا بووبووم، بەڵام بە هۆی چەند کەسێکەوە، کە لەسەر شەقامەکانی قاهیرە بووبوون بە

هاوڕێم، توانیم جێگە و کارم دەست بکەوێت و واز لەو بەلایە بهێنم، لەدوای ئەو کارەمەوە، کە پاککردنەوەی یانەیەکی شەوانە بوو، بەداخەوە، تەنها سێ مانگێکی خایاند، پاشان دیسان بێکار و بێجێگە مامەوە، چونکە ئەو دوو هاوڕێیەم، کە جێگەیان کردمەوە و کاریان بۆ دۆزیمەوە، ناویان دەر چوو بۆ سەفەر و چوون بۆ سعودیە بۆ کرێکاری، دوای ڕۆیشتنی ئەوان، منیش چاوم لێ کردن و لە زۆربەی نووسینگەکانی قاهیرە، ناوی خۆم بۆ سەفەر تۆمار کرد، بەڵام هەرگیز ناوم نەهاتەوە، زۆری پێ نەچوو بوومە هاوڕێی ئادەم، خاوەنی ئەم چاویلکەیەم، لای خۆی جێگەی کردمەوە و فێری نووسین و خوێندنەوەیشی کردم، پێشتر بۆم باس کردیت، لە ڕاستیدا هەر ئەویش ڕێنمایی کردم خۆم فێری زمانی ئینگلیزی بکەم و کاری ڕێبەری، بۆ ئەو بێگانانەی دێنە قاهیرە، بکەم، ئادەم کەسێکی زۆر لێزان و زیرەک بوو، بەڕاستی زۆر شتی لێوە فێر بووم.'

سەلیم سەری داخست و دەموچاوی نایە نێوان هەردوو ئەژنۆکانیەوە، پاش تاوێک بێدەنگی، دەستی کرد بە گریانێک، کە هەموو گیانی پێوەی دەلەرزی، بە جۆرێک، لەسەر قەرەوێڵەکە بەر بووەوە و ئەژنۆکانی داهێشتنە سەر زەوییەکە، ئەوەندە بەقووڵی دەگریا، هەناسەی لەسەر سنگیدا توند دەبوو، بەدەم گریانەوە، زووزوو قووڵ دەکۆکی، وەکوو بڵێی ئازارێکی سەختی هەبێت، بەردەوام دەستی بەسەر سنگ و شانەکانیدا دەهێنا، ئەو دیمەنە کاری تێ کردبووم و ماسولکەکانی لەشم گرژ بووبوو، لە ناخمەوە بێزارییەک شەپۆلی تووڕەبوونێکی بۆ ڕوخسارم دەهێنا،

بێ ئەوەی هەستی پێ بکەم بینیم دڵۆپی چەند فرمێسکێکم بەسەر ڕوومەتەکانمدا غل بوونە خوارەوە، دانەویمەوە بەسەر سەلیمدا و دەستێکم بە شانیدا هێنا، نەمتوانی بەدیار سەلیموە ڕابمێنم، هەستام و لەژێر دۆشەکی جێگەکەمدا کەرەستەی نیگارکێشییەکەم دەرهێنا، کە تەنها چەند لەتە خشتیکی سوور و زەرد بوو، چوومە بەرامبەر پۆرترێتەکەی فاتمە و دەستم کرد بە تۆخکردنەوەی هێڵەکانی. من لە سەلیم بێئاگا مابووم و سەرنجم لەسەر هێڵە شێوێندراوەکانی دەموچاوی فاتمە ڕاگرتبوو، بە دەستێک توند شانی گوشیم و وتی، 'وامەکە.'

بێ ئەوەی ئاوڕی لێ بدەمەوە، لەبەر خۆمەوە وتم، 'بۆچی نا؟'

دیسان سەرشانی گوشیم و توند وەری گێڕام بەلای خۆیدا، بە توورەییەوە نەڕاندی بەسەرمدا، 'حرام علیک، بە ڕەوای نابینم، تێدەگەیت لێم، لەبەر خاتری خوا و ڕۆحیانەتی فاتمە.'

'ئەوەندە ترسی ئەو خوایەت لە دڵدایە، هیچ شتێک بە خۆت ڕەوا نابینیت.'

چاوی لێ زیت کردمەوە و ئارەق لە ڕووی دەچۆڕا، زووزوو لێوی دەگەست و دەستی خۆی دەگووشی، هەموو گیانی لە عەزرەتدا دەلەرزی، چەند جارێک شانی هەڵتەکاند، بێ ئەوەی بتوانێت هیچ بڵێت، پاڵێکی پێوە نام و وەلاوەی نام، لەپی دەستی بە ڕقەوە هێنا بە ڕوخساری پۆرترێتەکەی فاتمەدا، پاش ئەوەی تەواو دیسان شیواندی. چاوە تەڕەکانی داخست و بە کووڕەکووڕ خۆی گەیاندە سەر قەرەوێڵەکە و ڕاکشا و بێدەنگ خۆی گرمۆڵە کرد.

هێزی توورەبوونێک لە ناخمدا، هەموو گیانمیان بە گەرمی ئارەقی

خۆی خوساند، تاوێک لەنێوان سەلیم و پۆرترێتەکەی فاتمەدا وشک ڕاوەستام، دەمویست تێبگەم، پرسیاری زۆرم لە سەلیم هەبوو، بەڵام ئەو ئەوەندە تێکشکاو و زەلیل دیار بوو، نەمتوانی، وشەیەک چییە، ڕووبەڕووی بیدرکێنم.

لە کاتێکدا لەولای پۆرترێتەکەی فاتمەوە دەستم کرد بە کێشانی نیگارێکی نوێ، چاوێکم هەر لەسەر دەم و چاوە شێوێندراوەکەی فاتمە بوو، نیگاری سروشتێکم لە خەیاڵدا بوو، سروشتێک، کە ڕۆحم ئاشنا بوو بە ڕەنگ و فۆرم و هێڵەکانی، پێشتر بیرۆکەی وام بە خەیاڵدا نەهاتبوو و کارم لەسەر نەکردبوو، هونەر نەبوو بەلامەوە، وێنەی سروشتێک، هاوشێوەی خۆی، دووبارە بکەمە، بە هونەرم دەزانی، ڕەنگ و پارچەکانی ئەو سروشتە بکەم بە کەرەستەی کارەکانم و بە توانای خەیاڵم تێکەڵیان بکەم.

دایکم هەموو جارێک دەی وت، 'کاتێک دەست دەکەم بە کارێکی نوێم، دەمەوێت ئەوەندە وزەی تێدا بەکار ببەم، تا تەواو خۆم لە وزە، لە خەیاڵ بەتاڵ بکەمەوە، بە جۆرێک، کە بێهێز و کەنەفت لە بەردەمی کارەکەمدا بکەوم، هەتا ڕۆژی دواییش، بێئاگا بم لەوەی ئاخۆ ڕۆژی پێشوم چیم کردووە و چ تابلۆیێکم کێشاوە.'

ئەوسا ئەوەندە غەریبیی ئەو سروشتەی هۆڵەندام دەکرد، ڕێگر بوو لەبەر تواناکانی خەیاڵمدا، هەر بۆیە نیگاری ئەو سروشتە، وەکوو خۆی لە ئازارەکانی ئەو، سامیان لە بەندیخانەکەم دەکردەوە.

ئەو پاش نیوەڕۆیە، سەلیم لەسەر جێگەکەی، بەدەم گریان و هەنسک هەڵکێشانەوە، خەوی لێ کەوت، لە دەماودەمی ئەو ئێوارەیەدا، نیگاری سروشتی هۆڵەندام تەواو کرد، تاوێک بوو

بێدەنگ بەرامبەری ڕامابووم، بە خەیاڵ بەناویدا پیاسەم دەکرد، دەنگی سەلیم لە خەیاڵەکەمی دابڕیم و گێڕامیەوە بۆ ناو ژووری زیندانەکە، نەختێ خاو بووبۆوە، تامی دەمی کەمێ گۆڕابوو، لەسەرخۆ وتی، 'مارتن، زۆر بەلامەوە جوانە.'

سەلیم لەسەر قەرەوێڵەکەوە هاتبووە سەر ئەژنۆکانی و سەرسام لە نیگارەکەمی دەڕوانی، پاش ئەوەی هات و لەلای شانمەوە ڕاوەستا، لێی پرسیم، 'بۆ ڕەنگی لە بیابان دەچێت؟'

'ئەوە هۆڵەندایە، ڕاست دەکەیت، ڕەنگی بیابانی گرتووە، بۆ زانیاریت، سەلیم، ڕووناکی خولقێنەری ڕەنگەکانە، ئەو ڕووناکی و بەهێزیی تیشکی خۆرەی لێرە هەیە، کارێکی وای کردووە، کە ئەو دیمەنی هۆڵەندایەی من کێشاومە، هاوشێوەی بیابان بێت، هەوڵ بدە خۆت بە خەیاڵ فۆرم و هێڵەکانی ڕەنگ بکە.'

'چ ڕەنگێک؟'

'هەر ڕەنگێک بێت، کە خۆت بەلاتەوە جوان بێت، دەزانیت سەلیم، تیشکی خۆر کاتێک لەو پەنجەرەیەوە دەدات لە ڕووی ئەو دیوارە، بۆ نموونە، ڕەنگی ئەو بیابانەم زەردباو کردووە، ئەوە خۆی لە بنەڕەتدا هەموو ڕەنگێکی تێدایە، جگە لە ڕەنگی زەرد، بەڵام شەوقی ڕەنگی زەرد دەداتەوە و ئێمە وەکوو زەرد دەیبینین، بێگومان کاریگەریی تیشکی خۆر و ڕووناکی، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت، هەر بۆیە ڕەنگەکانیش گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، دەزانیت سەلیم، لە دوو سەد ساڵی ڕابردوودا، زۆرێک لە هونەرمەندە شێوەکارەکانی ئەورووپا، بەتایبەتی لە وڵاتانی ترەوە بۆ نیگارکێشان هاتوون بۆ هۆڵەندا، چونکە ڕووناکی و تیشکی خۆر زۆر تایبەت دەیگرێتەوە و ڕەنگەکان

جیاوازتر دەنوێنن و گونجاوە بۆ ئەو مەبەستە.'

'ڕەنگ هەر ڕەنگە و ڕەنگی ئەو دنیایەیە، کە خوای گەورە خولقاندوویەتی، هەر ئەو خوایەیش دوو چاوی بە من بەخشیوە، کە بیانبینم.'

'کام چاو؟ ئەگەر ئەو چاویلکەیەی ئادەم نەبووایە تۆ نەک ڕەنگ، بەڵکوو ئەو دنیایەیش کە خواکەت بۆی خولقاندووین، نەتدەبینی.'

'نا نا، نەفام، خۆ من کوێر نیم.'

سەرم بۆ لەقاند و بە پێکەنینێکەوە لێم ڕوانی، سەلیم پرسیی، 'مارتن، لە کێوە فێری نیگارکێشان بوویت؟'

'لە دایکمەوە.'

'بەڕاست، دایکت؟'

'بەڵێ، دایکم هونەرمەندی شێوەکارە.'

'ئەی باوکت.'

'باوکم، من تەنها کوڕی دایکمم.'

'تێناگەم، یانی باوکی خۆتت نەبینیوە، مردووە، یان، چۆن؟'

'گوێ بگرە سەلیم، ئەوە تۆ چەندین جار پرسیاری باوکمت لێ کردم، نازانم چۆنت بۆ باس بکەم، کاتی خۆی لە تاقیگەیەک، لە نەخۆشخانەی شاری ئەمستردام، چەند دڵۆپێک شەهوەت لە منداڵانی دایکمدا دەنێژن، بەو شێوەیە دووگیان دەبێت و پاش نۆ مانگ، منی دەبێت، خۆیشی نازانێت ئەو شەهوەتە لە کام پیاو گیراوە.'

سەلیم چاویلکەکەی لە چاوی داکەند و دەستێکی بە دەموچاویدا هێنا و بە سەرسامییەکەوە وتی، 'خوای گەورە تۆبە، باوەڕ ناکەم بەراستت بێت، تۆ یاری بە ئەقڵی من دەکەیت.'

‘بەڵێ، بەڕاستمە، بەو شێوەیە بووە، هەڵبەتە ئەوەیش هەڵبژارنی دایکم بووە، نەک من، بەلام هەردەم ئەو مافەم بەو ڕەوا بینیوە و هەرگیز سەرزەنشتم نەکردووە، ئەوسا کە منداڵ بووم، پرسیارم زۆر لێ دەکرد، پاشان کە گەورە بووم، تێگەیشتم.’

‘یانی، یانی تۆ، بمبوورە کە وا دەڵێم، یانی تۆ زۆڵیت؟’

‘زۆڵ، زۆڵ، چەند وشەیەکی بێمانایە...’

١٥

برسێتی

لەنێوان شیشە ژەنگاوییەکانەوە، کە دیمەنی بیابانەکەیان لە پێشچاوماندا لەتلەت دەکرد و بێباکانە ڕێگەشیان بە بای شەوانیش دەدا بەئاسانی ژووری زیندانەکە پڕ بکەن لە سەرما و شنێی خۆیان، لەگەڵ سەلیم بێهیوا و برسی، بێدەنگ لێی کەوتبووین.

چەند مانگێک بوو، زۆر کەم خۆراکیان پێ دەداین و بەلوعەی ژوورەکەیشمان ڕۆژ نا ڕۆژێک تەنها یەک کاتژمێر ئاوی پێدا دەهات، دەمبینی چۆن جەستەمان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دادەڕزا. پۆلیسەکان بەدەگمەن سەردانیان دەکردین، هێندەیان خۆراک پێ دەداین، کە نەمرین، بەلام هەموو شەو و ڕۆژێک، مردنمان بە چاوی خۆمان دەبینی، برسێتی بە جۆرێک کاری تێ کردبووین، هاوشێوەی ئاژەڵێک بیرمان دەکردەوە، زۆر جار بەگاگۆلکێ بە زەویی ژوورەکەدا لە وردەنان دەگەڕاین، هەستی بۆنکردنمان ئەوەندە تیژ بووبوو، دەمانزانی لە بالاخانەی بەندیخانەکەدا چ

خۆراكێک دەخورێت، بە چاوی كراوەوە خەونمان بە خواردنەوە دەبینی و لەگەڵ سەلیم، تەنیا باسی چێژی خوادنمان دەكرد.

لە برساندا ماسوولكەكانمان پووكابوونەوە و ڕاستەوخۆ پێستمان بە ئێسقانەكانمانەوە نووسابوو، لە بێ ڤیتامینیدا، فۆرمی لەشمان تێک چووبوو، قژمان دەڕووتایەوە، ددانەكانم دەئێشان و پووكم ئەوەندە ئاوسابوو بە بەردەوامی ناو دەممیان پڕ دەكرد لە خوێن و زەرداوی خۆیان، هێزی ئەوەم تێدا نەبوو بتوانم بۆ سەر جێگەكەم سەر بكەوم، لەتەنیشت سەلیمەوە لێی كەوتبووم، لەو ڕۆژانەدا، دوو پۆلیس لە دەمەوبەیانیدا لەخەو ڕایان پەڕاندم، هێشتا چاوم هەڵ نەبڕیبوو، كە ئەوان بە جووت باڵەكانیان توند گرتبووم، بەدوای خۆیان، بە زەوییەكەدا بۆ دەرەوەی ژووری زیندانەكە كێشیان كردم، ئەژنۆم لە زەوییەكە دەخشا، بێ ئەوەی هەست بە ئازاریان بكەم، بردمیانە ژوورێک و لەسەر كورسییەک دایان نام، ژوورەكە مێزێک و كورسییەكی تریشی تێدا بوو، خۆم لەسەر كورسییەكە بۆ ڕاگیر نەدەكرا، ناچار بووم پاڵ بدەمەوە و خۆمی لێ درێژ بكەم و سەرم بنێمە سەر قەراغی پشتەوەی كورسییەكە.

پاش تاوێک بێدەنگی، یەكێک لە پۆلیسەكان لەپشتمەوە و ئەوی تریان بەرامبەرم ڕاوەستابوو، پۆلیسەكان دەستیان كرد بە قسەكردن لەگەڵ یەكتردا، هەر چەند هەناسەیەكی پێ چوو، كابرایەكی درێژی ڕەقەڵەی سەر سپیی سمێ لێبۆزی لوت زل، كە سەیری دەموچاویم دەكرد، لەپێشدا لووتیم دەبینی، خۆی كرد بە ژووردا و هاتە بەرامبەرم و ڕاوەستا، بە ئینگلیزییەكی ڕەوان لێی پرسیم، 'چییە، چی ڕووی داوە، بۆ نەساغیت؟'

بە بێزارییەکەوە لێم ڕوانی و پێم وت، 'وام زانی بۆ لێپێچینەوە منتان بۆ ئێرە هێناوە، نەساغیکەیشم، ئەوە خۆتان هۆکارین.'

پێش ئەوەی وەڵامم بداتەوە، هەردوو پۆلیسەکەی کردە دەرەوە و دەرگای ژوورەکەی داخست، خۆی بە سەرما نوشتانەوە و بە دەنگێکی نزم، 'من لە پۆلیس و ئەفسەری لێپێچینەوە دەچم، ئەی کوێریت ئەو چاکەتە سپییەی بەرم نابینیت، من پزیشکم، پزیشک، هەی بێمێشک.'

پێش ئەوەی وەڵامی بدەمەوە، شانی گرتم و لەسەر کورسییەکەم ڕاستی کردمەوە، چاکەتە شین و چڵکنەکەی لەبەرمدا داماڵی، گوێگری پزیشکییەکەی کردە گوێی و دەستێکی بە سنگمەوە و بە دەستەکەی تری، کە گوێگرەکەی لەناو بوو، لە ڕاست و چەپی پشتمی خشاند و دانا، داوای لێ کردم پڕ بە سییەکانم هەناسە هەڵبمژم و هەناسە بدەمەوە، لە کاتێکدا لە پشکنینم تەواو بوو، چاکەتەکەی لەبەر کردمەوە و لەبەر خۆیەوە پرسیی، 'دەزانیت تۆ لەکوێیت؟'

'بەڵێ، لە کاولەیەک، بە ناوی وڵاتی میسر.'

'نەخێر، تۆ بە هەڵەدا چوویت، وڵاتی میسر بوونی نییە، باشتر وایە بڵێیت، بەندینخانەیەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە مەبەستم تێدەگەیت؟'

'نەخێر.'

'دەزانیت، ئێمە هێندەی خۆمان بە عەرەب دەزانین، نیوهێندە سۆزمان بۆ بە میسریبوونی خۆمان نییە، ئەوەیش کێشەی هەموو دانیشتووانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دونیای عەرەبییە، پانتاییەکی بەرفراوانمان لەسەر ئەم گۆی زەوییە داگیر کردووە،

پانتاییەک، کە مرۆڤەکان تەنها بۆ مردن تیایدا دەژین، نەک بۆ ژیان، ئەو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستەی ئازای ئەندامی جەستەی پڕیەتی لە ئازاری ئەو جەنگە پیرۆزانەی هەزاران ساڵە، بگرە تاکوو ئەمڕۆیش، هەر بەردەوامن.'

تاوێک بێدەنگ بەرامبەرم ڕاوەستابوو و لێی دەڕوانیم، لەناو چەکمەجەی مێزەکەیدا، بوتڵێک ئاوی دەرهێنا، کورسیی پشتی مێزەکەی هێنا و لەبەرامبەرم دانیشت، لە گیرفانێکیدا، چنگێک حەبی زەردباوی دەرهێنا و دەستی بەرەو ڕووم ڕاگرت، ئینجا بە دەستەکەی تریشی، بوتڵە ئاوەکەی دامێ و بە ڕووخۆشییەکەوە وتی، 'ئەو حەبانە بگرە، حەبی ڤیتامینن، ئێستا دانەیەکیان بخۆ و ئەوانی دیکە قاییم هەڵگرە.'

کاتێک بوتڵە ئاوەکە و حەبەکانم لێ وەر گرت، بێ ترس و دوودڵی، دەنکێک حەبم لەنێو دەمم نا و دوو قومم لە ئاوەکە دا، ئاوەکە خوێن و لینجاوی ناو دەم و قوڕگمی لەگەڵ حەبەکەدا بۆ ناو گەدەم ڕامالی، ماسوولکەکانم دەستیان کرد بە لەرزین، لە کاتێکدا جارێ هەستەکانم مەستی چێژی ئاوەکە بوو، پزیشکەکە لێی پرسیم، 'ئایا پێیان وتوویت بە چ تاوانێک بەند کراویت؟'

شانم لێ هەڵتەکاندن و نەمدەزانی چ وەلامێکی بدەمەوە، ئەو دیسان وتی، 'تۆ بە بڕیاری دادگای باڵای قاهیرە بەند کراویت، لە کاتی بڕیاردانی دادوەریشدا، خۆت ئامادە بوویت، یانی چی دەڵێیت نازانم؟'

'بەڵێ، بۆ دادگایەکیان بردم، بەلام نازانم کام دادگا بوو، لەو بە ناو دادگایەیش، هەموو لێدوانەکان بە زمانی عەرەبی بوو.'

'بۆ تۆ و ئەوانەی لە هاوڕەگەزی تۆن، لە یاسای میسردا دوو

شێوە سزاتان پێ دەبڕێت، یان هەڵواسین، یان زیندانی هەتاهەتایی.'

'هاوڕەگەزی من؟ هۆڵەندیت مەبەستە؟ بۆ...'

'بە هەرحاڵ، تۆ بە دوو تاوان سزا دراویت، یەکەم، سەر بە دەزگای نهێنیی مۆسادی ئیسرائیلیت، دووهەم، فەلەستینییەکت کوشتووە.'

سەرم ئەوەندە قورس بووبوو، ملم توانای ڕاگرتنیم نەمابوو، پێڵووی چاوم، بێ ویستی خۆم بەری بینینمیان دەگرت، دەمویست وەڵامی بدەمەوە، بەڵام بیرم کردەوە، کە پێشتر ئەوانەم هەموو بیستبوو، بەڵکو تەنها داواکارییەکم هەیە، ئەویش قونسوڵخانەی هۆڵەندام بۆ ئاگادار بکاتەوە، بەوەی من لێرەم، بەڵام نازانم بۆ ڕام گۆڕی، بە ساردییەکەوە پێم وت، 'نازانم باسی چی دەکەیت.'

هەستایە سەر پێ و بەرامبەرم دەستی کرد بە گەڕان، لەبەر خۆیەوە وتی، 'من، لە ساڵی ١٩٦٦دا، وەکوو سەربازی بریتانیا، لە جەنگی دژی جوولەکە بەشدار بووم.'

لەپڕێکدا قسەکانی بڕی و بەرەو ڕووم هات، لەپێشمدا نوشتایەوە و بە تووڕەییەوە قۆپچەی چاکەتە سپییەکەی ترازاند و سنگی لێ ڕووت کرد، تاڵی تووکە لوول و سپییەکەی سەر سنگی، کە لە قژی سەری درێژتر و چڕتر بوو، بە سەری پەنجەکانی تاڵە مووەکانی لا دان و لەسەر تەختی لای ڕاستی سنگی، ئاسەواری برینێکی کۆنی نیشان دام و وتی، 'سەیر بکە، سەیر بکە، ئەوەتا، دەیبینیت، ئەوە ئاسەواری گوللەی تفەنگی جوولەکەیە، ئەوسا من وەکوو شێر، هەر وەکوو شێر، لەو جەنگەدا بەشدار بووم، گیان لەسەر دەست بە خوێنم بەرگریم لە نیشتمانەکەم کرد، بە داخەوە،

ئـەو جەنگـەمان بـە جوولەکـە دۆڕانـد. دەزانیـت بـۆچی دۆڕایـن؟ چونکـە زۆرینـەمان، تێدەگـەیت لـێم؟ زۆرینـەمان نـەهاتبووین بـۆ ئـەوەی بـەرگری لـە میسـر بکـەین، نـەخێر، بـەڵکو زۆرینـەمان هـاتبووین بـۆ جیهـاد، جیـاوان، زۆر جیـاواز لـە مـن و هـاوبیرانم، ئەوان هاتبوون تا لەو جەنگە پیرۆزەدا بەشـدار ببن، هـاتبوون بۆ ئـەوەی بکـوژرێن بـە دەسـتی جوولەکـە، تـاوەکوو بەهەشـت بـە خوێنیـان بکـڕن، ئـەو نامرۆڤانـەی هـیچ هیوایـەکیان بـە ژیـان، بـە مرۆڤایـەتی، بـە وڵات نییـە، بـەڵکوو هـەموو کـار و کردەوەکیـان لەپێنـاوی پـاش مردنیانـە، پاشـەڕۆژ، پاشـەڕۆژ، وەکـوو خۆیشـیان زۆر دڵنیـا بن لێی، ئەوانـە، مـن نـاوم لـێ نـاون بەهەشـت دزەکـان، تێدەگـەیت لـێم، بەهەشـت دزەکـان، ئـەوان هۆکـار بـوون کـە ئێمـە چەندین جار بە جوولەکە دۆڕاین.'

پاش ئەوەی هاتەوە بەرامبەرم و لەسەر کورسییەکەی دانیشتەوە، بـەردەوام بـوو، 'کاتێک قوتـابی بووم، لـە هـەموو سـەرهەڵدانەکانی ئەوسادا بەشدار بووم، زیـاتر وەکوو کەسـێکی ڕۆشـنبیری لیبـراڵ، خەونم بە میسرێکی سەربەخۆی دیموکراتـەوە دەبینـی، بـاوەڕ بکـە، ئێمـە هـەموو سـەرهەڵدانەکانمان جـۆش دا، ئێمـە دەنـگ و ڕەنـگ و هێـزی ئـەو سـەرهەڵدانانە بـووین، سـەرەنجام، چەنـد دەسـتە و کەسـێک بـە خواسـتی خۆیـان مانـای ڕاسـتەقینەی شـۆڕش و سەرهەڵدانەکانیان گۆڕی و لە چوارچێوە گرت، هـەر لـە سـەرەتاوە جمال عبد الناصر خۆی بەتەنها هەموو بڕیارەکانی دا و ئـەو ڕێگـر بـوو لـە بـەردەم پـەیڕەوکردنی دیموکراتیدا، بە پیرۆزکردنـی ناسـر لەبەرامبـەر ئـەو سـەرکەوتنانەی بەدەسـتی هێنـابوون، زۆر گـران لەسەر ئێمەی خەڵکی میسر کەوت، ئەگـەر لـە سـەرەتای شۆڕشـی

ساڵی ١٩٥٢دا حورمەتی دیموکراتیی تێدا بپارێزرایە، ئەوا کەسی شیاو لە جێگە و پۆستی شیاودا دادەنران، مەبەستم، ئەگەر سیاسییە بەتواناکانی پارتە جیاوازەکانی ئەوسا بێکار نەکرانایە و لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەختیان بەر بکەوتایە، چونکە ئەو سیاسییانە دەستیان هەبوو لە سەرکەوتنی شۆڕشدا، ئەگەر ئێستا لە سەرئەنجامی ئەو شۆڕشە بڕوانین، ئەوا تێدەگەین ئەوسا جمال عبد الناصر چ ناهەقییەکی بەرامبەر بە گەلی میسر کرد.'

زیاتر لە کاتژمێرێک پزیشکەکە قسەی بۆ کردم، برسێتی و بێهێزیم بە جۆرێک بە خۆیانەوە خەریکیان کردبووم، زووزوو ئاگام لە قسەکانی ئەو نەدەما و نەمدەتوانی بەردەوام گوێیان لێ بگرم، هەرچەندە هەوڵم دەدا چاوم کراوە بێ و بێوچان لێی بڕوانم و جارجاریش سەرمی بۆ بلەقێنم، ئەوەی زیاتر لە خەیاڵمدا مابێت، لە کۆتاییدا وتی، 'دەمێکە چاوەڕوانی ڕۆژێکی وەکوو ئەمڕۆم، ڕۆژێک، کە هەموو گەلی میسر بە یەک دەنگ هاوار بکات ئیتر بەسە، ئەمڕۆ لە سەرجەم شارەکان، بەتایبەتی لە قاهیرە، زیاتر لە ملیۆنێک کەس دژی دەستەڵات، دژی سیاسەتی دەستەڵاتێکی چەقبەستووی دیکتاتۆری ڕۆژهەڵاتی، ڕژاونەتە سەر شەقامەکان، خۆپیشاندەران مانیان گرتووە و بوێرانە داوای گۆڕینی دەستەڵات دەکەن، دوای شەست ساڵ، ئەوە بۆ یەکەمین جارە، گەلی میسر، هەشتا ملیۆن مرۆڤ، دوای شەست ساڵ، لە نیوسەدە زیاتر بێدەنگی و قبوڵکردنی هەژاری و ژێردەستەیی، دەنگی لێوە بێت و داوای مافەکانی خۆی بکات، شەست ساڵ، تەمەنێکە!'
زووزوو بە قوڵی چاکەتەکەی ئارەقی ناوچەوانی دەسڕی، دەنگی

گۆڕا و تاوێک پشتی تێ کردم و چەند جارێک بە دەستی دەموچاوی هەڵگلۆفت، زۆری پێ چوو، تاوەکوو بەسەر خۆیدا زاڵ بوو، بە دەموچاوێکی تەڕەوە ئاوڕی لێ دامەوە و لێی پرسیم، 'پێم بڵێ، سەلیم چۆنە؟'

'تاوەکو منیشتان هێنا بۆ ئێرە، مابوو!'

'مردن بەو ناوێریت، خەمی سەلیمت نەبێت، پێش ئەوەی تۆ بێیت بۆ ئێرە و لەو ژوورەدا ببیت بە هاوەڵی، ئەو زیاتر لە بیست جارێک هەوڵی خۆکوشتنی دابوو، ئەوە ماوەیەکە بێدەنگە، من و ئەو، پاش ئەو هەموو ساڵەی پێکەوەژیان لەم کاولەیەدا، وەکوو دوو مارمێلکەی پیری ئەم بیابانەمان لێ هاتووە.'

بێحەوسەڵە لێم دەڕوانی، چەند جارێک ویستم قسەکانی پێ ببڕم و داوای لێ بکەم بمگەڕێننەوە بۆ ژوورەکەم، لەو کاتانەدا بە حەژمەتێک دەرگای ژوورەکە کرایەوە و بەڕێوەبەری بەندینخانەکە لەناو دەرگاکەوە بانگی لە پزیشکەکە کرد و پاشان بە پەلە پەل لێی دا ڕۆیشت، لەو کاتەدا کابرای پزیشک چەند وشەیەکی ئاراستەی پۆلیسەکان کرد، کە هێشتا لەودیو دەرگاکەوە ڕاوەستابوون، پۆلیسەکان بەدەم قسەکردنەوە، ئەملاولایان لێ گرتم و دەستیان نایە بنباڵم و بە نیوە هەڵگرتن و ڕاکێشان، گەیاندمانەوە ژوورەکەم، سەلیم لەودیو دەرگای ژوورەکەوە، وەکوو چاوەڕوانم بووبێت، قنج ڕاوەستابوو، یان وەکوو پیشەی هەمیشەیی، دەیزانی کەی پۆلیسەکان دەگەنە بەردەرگای ژوورەکەمان، پۆلیسەکان لەودیو دەرگاکەوە و لە بەرپێی سەلیمدا دایان نام و لێیان دا ڕۆیشتن، بە گاگۆڵکێ و سکەخشکێ خۆم گەیاندە سەر جێگەکەم، سەلیم چەند جارێک لەسەر یەک پرسیی،

'بۆ ئەوەندەت پێ چوو؟'

ئەوەندە لەسەر ئەو کورسییە ڕەقە دانیشتبووم، لەتاو ئازاری ئێسقانەکانی قنگم و پشتم، نەمدەزانی چۆن وەڵامی سەلیم بدەمەوە، بە بێزارییەکەوە وتم، 'ئەو پزیشکە ئەوەندە درێژ دادڕە.'

'ئەوە بە من مەڵێ، خۆم چاکی دەناسم، ئەو کافری بێدینە.'

دەستم کرد بەگیرفانی چاکەتەکەمدا و هەندێک لە حەبەکانم دەرهێنا، دەستم بەرەو ڕووی سەلیم ڕاگرت، پێم وت، 'پزیشکەکە ئەو حەبانەیشی دامێ.'

سەلیم بە دوو پەنجەی دەنکێکی لێ هەڵگرتن و خستیە دەمی و وتی، 'باوەڕ بکە مارتن، من لەوەتەی لێرەم، پێم وا بێت زیاتر لە دە کیلۆم لێ خواردووە، هەرجارێک دەچم بۆ لای ئەو سەگبابە، دوای چەند کاتژمێرێک چەنەبازی و قسەی قۆڕ، لە شێوەی باوکێکدا چنگێک لەو نوقڵانەیش دەکاتە گیرفانمەوە.'

'هەواڵیشتی پرسی.'

'وەک سەگ بتۆپێت، ئەو سەگبابی بێباوەڕەی منافقە.'

'باسی سەرهەڵدان و ئاڵۆزیی باری سیاسیی دەکرد.'

'لەکوێ، لە هۆڵەندا؟'

شانێکم دادایە سەر جێگەکە و خۆم وەر گێڕایە سەر لا، لەبەر خۆمەوە وتم، 'هۆڵەندای چی، لێرە، لە میسر.'

'سەرهەڵدانی چی، باوەڕ بەو کابرایە مەکە، ئەو بێمێشکە ئێستایش خەون بە پەنجا ساڵ لەمەوبەرەوە دەبینێت.'

'تۆ بڵێیت ئەم کەمتەرخەمییەی پۆلیسەکان، پەیوەندیی بەوەوە نەبێت.'

'الله أكبر، تەنها بە کاتژمێرێک و دوو دەنک حەب، چاک مێشکی

تێک داویت، ئەو بە هەزاران کاتژمێر چەنەی بۆ من داوە، یەک زەرە چییە کاری تێ نەکردووم. کەمتەرخەمیی پۆلیسەکانیش، ئەوە بە بڕیاری بەڕێوەبەرە، دیارە پارەی پێویستە، ئەو دزە.'

'کارتێکردنی چی، ئەوە تۆ باسی چی دەکەیت، باوەڕ بکە لە بێزاریی گیانی خۆمدا، گوێم لە نیوەی قسەکانیشی نەبوو.'

'باشتر.'

'لێشی پرسیم بۆ نەساغیت، چۆن ئەو زانیویەتی نەساغم.'

سەلیم سەیرێکی کردم و پێکەنی، 'من بە پۆلیسەکانم وت، کە تۆ لە سەرە مەرگدایت.'

سەیرێکی سەلیمم کرد و پێکەوە دامانە قاقای پێکەنین، ئەو ئێوارەیە، کاتێک پۆلیسێک خۆراکی بۆ هێناین، خۆراکەکە جیاواز و دوو هێندەی ڕۆژانی پێشوو دەبوو، لەگەڵ سەلیم، بێدەنگ لە یەکترمان دەڕوانی، ئەو شەوە وەکوو شتێکم بیر کەوتبێتەوە، دیسان گەڕامەوە سەر قسەی پزیشکەکە و لە سەلیمم پرسی، 'تۆ بڵێی ئەو پزیشکە ڕاست بکات، گوایا لە تەواوی میسر خۆپیشاندان بێت، وەکوو ئەوەی ئەو باسی لێوە دەکرد، زیاتر لە ملیۆنێک خۆپیشاندەر لە شاری قاهیرە مانیان گرتووە و داوای گۆڕینی دەسەڵات دەکەن.'

'دەزانیت چی، مارتن؟ تێرمان خواردووە و خەمی ورگمان نەماوە، بۆ دەمەتەقێ و کات بەسەربردنی ئەم شەومان، باسی ئەو پزیشکە سەگبابەیش خراپ نییە، لە بێدەنگی باشترە.'

'ئەگەر وا بێت، بەو شێوەی پزیشکەکە باسی لێوە دەکرد، یانی ئەگەری گۆڕینی دەسەڵات لە ئارادایە.'

'یا حبیبي، گوێ لە من بگرە، تکایە، تکایە، تکایە، ملیۆنێک

خۆپیشاندەر لەم وڵاتە، بە دوو پۆلیس بەریان پێ دەگیرێ و بە شەق بێت یان بە قسەی خۆش، ڕازییان دەکەن و دەیاننێرنەوە بۆ ماڵی خۆیان.'

لە چاوی سەلیمم ڕوانی، پێش ئەوەی من قسە بکەم، ئەو وتی، 'دەڵێم، مارتن، تۆ لە مردن دەترسیت؟'

'زۆریش.'

'یانی حەزت دەکرد نەمر بوویتایە؟'

'نەخێر، خواستی نەمری، ئەوپەڕی خۆپەرستییە، کە دەڵێم لە مردن دەترسم، مەبەستم ئەوەنییە، تەمەنا دەکەم ئەوەندە بژیم، تا چاوم بە چەند کەسێکم بکەوێتەوە.'

'مەبەستت دایکتە؟'

'بەڵێ، بەتایبەتی دایکم.'

لەمەوە بێدەگ بووین و هەریەکەمان بە ڕێگەی خۆی کەوتینە ناو گۆمی خەیاڵی ڕابردوومانەوە و تا خەومان لێ کەوت، یەکتریمان نەدواند.

١٦
یاساغ

دەستبەسەرکردنم لەنێوان ئەو چوار دیوارەدا، بە جۆرێک وورووژاندبوومی و کاری لە هەستەکانم کردبوو، شەوان خەونم بەو خۆراکانەوە دەبینی، کە ئەوسا دایکم لێی دەنان، ڕۆژانە ماتەمینی دای دەگرتم و وێنەی ناتەبا و غەریب بە ڕۆحم لە خەیاڵمدا دەر دەکەوتن، گوێم لە سروەی با بوو، پێش ئەوەی لە بیابانەکەوە هەڵبکات و نەسیمی خۆی بە ڕووی بالاخانەی بەندینخانەکەدا بدات، شەوانە وەک بزن کاوێژم دەکرد، بەو چێژانەوەی لە ڕابوردوومدا بەر زمانم کەوتبوون، بە خەیاڵ و لە خەونەکانمدا، لەگەڵ کارمن لەبەر ڕۆشنایی مانگدا بەڕووتی لە بیابانەکەدا لێک دەئالاین، لەدوای ڕەحەتبوونمان، بەدرێژایی شەو بێدەنگ لە ئەستێرەکانمان دەڕوانی. بەیانییانیش لە عەزرەت بۆنی شەهوەت و ئارەقی لەشم بەئاگا دەهاتمەوە، بە جۆرێک، ژووری زیندانەکەم پڕ دەکرد لە بۆن و بەرامی خەونەکانم.

بەبیرم دێت، سەلیم بەیانییەک لەو بەیانییانە بانگی کردم، 'چییە

مارتن، دیسان خەوی تەڕت بینیوە؟ بەڕاستی ئیرەییت پێ دەبەم، بەبیرم نایەت کەی بۆ دواجار خەونم بینیبێت.'

بەدرێژایی ئەو ڕۆژە، سەلیم لەسەر جێگەکەی پاڵ کەتبوو، لەبەر خۆیەوە گۆرانیی دڵتەنگی دەچڕی و جارجار هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەکێشا.
پۆلیسەکان ئەو بەیانییە بۆ پشکنین نەهاتن، لەسەر جێگەکەم دانیشتبووم و لە پەنجەرەکەوە لە بیابانەکەم دەڕوانی، ئەوەندە هێزم تێدا نەبوو، تا بانگێک لە سەلیم بکەم و بەیانی باشێکی لێ بکەم.
لە بیرکردنەوەدا بووم، بەڵکوو کارێک بکەم ئەو بێدەنگییەی نێوانمان بشکێنم، ئەوەی لەو دەمەدا لێم دەڕوانی، دیمەنی دووبارە و چۆڵی بیابانەکە بوو، ئەو دیمەنەی پەنجەرەکە بووبوو بە چوارچێوە بۆی، هەمان دیمەنی ڕۆژەکانی پێشوو، ڕۆژانە بە خەیاڵ خۆم ڕەنگم پێ دەدا، ڕەنگێک، کە هەستی بینینم غەریبی دەکرد.
لەسەر جێگەکەی خۆمەوە بانگم لە سەلیم کرد، 'گوزەران چۆنە؟'
لە بەر خۆیەوە و بە دەنگێکی تێکشکاو، 'مفیش حاجة.'
وەلامێک، سەلیم لەوپەڕی بێزاریدا لەگەڵ مندا بەکاری دەهێنا، دوای ئەوەی لەسەر قەرەوێڵەکە دابەزیمە خوار، بینیم سەلیم لەسەر دەم لێی کەوتبوو، چاویلکەکەی لەتەنیشتیەوە دانابوو، پاش ئەوەی لەلایەوە دانیشتم، لێم پرسی، 'ئەوە چییە؟'
بێ ئەوەی لێم بڕوانێت، لەبەر خۆیەوە، 'مارتن ئازارم زۆرە، لەجیاتی میز و گوو، خوێنم لەبەر دەڕوا، هەست دەکەم هەموو

ئەنـدامەکانی نـاو لەشـم دارِزاون و بـوون بـە خـوێن، دەترسـم دواسـاتی ژیـانم بێـت، رۆحـم لـە جەسـتەی مانـدوو و دارِزاومـدا بێزارە، رۆح کێشەکەم، ئیزرائیل، بەرِێوەیە بۆ لام.'

'ئـەوە تـۆ باسـی چـی دەکـەیت، تـەنها مێروولـە دەتوانێـت ئـەو هەسـتەیان هـەبێت، ئێمـەی مـرۆڤ ئەوەنـدە پەیوەنـدیمان لەگـەڵ رۆحـی خۆمانـدا بـەهێز نییـە، هـەتا بـزانین کـەی دواسـاتی رۆح دەرچوونمانە لە جەستەمان. مێروولەکان پێش مردنیان، دەنگێک لە جەستەیانەوە دەر دەچێت، ئەوەیش مانـای ئەوەیـە ژیـان تـەواو، لـە کـاتی بیسـتنی ئـەو دەنگـەدا، جـەنگاوەرەکان دێـن و لاشـەی ئـەو مێروولەیە بۆ دەرەوەی شارەکەیان دەبەن.'

'هەی بەراز، ئازار کوشتمی، تۆ باسی چیم بۆ دەکەیت؟ مێروولـەی چی و شتی چی!'

'باسـی ئـەوەت بـۆ دەکـەم، کـە وەکـوو مـرۆڤ بیـر بکەیتـەوە و لـە مانای مردن برِوانیت.'

سـەلیم بـەدەم گریـان و هەنسـک هەڵکێشـانەوە، 'دەترسـم، زۆر دەترسم، کە لاو بووم، لە جەنجاڵی کوچە و کۆڵانـەکانی قاهیرەدا، خـوا و ئیمـانم لـێ ون بـوو! ئـاخ، چـۆن نەفامانـە ئـەم دونیـا و ئـەو دونیایشم لەدەست خۆم دا.'

'سەلیم، تۆ چاوەکانت پرِن لە ترس و گومان، باوەرِێکیش لـە تـرس و گومانەوە سەرچاوەی گرتبێت، درۆکردنە لەگـەڵ خـودی خۆتتـدا، تۆ بێ ئەوەی باش بیری لێ بکەیتەوە، قسە و رِەفتـاری ئـەوانی تـر دەجوویتـەوە، دەزانـی چـی سـەلیم، دڵنیـا بـە مـن و تـۆ و فیلێـک و مێروولەیەک و بەکتریایەک، وەک یەک بەشمان پێ دەبرِێت و یـەک خوامان هەیە، یەک پاشەرِۆژ چاوەرِوانمانە، ئەویش تەنها مردنە.'

سەلیم بەدەم گریانەوە لێم ڕاپەڕی و ڕاست بەرامبەرم هاتە سەر چۆک، بە تووڕەییەوە وتی، 'مارتن، نامەوێت گوێم لەو قسە بێمانایانەت بێت، دەمت دابخە و بێڕێزی مەنوێنە، هەی بەراز.'
دەستی بە قەراغی قەرەوێڵەکەوە گرت و لەپێشمدا چاکەتەکەی لەبەر خۆی داکەند و پانتۆڵەکەی تا سەر ئەژنۆکانی هێنایە خوار، لەبەر خۆیەوە وتی، 'سەیرێکم بۆ بکە، بزانە بۆ ئەوەندە ئازارم دێت و بەردەوام خوێنم لەبەر دەڕوات؟'
لە کونی پاشەڕۆیەوە و بەدرێژایی بڕبڕەی پشتی، تا سەر ناوشانی، بووبوو بە برین و خوێن و زەرداویان لێ دەچۆڕا، داوام لێ کرد لەسەر جێگەکەی لەسەر دەم ڕابکشێت، پارچەیەک سابوونی سەوزمان هەبوو، کە چەند مانگێک پێش ئەو ڕۆژە، سەلیم لە پزیشکەکەی وەر گرتبوو، ویستم سابوونەکە لەبەر بەلوعەکەدا تۆزێک تەڕ بکەم، بەڵام بەلوعەکە لە قورگی من و سەلیم وشکتر بوو، ئەوسا ئەوەم بەبیردا هات، کە میز چەندێک کاریگەریی لەسەر برین هەیە و پاکی دەکاتەوە، بەڵام سەلیم ئەوەی قبوڵ نەکرد، هەردووکمان چەند تفێکمان لە سابوونەکە کرد، پاشان لە برینەکەی سەلیمم هەڵسووی، بە قێز و بێزێکەوە، زووزوو هێڵنجم دەدا. تەڕایی هەردوو دیوی سابوونەکەم لە برینەکانی سەلیم هەڵسووین، لەو دەمەدا، لە دەنگی کردنەوەی دەرگاکە ڕاپەڕیم، چوار پۆلیس بە شپرزەییەوە خۆیان کرد بە ژووردا و ڕاستەوخۆ پەلاماریان داین و باڵبەستیان کردین، دیار بوو ئێمە بێئاگا بووین، پۆلیسەکان لە دەللاقەی سەر دەرگاکەوە، تاوێک بوو لێیان ڕوانیبووین.
ئەو ڕۆژە، بەڕووتی لە ژوورێکی تاکەکەسی کرام، پێم وا بێت

سەلیمیش هەمان دەردی منی لێ بەسەر هات.

ژوورێک، کە پانتاییەکەی تەنها مەترێک دووجا بوو، یەکپارچە بۆیاخی ڕەش کرابوو، بێ پەنجەرە، ئەوەی تۆزێک هەوای بەو ژوورە تەنگەبەرە دەدا، تەنها ژێر دەرگا ئاسنەکە بوو، هەر لە ڕێوە بۆنی پاشەڕۆ سنگیان گرتم، سەتڵێکی ڕەش لە سووچێکەوە دانرابوو، پڕ بوو لە پاشەڕۆ، بە بەرزیی زیاتر لە شەش مەترێکەوە، گڵۆپێکی ڕەشتاڵە دەگڕا، کە ئەویش بەر شەپۆلی ڕەنگی ڕەش کەوتبوو، سنووری ڕووناکییەکەی چەند مەترێک تێپەڕیان نەدەکرد، دوو ڕۆژ لەو ژوورەدا مامەوە، لەو دوو ڕۆژەدا، یەک جار چاوم لێک نا و خەوم لێ کەوت، کاتێک بەخەبەر هاتمەوە، بە چواردەوری خۆمدا پەلەقاژێم بوو، دەستم دەکوتا، هەستم دەکرد لە هەوادام، هەموو گیانم نیشتبووە سەر ئارەق و هەناسەم توند بووبوو، هەستم بە سییەکانم دەکرد، کە چۆن لەسەر سنگمدا هەڵئاوسابوون، خێرا دەم و لووتم بە درزی ژێر دەرگاکەوە نا و چەند قومێک هەوام هەڵمژی، لە خەیاڵی خۆمدا وتم، 'ئەمە ئەو ژوورە تاکەکەسییانەن، کە سەلیم باسی لێوە دەکرد.'

یەکەمین جارم بوو ڕێگەم تێیان بکەوێت، بەڵام سەلیم سەدان شەو و ڕۆژی تێیاندا بەسەر بردبوون.

کاتێک پۆلیسەکان بردمیانەوە بۆ ژوورەکەی خۆم، چاوم هێندە ئازاری دەهات، تەنها گڵۆپی ژووری زیندانە تاکەکەسییەکەم دەبینی، دوو ڕۆژێکی پێ چوو، تاوەکوو بەرچاوم ڕووناک بووەوە و توانیم بەرپیی خۆم ببینم. لەو ڕۆژانەدا، کوڕێکی لاوی چاکەت و پانتۆڵ لەبەری ڕێکپۆش، لەگەڵ دوو پۆلیس خۆیان بە

ژوورەکەمدا کرد، نە سڵاوی لێ کردم و نە خۆی پێ ناساندم، ئەوەندە لێم هاتبووە پێشەوە، هاڵاوی گەرمی هەناسەی دەیدا بە ڕوومدا، چاوی دابچڕی و بە دەنگێکی بەرز و بە زمانی ئینگلیزی پێی وتم، 'نێربازی، ڕەفتاری وا قێزەوەن لێرە وەکوو تاوان دەبینرێت، لە ڕۆژانی داهاتوودا، لێپێچینەوەتان لەگەڵدا دەکرێت، تۆ مارتن سەلەمۆ، لەگەڵ سەلیم عومەر، سزای گران دەدرێن.'

١٧

ماڵی خەونەکانم

دەستم لە دەستی دایکم هەڵپێکابوو، لەسەر کەناری دەریا، پێکەوە بە پێی پەتی پیاسەمان دەکرد، شەپۆلی ئاوەکە تاوتاو تەڕایی خۆی بە ڕووی پێیەکانماندا دەدا، شنەبایەکیش هالاو و گەرمی و سوێراوی لە دەریاکەوە دەهێنا و دەیدا بە ڕووماندا، دایکم نەیدواندم و منیش مەست و سەرسام بووم بەوەی دەستم لەناو دەستیدا بوو، بێدەنگ لەتەنیشتیەوە دەڕۆیشتم.

کاتێک لەو خەوەم بەئاگا هاتمەوە، هەستم بە گەرمی و بۆنی میز دەکرد، کاتێ چاوم هەڵبڕی، بینیم سێ پۆلیس بەسەرمەوە ڕاوەستابوون، میزیان بە دەموچاو و شان و ملمدا دەکرد، ڕاپەڕیم و لەسەر جێگەکەم خۆم لێ ڕاست کردەوە، بێ ئەوەی هیچیان پێ بڵێم، ئەوانیش سێقۆڵی دایانە قاقای پێکەنین و یەک یەک بە بەتانییەکەم پاشماوەی میزەکەیان سڕی و زنجیری پانتۆڵەکانیان داخستەوە، بەدەم پێکەنینەوە، ژوورەکەیان بەجێ هێشت و دەرگاکەیان بەداوی خۆیاندا داخست.

حەفتەیەک بەسەر جیاکردنەوەم لە سەلیمدا تێپەڕیبوو، هەستم بە تەنیایی دەکرد، بێ سەلیم، تەنیایی دەستی نابووە بینەقاقام، بە جۆرێک غەریبیم دەکرد، کە بەردەوام لە دەرگاکەم دەڕوانی و چاوەڕوانی بووم.

ئەو ڕۆژەی پۆلیسەکان بە گەرمی و سوێراوی میزەکانیان بەئاگایان هێنامەوە، جلوبەرگەکانم هەموو داکەندن و بەسەر قەراغی پەنجەرەکەمدا دان، بەدرێژایی ئەو ڕۆژە، بەدیار بەلوعەکەوە هەڵکووڕ مابووم، چاوەڕوان بووم بەڵکوو پڕ بە چنگم ئاوی پێدا بێت و سەر و گوێلاکم لە بۆنی میز پاک بکەمەوە. لە دەماودەمی ئێوارەدا بوو، لە کاتێکدا گوێم نابوو بە دەرگای ژوورەکەوە، گوێم لە هاتوهاواری بەندکراو و پۆلیسەکان دەگرت، ورشە ورشی بەلوعەی ژوورەکەم، پڕ بە قوڕگی فووی لە ئەرزەکە دەکر، دەستم لەبەریدا پان کردەوە و پاش چەند هەناسەیەک، ئاو ڕژانە ناو لەپی دەستمەوە، بەدرێژایی ئەو شەوە، بەلوعەکە ئاوی لێ نەبڕا، بەتانی و دۆشەک و جلەکانم شۆردن، ئینجا ناچار بووم چەند کاتژمێرێک بەڕووتی بەرمە سەر.

ڕۆژی دوای ئەو ڕۆژە، پۆلیسەکان نەهاتن بۆ پشکنین، دەماودەمی ئێوارە، جیاواز لە ڕۆژانی پێشوو، لە پەنجەرەی سەر دەرگاکەوە دەستێک قاپێک خۆراکی بۆ ڕاگرتم.

ئەو ڕۆژە بێدەنگییەکی ترسناک بالاخانەی بەندینخانەکەی داگرتبوو، لە نیوەی شەوی دوای ئەو ڕۆژەدا، وەکوو کاتژمێری سفر دیاری کرابێت، لە دەنگی تەقینەوەیەک ڕاچڵەکیم، هەستام و لەپشتی دەرگاکەوە خۆم مەڵاس دا، گوێم گرت، لە هەموو

لایەکەوە هاتوهاوار بوو، دەنگی بەریەککەوتنی ئاسن و بەرد و دار دەهات، پێدەچوو شەڕیخەی تەقەکان لەودیو دەرگای ژوورەکەی منەوە بووبێت، زۆری پێنە چوو، لەژێر درزی دەرگاکەوە ژوورەکەم پڕ بوو لە بۆکڕووز و دووکەڵێکی خنکێنەر، ناچار بووم پارچە جلێکی کۆنی سەلیم تەڕ بکەم و لە دەم و لووتمەوە بیئاڵێنم، چوومە سەر قەرەوێڵەکە و لەپێش پەنجەرەکەدا دانیشتم، بەردەوام چاوێکم لەسەر دەرگاکە بوو، ئاخۆ کەی دەکرێتەوە و نهێنیی ئەو ڕووداوانەم لا ئاشکرا دەبێت، ئەو نائارامییە، بەدرێژایی ئەو شەوە بەردەوام بوو. لەو کاتانەدا بیرم لەو ڕووداوانە دەکردەوە، کە پێشتر سەلیم باسی لێوە کردبوون.

سەلیم ڕووداوێکی ئەو بەندینخانەیەی ئاوا بۆ گێڕامەوە:

'دە ساڵێک پێش ئێستا، هەموو بەندەکراوەکانی ئەم بەندینخانەیە مانمان لە خواردن گرت. ئەو مانگرتنە، نزیکەی مانگێک بەردەوام بوو، دەیان بەندکراو لە ژوورەکانیاندا لە برساندا مردن، کاتێک ئێمە بڕیاری بەتاڵکردنەوەی مانگرتنەکەمان ڕاگەیاند، ئەوسا بەڕێوەبەری بەندینخانەکە بڕیاری دا سزامان بدات، سزاکەیشی ئەوە بوو، کە حەوت ڕۆژ خۆراک لە هەموو بەندکراوە مانگرتووەکان ببڕێت، ئەوسا مانگرتووەکانیش ناچار بوون، گۆشتی لەشی هاوڕێ مردووەکانیان بخۆن.'

گوێم لێ بوو لە ڕاڕەوی بەندینخانەکەدا و لەودیو دەرگای ژوورەکەمەوە، دەنگی ڕاکەڕاکە بوو، دەنگی لێدانی دەرگا و پەنجەرەکان، تا دەهات، زیادیان دەکرد، بە جۆرێک، هەستم دەکرد لەودیو دەرگای ژووری زیندانەکەمەوە، شەڕ و پێکدادان بوو، لە دەستی ڕاستمەوە، هاوار هاواری بەندکراوەکانم گوێ لێ بوو، بە

ناوازە و بە کۆرس، بێوچان الله أکبر، الله أکبریان بوو، لەلای ڕاستیشەوە، دەنگی میلهێنانەوە و تەقەکانم دەبیست، بە جۆرێک، جگە لە هەستی بینینم کە دەرگا ئاسنەکە ڕێگر بوو لەپێشیدا، دەمزانی لە بەندینخانەکەدا چی ڕووی داوە، ژوورەکەم پڕ بووبوو لە بۆنی ئاگر و باروووت و خوێن، چاوەڕوان بووم ئاخۆ کەی دەرگای ژوورەکەم والا ببێت و منیش لەگەڵ بەندکراوەکانی تری ناو بەندینخانەکەدا بەشدار بم، بەشدار بم لە ناڕەزایی دەربڕین، بەلام گومانێک خەریک بوو ڕۆحمی دەخوارد، گومانێک، لە غەریبیمەوە سەرچاوەی گرتبوو، بە جۆرێک هێزی لە پێکانم بڕیبوو، جومگەی هەستی مرۆڤانەمی دەکرۆژت، لە هەمان کاتدا بەردەوام لە بیرکردنەوە و پلان داناندا بووم، ئەوی ئەوسا بە خەیاڵمدا دەهات و بە خۆمم دەوت، 'تۆ بڵێیت هێزێکی تووڕە لە دەستەلات، دابێتی بەسەر ئەم بەندینخانەیەدا و داروبەردی ئەم کاولەیە لە ڕەگوڕیشەوە تێک بدات، یان پێدەچێت دیسان مانیان گرتبێت، تۆ بڵێیت ئەوەندە نامرۆڤ و جیاواز خواز بن منیان لەو مانگرتنە بێبەش کردبێت و ئەو خۆپەرستانە تەنها سەربەستییان بە خۆیان بوێت، لەوانەیشە یەکێک لە بەندکراوەکان لە پۆلیسێک هەڵگەرابێتەوە و پەلاماری دابێت، بەو کردارەی، دەستەلاتی تووڕە کردبێت.'

سێ ڕۆژ بوو، ڕووداوەکان بەردەوام بوون، ئەو سێ ڕۆژە پۆلیسەکان نەهاتن و خۆراکیان پێ نەدام، ئەوەی جێگەی سەرسووڕمانم بوو، بەلوعەکە بەردەوام ئاوی لەبەر دەڕۆیشت، ڕووداوەکان برسێتییان لەبیر بردبوومەوە، ژوورەکەیشم قانگ

درابوو بە دووکەڵ و بۆکڕووزێکی خنکێنەر، ناچار پارچە جلێکم تەڕ دەکرد و لە دەموچاومەوە پێچا، لەسەر جێگە بەرزەکە، دەموچاوم خستە نێوان شیشی پەنجەرەکەوە، ئەوەندە دووکەڵ لە ژوورەکەدا بوو، لە نهۆمی سەرەوەی قەرەوێڵەکەوە، دەرگای ژوورەکەم نەدەبینی، لە پەنجەرەکەیشەوە، جگە لە بیابانەکە، هیچی ترم لێوە دیار نەبوو.

ڕۆژی چوارەم، هەوای ژوورەکەم لە دووکەڵ و بۆکڕووز پاک بووبووەوە، بەردەوام گوێم لە دەنگی بەندکراوەکان بوو، بانگیان دەکرد و دەرگا ئاسنینەکانیان دەکوتا، ئەوندە برسیم بوو، توانای بینینم کز بووبوو، ئەژنۆم بە ڕاست و چەپدا دەنوشتانەوە، پاش ئەوەی تاوێک لە پۆرترێتەکەی فاتمەم ڕوانی، هێزم دایە بەر خۆم و لەو دەوروبەرە چەند پارچە خشتێکم دۆزینەوە و خۆم بە دیواری لاشانی فاتمەدا هەڵپەسارد و دەستم کرد بە تۆخکردنەوەی، لەسەر شانەکانیەوە، ئەو چارشێوە ڕەشەم لەبەریدا پاک کردەوە، کە لەپێ دەستی سەلیم بەسەریدا کێشابوویان، سنگ و مەمکەکانیم دیسان ڕووت دەر خست، پێڵوی چاویم ڕەش کرد و لچ و لێویم ڕەنگی سوور کرد، ئاراستەی ڕوانینیم گۆڕی بۆ سەر جێگەکەم، پاش ئەوەی لە بێهێزیمدا خۆم پێ ڕانەگیرا و لە زەوییەکەدا تاوێک لێی کەوتبووم و لە پۆرترێتەکەم دەڕوانی.
لەپڕێکدا بە خەیاڵ گەڕامەوە بۆ ڕۆژانی سەردەمی منداڵیم و هێزێکی نادیاریش لە ناخمدا هێنامیە سەر چۆک و بە لەتە خشتەکانی ناو دەستم، نیگارێکی لەسەر زەویی ژوورەکە پێ

کێشام، نیگاری ناو خەیاڵەکانم، ئەو خەیاڵەی بەدرێژایی تەمەنم، سەرقاڵی تاوتوێکردنی بووم، بگرە زیاتر لە هەرکاتێکی تر، تامەزرۆی کێشانی نیگارێکی لەو شێوەیە بووم، ئەوسا لەسەر زەویی ماڵەوەمان و قوتابخانە و گەڕەک، خوویەکی سەیری سەردەمی منداڵیم بوون، هەرچەندە کاتێک گەورە بووم، ئیتر ڕەنگ و فۆرمی ئەو خەیاڵەم لەسەر ئەرز نیگار نەکرد و گوێزامەوە بۆ سەر کەنفاس و سەر ڕووی دیوارەکان، ئەو ڕۆژە لەناو ئەو هەموو دوودڵی و برسێتی و کێبەرکێیەم لەگەڵ وەیشوومەدا، بەدرێژایی ئەو ڕۆژە، لەسەر ڕووی ئەرزی ژووری بەندینخانەکە سەرقاڵی کێشانی ئەو نیگارە بووم، دەمەوئێوارە، کاتێک هەستم دەکرد ئیتر ناتوانم هێڵی بۆ زیاد بکەم و کاری من تەواو، بە هێزی دواوزەم، خۆم گەیاندە سەر جێگەکەم و لەوێوە لە فاتمەم دەڕوانی، نیگارەکەی لەسەر زەوییەکە کێشابووم، دڵنیاییەکیان بە دڵ و دەروونمدا دەهێنا، ئەو نیگارەی ماڵێک بوو، ماڵێک، کە بەرهەمی خەیاڵی چەندین ساڵم بوو، ماڵی نێو خەونەکانم، ماڵێک بوو بەم شێوەیە، "لە خەیاڵمدا، بەتەواوی وڵاتدا گەڕام، سەرجەم شار و دێهات و دارستان و کەناری ئاوەکان چووم، ئاخۆ کوێ گونجاوە، دوای زیاتر لە ساڵێک گەڕان و بیرکردنەوەم، پارچەیەک زەویم لە نزیکی دەریا هەڵبژارد، چەندین هێکتار بە چواردەوریدا چۆڵەوانی. نە ماڵێک، نە دارێک، نە بەرزاییەکت نەدەبینی، لەوێ، لەو زەوییەدا، ماڵێکم دروست کرد، دیوارەکانی لە شووشە، یانی ماڵێک پڕ لە پەنجەرە، دەرگاکانی قوماشی ڕەنگاوڕەنگ، بە دیوارەکانیدا لەجیاتی گڵۆپ مۆمدانم پێدا هەڵواسیبوو، ماڵێک، کە تەنها بە شەوقی مۆم ڕووناک دەبووەوە،

یەک نهۆم و تەنها مێزێک و دوو کورسی و چەندین شووشەی شەرابی تێدا بوو، لەگەڵ دوو پەرداخی ڕوونی مل درێژ. ڕاڕەوی ماڵەکەم ئەو هەڵماتانەم تێدا ڕاخستبوو، کە لە سەردەمی منداڵیمدا بۆ ئەو مەبەستە کۆم کردبوونەوە. پڕ لە تابلۆ و وێنەی ئەوسا و ئێستام، یانی ماڵێک، هاوشێوەی وێنەی ناو خەون و خەیاڵەکانم.

لە تەواوبوونی ماڵەکەمدا لە بیرکردنەوەی ئەوەدا بووم، ئاخۆ کێ بانگهێشت بکەم بۆ سەر خوانی خۆم، کێ شایانی ئەوە بێت، پێی بنێتە ناو ماڵی خەونەکانمەوە، لەگەڵ کێدا شەوێک، تەنها شەوێک بەسەر بەرم، لەگەڵ کێدا پێکێک شەراب نۆش بکەم. تەمەنێکم بەتەنیا گوزەراند، هێشتا هەر لە هاوەڵێک یان ئازیزێک دەگەڕام، لەو ڕۆژەوەی کارمنم ناسیوە، دەتوانم بڵێم، ئەو ڕۆژەی کارمن وەکوو سرووەی بایەک هاتە ناو ژیانمەوە، سات و ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە، هەزاران جار لە خەیاڵمدا دووبارە بوونەوە، ئێستایش بێگومان ئەو، تەنها لەگەڵ ئەودا، من بەختەوەرترین مرۆڤی ئەم سەر زەوییەم، کێ هەیە خەونەکانی وەکوو من هاتبێتنە دی، ئەو پۆرتریتە لەچوارچێوە نەگیراوەی هەمیشە لە پێشچاومە، ئەو ڕوخسارەی ئەو، تاوێک لە چاوە ڕەش و قژە لوولەکەیم ڕوانی، تاوێک بە خەیاڵ دەستم بە قژ و لاملی ڕووتیدا هێنا، تاوێک سەرتاپا خۆم لە جەستەی ڕووتی هەڵسووی، پاشان دەستی ئازارەکانیم لەناو دەستم نا و بەدوای خۆمدا بەرەو ڕووی ماڵەکەمم برد.

ئەو شەوە، لەوە دەچوو لەگەڵ ئەودا دوا بەختم بێت، لەبەر ڕووناکیی مۆمەکاندا دەستم لەناو دەستی ناو توند لەئامێزم گرت، لێوم بەسەر ڕوومەتیدا هێنا و ڕۆحیم بە تەرپی هەوەسم ئاو دا،

پێکەوە لەگەڵ دەنگی نەغمەی شنەبایەکی دەریاکە، پێیەکانمان بەدوای پێی یەکدا دەخشاندن و خۆمان لە باڵای یەکتری ئاڵاندبوو. تا نیوەشەوێکی درەنگ، بێ ئەوەی هیچمان وشەیەک چییە بیدرکێنین، خۆمان با دا و سەمامان کرد."

١٨

ژەنگ

دەمزانی لەکوێم و بۆچی لەوێم، بەڵام ڕووداوەکان بەرە و کوێم دەبەن و چەندی تر دەمێنمەوە، بێئاگا بووم.

پێش سپێدە، لە خەو ڕابووبووم، هێشتا ئاسەواری خەیاڵ و خەونەکانی دوێنێ شەوم تاوتوێ دەکرد، کەمێک سەرم وەلا نا و چاوم بڕییە یەکێک لە شیشەکانی پەنجەرەکە، لە سەرەوە بۆ خوار، تا بۆیەکەی بەری کۆتایی پێ دەهات و دامێنی ژەنگاویی دەستی پێ دەکرد، وەکوو ئەو ژەنگە بە دامێنیدا پژابێت، نیگام لەسەر پریشکی ژەنگێک ڕاگرت، ئەوەندە بە سەرنجەوە لێم دەڕوانی، وەکو بمەوێت هەموو وەڵامی پرسیارەکانم لەوێدا ببینمەوە، نازانم بۆ لەو خاڵە ڕادەمام، پێدەچێت ئەوسا لە ڕووی ژەنگ هەڵاتووی ئەو پارچە ئاسنەوە، ژەنگی ناخی خۆمم پەی پێ بردبێت.

لە دەنگی لێدانی دەرگای ژووری زیندانەکەم ڕاپەڕیم، پاشان لەناکاو دەللاقەی سەر دەرگاکە واڵا بوو، دەستێک پارچە

بەتانییەکی گڕاویی لێوە فڕێ درایە ژووری، پاش چەند هەناسەیەک دۆشدامانم، هێزم دایە بەر خۆم و بەتانییە گڕاوییەکەم ڕاکێشایە بەر بەلوعەکە، کە هێشا بەخوڕ ئاوی لەبەر دەڕۆیشت. پاشان چەند جارێک بانگم کرد، ' یاناس حرام علیکم!'

ئەو دێڕەی بەردەوام لە سەلیمم دەبیست، لە کاتی بێزاری و توڕەبوون و تەنگانەیدا، بەردەوام دووبارەی دەکردەوە، بیرم لەوە دەکردەوە، ئاخۆ چۆن بتوانم ئەو دەللاقەیەیی سەر دەرگاکە بگرم، کە لە دیوی دەرەوە دادەخرا، ویستم قەرەوێڵەکەم ڕاکێشمە بەردەمی دەرگاکە و بینێم بەبەر دەللاقەکەوە، بەڵام هەرچەندێک هێزم لە خۆم کرد، هێزی ئەوەم تێدا نەبوو، نەمتوانی تەنانەت قەرەوێڵەکەیش لە جێگەی خۆی بجووڵێنم، ناچار بووم ڕام گۆڕی و پاشماوەی بەتانییە سووتاوەکەم لوول کرد و لە گونجی ئاوەڕۆکەم ئاخنی، بەلوعەکە ئەوەندەی ئاو پێدا دەهات، زۆری پێ نەچوو ئاو گەیشتە دامێنی دەرگا ئاسنەکە، بە مەبەستی ئەوەی ئەگەر دیسان ئاگریان فڕێ دایە ژووری، بکەوێتە ناو ئاوەکە، بە هەمان شێوەی ڕۆژی پێشوو، چەند پارچە جلێکم تەڕ کرد و چووم لە قاتی سەرەوەی قەرەوێڵەکە دانیشتم، بە جۆرێک، کە لە پەنجەرەی سەر دەرگاکەوە دیار نەبووم، بەردەوام چاوێکم لە دەللاقەی سەر دەرگاکەم بوو. کاتێک بۆ جاری دووەم لە دەللاقەی سەر دەرگاکەوە کەسێک دەموچاوی خۆی نیشان دام، دیار بوو زۆری لە خۆی دەکرد، تاوەکوو ناو ژوورەکەم ببینێت، لێم ڕوانی، ڕیشنێکی سەر قژاویی گەنم ڕەنگ، لەو دەمەدا گوێم لێ بوو چەند کەسێک لەبەر دەرگاکەمدا لێدوان و مشتومڕیان بوو، یەک یەک دەموچاویان دەخستە ناو دەللاقەکە و لە

ژوورەوەیان دەڕوانی، ڕوخساری ئەوانەی لێمەوە دیار بوون، هیچیان لە پۆلیسەکان نەدەچوو، چونکە لە ماوەی ئەو ساڵەدا، پۆلیسێکم نەبینیبوو ڕیشی هەبێت و قژی دریژ بێت، دڵنیا نەبووم لەوەی ئاخۆ خۆم بشارمەوە لێیان یان بانگیان لێ بکەم و پێیان بڵێم، 'منیش لێرە بەند کراوم و تکایە دەرگاکەم بشکێنن و ڕزگارم بکەن.'

لەو دەمەدا، بێهوودە لە خۆمم دەپرسی، 'لە چی دەترسم، تۆ بڵێی ئەمانە لە پۆلیسەکان بێبەزەییتر و نامرۆڤتر بن؟'

گورم دایە بەر خۆم و لەسەر قەرەوێڵەکە دابەزیم، بە ترس و لەرزێکەوە، دوو مەترێک لە دووریی دەللاقەی سەر دەرگاکەوە ڕاوەستام، ئەوەی ئەوسا لەو پەنجەرە بچووکەوە بینیم، چەندین دەموچاوی گەنم ڕەنگ و ڕەشتاڵە و تووکن بوون، هەموو دەموچاوەکان تووڕە و بێزار دیار بوون، لە کاتیکدا ئەوان هێشتا لەگەڵ یەکتری سەرقاڵی قسەکردن بوون، لە خەیاڵمدا چەند دێڕێکم ئامادە کردبوو، تا پێیان بڵێم، نازانم بۆ ڕام گۆڕی و لەناکاو ڕووی دەمم کردە دەللاقەکە و پڕ بە قورگم هاوارم لێ کردن، 'یا ناس ساعدني.'

لە کاتیکدا گوێیان لە دەنگم بوو، هەموو شڵەژان و ڕوویان تێ کردم، مۆن و دڵڕەق دیار بوون، چاویان ئاگری لێ دەباری، زووزوو لە دەلاقەکەوە پڕ بە دەمیان تفیان ڕووبەڕووم دەهاویشت و بە دەنگی بەرز و قەهرەوە هاواریان لێ دەکردم، چەند هەنگاوێک گەڕامە دواوە، لە بێئاگاییم و بێهوودەییمدا، خۆم لەسەر قاچەکانم بۆ ڕانەدەگیرا، ڕووی دەمیان لە دەللاقەکە دەکرد و دەیاننەڕاند، 'الله ئەکبر، الله ئەکبەر.'

بێ خواستی خۆم، زووزوو لەبەر خۆمەوە و بە دەنگی بەرز ڕووی دەمم تێ کردبوون و هاوارم لێ دەکردن، 'یاناس حرام علیکم، یاناس حرام علیکم!'

ئەوەی بە دەستیاندا دەهات و بە دەللاقەکەوە دەچوو، دەیان هاویشتە ژووری، ژوورەکە بستێک زیاتر ئاوی تێ هاتبوو، بەبیرم نایەت، کە چی بوو لە دەللاقەکەوە تێیان گرتم و بەر سەرم کەوت، گێژ بووم و لەوەدا بووم بکەوم، لە ناچاریدا هەردوو دەستم بە شانە ڕووتەکانی فاتمەوە گرت، کاتێک دەموچاوم لەسەر سنگی گەرمی ئەو بوو، بینیم چۆن خوێن ڕژان بەسەر سنگ و مەمکە ڕووتەکانی فاتمەدا و دڵۆپ دڵۆپ چۆڕانەوە بەسەر ورگی ڕووتیدا و تکانە نێو ڕانەکانی.

لە شێوەی ئاژەڵێکی بریندار دا، چەند جارێک بەدەوری خۆمدا سووڕامەوە، وەک بمەوێت لەدەست مردن هەڵبێم، لە چواردەورم، لە دەرگایەک یان لە کونێک دەگەڕام، ویستم خۆم بگەیەنمە سەر قەرەوێڵەکە و خۆم لەژێر بەتانییەکەمدا بشارمەوە، یان خۆم بهاوێژمە ناو ماڵی خەونەکانم، ئاو دابووی بەسەریدا و هێڵکارییەکانی کاڵ کردبوونەوە و بەئەستەم لە بەرپێمدا و لەسەر زەویی ژوورەکە ئاسەواری مابوو، بە ترس و لەرزێکەوە هەردوو لەپی دەستم بە دیوارەکەوە گرت و بێئاگا لە چواردەورم، بێوچان دڵی خۆم دەدایەوە و بە خۆمم دەوت، 'ئەو دڕندانە دەرگا ئاسنەکەیان بۆ ناشکێندرێ و هەرگیز ناتوانن بێنە ژووری.'

بە دوایین دڵۆپە وزە، کە لە لەشمدا مابوو، هێزم دایە بەر خۆم و چاوم لە ڕوخساری فاتمە بڕی، تەنها ئەوەندەم بەبیر دێت، لەناکاوێکدا دەرگای ژوورەکەم خرایە سەر پشت، ڕامابووم لە

چاوی فاتمە و هەستم پێ کرد، لە هەناسەیەکدا چواردەورم پڕ بوو لە تارمایی و هاتوهاواری ئەوان، لە یەک ساتەوەختی کورتدا، لە خۆم و لە چواردەورم بێئاگا بووم.

١٩

فاتمە

ئەو ڕۆژە چی ڕووی دا؟ دوای ئەوەی بەرامبەر پۆرترێتەکەی فاتمە ڕاوەستابووم و لە چاویم دەڕوانی، بەئاستەم بە خەیاڵمدا دێت، کاتێک لەناو تەڕیی زەویی ژوورەکەمدا بریندار و کفت و پرزە لێبڕاو کەوتبووم، ئەوەی نەمدەویست ڕادەستی ببم و باوەڕی پێ بێنم لەو ساتەدا، مردن بوو، بۆچی تا دواهەناسەم سەرسەختانە بەرەنگاری دەبوومەوە؟ چەند جارێک پێش ئەو ڕۆژەیش، ساردوسڕیی مردنم لە جەستەی تێکشکاومدا هەست پێ کرد، گومانم لەوە نییە، کە لەو ڕۆژانەوە لە جەستەی مندا مردن هێلانەی کردبێت، ئەو ڕەگی مردنەی لەژێر ناوی شێرپەنجەدا لە تەمەنی سی ساڵییەوە خۆی هاویشتبووە نێو مۆخی ئێسقانەکانی لەشی دایکمەوە.

یادەوەرییەکانی ئەو ڕۆژە، وەک خەونێک، تاریک و ڕوون، نازانم لەژێر چ ناوێکدا تۆماریان بکەم و چ ناوونیشانێکیان بدەمێ، ئیتر بەم شێوەیە لە خەیاڵمدا تۆمارن:

'له نادیارەوە ترپەی پێکانم دەبیست و سییەکانم لە بۆکڕووزی لاشـەی مرۆڤـی سـووتاو پـڕ بووبـوون، جەسـتەی کەنـەفت و پەککەوتـەی خـۆمم بینـی، چەنـد جـارێکیش گوێم لـە دەنگـی دایکـم بوو، لـە جێیەکی نادیـارەوە بـەردەوام بانگی لـێ دەکردم، "مـارتن، مارتن، ئازیز بەئاگا بە، بەئاگا بە."

کێ بوو لـە ئـامێزی گرتبـووم، سـەرمی خستبووە سـەر ڕانـەکانی خـۆی و ئـاوی بـە دەموچاومـدا دەپرژانـد؟ پـێش ئـەوەی چـاوم هەڵببڕم هەستم بە بەرکەوتنی جەستەی گەرم و نەرمی دەکرد.

نازانم ئەو ڕووداوانـە خـەون بوون یان ڕاسـتی، یـان تـەنها ترسـم بـوو لـە مـردن، کـە بـێ پرسـی ژیـان، چەنـد ڕۆژێـک بـوو بـەناو باڵاخانەی بەندینخانەکەدا دەگەڕا، کاتێک چاوم هەڵبڕی ڕوخسـاری فـاتمەم بینـی، لـە ئـامێزی گرتبـووم و بـە سـەرمدا نوشـتابۆوە، بـە جۆرێـک ڕوخسـاری لـێم نزیـک کردبـووەوە، بـۆن و گـەرمیی هەناسەی دەیاندا بە ڕوومـدا، بە چ زمانێک و بە چ تۆنی دەنگێک دواندمی، تەنها هێندەم لە خەیاڵدا ماوە، کە فاتمە پێی وتـم، "ڕۆحـی مـن بـۆ خـاتری سـەلیم لێرە قەتیسـە، دوای ئـەو هـەموو سـاڵە لە تەنیایم، تەنها تۆ توانیت هەست بە بوونی من بکـەیت، ئـەم سـاتە و بەیەکگەیشتنمان، تەنها بەڕێکەوت نییە، بەڵکوو زیاتر لـە چارەماندا نووسراوە."

باڵێکم تونـد لـە ناوقـەدی ئاڵانـدبوو، پێسـتی نـەرم و گـەرمی، لـەژێر زبریی پێستی پەنجەکانمدا یەکتریان لە ئامێز گرتبوو، بـە جۆرێـک، کـە قورسـاییان لەسـەر زەیـنم کـرد و گوشـاریان بـۆ هێنـام، هـەتا لەشـم لەگـەڵ گـەرمیی لەشـی ئـەودا ڕاهـات، لـە ئـارەقی خۆمـدا خوسام، پێیەکانم لە هێزێک دەگەڕان، تـا جەسـتەی گرانم لەسـەر

خۆیان ڕابگرن، ماسوولکەی پێیەکانم گرژ کردبوون و توند لە ڕووی ئەرزەکەم دەخشاندن، تەزوویەکی سارد، کە لە شەرممەوە سەرچاوەی گرتبوو، بەردەوام دڵمی دەلەرزاند.
نازانم چەندێک بوو بە گومانەوە لێم دەڕوانی، سەرنجم لە بیلبیلەی چاوی دابوو، دەمێ بوو شەو و ڕۆژ لێم دەڕوانی و پێی ئاشنا بووبووم، بەردەوام ترسێک تەنگی بە ڕۆحم هەڵدەچنی و لە عەزرەتدا زیاتر لێی نزیک بووبوومەوە، دەموچاوم ژەندبووە گەردنی، قژە لوول و ڕەشەکەی بەسەر ڕوومدا پەخشان بووبوو، گوێم لە زرموهووڕی دڵم بوو، خێرا خێرا خۆی دەکێشا بە قەفەسەی سنگمدا، منێکی زەلیل وەک بێچووە چۆلەکەیەکی زامدار، کە لە دواساتەکانی ژیانی خۆی دڵنیا بێت و مردنی بە هەموو بێمانابیەکەوە قبوڵ کردبێت. پڕ بە سییەکانم بۆنیم هەڵمژی، سات لەدوای سات، چاوم توانای بینینی زیاتر دەبوو، لەشم، تا دەهات، زیاتر وزەی تێ دەهات، عەزیبەکی سووری تەنکی لەبەردا بوو، شان و سنگی تاکوو نزیکی سەر گۆی مەمکەکانی ڕووت بوو، دەست و پەنجەی لە خەنەگیراو، چاوی کلڕێژ کردبوو، لەوە زیاتر نەیدواندم. تا دەهات، زیاتر خۆی پێوە دەنووساندم، جارناجارێ ماسوولکە سست و مردووەکانم تەزوویان پێدا دەهات، هەستم دەکرد تەوژمی خوێن لە دڵمەوە بە شادەمارەکانمدا بێوچان شەپۆلیان دەدا، وەک منداڵێک لە باوەشی گرتم و ڕووەو دەرەوەی ژووری زیندانەکەی دەبردم، چاوم بۆ پۆلیسەکان و ئەو پیاوە ڕیشن و تووڕانە گێڕا، کە چەند ڕۆژێک بوو بەردەرگایان پێ گرتبووم، بێ ئەوەی بتوانم تەنها وشەیەک چییە بیدرکێنم، یان جۆرێک لە ناڕازیبوونم بەرامبەری دەر ببڕم. بەناو ئاگر و

دووکـــەڵێکی خنکێنـــەردا، بـــە ڕاڕەوەکانـــدا بردمـــی، بـــێ ئـــەوەی لەملاولای خۆی بڕوانێت، بێباک بەسـەر تـەرمی چەندین پۆلیس و بەنـدکراودا هـەنگاوی نـا، چەنـد ڕاڕەوێکـی بـڕی، بینـیم سـەرجەم دەرگای ژوورەکـان لەسـەر پشـت بـوون و گڕ و شـاڵاوی ئاگریـان لێوە دەهاتنە دەر، لەو دەوروبەرە، بەندکراوەکانم بینی، پۆل پۆل و تاکوتـەرا بەرامبـەر یـەک ڕاوەسـتابوون و دانیـان لـە یـەک جیـڕ دەکردەوە، لە دەرگـای دەرەوە، پیـاوە ڕیشـن و تووڕەکـان، هـەموو بـــە تفەنگـــەوە ڕاوەســـتابوون و دەســـتیان بـــە ڕیشـــە چڵکـــن و دێزەکانیانـدا دەهێنـا، بـێ ئـەوەی لـە ئێمـە بـڕوانن، لەگـەڵ یـەکتردا سەرقاڵی قسەکردن بوون، بێدەنگ بەلایاندا گوزەرمان کرد، لەپێش باڵاخانـــەی بەندینخانەکـــە دەیـــان کـــەس بـــە چۆکـــدا هـــاتبوون و تورەکەی ڕەشیان بە سەردا کرابوو، دەستیان لەدواوە بەسترابوو، کە بە جلە سەوزەکانیاندا دیـار بـوو، هـەموو پۆلیس بـوون، کاتێک گەیشتینە بەر ئەو دەرگا ئاسنە پێنج مەتر بـەرزەی دەکەوتـە نێوان ئـــەو دیـــوارە کۆنکرێتـــەی بەدەوری باڵاخانـــەی بەندینخانەکـــەدا کێشرابوو، بینـیم پزیشـکەکە بە بـەرزیی دەرگاکەوە هەڵواسـرابوو، لاشـەی بێگیـانی لەگـەڵ شـنەی باکـەدا سـەمای دەکـرد و لـە نـووکی هـــەردوو پێیەکانییـــەوە، بـــەردەوام خوێنیـــان لـــێ دەچـــۆڕا، بـــە سـەرنجەوە تاوێـک لـێم ڕوانـی، تـاکوو لێـی دوور کەوتینـەوە و لـە چاوم ون بوو، ئینجا بە چواردەورماندا تا چاو بڕ بکات، ئەو دەریا زەردە لمینـە بـوو، کـە هێشـتا هـاڵاوی گـەرم و بـۆکرووزی ئـەو ڕۆژەی لێ هەڵدەستا، چەندین تەپۆڵکە و هـەوراز و لێژیمـان بـڕی، تاکوو تاریک داهات، بێدەنگ بێوچـان دەڕۆیشـتین، بێ ئـەوەی ئەو هەست بە هیلاکی بکات یاخود ترپەی لێدانی دڵی خێرا ببێت.

ڕۆژ ئـاوا بـوو، شـەویش داهـات و ئێمـە هێشتا لـەو بیابانـەدا بـەردەوام بـەڕێوە بـووین، کاتێـک لـەناو خۆمـدا لـە دەرگـای خەیاڵـەکانمم دەدا، ئـەو جەسـتەی برینـدار و کەنـەفتمی لەبـەر ڕووناکیی مانگەکـەدا لەسـەر تەپۆڵکەیـەک لـم دانـا، تەپۆڵکەیـەکی گەڕۆک، کە پێدەچوو تازە بارگەی خۆی لەوێدا خستبێت، فاتمە ئەژنۆکانی لەسـەر لمی بیابانەکە دادان و بەردەوام بێ ئارام بە چواردەوریـدا بە بیابانەکـەدا دەیڕوانـی، بێ ئـەوەی لێم بڕوانێت، دەستی لە دەستم هـەڵپێکا و بەردەوام سـەری پەنجەکانی لەسـەر پێستی دەستم دەجووڵاند.

لەبەر ڕووناکیی مانگدا، لە ڕوخسار و شان و سنگی ڕووتی ئەوم دەڕوانی، بینیم لەناکاو بزەیەک کەوتە سەر لێوانی و ماسوولکەی دەوری چـاوی گـرژ کـرد. کاتێـک سـەرم وەلاوە نـا و لـەژێر باڵەکانیـەوە هاوشـێوەی ئـەو لـە دوورم ڕوانـی، بینـیم تارمـایی ڕوونـاکی و چراخانێـک بـەرەو لای ئێمـە بـەڕێوە بـوو، جارجـار ڕووناکییەکان دەکەوتنە ئەودیوی ئەو گرد و تەپۆڵکانەوە، کە با لـەو دەوروبـەرە بـە لمـی بیابانەکـە تاکوتـەرا دروسـتی کردبـوو، ڕووناکییەکان زۆر خێرا ڕووەو لای ئێمە دەهاتن، هەستم کرد لە چەند هەناسـەیەکدا گەیشتنە بەر ئەو تەپۆڵکەیـەی ئێمـەی لەسـەر بووین و لەپێشماندا ڕاوەستان، کاتێک سـەرنجم لێ دان، هـەزاران مرۆڤی ڕەشپۆشی حیجابکار بوون، دڵنیا نەبووم لەوەی ئاخۆ ژنن یـان پیـاو، هەنـدێکیان چلۆسـکی گڕاوییـان بـە دەسـتەوە بـوو، تاکوتـەرایش دەف بـە دەسـت و بـەردەوام دەفـەکانی دەسـتیان دەکوتا، هەموو بەکۆرس گۆرانییان دەچڕی، گوێم لە فاتمە بوو، لەبـەر خۆیـەوە دەسـتی کـرد بـە نـووزە نـووز و لەگەڵیانـدا

تێکستەکانی ئەوانی دەگوتەوە:

"بوونی ئێمە
بوونمان لێرە
ژن، وەک مرۆڤ
وەک گیاندارێک
لەسەر زەوی، لەم دنیا
چاوەکانتان لێک مەنێن
پێکەوە لێرە، نەک لەوێ
بە جەستە لێرە، لەبەر خۆر
لێدانی دڵتان بژمێرن
لە دواترپەی بەئاگا بن
ترپەی دڵی مرۆڤێک
دواترپەی دڵی ژن
لێرە، لە بیابان، لەبەر خۆر"

دەنگیان ئەوەندە لەلام غـەمگین بوو هەستم دەکرد ئارامییـان دەدا بە ڕۆحم، کزەبایـەکی ساردیش برینـەکانمی دەکزاندەوە و گـەرمی و بێ ئـارامیی لەشـمی سـارد دەکردەوە، بێئاگـا بـووم لـەوەی بـە چواردەورماندا و بـە پانتـایی ئـەو بیابانـە، پڕ بووبـوو لـە مرۆڤـی ڕەشپۆشی حیجاب کار.
بەدرێژایی ئەو شەوە بێوچان دەفیان دەژەنـد و گۆرانییـان دەچڕی و ئاهەنگیان دەگێڕا و سەمایان دەکرد، لە دەمـاودەمی سـپێدەدا، لـە یـەک ئانوسـاتدا، تێکڕا حیجابـەکانیان دادەکەنـد و بەڕووتـی قیـت ڕادەوەسـتان و هـەموو لـە ئاسـۆیەکیان دەڕوانـی، کاتێـک هـەموو

خۆیان ڕووت کردەوە، ئەوسا دڵنیا بووم ئەو حەشاماتە هەموو ئافرەت بوون، جەستەیان سپی، وەکو بەفرێک کە تازە باریبێت، لەوە دەچوو پێستیان هەرگیز ڕووناکیی نەدیبێت، چاویان وەک چاوی ئاژەڵێکی شەوگەڕ دەگڕا، بێ تروکان بەردەوام لە دووریان دەڕوانی، لەناکاو بێدەنگی دای گرتن، نە سریوەی با دەهات و نە دەنگی دەفەکان، بە ترس و دوودڵییەوە، چاوم پێدا دەگێڕان، چاوەڕوان بووم ئاخۆ ئەوان لە پێشچاوی ئێمە چ نمایشێک دەکەن، کاتێک لەو بیابانەدا بێدەنگی دەستی نابووە بینی هەموو شتێک، ئەوەی تەنها گوێم لێ بوو، ترپەی دڵی خۆم و فاتمە بوو.

لە کاتێکدا خۆر یەکەم تیشکی ڕووناکیی خۆی هاویشتە سەر ڕووی بیابانەکە، لە دوور گوێم لە دەنگی هەلهەلە بوو، زۆری نەبرد، هەموویان دەستیان بە هەلهەلە لێدان و هاوار و گریان کرد. کاتێک هەستم بە گەرمیی خۆرەکە کرد و چواردەورمانی بە تیشکی خۆی ڕووناک کردبووەوە، پێڵووی چاومیان ئازار دەدا، لەناکاو فاتمە بە هەردوو دەستی پڕی پێدا کردم و توندتر لەئامێزی گرتم، بە جۆرێک، وەکوو ئەو بزانێت ڕووداوێک یان کارەساتێک بەڕێوەیە و بیەوێت منی لێ بپارێزێت، بەردەوام لەو دیمەنانەم دەڕوانی، کە بەڕاستی لە پێش چاومدا نمایش دەکران، هەستم دەکرد لە خەیاڵمدا پێشتر دیمەنی ئاوام دیبێت، بەردەوام لە خۆمدا و لە ڕابردووم دەگەڕام.

دوایی بەبیرم هاتەوە، کە ئەو دیمەنانە هاوشێوەی دیمەنی ناو تابلۆ و سکێچەکانی سامان خدر بوون، دەیان تابلۆ، بەکۆمەڵ ئافرەت نیوەی جەستەیان بە حیجابی ڕەش داپۆشیبوو، نیوەکەی

تریان بەڕووتی لە بەر تیشکی خۆردا، بەکۆمەڵ ڕاوەساتبوون و بێ ترس لە خۆریان دەڕوانی، ئەوە دەقاودەق ئەو دیمەنەیە، کە بە چاوی خۆم بینیم و پێشوەختیش گەنجێکی هونەرمەندی کورد بە خەیاڵ دەرکی پێ کردبوو، وەک خۆی نیگاری کێشابوون، یان پێدەچێت سامان خدر خۆی هاوشێوەی ئەو دیمەنەی دیبێت، دیمەنی خۆکوژیی بەکۆمەڵی بوونەوەرێک، دیمەنی بەکۆمەڵ خۆکوژیی ژن.

چیم بینی و چ دیمەنێکی چاوەڕواننەکراو بوو، ئەو حەشاماتی ژنە، لەبەر ڕووناکی و گەرمیی خۆرەکەدا، بۆکڕووز و دووکەڵیان لێ هەڵدەستا، نە ڕەنگی دووکەڵەکەم دەزانی چ ڕەنگێکە، نە ئەو بۆنەیش پێشتر بەر لووتم کەوتبوو، ئەوەی دەمبینی، دیمەنی خۆکوژییەکی بەکۆمەڵ بوو.

لە چەند هەناسەیەکدا، ئەو دەریای پڕ لە لاشەی ژنە، پێستی سپی و بلوورینیان زەرد هەڵدەگەڕا، وردەوردە دەسووتان و دەبوون بە خۆڵ، پانتایی ئەو بیابانە پڕ بوو لە ئاسەواری تەپۆڵکەی سووتووی بۆرباو، بێ ئاگاداری هەستەکانم چەند فرمێسکێک هاتبوونە ناو چاوم و لەوەدا بوون بڕژێنە سەر سنگی ڕووتی فاتمە، کە لەو دەمەدا سەری قورس و پڕئازارم لەسەر دانابوو، فرمێسکی ترس و بێئاگاییم بوو بەرامبەر بەو دیمەنانەی لە پێشچاوم نمایش دەکران؟ یان لە ئێستامدا ناتوانم تەواوی هێزی هەستەکانم لە قووڵایی یادەوەرییەکانی ئەوسامدا ڕابگرم و ئەو هەستەی ئەوسام، ئێستا بە نووسین بکەم.

لە ساتەوەختێکی کورتی دوای ئەو ڕووداوانەدا، کاتێک بیابان بێسرتە و خامۆش بوو، لە نادیارەوە بایەکی لەناکاو هەڵی کرد و

تەپۆڵکەی تەپوتۆزی سووتووی لاشەی ژنەکانی لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچ کردن، من و فاتمە بێدەنگ و سەرسام لێمان دەڕوانین، ئینجا سەرێکی بەسەرمدا هێنایەوە و ڕوومەتی بە ڕووی تۆزاویمەوە نووساند و چپاندی بە گوێمدا، "پێکەوە ئاهەنگیان گێڕا، پێکەوە دوابڕیاریان دا."

ئینجا پەنجەکانی وەکو شانە بە قژمدا دەهێنا و زووزوو دەیچپاند بە گوێمدا، "بەئاگا بە، غەریب، بەئاگا بە، غەریب، بەئاگا..."

گەرمی تیشکی خۆرەکە، تا دەهات، زیاتر جەستەمی گەرم دادەهێنا، چاوەڕوان بووم ئاخۆ کەی دەسووتێم و سووتووی جەستەم تێکەڵ بە لمی ئەو بیابانە دەبێت.'

٢٠

زیندووبوونەوە

ئەو دەمەی بەئاگا هاتمەوە، نەمدەزانی شەوە یان ڕۆژ، لەسەر جێگەیەکی گەرم و نەرم کەوتبووم، هەموو ئازای لەشم ئازاری دەهات، لەپشتمەوە تاکوو سەر هەردوو گردەکانی سمتم سڕ بووبوون و هەستم پێ نەدەکرد، بەناو تاریکی چواردەرمدا دەستم کرد بە هاوارکردن، پڕ بە قورگم بانگم دەکرد، بۆ ئەوەی دڵنیا بم لەوەی ئاخۆ کێ دێت بە هانامەوە.

گوێم لە دەنگی کردنەوەی دەرگایەک بوو، هێندە ڕووناکیی لێوە هاتە ژوورێ، خێرا لام ئاشکرا بوو کە لە ژوورێکدا، لەسەر جێگەیەک کەوتووم، زۆری نەبرد، چەند گڵۆپێکی سپی ژوورەکەیان پڕ کرد لە ڕووناکی، ئافرەتێکی کورتە بالای [illegible] ڕەشی ئەسمەری چاو زەقی سپی پۆش ڕووبەڕووم هات [illegible] تاوێک لێی ڕوانیم، چەند وشەیەکی بە عەرەبی لەبەر خۆیەوە [illegible] زۆری پێ نەچوو، ئافرەتێکی تر بەدەم قسەکردنەوە خۆی [illegible]

ژووردا، لەگەڵ ئەوەی پێشوودا پێدەچوون دەستەخوشک بن، تا دەهات، گەرم دادەهاتم و بێ ئارامیم دڵی دەگوشیم، بە جلوبەرگی بەریانـدا و کەرەسـتەی نـاو ژوورەکـەدا، بـۆم دەر کـەوت، لـە نەخۆشخانەم و ئەو دوو ئافرەتەیش، پێدەچێت پەرستار بن.

بەتەنها لەو ژوورە سەرتاپا سپییەدا بووم، تەنها یەک پەنجەرەی لاکێشەیی تێدا بوو، پەردەیەکی سپی بە ڕوودا گیرابوو، پەردەکە ئەوەندە ئەستوور دیار بوو، بواری بە ڕووناکیی دەرەوە نەدەدا بێتە ژوورەکەم، بێجگە لە ڕەنگی هەردوو سەر دەستم، کە زەرد دەیاننواند و لەتەنیشتمەوە ڕاخرابوون، بۆردێک بە دیوارەکەی بەرامبەرمدا هەڵواسرابوو، بۆردەکە بە کارت و وێنە و پارچە کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ داپۆشرابوو، وەکوو تر، هەموو شتێک لە ژوورەکەمدا ڕەنگی سپی بوو، هەموو گیانم مێروولەی دەکرد. ڕووناکیی ئەو گڵۆپە سپییانەی بە بنمیچی ژوورەکەوە دەگرپان، چاومیان ئازار دەدا و قورساییان لەسەر زەینم دەکرد و گوشاریان بۆ دەهێنام، ڕووم لە دوو پەرستارەکە کرد و لێم پرسین، 'من لەکوێم، تکایە پێم بڵێن، من لەکوێم؟'

یەکێکیان لێی ڕوانیم و بە ئینگلیزییەکی نیوە ناچڵ و بەدەم پێکەنینەوە وتی، 'تۆ نەخۆش، نەخۆش.'

دیسان لێم پرسییەوە، 'بۆچی، چی ڕووی داوە؟'

هەردووکیان پەنجەیان بۆ درێژ کردم و بە پێکەنینەوە و بە کۆرس وتیان، 'نەخۆش، نەخۆش، نەخۆشخانە، نەخۆشخانە.'

هەردووکیان قاقایان لێ دەداو بە دەنگی بەرز، بە عەرەبی دەدوان، بەردەوام بەدەورمدا دەهاتن و دەچوون، بێ ئەوەی لێم بڕوانن و چیی دی وەلامی من بدەنەوە، ئەوسا ئەو دوو پەرستارە شتێکیان

بیر دەهێنامـەوە، بـەڵام نەمـدەزانی مانایـان چییـە و چـین و چـۆن خۆیـان هاویشـتۆتە نـاو خـەیاڵی منـەوە، هـەردووکیانم بـە جلـە سپییەکانیانەوە هاوشێوەی دوو پۆلیس دەهاتنە پێشـچاو، دەمزانـی لە نەخۆشخانەم، بەڵام بۆچی و چۆن ڕێگەم کەوتۆتە ئەوێ، چاوم لێک نا و هەوڵم دەدا بیر بکەمـەوە و تاوێک بە خـەیاڵ بگەڕێمـەوە ڕابـردووم و سـۆراغێک بکـەم، ئـازاری لەشـم ئەوەنـد گوشـاریان خسـتبووە سـەر زەیـنم، توانـای خـەیاڵمیان ئیفلـیج کردبـوو. لـەو دەمـەدا گـوێم لـە دەنگێـک بـوو، بـە هۆڵەنـدی دەدوا، خێـرا چـاوم هەڵبڕی و بە چواردەورمدا ڕوانیم، بێجگە لە دوو پەرستارەکە، کە هێشـتا لای ڕاسـتمەوە ڕاوەسـتابوون و بێوچـان لـە گەرمـەی قسـەکردندا بـوون، چـاوم گێـرا، لـەلای دەسـتی چەپمـەوە، ژن و پیاوێک ڕاوەستابوون و لێیـان دەڕوانیم، هـەردووکیان پێکـەوە بـە زمانی هۆڵەندی وتیان، 'ڕۆژ باش.'

کابرایـەکی سـوورکاری سـەرخڕی چـاویلکە لەچـاوی ڕەقەڵـەی باڵابـەرز، ئافرەتەکـەیش نموونـەی ژنـی هۆڵەنـدی بـوو، بـاڵای هاوشێوەی کابراکە بوو، دەموچاوێکی خڕ و قژێکی زەرد و کورت و گلێـنەی چـاوی سـەوز، ئافرەتەکـە لـێم هاتـە پـێش و خـۆی نوشتانەوە و بە دەنگێکی نـزم وتـی، 'ئێسـتا چۆنی؟ ئێمـە هـەموو تەمەنا دەکەین گوزەرانت باش بێت.'

لە کاتێکدا دەستێکی خستە سەر دەستم و ویستی بەردەوام بێت لە قسەکردن، من پێم وت، 'ئەوە حاڵی منە کە دەیبینن، ئێستا پێم بڵێن من لەکوێم و چەندێکە لێرەم؟'

کابرا هەڵی دایەوە و وتی، 'من هانس فان ڕاین، لەگەڵ هاوسـەر و هاوکارم، مارتـا فـان ڕایـن، کارمەندی باڵیۆزخـانەی هۆڵەندایین لە

میسر، لەوەتەی تۆ لەم نەخۆشخانەیەیت، ئێمە بە جووت شەو و ڕۆژ لاتین، کەسوکاریشت ئاگادار دەکرێنەوە لە باری تەندروستیت، دڵنیا بە، بەزووترین کات سەردانت دەکەن، بۆ وەڵامی پرسیارەکەیشت، ئەوە تۆ مانگ و نیوێکە لێرەیت، ئێرە نەخۆشخانەی السلامی نێودەوڵەتییە لە قاهیرە.'

'تکایە پێم بڵێ، بۆ ڕێم کەوتۆتە ئێرە، لە ڕاستیدا هیچم لەبیر نەماوە.'

هانس بەردەوام بوو، 'بەڕێزت، پێشتر چەند ڕۆژێک لە نەخۆشخانەیەکی شاری ئەسیوط بوویت، ئەوەی ئێمە زیاتر ئاگادار بین، تۆ لە بیابان هێرشت کراوەتە سەر و ڕووت کراویتەوە و هەوڵی کوشتنت دراوە، ڕێبوارێک لە بیابان ڕێکەوتی کردوویت و بەبرینداری تۆی گەیاندۆتە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی ئەو شارە، لە ڕاستیدا ئێمە زیاتر درێژەی ڕووداوەکان نازانین.'

لەو دەمەدا، چەند کەسێکی تر خۆیان کرد بە ژووردا و دەوری جێگەکەیان تەنیم، کابرایەکی کورتەباڵای سەر سپی، لێم هاتە پێش و وتی، 'مارتن، من جێگری باڵیۆزی هۆڵەندام لە میسر، ئێمە هەموو چاوەڕوانی فەرمانی پزیشکین، هێندەی بزانین، توانای سەفەرت هەیە و سەفەرکردنت بۆ سەر تەندروستیت نابێتە کێشە، بەزووترین کات دەتگەیەنینەوە هۆڵەندا، گرنگ ئەوەیە تۆ ئێستا تەندروستیت بەرەو باشی دەچێت.'

جێگری باڵیۆز ئاوڕی لە هانس و مارتا دایەوە و دیسان وتی، 'هاوکارانم، هانس و مارتا، بەردەوام لە نزیکەوە ئاگادارت دەبن و هەموو پێداویستییەکت بۆ دابین دەکەن، وەکوو چۆن لە یەکەم ڕۆژەوە لێرە بە ئەرکی خۆیان هەڵساون و پێتەوە ماندوو بوون.'

جێگری باڵیۆز، پاش ئەوەی لەگەڵ ئەو چەند کەسەی لەگەڵی هاتبوونە ژوورێ، کە هەموویان جلی سپییان لەبەردا بوو، پێدەچوو پزیشک یان کارمەند بن لەو نەخۆشخانەیە و بە عەرەبی لەگەڵ یەکدا دەدوان، لەوەدا بوو بڕۆن و ژوورەکە بەجێ بێڵن، جێگری باڵیۆز ئاوڕێکی لێ دامەوە و وتی، 'هیوای باشبوونت بۆ دەخوازم و بە نیازی دیدار.'

لەدوای ئەمەوە، هەموویان لە ژوورەکەم چوونە دەر و بەتەنیا بەجێیان هێشتم. کاتژمێرێک زیاتر دەبوو چاوم لێک نابوو و لە بیرکردنەوەدا بووم، بە ناوازە چەندین یادەوەریی پارچەپارچەم هاتنەوە یاد، بەڵام هیچیان پەیوەندییان بە کات و ساتی ئەو ڕووداوانەوە نەبوو، بەڵکوو هەموو یادگاریی سەردەمی منداڵیم بوون. ئەوسا یادەوەرییەکم بەردەوام لە زەنگی دەرگای خەیاڵمی دەدا و ئەو شەو و ڕۆژە بەرۆکی بەر نەدەدام.

یادگاریی ئەو ڕۆژەی لەگەڵ دایکمدا بووم، تەمەنم چوار ساڵان بوو، خوو و پیشەی ڕۆژانەمان تەنها نیگارکێشان بوو، بەبیرم دێت، بەدرێژایی ئەو ڕۆژە دایکم گوێی لە موزیکی جاز دەگرت، دوایین دەنگی دابووە تەسجیلەکە، بە جۆرێک، هەموو کەرەستەی ماڵەکە لەگەڵ شەپۆلی دەنگی بەرزی موزیکەکەدا دەلەرزین، تاوێک نیگارمان دەکێشا و جارجاریش دایکم ناوبڕێکی وەر دەگرت، دەستی منی دەگرت و پێکەوە سەمامان دەکرد، پاش ئەوەی ماندوو دەبووین، بۆ بەرامبەر کەنفاسەکانمان دەگەڕاینەوە و دەستمان دەکردەوە بە نیگارکێشان. بەبیرم دێت، ئەو ڕۆژە من هەمان نیگاری سەر کەنفاسەکەی دایکمم دووبارە دەکردەوە،

شوێن دەستی ئەوم هەڵدەگرتەوە، ئەو چیی دەکرد، بەدوایدا دووبارەم دەکردەوە، جگە لەو دوو کەنفاسەی لەو کاتەدا کارمان لەسەر دەکرد، بە چواردەورماندا چەندین کەنفاسی ترمان لەسەر سێپاکان دانابوو، ئامادەمان کردبوو بۆ کاری داهاتوومان، ئەو ڕۆژە دایکم چەندین پارچە شۆکۆلاتەی کڕیبوو، بەدەم کارکردنەوە، بەردەوام خەریکی خواردنیان بووین، لەو دەمەدا، دایکم شێتانە پارچە شۆکۆلاتەکەی دەستی لە دەموچاوی خۆی هەڵسوی، بە جۆرێک، دەموچاوی تاوەکوو سەر مل و شانەکانی پێ سواخ دان، تاوێک بوو بەرامبەری ڕاوەستابووم و قاقام لێدەدا و بەپشتا دەکەوتم، ئینجا بەدەم پێکەنینەوە، پارچە شۆکۆلاتەکەی دەستم لە سەر و گوێلاکم هەڵسووی، تەنها چاومان بەدەرەوە بوو، تەنانەت لێو و ددانەکانیشمان ڕەنگی قاوەییان گرتبوو، لەپڕێکدا دایکم هەردوو دەستی بەرز کردەوە و بە دەنگێکی بەرز وتی، 'کوا شۆکۆلاتە نەما، حەزم لە شۆکۆلاتەیە، ئەی چی بکەم ئێستا، ئەی هاوار، چی بخۆم.'

بە پێکەنینەوە سەیری منی کرد و دەستی بەرز کردەوە و دیسان وتی، 'ئەوەتا، شۆکۆلاتەکەی من، ئێستا دەیخۆم.'

پەلاماری دام و چەند زمانێکی هێنا بە ڕوومەتمدا، ئینجا لە دەستی هەڵهاتم و ئەویش دەم بە پێکەنینەوە، بە هۆڵەکەدا بەدوامدا ڕای دەکرد، نازانم چەندێکمان پێ چوو، تاوەکوو دوائاسەواری شۆکۆلاتەکەمان بە زمان لە ڕووی یەکتری لستەوە.'

دەنگێک لەو خەیاڵەی دابڕیم، پێش ئەوەی چاوم بکەمەوە، بۆنی یاسەمین دایان بە لووتمدا، کاتێک چاوم هەڵبڕی، پەرستارێکی

باڵابەرزی قژ ڕەشی چاو گەورە بەرەو لای من دەهات، مێزێکی تایە لەژێری بەدوای خۆیدا هێنا و لەلای جێگەکەمەوە ڕای گرت و سەرنجی لە دەموچاوم دا و زەردەخەنەیەکی بۆ کردم، پاش ئەوەی پەردەیەکی بە چواردەوری جێگەکەمدا گێڕا، چەرچەفەکەی لەسەر لا دام، بە پەڕۆیەکی تەڕ، لە تەوقی سەرمەوە تا نووکی پێیەکانمی پاک کردەوە، چاوم لێ نە دەترووکاند و ئەویش ناوبەناو لێی دەڕوانیم و زووزوو زەردەیەکی بۆ دەکردم، بەردەوام ئازای لەشم لەژێر دەستیدا دەیان زیڕاند. کاتێک تەواو بوو، لە ڕۆیشتندا بوو بانگم لێ کرد و سوپاسم کرد، بێ ئەوەی وەڵامم بداتەوە، دیسان زەردەخەنەیەکی بۆ کردم و لێی دا ڕۆیشت.

ڕۆژی دوایی بەئاگا هاتمەوە لە دەنگەدەنگ و جەنجاڵیی ناو ژوورەکەمدا، نە برسیم بوو نە تینوو، دیار بوو لە ڕێگەی ئەو حەب و دەرزییانەوە ئەوەندە دەرمانیان ڕژاندبووە گەدە و خوێنمەوە، ئیتر پێویستم بە خواردنی نان و ئاو نەبوو.

جێگری باڵیۆز لەبەر پەنجەرەی ژوورەکەمدا لەگەڵ دوو پزیشکدا ڕاوەستابوو، مارتا و هانس خەریکی کارت و کاغەز هەڵواسین بوون بە بۆردی سەر دیوارەکەی بەرامبەرمدا، ئەوەی سەرنجمی لەسەر ئەو بۆردە ڕاگرت، ئەوە بوو کە چاوم لە ڕۆژی پێشوو باشتری دەبینی و یەک یەک کارتەکانم لێک جیا دەکردەوە و چەند نووسینێکیشم بۆ دەخوێنرایەوە، سێ پەرستاریش لە ژوورەکەدا پێکەوە ڕاوەستابوون و بە عەرەبی لەگەڵ یەک دەدوان، هەموو سەرقاڵ بوون بە قسەکردنەوە، کەسیان ئاگایان لای من نەبوو، بە فرسەتم زانی و بێدەنگ تاوێک لە کارتەکانم ڕوانی، گەلێکیان بە

خەتی گەورە لە سەریان نووسرابوو، 'تەندروستیت باش بێت.'
دیار بوو، مارتا لەو کاتەدا بەرێککەوت بۆ لای کۆمیدیی تەنیشت جێگەکەی من هاتبوو، لێی ڕوانیم و بە دەنگێکی بەرز، وەکوو بیەوێت هەمووانی لێ ئاگادار بکاتەوە، وتی، 'مارتن، چۆنیت ئازیز، ئەوە بەئاگایت؟'
زەردەخەنەیەکم بۆ کرد و سەرم بۆ لەقاند، وەکوو هەموو چاوەڕوانی منیان کردبێت، چواردەوری جێگەکەیان دام و کەوتنە لێ ڕوانینم، جێگری باڵیۆز دەستێکی خستە سەر دەستم و بەهێواشی پێی وتم، 'مارتن، لە نزیکترین کاتدا دەگەڕێیتەوە بۆ ولاتەکەی خۆمان.'
زیاتر لێم هاتە پێش و دەنگی نزم کردەوە و چاوی لە چاوم بڕی و بەهێواشی، وتی، 'وەکوو باڵیۆزخانەی هۆڵەندا لە میسر، ئەو ئەرکەی لەسەر شانی ئێمە بووە، بێ کەم و زیاد، من و هاوکارانم پێی هەڵساوین، ئێستا ئەوەی ماوە، ئەوەیە بتنێرینەوە بۆ هۆڵەندا.'
مارتا دەستی خستە سەر قەراغی جێگەکەم و وتی، 'تەواو مارتن، ئەمڕۆ یان سبەینێ بە کەسوکارت و هۆڵەندا و ئەمستردام شاد دەبیتەوە.'
جێگری باڵیۆز نوشتایەوە و خۆی لێم نزیک کردەوە، لەبن لێوەوە چپاندی، 'مارتن، تۆ پێش زیاتر لە ساڵ و نیوێک، بۆ حەفتەیەک لە ڕێگەی مۆزەخانەی نیشتیمانیی ئەمستردامەوە بۆ میسر نێردراویت، بە مەبەستی سەردانکردنی مۆزەخانەی نیشتیمانیی قاهیرە، بەڵکوو ئەوسا بەڕێزت نە پەیوەندیت کردبوو بە مۆزەخانەوە لە قاهیرە، نە ئێمەیشت ئاگادار کردەوە، کە چ پلانێکی ترت هەبوون، زیاتر لە ساڵ و نیوێک، لە قاهیرە یان لە هەر

جێگەیەکی تر بوو‌بێتی لە باشووری ئەفریقا، ئێمە لەگەڵ دایک و باوکت و کارمەندانی باڵیۆزخانەی هۆڵەندا لە میسر و حکومەت لێرە، هەموو هەوڵێکمان دا بۆ دۆزینەوەت، هەرچەندە ئێمە لامان وا بوو، کە تۆ ڕفێندرابیت و لە جێگەیەک دەستبەسەر بیت، تۆ دەبووایە ئەو ماوە زۆرەی لێرە بوویت، ئێمەت ئاگادار بکردایەتەوە، تەنها بە نامەیەک یان تەلەفۆنێک، چونکە باڵیۆزخانەی هۆڵەندا لە میسر ماڵی هەموو هۆڵەندییەکە، کە دێتە ناو سنووری ئەم وڵاتەوە، مانگ و نیوێک پێش ئێستا، کەسێک تۆی بە نیوە مردوویی گەیاندبووە نەخۆشخانەی سەلامە لە شاری ئەسیوط، هەر هەمان کەس پەیوەندیی بە ئێمەشەوە کرد، گوایا تەرمی هۆڵەندییەک بە ناوی مارتن سەلەمۆ لە فلان نەخۆشخانەیە، ئەو کەسە تۆی بە مردوویی، لە دەرەوەی شاری ئەسیوط، لە بیابان بەڕێکەوت دۆزیوەتەوە، هەرچەندە ئەو نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات، پێدەچێت هەر ئەو خۆیشی تاوانبارەکە بێت، ئەوەندەی من لە نەخۆشخانەی ئەسیوطم بیستبێت، یەکەم ڕۆژ تۆیان بەڕووتی گەیاندۆتە ئەو نەخۆشخانەیە، جزدان و پاسپۆرتەکەت و هەرچییەکت لەو کاتەدا پێ بووە، بردوویانە، پۆلیسی شاری ئەسیوط، بەردەوام لە گەڕاندان، لە داهاتوودا هەر هەواڵێکی نوێمان زانی، بێگومان ئاگادارت دەکەینەوە، بە هەرحاڵ، گرنگ ئەوەیە تۆ لە ژیاندا ماویت، لە کۆتاییدا، تەمەنای چاکبوونەوەت بۆ دەخوازم.'

پاشان جێگری باڵیۆز ڕاست بۆوە و لەگەڵ پزیشکەکاندا، بەدەم قسەکردنەوە لە ژوورەکە چوونە دەرەوە. قسەکانی بە جۆرێک قورساییان لەسەر زەینم کرد، لەو ساتەدا بێئاگا مام لەوەی لە

چواردەورم چی ڕوویدا و کێ چیی وت، زیاتر بیرم لەوە دەکردەوە، 'کەسێک منی گەیاندۆتە نەخۆشخانەی ئەسیوط، کەسێک پەیوەندیی کردووە بە باڵیۆزخانەی هۆڵەنداوە، گوایا تەرمی مارتن ناوێک لەوێیە.'

ئەو قسانەی جێگری باڵیۆز کردنی، لەناو گوێمدا دەزرینگانەوە. تاوێک بوو چاوم لێک نابوو، دەنگم لە خۆم بڕیبوو، دیار بوو مارتا و هانس لایان وا بوو، کە من خەوتبووم، لە سووچێکی ژوورەکەدا لەسەر دوو کورسی دانیشتبوون و باسی ژیانی خۆیان لە میسر دەکرد، گوێم لێی بوو مارتا بە هانسی وت، 'ئەم ئاڵۆزییە سیاسییەی ئێستا وڵاتی میسر گیرۆدەی بووە، بۆ ئێمەیەکی ئەوروپی، گونجاو نییە.'

'هەمان ڕام هەیە، ئەگەر وا بڕوات، شەریعە دەبێتە تاکە یاساوڕێسای وڵات، ئەوسا ئەم وڵاتە نەک تەنها بۆ ئێمە، بەڵکوو جێگەی هیچ مرۆڤێکی ئاسایی تێدا نابێتەوە.'

'بەداخم، بەشێکی گرنگی مێژووی مرۆڤایەتی لەم جێگەیەدایە، ئەگەر ئەو سەلەفییانە دەسەڵاتی ئێرە بگرنە دەست، دڵنیام دار و بەردی ئەو ئەهرامانە دەخەنە دەریای سوورەوە.'

چەند جارێک خەوم لێ کەوت و دیسان بەئاگا هاتمەوە، ئەوان هێشتا هەر دانیشتبوون و بەدرێژایی ئەو دوانیوەڕۆیە، بەردەوام باسی ئێستا و ئەوسای خۆیان دەکرد، بە قسەکانیاندا دیار بوو، کە دوای دە ساڵێک ژیانیان لە میسر، بیانەوێت بەزووترین کات بۆ هۆڵەندا بگەڕێنەوە.

ڕۆژی دوای ئەو ڕۆژە، مارتا بەئاگای هێنام، پاش ئەوەی

سەرنجی لە دەموچاوم دا، بەدەم پێکەنینەوە پێی وتم، 'هەستە خەوخۆش، وا دوانیوەڕۆیە.'

پێکەوە لەگەڵ هانس، کارتۆنێکیان لەسەر مێزێک دانابوو، ئەو کارت و کاغەزانەی ڕۆژانی پێشوو بە بۆردەکەوە هەڵیان واسیبوو، یەک یەک لێیان دەکردنەوە و لە کارتۆنەکەیان دەنا، هانس بەدەم لێکردنەوەی کارتەکانەوە، لەبەر خۆیەوە وتی، 'مارتن، کاتژمێر یەکی شەو دەبێت لە فڕۆکەخانە بیت.'

ئینجا مارتا ڕووبەڕووم هات، لە کاتێکدا دوو بەستە کارتی لەسەریەک کەڵەکەکراوی بە دەستەوە بوو، وتی، 'ناتەوێت بزانیت کێ ئەم هەموو کارتە جوانەی بۆ ناردوویت؟'

سەیرێکی مارتام کرد و پێم وت، 'بەدڵنیاییەوە، لەوەتەی لێرە چاوم کردۆتەوە، بە سەرنجەوە لێیان دەڕوانم.'

'ئەوە هەمووی نییە، بەڵکوو چەندە لێرە دەبینیت، دوو ئەوەندەیش لە باڵوێزخانەیە، هەوڵ دەدەم هەموویان بە پۆست بۆ ئەدرەسی ماڵەکەتان ڕەوانە بکەم، ئەوسا لە ماڵەوە، بەهێمنی دەتوانیت سەیری هەموویان بکەیت.'

سەرم بۆ مارتا لەقاند و هیچم نە وت. لە کاتێکدا ئەوان هەموو سەرقاڵ بوون، سەرم هەڵبڕی و لەژێر چەرچەفە تەنکەکەوە دەستم کرد بە جووڵانی دەست و قاچم، کە هێشتا هەستم بە جۆرێک لە سڕبیان دەکرد و بێوچان مێروولەیان دەکرد، دەستم هەڵبڕی و خستمە سەر دەموچاوم، زووزوو بە خۆمم دەوت، 'ئەمشەو دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە، دەگەڕێمەوە بۆ ئەمستردام.'

مارتا لەو دەمەدا، لەسەر قەراغی جێگەکەم دانیشتبوو، لەبەر خۆیەوە وتی، 'دەڵێم مارتن، ئەو ماوە زۆرەی تۆ بێهۆش بوویت،

باوکت لات بوو، زۆر خەمبار و تێکشکاو دیار بوو، شەو و ڕۆژ بەدیارتەوە بوو، چاوەڕوان بوو ئاخۆ کەی چاوت دەکەیتەوە.'

بە سەر سوورڕمانێکەوە لە مارتام ڕوانی و پرسیم،

'باوکم!'

'بەڵێ، باوکت، ئەی کارل باوکت نییە؟'

'کارل، کارل لێرە بوو؟'

'چەند ڕۆژێک پێش ئێستا بۆ هۆڵەندا گەڕایەوە، بۆ هەواڵپرسینت، هەموو ڕۆژێک پەیوەندیی بە باڵیۆزخانەوە دەکات، من بە تەلەفون هەواڵی بەئاگاهاتنی تۆم پێ ڕاگەیاند.'

'ئەی دایکم؟'

پاش تاوێک بێدەنگی، مارتا بێ ئەوەی لێم بڕوانێت، سەرێکی داخست و بە غەمگینییەکەوە وتی، 'ئێمە هەموو بەداخ بووین، شێرپەنجە بواری ئەوەی پێ نەدا بە تۆ شاد ببێتەوە، چەندین جار بەو نەخۆشییەوە بۆ سۆراغی تۆ بە مانگ لێرە بوو، مرۆڤێکی ئەوەندە جوان و پڕبەهرە، شایانی ئەوە نییە بە نەخۆشیی شێرپەنجە و ئاوا بەزەلیلی بمرێت.'

گەدەم گوشرابوو، هەستم دەکرد لەوەدا بووم بڕشێمەوە، چاوم پڕ بوو لە فرمێسک و بێ خواستی خۆم، زووزوو دەنگم لێ بەرز دەکردەوە، نازانم زیاتر چی ڕووی دا، یان دەبێت مارتا و هانس لەو کاتەدا چییان کردبێت، تەنها ئەوەندەم لەبیرە، چاوم لێک نابوو، توند دەستم لە قەراغی جێگەکەم گیر کردبوو، پاژنەی پێکانم بە خوارووی قەرەوێڵەکەدا دەکێشا، پێدەچوو لەو کاتەدا پەرستارەکان دەرزیی بێهۆشییان لێ دابم.

لە دەنگێکی گڕ بەئاگا هاتمەوە، کە جارجار لەگەڵ دەنگی دایکمدا

تێکەڵ دەبوو، بەردەوام گوێم لێ بوو، 'مارتن، مارتن.'
ویستم خێرا چاوم هەڵبڕم و لە چواردەورم بڕوانم، پێڵووی چاوم ئەوەندە گران بوو، بۆم هەڵنەدەبڕا، بێوچان زۆرم لە خۆم دەکرد و سەرم بە ڕاست و چەپمدا با دەدا، کاتێک بەئەستەم چاوم کردەوە، تارمایی زەلامێکی درێژ لەلای سەرمەوە ڕاوەسابوو، بە دەستێکم چاوم هەڵگلۆفت و دووبارە لێم ڕوانییەوە، بە شپرزەییەوە سەرم هەڵبڕی و بە سەرنجەوە لەسەر بۆ خوار لێم ڕوانی، لە کاتێکدا هێشتا دڵنیا نەبووم لەوەی کێ دەبینم، ئەو وتی، 'مارتن، ئازیزم شوکور بۆ خوا کە ماویت.'
خێرا دەنگیم ناسییەوە، زۆرم لە خۆم کرد، تاوەکوو لەسەر جێگەکەم خۆم ڕاست کەمەوە و دابنیشم، بە شپرزەییەکەوە، وتم، 'کارڵ، کارڵ تۆیت؟'
دانەوییەوە بەسەرمدا و هەردوو باڵە درێژەکانی بڵاو کردنەوە و باوەشی پێدا کردم و توند بە خۆیەوە گوشیمی، دەموچاوی لەسەر شانم دانابوو و گیانی دەلەرزی، ئینجا لەپڕێکدا دایە پڕمەی گریان، خۆمم پێ ڕانەگیرا و بەقووڵی تاوێک بەسەر یەکدا گریاین، هێشتا دەستی لێ بەر نەدابووم و بەدەم گریان و هەنسک هەڵکێشانەوە وتی، 'هەستە، هەستە با بڕۆینەوە بۆماڵەوە.'
هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و لەبەر خۆمەوە وتم، 'بە شانازییەوە.'
دوای ئەوەی کارڵ چەندین جار ڕوومەتمی ماچ کرد و تاوێک بوو دەموچاومی لەناو هەردوو دەست و پەنجە درێژەکانی ڕاگرتبوو، بێوچان لە چاومی دەڕوانی، وەکوو بیەوێت لەوە دڵنیا ببێت، کە ئەوە مارتن خۆیەتی، لەو کاتەدا گوێم لە دەنگی مارتا بوو، 'دەی

کوڕینه، دەستوبردی لێ بکەن.'
هانس هاته پێشەوە لێم و سەرێکی با دا و لێی پرسیم، 'پێم بڵێ، مارتن، ئامادەیت بۆ باوەشی نیشتمانی باوکت بگەڕێیتەوە؟'
سەیرێکم کرد و بە پێکەنینێکەوە پێم وت، 'نەخێر هانس، بە شانازییەوە ئامادەم بۆ باوەشی نیشتمانی دایکم بگەڕێمەوە.'
هەموو دەستمان کرد بە پێکەنین و هانس وتی، 'بمبوورە، با بەدڵی تۆ بێت.'
لەو دەمەدا، چەند کارمەندێکی نەخۆشخانەکە خۆیان کرد بە ژووردا، یەکێکیان کورسییەکی تایەلەژێری بە دەستەوە و تا تەنیشت جێگەکەم هێنای، کارڵ و هانس لێم هاتنە پێش و ویستیان یارمەتیم بدەن، تاوەکوو بچمە سەر کورسییەکە دابنیشم، هێشتا ماسوولکەکانی لەشم سڕ و ماندوو بوون، بەئەستەم توانیم پێیەکانم لەسەر جێگەکە دابگرم و لەسەر کورسییەکە دابنیشتم، پاشان کارڵ لەپشتمەوە ڕاوەستا و دەستی کرد بە پاڵ پێوەنانم.
کاتێک گەیشتینە دەرەوەی نەخۆشخانەکە، پۆلیسێکی سپی پۆش دارێکی لە بنهەنگڵدا بوو، ڕاست لە بەردەرکی دەرەوەی نەخۆشخانەکەدا ڕاوەستابوو، هەموو مووەکانی لەشم ڕاست بوونەوە و کوتوپڕ ئارەقێکی سارد لەشمی تەڕ کرد، تاوەکوو لێی تێپەڕین چاوم لێک نابوو، گەیشتینە لای ئوتومبێلێکی نەخۆشبەر، دوا ماڵئاواییمان لە مارتا و هانس و پەرستار و پزیشکەکان کرد، هەموو یەک یەک دەستی تەوقەیان بۆ درێژ کردم و بەگەرمی هیوای چاکبوونەوەیان بۆ خواستم، من و کارڵ لە کابینەی پشتەوەی ئوتومبێلەکەدا بە شانی یەکەوە دانیشتین، کابرایەکی ڕەشتاڵەی لاوازیش ئوتومبێلەکەی لێدەخوڕی و ئافرەتێکی سپی

پۆشیش لەپێشەوە دانیشتبوو، بەردەوام بەدرێژایی ئەو ڕێگەیە، کە کاتژمێرێـک زیـاتر دەبـوو بـەڕێوە بـووین، دەمیـان دانەخسـت و بێوچان بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد.

کارڵ تورەکەیەکی ڕاستوچەپ لـەمل کردبوو، پێش ئـەوەی بگەینـە فڕۆکەخانــە، کردییــەوە و یەک یەک تەماشــایەکی پاســپۆرتەکانی کـرد، لــە کاتێکـدا ســەرقاڵی تەماشــاکردنی نـاو تورەکەکــە بــوو، گورزەیەک کلیلی دەرهێنا و لەسەر ڕانی چەپی دای نـا، بێ ئـەوەی پرسی پێ بکەم، گورزە کلیلەکەم خسـتنە نێو مشـتم و لـێم پرسـی، 'کارڵ ئەو هەموو کلیلانە چین؟'

بـێ ئـەوەی لـێم بڕوانێت، بـەدەم تەماشـاکردنی نـاو تورەکەکـەوە، وتی، 'کلیلی ماڵەوەن.'

گورزە کلیلەکەم لەناو مشتم توند گرت، ڕووم لە کارڵ وەر گێڕا و بێدەنگ لـە گڵۆپی شـەقامەکانم ڕوانـی، لـە کاتێکدا کە ئوتومبێلەکە بەخێرایی بەلایاندا تێدەپەڕی.

٢١

هەست

پێنجی مانگی چوار، دوای زیاتر لە ساڵ و نیوێک، بۆ شاری ئەمستردام گەڕامەوە، ئەو بەیانییەی بە جێبە سەوزەکەی کارڵ گەیشتینە ناو شار و خۆمان بە کۆڵانی فریدریکدا کرد، باران بەلێزمە دەباری و ڕەشەباش سەمای بە لێشاوی تنۆکی بارانەکان دەکرد، کاتێک گەڕەکەکەمانم بینی، کە چۆن نوێ کرابووەوە و داربەڕووە پیرەکان و دارگلۆپەکانی سەر شۆستەکان لا برابوون، غەریب و ڕەشوڕووت هاتە پێشچاوم. لە سەرەتاوە وام دەزانی کارڵ بە هەڵە ڕۆیشتووە، خۆی کردووە بە کۆڵانێکی تردا، کاتێک گەیشتینە بەردەمی ماڵەکەمان، ڕوانیم ئەو داربەڕووانەی بە هەموو تەمەنی من بە چواردەوری ماڵەکەماندا بوون، ئاسەواریان نەمابوو، لە جێگەیان، نەمامی کورتەباڵا و زەردەڵە نێژرابوون، چواردەوری ماڵەکە، یەکپارچە کرابوو بە هەرێز، ڕەنگی دەرگای گەراج و ماڵەکەیشمان گۆڕابوو.

کارڵ جێبەکەی لە بەردەمی گەراجەکەدا ڕاگرت و دابەزی، لە

ماڵەکەم دەڕوانی و هێشتا کلیلەکانم توند لەناو مشتم گرتبوو، کاتێک لەناو لەپی دەستمم ڕوانی، بینیم ئاسەواری فۆرمی چەندین کلیل لە پێستی بەری دەستمدا دیار بوو.

خۆم دەرگای ماڵەکەمانم کردەوە، پێش کارڵ چوومە ناو داڵانەکە و تاوێک لە دیوارەکانم ڕوانی، زۆرم لە خۆم کرد و بە چەند هەنگاوێک، خۆم گەیاندە هۆڵی دانیشتنەکە و لە ناوەڕاستیدا ڕاوەستام، بێجگە لە دوو کورسی و مێزێک، کە تەلەڤزیۆنێکی لەسەر بوو، هیچی تری تێدا نەبوو، تەنانەت دیوارەکانیشی سپی کرابوونەوە و هیچیان پێوە نەبوو، بێدەنگییەک دای گرتم و بەردەوام دەستم لە یەک هەڵدەگلۆفین، لە تینووواندا قوڕگم بە مەلاشومەوە نووسابوو، تووشی تەنگەنەفەسییەک ببووم، سنگم وەختەبوو شەق بەرێ، ئینجا چووم بۆ مەتبەخەکە و لەوێوە، بێ ئەوەی ئاوڕ لە کارڵ بدەمەوە، کە بەردەوام بەدوامەوە بوو، زووزوو بە سەرنجەوە لێی دەڕوانیم، گیانی پڕ لە ئازار و سڕم بەداوی خۆمدا کێش کرد و چووم بۆ نهۆمی سەرەوە، یەک بە یەکی ژوورەکانم بەسەر کردەوە، بێجگە لە ژوورەکەی دایکم، کە قەرەوێڵەیەکی ئاسن و دۆشەکێک و بەتانییەکی لەسەر قەد کرابوو، وەکوو تر، هەموو ماڵەکە گسکی لێ درابوو، دیوارەکانی لە سەرەوە تا خوار پاک کرابوونەوە و ڕەنگێکی سپی کرابوون.

کاتێک گوێم لە دەنگی پێیەکانی کارڵ بوو بە پلیکانەکاندا هات بۆ نهۆمی سەرەوە، چاوم تەڕ بوو، ویستم کارڵ دڵشکاو و بێزار نەمبینێت، خێرا چووم بۆ حەمامەکە و لەسەر دەستشۆرەکە دوو چنگ ئاوم پرژاند بە دەموچاومدا، کاتێک لە ئاوێنەکەدا لە خۆمم ڕوانی، چەند هەناسەیەکی پێ چوو، هەتا ڕوخساری خۆمم تێدا

ناسـییەوە. کاتێـک کـارڵ هاتـە بـەردەمم، گۆزەیـەکی دەسـکداری سەرگیراوی بە دەستەوە بوو، بۆی ڕاگرتم و پێی وتم، 'ئەوەیش خۆڵی لاشەی دایکتە.'

کـاتێ بـە دڵتەنگییەکـەوە گۆزەکـەم لـێ وەر گـرت، زەرفێکیشـی لـە گیرفـانی دەرهێنـا و ئەویشـی بـۆ ڕاگـرتم و دیسـان وتـی، 'دایکـت داوای لێ کردم، ئەم زەرفەیشت بدەمێ.'

تاوێـک بێـدەنگ لـە گـۆزە و زەرفەکـەی دەسـتم ڕوانـی و لـە دڵـی خۆمدا وتم، 'دایکە، ئەوا پێت شاد بوومەوە.'

کـاتێ لەگـەڵ کـارڵ لـە دالانـی نهـۆمی سـەرەوەدا ڕاوەسـتابووین، پشتم تـێ کـرد و چـووم بـۆ ژوورەکـەی خـۆم، گـۆزە و زەرفەکـەی دەسـتم لەسـەر قـەراغی پەنجەرەکـە دانـا و بێـدەنگ بـۆ لای کـارڵ گەڕامـەوە. کـارڵ بـە سەرسـامییەکەوە لێـی ڕوانـیم و پێـی وتـم، 'مارتن، دەزانم ماڵەکە ئاوا بۆ تۆ ناخۆشە، بەچۆڵی دەیبینیت، بەڵام بێخـەم بـە، هـەموو شـتێکی تـۆ و دایکـتم پاراسـتووە و لـە گەراجەکەن.'

بـە سـاردییەکەوە لـە کـارڵم ڕوانـی و لـێم پرسـی، 'پێم بڵـێ، دایکـم کەی مرد؟'

'شـەش مانگێک پێش ئـەمڕۆ، لـە نەخۆشـخانە کۆچی دوایـی کـرد، هەر چنگێکی مـابووەوە، ئـەو شـێرپەنجە کوشـەندەیە، ئـازای گیـانی خواردبوو، ئەندامەکانی لەشـی لە کار کـەوتبوو، بـەڵام چاوی شـەو و ڕۆژ زرت دەیـانڕوانی و چـاوەڕوانی بینینـەوەی تۆیـان دەکـرد، پێش ئەوەی تـەواو پـەکی بکـەوێت، بـەو نەخۆشـییەوە هەرسـێکمان بۆ سۆراغی تۆ بەردەوام بە ڕێگەی میسرەوە بووین.'

'هەرسێکتان؟'

'بەڵێ، من و دایکت و کارمن.'
دڵـم داخوپـا، تەزوویـەک لـە تـەوقی سـەرمەوە تـا کەڵەپەنـجەی پێیەکـانم ڕای وەشـاندم، سـەرم هـەڵبڕی و تاوێـک لـە بنمیچـی دالانەکەم ڕوانی، وەکوو لە خەیاڵمدا، لە وێنەیەکی کارمن بگەڕێم، شڵەژام و بـە دەنگێکـی گڕ پرسـیم، 'کـارمن، چـۆن کـارمن، یـانی کارمن بەردەوام...'
قسەکەم بۆ تەواو نەکرا، پاشان کارڵ بەردەوام بوو، وتـی، 'بـەڵێ، کـارمن، ئـەو پەیوەنـدیی لـێ نـەبڕیوین، دوای سـەفەرەکەی تـۆ بـۆ میسر، کـاتێ دوو حەفتـە بـە سـەردا تێپـەڕی و تـۆ هـیچ هـەواڵێکت نەبوو، ئینجا دایکت پەیوەندیی کرد بە بەڕێوەبەری مۆزەخانـەوە، مەبەسـتم هێنـری پراخـە، لێپرسـراوی کارەکـەت، ئەوسـا هێنـری پەیوەندیی کرد بە مۆزەخانەی قاهیرەوە، ئینجا لامان ئاشکرا بوو، تۆ پەیوەندییت بـەو مۆزەخانەیـەوە نـەکردبوو، دەمـانزانی لـەو ڕۆژ و کاتەدا لە فڕۆکەخانـەی قـاهیرە دابـەزیبوویت، بـەڵام لـەدوای ئـەو ڕۆژەوە، کـەس هـیچ هـەواڵێکی نـەدەزانیت، دەزانیـت مـارتن، ئێمـە چەند هەوڵمان دا، باوەڕ بکە زیاتر لە ملیۆنێک وێنەی تۆمان کۆپی کرد و بە هەموو کوچە و کۆڵانەکانی شار و شارۆچکەکانی وڵاتـی میسـردا بڵاومـان کـردەوە، ئیتـر بـا هـەوڵ و کۆششـی کارمەنـدانی باڵوێزخانەی هۆڵەندا لـەولاوە بوەسـتێ، چەنـدێک پێمانـەوە مانـدوو بوون، حکومـەتی میسـریش بـە هـەمان شـێوە، تیمێکیـان لەگەڵمانـدا تـەرخان کردبـوو، بـە دوو شـۆفێر و دوو ئۆتـۆمبێلی خۆیانـەوە، لەسەر نەخشە، سەرتاسـەری وڵاتـی میسـر لەگەڵمانـدا گـەڕان، هـەر وا ئاسان نەبوو بۆ من لەگەڵ ئافرەتێکی نەخۆشی وەکوو دایکت و یەکێکی تری دووگیان، با ئەو گەرمایەیش لەولاوە بوەستێ، بـاوەڕ

بکە جێگە نەمابوو لە میسردا نەچین.'
'جگە لەو جێگەیەی منی لێ بووم.'
'کام جێگە؟'
'ئاخ، کارڵ، لە ڕاستدا خۆیشم نازانم لە کام جێگە بووم.'
'چەندین جار لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکانی ئەو وڵاتەوە، بانگەوازمان بڵاو کردەوە، تەنانەت دایکت خۆی دوو جار چووە سەر تەلەڤزیۆن و بە دەنگ و ڕەنگی خۆی بانگەوازی کرد.'
'کارڵ، با پشوویەک بدەم، ئەوسا زیاتر قسەی لەسەر دەکەین، ئێستا پێم بڵێ، کارمن چۆنە و لەکوێیە؟'
'باشە، زۆر باشە، لێرەیە، لە ئەمستردام، لەگەڵ کچەکەیدا دەژی.'
'چیی، کارڵ، ئایا تۆ دەزانیت من پرسیاری کێت لێ دەکەم؟'
'بەڵێ، بەڵێ، بەدڵنیاییەوە، کارمن فرانکلین، ساڵ و نیوێک پێش ئێستا، لە بەلجیکاوە گواستیەوە تا لە ئەمستردام نزیکی ئێمە بژی.'
'ئەی دایکی؟ هەروەها تۆ باسی منداڵت کرد، کارمن منداڵی هەیە؟ تۆ دڵنیایت کە...؟'
'وابزانم، کارمن پەیوەندیی لەگەڵ دایکی نەماوە، کچەکەیشی، ناوی لۆتەیە و تەمەنی وا دەبێت بە ساڵێک.'
تاوێک بێدەنگ سەرنجم لە کارڵدا، بێ ئەوەی زیاتر هیچ بڵێم، پشتم لە کارڵ کرد، چەند هەنگاوێکم نا و دەستم بە قەراغی تەیمانی پلیکانەکاندا گرت و هێواش هێواش چوومە خوارێ، لە هۆڵەکە، لەسەر یەکێک لە کورسییەکان بێدەنگ دانیشتم، ناوی کارمن و لۆتە بەردەوام لەناو گوێمدا دەزرینگانەوە.
کارڵ هێشتا لە قاتی سەرەوە بوو، کاتێ لەناو بێدەنگیی ژوورەکەدا و لەسەر کورسییەک چاوم لێک نا و خۆم لێ درێژ

کرد، کوتوپڕ خۆم لە بیابانێکدا بینییەوە، بەردەوام لم بەسەرمدا دەباری و ڕەشەبایەک شەپۆلی بە لمەکە دەدا و وەک مزراح، بەدەوری خۆمدا دەیخولاندمەوە، لەناو ئەو دەریای لمەدا، بێ ئارام پەلەقاژێ و باڵەکوتەم بوو، دەستم دەکوتا لە چواردەورم، گڤەی باکە وەک کوتەکێک دەیدا لە پەردەی گوێم، دەنکە لمە سوورەوەبووەکانیش، یەک یەک گەرمیی خۆیان لە پێستم دەسوی، بۆنی میزی جرج لووتیان پڕ کردبووم، چاوم پڕ بوو لەو وردەزیخانەی وەک پشکۆ دەگڕان، چەند جارێک لووتم بە لووتی مەرگدا تەقییەوە.

لە دەنگی خۆم بەئاگا هاتمەوە، بینیم کارڵ لەپێشمدا بە چۆکدا هاتبوو، هەردوو دەستمی توند گرتبوو، بۆنی ئارەقی لەشی خۆمم دەکرد، کارڵ پاش ئەوەی بە بەزەییەکەوە لە چاومی ڕوانی، پێی وتم، 'وەرە با بڕۆین، دەچین بۆ سەنتەری شار، پاشان لەوێ، لە چێشتخانەیەک نان دەخۆین.'

چەند ڕۆژێکی بەسەردا تێپەڕی، هەستم دەکرد ئەو ڕووداوانە، هەموو یەک یەک لە قووڵایی ڕۆحمدا لانەیان بۆ خۆیان دروست کردووە، بوون بە بەشێک لە من و لێم جیا نابنەوە، برینەکانی سەر جەستەم و ناو ڕۆحم ئەوەندە سەختن، بە هیچ دەوایەک ساڕێژ نابنەوە، نەمدەوێرا بۆ ساتێکیش چییە، چاوم لێک بنێم، شەوان بە سێ دەنک حەبی ڤالیۆم، چەند کاتژمێرێک دەخەوتم.

بەبیرم دێت، سمکۆ فەرهاد هەموو جارێک پێی دەوتم، 'توانیم جەستەم لەناو جەنگدا دەرباز بکەم و لێی هەڵبێم، بەڵام هەرگیز ناتوانم جەنگ لەناو ڕۆحم دەر بکەم.'

سمکۆ ئەمەی لە کاتێکدا دەوت، کە من لێم دەپرسی، 'بۆچی تۆ تەنها لە ڕابردووت دەدوێیت، لە باسی ڕابردووت و جەنگ زیاتر، هیچ باسێکی ترت لا نییە!'

ئەوسا کارڵ هەموو شتێکی بۆ ساز و ئامادە کردبووم و زۆر ماندوو دەبوو پێمەوە، نەمتوانی لە هیچ یەکێک لەو شتانەی بۆ حەوانەوەم ئامادەی کردبوو، بە دڵ بەشدار ببم، ماڵەکە لە یادەوەرییەکانم پاک کرابووەوە، بۆنی ڕابردووی لێ نەدەهات، مۆرک و جێگەدەستی دایکم سڕابوونەوە، لە ڕێگەی هیچ هەستێکمەوە نەمدەتوانی لە ماڵەکەدا ساتێک بەر ڕۆحی دایکم بکەوم و یادەوەرییەکی سەردەمی منداڵیم زیندوو بکەمەوە، وا هەستم دەکرد، بە شێوەیەکی کاتی تێیدا دەژیم، بەردەوام بە خۆمم دەوت، 'کاتێک دێت لە گۆشەیەک، کە نازانم ئێرەیە یان جێگەیەکی تر، دیسان ژیان دەست پێ دەکەمەوە.'

٢٢

کارڵ

حەفتەیەک بوو لە میسر گەڕابوومەوە، ئەو بەیانییە، وەکوو هەموو بەیانییەکانی تری ئەو حەفتەیە، لە دەنگی خۆم و لەناو تەڕیی ئارەقی لەشمدا بەئاگا هاتمەوە، ماڵەکە بێدەنگ بوو، پەنجەرەی ژوورەکەم، کە هێشتا پەردەمان پێوە نەگرتبوو، بەیانییان زوو ژوورەکەمی پڕ دەکرد لە ڕووناکی، ئەو بەیانییە بەهەڵەداوان لەناو جێگەکەم هاتمە دەر، پانتۆڵ و کراسەکەم، کە ڕۆژی پێشوو بەسەر قەراغی جێگەکەمدا دابوو، لەبەرم کردن و بەپەلە لە ژوورەکەم دەر چووم، دیار بوو کارڵ هێشتا خەوتبوو، پاش چەند هەناسەیەک، خۆمم لەناو باخەکەماندا بینییەوە، هەوایەکی سارد و شێدار دای بە ڕوومدا، هەرێزەکە هێشتا تەڕیی شەونمی شەوی لەسەر بوو، گەڵای درەختەکان تەڕ دەیاننوواند، هەوای ئەو بەیانییە ئەوەندە شێدار بوو، کە تەیمانی جاڵجاڵۆکەکانیش دڵۆپ دڵۆپ شەونمیان لێ دەچۆڕا، ڕیزبەندیی دڵۆپی شەونمەکان بە خەتی تەیمانی جاڵجاڵۆکەکانەوە، لە

ملوانکەی مەرجان دەچوون، ئەو بەیانییە نە باڵندەیەکم بینی بفڕێ و نە گوێم لە دەنگی جریوە و خوێندنیشیان بوو، لە دوور گوێم لێ بوو زەنگی کەنیسەیەک بێوچان لێی دەدا.

بەرەو سەنتەری شار کەوتمە ڕێ، لە خەیاڵمدا بوو سەردانی قاوەخانەی گرانت بکەم، بە خۆمم وت، 'بەم بەیانی زووە تەنها خزمەتچییەکان لەوێن!'

وزەی خواستێک لە ناخمدا داوای لێ دەکردم پێیەکانم هەڵبگرم و هێز بدەمە بەر خۆم، تا خێرا بگەمە سەنتەری شار، ئاسەواری برین و شکاوییەکانی لەشم، لەگەڵ هەموو هەنگاوێکمدا دەیان زریکاند، لە ڕێگە بارانێکی لەناکاو دای کرد، هەستم بە یەکەبەیەکی ئەو دڵۆپانە دەکرد، کە دەکەوتنە سەر پێستی ڕزیو و وشک هەڵاتووم و تاڵی مووەکانمیان ئاو دەدا، بەدەم خەیاڵ و ونبوونم لەناو یادەوەرییەکانی ڕابردوومدا، بە بەردەم قاوەخانەی گرانتدا تێپەڕیبووم و بێئاگا بووم لێی، کاتێک گەیشتمە سەر شەقامی باخ لە گەڕەکی یۆردان، سەرسام و دڵگوشراو، لەمبەر و ئەوبەری ئەو شەقامەم دەڕوانی و لە خانووی ژمارە چلوهەشت دەگەڕام، ئەوەندە بێ ئارام و شپرزە بووم، هەموو ئەو پیادەڕەوانەی بەلامدا تێدەپەڕین، بە سەرنجەوە لێیان دەڕوانیم، لەژێر لێوەوە بەردەوام ژمارە ٤٨م دووبارە دەکردەوە، کاتیک خانووی ژمارە ٤٧م تێپەڕاند، بێ ئارام دڵم خێرا خێرا لێی دەدا، ماڵێکی دوونهۆمی، دیاربوو تازە نۆژەن کرابووەوە، دەرگایەکی سپیی گەورە، ماڵێکی پڕ لە پەنجەرە، پەردەکانی دادرابوونەوە، چەند جارێک سەرم نا بە شووشەی پەنجەرەکانەوە و ویستم هەر هیچ نەبێت، پێش ئەوەی لە دەرگا بدەم، سۆراغێکم دەست بکەوێت،

نازانم چەندێک بوو لە بەردەم ئەو ماڵەدا ڕاوەستابووم و لە سەر بۆ خوار لە پەنجەرەکانم دەڕوانی، لەوە دەچوو بمەوێت هێزێک لە خۆمدا کۆ بکەمەوە، لە خەیاڵمدا بەردەوام وشەسازیم دەکرد، وشەم پێکەوە دەنا و لە ڕستەیەکی گونجاو دەگەڕام، نەمدەزانی ئاخۆ چی بڵێم و لەکوێوە دەست پێ بکەم، بەردەوام دەستم لێک هەڵدەسووین، هەرچەندە لەو دەمەدا باران و سەرماش بوو، بەڵام گەرمییەک لەشمی داگرتبوو، هەستم دەکرد هێشتا لەبەر ئەو خۆرە گەرم و سووتێنەرەی بیابانەکانی ئەفەریقادام، هەموو لەشم ئارەقی لێ دەچۆڕا.

چەند کەسێک بەلامدا تێپەڕین، سەگەکانیان بێ ئارام پێم دەوەڕین، وەختەبوو قاییشەکانی ملیان دەبچڕاند، دەمزانی ئەو ئاژەڵانە هەست بە بێ ئارامیی ڕۆحم دەکەن، تاوێک بوو هەردوو لەپی دەستم لەسەر ڕووی دەرگاکە دانابوو، سەرم خستبووە نێوان دەستم و ناوچەوانم نابوو بە ڕووی دەرگا ساردەکەوە، تەزووی ساردی دەرگاکە گەیشتنە ناو سەرجەم خانەکانی لەشم، هەناسەیەکم هەڵکێشا و بە دڵشکاوییەکەوە پشتم لە ماڵەکە کرد، چۆن چووبووم، ئاوایش بە هەمان ڕێگەدا بۆ ماڵەوە گەڕامەوە.

کاتێک گەیشتمە ناو دەرگای چێشتخاکەمان، کارل خەریکی قاوەلێنان بوو، دیار بوو تازە بەئاگا هاتبوو، چونکە بەردەوام چاوی هەڵدەگلۆفی و هێشتا بۆنی پاشماوەی خەوی لێ دەهات، کە بۆنی تێکەڵی بۆنی ئەرۆمای قاوەکە دەبوو. کارل لە ڕێوە، بێ ئەوەی لێم بڕوانێت، پرسیی، 'قاوەیەکی گەرم دەخۆیتەوە؟'

'بێگومان.'

'چوویت بۆ کوێ، بۆ چاوەڕوانی منت نەکرد؟'

'بۆ گەڕەکی یۆردان.'

'بەڕاست، ئەی کارمنت بینی؟'

'نەخێر، بەس...'

'مارتن، بەگومان مەبە لە کارمن.'

'نا، گومانم نییە لەو، بەڵکوو بەگومانم لە خۆم.'

'تۆ هێشتا ماندوویت، پێویستیت بە پشووی زیاتر هەیە.'

'ماندوویتی شتێکە و تێکشکانیش شتێکی تر.'

'هەرچەندە دوو جاریش چوویت بۆ لای پزیشکی دەروونی، بەڵام لەگەڵ مندا دەتوانی گرێکانی دڵی خۆت بکەیتەوە.'

لە کاتێکدا کارل بەدەم قسەکردنەوە کوپێک قاوەی گەرمی دایە دەستم، لێم ڕوانی و لێم پرسی، 'کارل، باسی خۆتم بۆ بکە، پێم بڵێ دایکمت چۆن ناسی؟'

'بۆ، ناسینی منیش گرێیە لە دڵتا؟'

'ئەی چۆن، بەبیرم دێت، جارێکیان وتت، لە کەشتیی ماسیگرتنەکەی باوکتدا لەدایک بوویت.'

لە هۆڵەکە، لەسەر کورسییەکان دانیشتبووین، ئینجا کارل دوای تاوێک بێدەنگی و بیرکردنەوە، بەسەرهاتی خۆی ئاوا بۆ گێڕامەوە:

'بەڵێ، پەنجاوشەش ساڵ پێش ئێستا، لە بەلەمێکدا، لە بەندەری دوورگەی تێسڵ لەدایک بووم، باوکم، وەکوو زۆرینەی دانیشتووانی دوورگەکە، ماسیگر بوو، خاوەنی بەلەمێکی ڕاویش بوو.

کاتێک من لە دایکبووم پیتەری براگەورەم تەمەنی دە ساڵان بوو، من و پیتەر و باوکم و دایکم لە دێی دەکۆخ، لە خانوویەکی گەورەدا، لە هەمان دوورگە دەژیاین، دەتوانم بڵێم هەژار نەبووین،

باوکم ڕۆژانە هێندەی ماسی دەگرت، کە بژێویی ژیانمانی دابین دەکرد، دایک و باوکم کاتۆلیک بوون، من و پیتەر لەسەر ڕێنمایی و ڕۆشنایی ئەو باوەڕەدا گەورە کرابووین، لە ڕاستیدا ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مامم، با بڵێین براگەورەکەی باوکم، قەشەی کەنیسەی دێیەکەمان بوو، بەبیرم دێت، باوکم هێندەی لە ماسیگرتن و کەنیسە بوو نیو ئەوەندە لە ماڵەوە نەبوو.

لە ماڵی ئێمەدا، زۆر بەکەمی قسە دەکرا، بە هۆی ئەوەی دایکم کەڕولاڵ بوو، من و براکەم وا ڕاهاتبووین، ئەگەر تەنیاش بووینایە، هەر بە ئاماژە یەکترمان دەدواند، ئەگەر سەرنجت دابێت، کە لەگەڵ تۆدا قسە دەکەم، بە دەستم ئاماژە بە مانای زۆرینەی قسەکانم دەکەم، مەبەستم، یانی سەیر نەبێت بەلاتەوە.

با بێمەوە سەر باسەکەم، باوکم زۆر بێحەوسەڵە و تووڕە بوو، بەبیرم نایەت کە جارێک دواندبێتمی یان لێی ڕوانیبم، یان دەستێکی بە سەرمدا هێنابێت، هەر ئەوەیش هۆکار بوو، کە من و پیتەر بەردەوام بە ئاماژە یەکتری بدوێنین.'

'ئەی ئێستا براکەت لەکوێ دەژی، ئایا پەیوەندیتان پێکەوە ماوە؟'

'ئارامت بێت، با لە سەرەتاوە بۆت باس بکەم. کاتێک تەمەنم بوو بە دە ساڵ، پیتەر بیست ساڵان بوو، لەگەڵ ئەوەیشدا کە دە ساڵێکمان بەین بوو، پەیوەندییەکی بەهێزمان پێکەوە هەبوو، هەروەها لە ژوورێکدا دەخەوتین.

باوکم هەموو جارێک پێی دەوتین، ئێوە وەکوو کوڕی ماسیگرێک لەدایک بوون، بەشی ئێوە هەر هێندەیە، کە خودا پێی داون و دەبێت پێی ڕازی ببن، لە کاتێکدا باوکم ئەمەی دەوت، کە پیتەر بەردەوام ناڕەزایی و بێزاریی لە ژیان لەو دوورگەیە دەر دەبڕی.

ئەوسا پیتەر هەردەم خەونی بە گەشت و ڕۆیشتنەوە دەبینی، هەستم پێ دەکرد، کە هیچ شتێک لەو دوورگەیەدا دڵی ئەوی خۆش نەدەکرد.

بەبیرم دێت، ئەوسا ئەو ڕادیۆیەکی هەبوو، بەدزیی باوکمەوە گوێی لێ دەگرت، لە کاتێکدا ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن لە ماڵی ئێمەدا یاساغ بوون، بێجگە لەوەیش لە کتێبی ئینجیل زیاتر هیچ کتێبێکی تر لە ماڵەکەماندا نەبوو، ئەوەی لە قوتابخانە باس دەکران و دەمانخوێند بۆمان نەبوو لە ماڵەوە باسیان لێوە بکەین، هەرچەندە ئەوسا پیتەر کتێبی تری بەدزییەوە دەخوێندنەوە و کاتێک تەنیا دەبووین، هەمووی بۆ باس دەکردم، ڕۆژێکیان پیتەر بە بەلەمە چارۆکەدارەکەی لە بەندەرەکە دەر چوو.

هەروەک خۆی هەموو جارێک دەی وت، دەچم فەڕڕەیەکی دەریا لێدەدەم و ئێستا دێمەوە، ئەو ڕۆیشتنەی ڕۆیی، دوای سێ ڕۆژ گەڕایەوە، باوکم پاش ئەوەی لێی تووڕە بوو، هەڕەشەی لێ کرد کە بەلەمە چارۆکەدارەکەی بسووتێنێت، ئەوسا ئەو بە باوکمی وت، "ڕەشەبای دەریا ڕێگەی پێ گۆڕیم و چەند شەو و ڕۆژ ناچار لە دەریادا مامەوە."

هەر ئەو شەوە پێش خەوتن بۆ منی باس کرد، کە بۆ شاری ئەمستردام چووبوو، ئەو شارەی ئەو خەونی پێوە دەبینی و تەمەنای بوو تەنها بۆ جارێکیش بێت بیبینێت، باوەڕ بکە مارتن، ئەوسا ئەو هێندەی باسی جوانیی ئەم شارە بۆ کردم، ئاوا تامەزرۆی بینینی بووم و ئەوسا هەمیشە خەونم پێوە دەبینی، جگە لەوە، هەموو شەوێک نەخشەی دونیای دادەنا و دەستی بە هێڵکاری و نووسین دەکرد، بە مەبەستی ئەوەی بە بەلەمە

چارۆکەدارەکەی، گەشتەکەی دەست پێ بکات و هەموو دونیا بگەڕێت.

چەند جارێک پێی وتم، کە لای باوکم باسی نەکەم و با نهێنیی نێوان خۆمان بێت، بەدرێژایی ئەو ساڵانە، کتێبەکەی چارلس داروین، گەشت بە بیگڵ دا، لەژێر سەرینەکەیدا بوو، شەو تا بەیانی سەری بەسەردا دەگرت و دەیخوێندەوە.

بەبیرم دێت، جارێکیان پیتەر پێی وتم، "من دەمەوێت لە دەریادا جێپێی داروین هەڵبگرمەوە و بۆ هەموو ئەو جێگەیانە بچم، کە ئەو کاتی خۆی بۆیان چووە."

ناوی هەموو ئەو جێگە و ڕێگەیانەی لەبەر کردبوو، کە کاتی خۆی داروین چووبوو یان پێیاندا تێپەڕیبوو، بەلەمە چارۆکەدارەکەیشی ناو نابوو بیگڵ، ناوی ئەو کەشتییە بوو، کە داروین گەشتە مێژووییەکەی پێ کردبوو.

کاتێک تەمەنم شازدە ساڵان بوو، لە ڕاستیدا لە خەیاڵمدا نەماوە چ ڕۆژ و مانگێک بوو، بەیانییەکیان زوو، پیتەر لەخەو بەخەبەری هێنام و پاش ئەوەی دەستی کردە ملم و تێر ماچی کردم، بینیم جلە موشەماکانی باوکمی لەبەردا بوو، ئەو جلانەی باوکم لەبەری دەکرد لە کاتی ماسیگرتندا، توورەکەیەکی گەورەی بە دەستەوە بوو،ماڵئاوایی لێ کردم و وتی، "دەڕۆم گەشت دەکەم، دەزانم دەڕۆم، بەڵام نازانم دەگەڕێمەوە یان نا."

کتێبەکەی داروینی لەناو دەستدا بوو، بەرەو ڕووم ڕای گرت و دیسان وتی، "ئەو کتێبەیش بۆ تۆ، من پێویستیم پێی نییە، چونکە هەموویم لەبەرە، بەڵام کارڵ، با نهێنیی بەینی خۆم و خۆت بێت، ئەگەر پرسیاری منیان لێ کردیت، تەنها بەم وشەیە وەڵامیان

بدەرەوە، نازانم، نازانم."

دوای چەند ڕۆژێک، باوکم و هەموو خەڵکی دێکەمان لە گەڕاندا بوون و پاشان هەموو دانیشتووانی دوورگەی تێسلیشی لێ ئاگادار کرایەوە، ئینجا لە میدیاکانی سەرتاسەری هۆڵەندادا بڵاو بووەوە، گەنجێکی بەو ناو و ناونیشانە، بە بەلەمێکی چارۆکەدار لە دەوروبەری کەنارەکانی دوورگەی تێسل بێسەروشوێنە.

باوکم و خەڵکی دێ، بەردەوام بە کەنارەکانی دوورگەکەدا دەگەڕان، باوکم ئەوسا لە منی پرسی، "پیتەر هیچی لای تۆ نەدرکاندووە؟" لەوەڵامدا وتم، "نازانم،" وەکوو چۆن پیتەر ئامۆژگاریی کردبووم.

حەفتەیەک بەسەر ڕۆیشتنی براکەمدا تێپەڕیبوو، دایکم بەردەوام دەگریا و تەنانەت مانی لە نانخواردنیش گرتبوو، بە مەبەستی ئەوەی تۆزێک ئەو ئازارەی دڵی کەم بکەمەوە، بە دزیی باوکمەوە پێم وت، "پیتەر ماوە و سەفەرێکی دووررودرێژی کردووە، ئەوەندە دەزانم لە دەریایە و لە ژیاندا ماوە، بەڵام نازانم ئاخۆ دەگەڕێتەوە یان نا."

دیار بوو دایکم ئەو هەواڵەی منی زۆر بەلاوە گران بوو، مانگێک دوای ئەو ڕۆژە، نەخۆش کەوت و بەیانییەکیان باوکم بە گریانەوە لەخەو بەئاگای هێنام، کە دایکم مردووە.

دوای ڕۆیشتنی پیتەر و مردنی دایکم، پەیوەندیی نێوان من و باوکم، تا دەهات ڕووەو خراپی دەچوو، پاش ئەوەی دوو ساڵێک تەنیا لەوماڵەدا پێکەوە بووین، تەواو غەریب کەوتبووین بە یەکتری و زۆر کەم یەکترمان دەدواند و بەردەوام شەڕمان بوو، تەواو دڵم لەو دوورگەیە هەڵکەنرابوو، بەردەوام لە بیرکردنەوەی

ئـەوەدا بـووم، چـۆن وەکـوو پیتـەر بەلـەمێکی چارۆکـەدارم دەسـت بکەوێت و خۆم بگەیەنمە لای ئەو.
پاشان پلانی ئەوەم دانا، کە لە بەندەری تێسڵدا، کە سـەدان بەلـەمی چارۆکـەداری کـۆن و نـوێی لـێ ڕاگیرابـوو، بەلـەمێک بـدزم، پـاش ئـەوەی دوای چەنـدین ڕۆژ تـوانیم دانەیـەک دەستنیشـان بکـەم، لـە دەمەو بەیانییەکـدا، کـە هێشـتا تاریـک و ڕوون بـوو، خـۆم کـۆ کــردەوە و وەک براکـــەم، ڕووی دەریـــام گرتـــە بـــەر و بـــەرەو خواروی کەنارەکانی ئەوروپا بەڕێ کەوتم.
هـەموو پێدوایسـتییەکم لەگـەڵ خۆمـدا بردبـوو، بەتایبـەتی چەنـد ئامێرێکی ڕێبـەریکردن لـە دەریـادا، تـا بتـوانم هـەمان ڕێگە بگرمـە بەر، کە داروین لە کتێبی گەشت بە بیگڵدا ئاماژەی پێ دابوو، یـان وێنەی کێشابوون.
لـە سـەرەتاوە شـارەزاییم لـە بەلـەمی چارۆکـەداردا نـەبوو، تـەنها ئەوەندە نەبێت، کە لـە پیتـەرەوە فێر بووبـووم، بێباکانـە خـۆم دایـە دەم هێزی شەپۆلی دەریا و ڕەشەبا، پاش ئەوەی زیاتر لە مانگێک لــە دەریــادا ون بــووم و لــە وشــکایی و ئــاوەدانی دابــڕام، بــە مەزەنــدەی خــۆم، باشــووری ئۆقیانووســی ئەتڵەســیم بڕیــوە و گەیشتوومەتە کەنارەکانی ئەمەریکای باشوور، کاتێک لە بەندەرێک دابەزیم، بە ئاڵا و ڕەنـگ و دەنگی خەڵکەکەدا زانیم، کـە هێشـتا لـە ئەوروپام و لە وڵاتی پورتوگالم.
پـاش مانگێـک مانـەوەم لـەو بەنـدەرە، تـوانیم بـە شـەش حەفتـە لـە دەریادا بپەڕمەوە و بگەمە دوورگەکانی کاریب، لەو کاتـەدا هەسـتم کرد، کە گەڕانم لـە پیتـەر لـەوێوە دەسـتی پێ کـردووە، لـە هـەموو جێگەیـەک، نیزیکـەی مانگێـک دەمامـەوە و سـۆراغی تـەواوی ئـەوم

لەو جێگەیانەدا دەکرد و دیسان بەڕێ دەکەوتمەوە.

دەیان جار لە دەریادا بێهیوا دەبووم و لە برسان و لەدەست هێزی دەریا خۆم ڕادەستی مردن دەکرد، بەڵام هەموو جارێک هێزێکی نادیار منی نیوەگیان دەگەیاندەوە کەنار و وشکانی، دیسان هێزم دەدایەوە بەر خۆم و سەرلەنوێ بەڕێ دەکەوتمەوە، بەردەوام دەبووم لە چوونم بۆ ئەو کەنار و بەندەرانەی لەسەر کتێبەکەی داروین دیاری کرابوو.

پاش چەند ساڵێک، بە جۆرێک لە شەپۆلەکانی دەریا و با شارەزا ببووبووم، بەدڵی خۆم بەرەو ڕووی چی جێگایەک بەڕێ دەکەوتم، بەکارم دەهێنان و ڕێگەکانم خێراتر دەبڕین، هەستم دەکرد با زۆر جار باڵی بە بەلەمە چارۆکەدارەکەم دەگرت، بەسەر ڕووی دەریادا دەیفڕاندم بۆ ئەو جێگەیەی مەبەستم بوو.

سی ساڵ بەو جۆرە، بەتەواوی هەموو دونیادا گەڕام و گشت ڕووبەریی ئاویی دونیام تەی کردن، هەموو بەندەر و کەناری دەریاکانی ئاسیا چووم، بێ ئەوەی هیچ سۆراغێکی پیتەرم دەست بکەوێت.'

'هەر نەتبینییەوە؟'

'نەخێر، هەتا ئەمڕۆیش پیتەرم نەبینیوەتەوە.'

'ئەی باوکت؟'

'باوکم، باوکمم بینییەوە.'

'ئەی چۆن ڕێت کەوتە ئەمستردام؟'

'مانگێک پێش ئەوەی بەڕێکەوت دایکت بناسم، لە ڕاستیدا مارتن، من زیاتر لە جێگەیەک دەگەڕام، شیاوی ئەوە بێت لێی بمرم، هەستم دەکرد هەر جێگەیەک دەچووم، پێشتر بۆی چووبووم،

وەکوو تر، تەواو لە گەڕان و ژیان لەناو دەریادا بێزار بووبووم، هەرچەندم کرد، نەمتوانی بگەڕێمەوە دوورگەی تێسڵ و شوێنی لەدایکبوونم، بڕیارم دا بێم بۆ ئەمستردام، حەفتەیەک لە ئەمستردام بەسەر بەرم و پاشان بۆ هەتاهەتایە کۆتایی بە ژیانی تەنیایی و ڕیسواییم بێنم وماڵئاوایی لە ژیان بکەم.'

'ئەو جۆرە ژیانە، تۆ ناوی لێ دەنێیت ڕیسوایی؟'

'بێگومان، ئێمە هەردەم لە شوێنێکین، بەڵام کاتێک ئەو جێگەیە دەبێتە جێگا وماڵی تۆ و کەسێکی تۆی لێ بێت، مەبەستم لەو جێگەیە پابەند بیت بە کەسێکەوە، ئێمەی مرۆڤ بەردەوام ڕیسوا و گەڕۆکین و بەدرێژایی ژیانمان، بە خەیاڵ لە گەشتداین. بمبوورە مارتن، تۆ لە سەرەتاوە پرسیاری ئەوەت لێ کردم، گوایا چۆن دایکتم ناسی، بەڵام من درێژەم بە باسەکە دا، بمبوورە، خۆ بێزارم نەکردوویت؟'

'ئیتر درێژەی پێ مەدە و پێم بڵێ چۆن لەگەڵ دایکم یەکتریتان ناسی!'

'کاتێک گەیشتمە بەندەری شاری ئەمستردام، زیاتر لە کاتژمێرێک لەناو بەلەمە چارۆکەدارەکەمدا لێی پاڵ کەوتبووم و نەمدەوێرا پێم بنێمە سەر خاکی ئەم شارە، باوەڕ بکە نەموێرا لێی بڕوانم، دوای ئەوەی بڕێک لەو تووتنە هۆشبەرەم کێشا کە لە هندییە سوورەکانی باکووری ئەمەریکاوە دەستم کەتبوو، پاش ئەوەی مەست بووم، ترسم شکا و بە سەر و گوێلاکی چڵکن و ڕیشن و جلکە دڕاو و چڵکنەکانمەوە، دابەزیمە سەر شۆستەی بەندەرەکە.

ئا لەو دەمەدا بەڕێکەوت ڕووم بوو بە ڕووی دایکتەوە، با باش بیری لێ بکەمەوە، چۆن بینیم و چۆن یەکتریمان دواند.

ئا، ئا، بەم شێوەیە بوو، گوێ بگرە مارتن! لەسەر ئەو ڕاستە شۆستەیەی بەندەرەکە بێ ئارام ڕاوەستابووم و لە بیرکردنەوەدا بووم، سەرێکم هەڵبڕی و بە چواردەوری خۆمدا ڕوانیم، لەو دەمەدا بێجگە لە ئافرەتێکی سوور پۆش، کە دە مەترێک لەولای منەوە لەسەر کورسییەکی تەختە بەتەنیا دانیشتبوو و لە دەریاکەی دەڕوانی و شنەی قژە ڕەش و لوولەکەی بەسەر شان و ملیدا ڕژابوون، شنەی بایەک یاریی بە تاڵی قژەکانی دەکرد، کەسی دی لەو ناوە نەبوو، زیاتر سەرنجم نەدا و گوڕم دایە بەر خۆم، تا ملی ڕێگە بگرم بۆ ناوشار، کاتێک شۆستەی بەندەرەکەم بەجێ هێشت، لەپشتەوە گوێم لە دەنگێک بوو، "زەلام، زەلام."

ئاوڕێکم دایەوە، بینیم ئافرەتەکە هەستابووە سەر پێ و دەستی بۆ حەوا دام و چەند جارێک بانگی کردم، پاش ئەوەی تاوێک سەرسام لەملاولای خۆمم ڕوانی، لەو دەمەدا ئەو بەندەرە، جگە لە من و ئەو کەسی تری لێ نەبوو، زیاتر بۆ پێنج ساڵ ئەچوو نە کەسم دواندبوو و نە کەسیش دواندبوومی، ئەوە بە زمانی هۆڵەندی هەر مەپرسە، پێم وا بێت سی ساڵێک دەبوو قسەم پێ نەکردبوو، بەگومان بووم، ئاخۆ هیچم لەبیر مابێت، بەڵام ئەو سی ساڵە بەردەوام بە هۆڵەندی بیرم دەکردەوە و خەونم دەبینی.

بە هەرحاڵ، بەرەو ڕووی چووم، کاتێک گەیشتمە بەردەمی و لە نزیکەوە سەرنجم دا، تەزوویەک لە تەوقی سەرمەوە تا پێیەکانم کشا، بە پێکەنینێکەوە پرسیی، "لەکوێوە هاتوویت؟ ئایا تۆ مرۆڤی ئەم سەردەمەیت؟ پێم وا بێت بە هەڵە ڕێت کەوتۆتە ئێرە، دەزانیت، سێ سەدە پێش ئێستا، ئەم بەندەرە چەتەی دەریا ڕووی تێ دەکرد، پێت وا نییە تۆ درەنگ هاتوویت؟"

دیـار بـوو مـن زۆر سەرسـام بـووم پێـی و بـە سـەرنجەوە لـە شـیوازیم دەڕوانـی، لـە سـەرەتاوە قسـەکانیم زۆر لـەلا مەبەسـت نەبوو یان باش گوێم لێی نەبوو.

پاشـان زیـاتر لێـی نزیـک بوومـەوە و ویسـتم لێـی بپرسـم، ئـاخۆ مەبەستی لەو قسانەی چییە. دەستێکی نـا بـە شـانمەوە و لـە خـۆی دوور خسـتمەوە و پێـی وتـم، "مەیـەرە پێشـەوە لـێم، ناشـیرین، بۆگەنت لێوە دێت."

لـە کاتێکدا لـە سـەر بـۆ خـوار دیسـان لـە بـالایم دەڕوانـی، لـەژێر لێوەوە پێم وت، "تۆیش هەناسەت بۆنی شەرابی لێ دێ."

دەستی لەیـەک هـەڵپێکان و بـە تەوسـێکەوە وتـی، "ئـەی لـەوە، خۆ دەتوانێت بـە زمـانی مـرۆڤ بدوێت، چەنـد تـەیرێکی عەنتیکەیـە، بـە هۆڵەندییش دەدوێت، ناچێت بـە مێشـکمدا تـۆ مرۆڤـی ئاسـایی بیـت، ئایا تۆ خۆتت لە ئاوێنەدا دیوە؟"

هێشـتا بـەردەوام بـوو لەسـەر قسـەکردن و گـاڵتەپێکردنم، چـووم لەسەر کورسییەکە دانیشتم و بێدەنگ لێم دەڕوانـی، ئـەو بـەردەوام خۆی با دەدا و قسەی دەکرد و ناوبـەناو قاقـای لێدەدا، زۆری پـێ نـەچوو، هـات لەتەنیشـتمەوە دانیشـت، تاوێـک بـوو هـەردووکمان بێدەنگ لـە دەریاکـەمان دەڕوانـی، هـەر ئەوەنـدە بـەس بـوو، تـاکوو بەسەرهاتی خۆمم بۆ گێڕایەوە، ئینجا ئـەو ڕۆژە پێکـەوە هـاتین بـۆ ئەم ماڵە، لێرە سەر و ڕیشم تاشـی و خـۆم شـۆرد، پاشـان پێکـەوە چووین بەناو شـاری ئەمسـتردامدا گـەڕاین، ئـەو شـارەی لـە دەمـی براکەمەوە ناویم بیستبوو و هەمیشـە خـەونم پێوە دەبینـی، دەزانـی چی مارتن، باوەڕ بکە، ئەو ڕۆژە خۆشترین ڕۆژی ژیانم بوو.'

کـارڵ هەناسـەیەکی هەڵکێشـا و بێـدەنگ سـەری داخسـتبوو، لـێم

پرسی، 'ئەوسا ئەوەم لە دایکم بیست، گوایا بۆ پرسەی باوکت بۆ دوورگەی تێسل گەڕابوویتەوە؟'

'بەڵێ وابوو، پاش ئەوەی چەند حەفتەیەک لە ئەمستردام لای ئەیفا مامەوە، لەسەر داواکاریی ئەو، گەڕامەوە بۆ تێسل، لە ئەمستردامەوە سواری بەلەم بووم و بەڕێ کەوتم بۆ ئەو دوورگەیەی لە ڕاستیدا نەمدەوست ڕێگەم تێی بکەوێتەوە، کاتێک بەلەمەکە لە کەنارەکانی دوورگەکە نزیک بووەوە، لەشم دەلەرزی و دڵم وەختەبوو لە قەفەسی سنگمدا بێتە دەر و بفڕێت بەرەو ڕووی دوورگەکە، بەردەوام فرمێسک لە چاوم دەڕژا، بێ ئەوەی دەسەڵاتم بەسەر خۆمدا هەبێت، هەردوو باڵم واڵا کردبوو، وەکوو مەبەستم بێت دیمەنی دوورگەکە لە دوورەوە لەباوەش بگرم، کە لەو دەمەدا دووراو دوور پڕ بە باوەشێک دیار بوو، کاتێک پێم نایە سەر خاکەکەی، هەستم کرد تینوومە، برسیمە، بەردەوام هەناسەم هەڵدەمژی و هەناسەم دەدانەوە، بۆنی شتێکم دەکرد، کە لە هەموو دونیادا بێهاوتا بوو، بۆنێک، کە ڕۆحم ئاشنا بوو پێی و ماسوولکەکانمی گرژ دەکرد، بەرچاومیان زیاتر ڕۆشن دەکردەوە.

تاوێک وەک شێت بەسەر شۆستەی بەندەری دوورگەکەدا، بە ڕاست و چەپمدا، بێ ئارام دەهاتم و دەچووم، هیچ شتێک لە پێشچاوم نەگۆڕابوو، ئەو بەندەرە هەر بۆنی ئەو بەیانییەی لێ دەهات، کە سێ ساڵ پێش ئەو ڕۆژە بەجێم هێشتبوو، خێرا خۆم گەیاندە ئەو ڕیزە تاکسییەی لە دەرەوەی تەیمانی گەراجی سەر بەندەرەکە ڕاوەستابوون، خۆم هاویشتە پێشی تاکسییەک، بێ سڵاوکردن بە شۆفێری تاکسییەکەم وت، "بۆ دەکۆخ، شەقامی کەنیسە، خانووی ژمارە سێ."

کاتێک تاکسییەکە گەیشتە بەردەمی کەنیسەکە، بە بەردەمی ماڵی مامدا تێپەڕی، کە بەتەنیشت کەنیسەکەوە بوو، ماڵی ئێمەیش بەتەنیشت ماڵی مامەوە بوو، تاکسییەکە لەبەرامبەر ماڵەکەمان وەستا، دابەزیم، تاوێک بوو لە سەر بۆ خوار لە باڵای گەڕەکم دەڕوانی، دەیان وێنەی سەردەمی منداڵیم بەخێرایی بە پێش چاومدا تێدەپەڕین، دەتوانم بڵێم، لە چەند هەناسەیەکدا شێوەی پیتەری برام و هەموو منداڵانی ئەوسای گەڕەکم هاتنەوە پێشچاو، هەنگاوەکانم هەڵهێنانەوە و وەکوو جاران بە ڕاکردن خۆم گەیاندە دەرگای ماڵەکە، کە هەمان ڕەنگ و ڕەواڵەتی جارانی هەبوو، کاتێک دەستم بەری کەوت، دەرگاکە کەوتە سەر پشت، باوەڕ بکە مارتن، بەبێ هیچ گومان و شەرمێک لەوەی سێ ساڵە بێ ماڵئاوایی بەجێم هێشتووە، خۆم کرد بە ژووردا، وەکو ئەوەی چەند کاتژمێرێک بووبێت ئەو ماڵەم بەجێ هێشتبێت، لەناو داڵانەکەوە باوکمم بینی لەسەر کورسییەکەی ئەوسای دانیشتبوو، ئەو کورسییەی پیتەری برام ناوی لێ نابوو کورسیی پاشا، چونکە جگە لە باوکم، کەسی تر بۆی نەبوو توخنی بکەوێت، تەنانەت باوکم لە ماڵیش نەبووایە نەماندەوێرا لەسەری دابنیشین.

ماڵەکە هێشتا بۆنی دایکمی لێ دەهات، وەکوو لە دیوارەکانیدا دەنگی بۆڵەبۆڵی دایکم و زریکە و هاواری پیتەری تێدا هەڵگیرابێت، یەک یەک دەیاندا بە گوێمدا، بەدەم لەرزین و دووچاوی تەڕەوە، ڕووبەڕووی باوکم چووم، زەق زەق لێی دەڕوانیم، بێ ئەوەی بتوانێت لە شوێنی خۆی ببزووێت، لەڕولاواز، پێستی دەموچاوی بەسەر ئێسقانەکانیدا نووسابوو، سیس و زەرد هەڵگەڕاو، پاش ئەوەی بە ئاماژە سڵاوم لێ کرد، لەسەر چۆک لە

بەردەم کورسییەکەدا دانیشتم، بێ ئەوەی هیچ بڵێم، سەرم خستە سەر ڕانی، هەستم کرد کە باوکم بەهێواشی دەستی جووڵاند و خستیە سەر سەرم، لەسەرخۆ پەنجەکانی لەناو قژمدا دەجووڵاند، کاتێک سەرم هەڵبڕی و تاوێک بە چاوی تەڕەوە لە یەکترمان ڕوانی، باوکم دەستی هەڵبڕی و بە ئاماژە وتی، "چاوەڕوانت بووم."

پاشان ئەو چاوی لێک نا، کورسییەکم هێنا و لەتەنیشتیەوە بێدەنگ دانیشتم، بێ ئەوەی چاوی هەڵببڕێت، دەستی هێنا و توند لەناو دەستی منی نا، نازانم چەندێک بوو بێدەنگ بە شانی یەکەوە دانیشتبووین.

زووزوو بە خەیاڵ دەگەڕامەوە سەردەمی منداڵیم و لەگەڵ پیتەردا بە ماڵەکەدا، لە سەر بۆ خوار، ڕاکەڕاکەمان بوو، هەستم بە دایکم دەکرد، کە لە چێشتخانەکە خەریکی ئامادەکردنی خۆراکی ئەو ئێوارەیە بوو، چاوێکم بەردەوام لە دالانەک بڕیبوو، ئاخۆ کەی پیتەر خۆی دەکات بە ژووردا و ئەو چاوەڕوانییە دوورەی من و باوکم دەشکێنێت، باوکم جارجار هێزی دەدایە بەر خۆی و دەستی دەگوشیم و لەو خەیاڵەمی دادەبڕیم.

چەند کاتژمێرێک بەو شێوەیە بێدەنگ دانیشتبووین، هەستم کرد لەناکاو دەستی باوکم لەناو دەستمدا سارد بووەوە و سەری هێواش هێواش کەوتە سەر شانم، ئەو ئێوارەیە، تا درەنگانێکی شەو، بەدەم بیرکردنەوە و گریانەوە بەتەنیشت لاشەی ساردوسڕی باوکمەوە خەوم لێ کەوت.

ڕۆژی دوایی لە دۆست و ناسیاوەکانم بیست، کە مامم دە ساڵێک پێش ئەو ڕۆژە، بە نەخۆشییەکی کوتوپڕ مردبوو، مامم بەدرێژایی

ژیانی، ژنی نەهێنابوو، ئەو ڕۆژە بووم بە خاوەنی دوو خانوو و بەلەمێکی ڕاوەماسی، بێجگە لە ئەلبوومی وێنە و چەند سندوقێک، کە پڕ بوون لە یادگاریی سەردەمی منداڵیم، بە حەفتەیەک، هەموویم فرۆشت و بۆ ئەمستردام و لای ئەیفا گەڕامەوە.'

٢٣

تارمایی

مانگێک زیاتر بوو له میسر گەڕابوومەوە، هەموو ڕۆژێک دوو جار بەتەنیا، بە پیاسە بۆ باخەکانی نزیکی ماڵی خۆمان دەچووم، لەگەڵ کارڵیش حەفتەی جارێک دەچووم بۆ نەخۆشخانە، زیاتر بۆ چاودێریکردنم و تیمارکردنی ئەو برینانەی لەسەر سمت و ناوک و بۆریی میزکردنمدا دروست بووبوون، بە هیچ دەوایەک سارێژ نەدەبوون، لە ماوەی ئەو مانگەدا، دوو جاریش سەردانی پزیشکی دەروونیم کرد، هەرجارە دوو کاتژمێرێک قسەم لەگەڵدا دەکرد، چوار جاریش سەردانی پزیشکی ددانم کرد، ئەو مانگە، لەسەر داوای کارڵ، نە پەیوەندییم بە کارمنەوە کرد و نە هاوڕێکانیشم ئاگادار کردەوە، تەنها ئەوەندە نەبێت، دوو جار بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ هێنری پراخ، بەڕێوەبەری مۆزەخانەی ئەمستردام کرد، هێنری پێی وتم، 'کەی چاک بوویتەوە و زانیت توانای کارکردنت هەیە، دەتوانیت لە مۆزەخانە دەست بکەیتەوە بە کارەکەت.'

کاتێک ئەو هەواڵەم بە کارڵ ڕاگەیاند، کارڵ پێی وتم، 'تۆ پێویستە

بۆ ساڵێک پشوو بدەیت، بۆ مەسەلەی پارەیش، هیچ خەمت نەبێت، چونکە ژمارەی حیسابییەکەم زیاتر لە ملیۆنێک ئێرۆی لەسەرە و تۆ پێویستیت بە کارکردن نییە.'

لە وەڵامدا بە کارڵم وت، 'با بزانم چۆن دەبێت و چەند مانگی داهاتوومان چۆن لێ دەگوزەرێت.'

پێکەوە ڕۆژانە سەرقاڵی ڕێکخستنەوەی ماڵەکە بووین، هەرچەند هەوڵم دا بزانم بە چی مەبەستێک هەموو کەرەستەی ماڵەکەی هەراجفرۆش کردبوو، بەڵام کارڵ نەیدەویست هیچ لەو بارەیەوە بڵێت، چەند مانگێک دوای گەڕانەوەم، لام ئاشکرا بوو کە کارڵ دوای مردنی دایکم و بێهیوابوونی لە گەڕانەوەی من، ویستبووی شاری ئەمستەردام بەجێ بهێڵێت و دیسان بە بەلەمە چارۆکەدارەکەی، سەری خۆی بۆ دوورگەیەک لە دوورگە چۆڵ و بچووکەکانی دەریای هیندی هەڵبگرێت.

بۆ کڕینی کەرەستەی ناوماڵەکە، لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە، ژووری خەوتن و چوار کورسی و مێزێکی نانخواردن و قەنەفە بۆ هۆڵی دانیشتنەکە، چەندین پێداویستیی ترمان داوا کرد، یەک یەک تابلۆ و سکێچەکانی دایکمم هێنا و سەرلەنوێ بە سەر و خواری ماڵەکەدا دابەشم کردنەوە، گرێبەستی دەیان تابلۆی بەکرێدراوی دایکمم لەگەڵ گەلەری و مۆزەخانەکاندا هەڵوەشاندەوە، ئەو تابلۆیانەی لەگەڵ دایکمدا پێکەوە کێشابوومان، لە ژوورەکەی خۆم جێگەم بۆ کردنەوە، ئەو گۆزە و نامەیەی دایکم، کە کارڵ یەکەم ڕۆژی هاتنەوەم دایە دەستم، هێشتا لەسەر ڕەفەی پەنجەرەی ژوورەکەم بوون، تا ئەمڕۆیش دەستم لێ نەداون و تەنها لێیان دەڕوانم.

ویستمان پاش ئەوەیماڵەکەمان ڕێک خستەوە، کارمن و منداڵەکەی بۆ نانخواردنێکی ئێوارە بانگهێشت بکەین.
ئەو ڕۆژەی بە دڵپڕی و بێزارییەکەوە بەناو کەلوپەلە هەڵگیراوەکانی دایکمدا دەگەڕام، سندوقێکی داری ڕەنگکراوم بەرچاو کەوت. کاتێک لە ڕەنگ و ڕەواڵەتی سندوقەکەم ڕوانی، خێرا ناسیمەوە، زیاتر لە بیست ساڵێک پێش ئەو ڕۆژەی بەبیر هێنامەوە، کاتێک پێکەوە لەگەڵ دایکم ئەو سندوقەمان ڕەنگ کرد، ئەوەندەمان هێڵی ڕەنگاوڕەنگ بەسەر ڕووی ئەو سندوقە تەختەیەدا کێشابوو، لە سندوقی ئەفسوناوی دەچوو، هەرچەندە ڕەنگەکانی کاڵ بووبوونەوە و دێز هەڵگەڕا بوون، ئەو سندوقە هەڵگری نهێنی و کەرەستەی نیگارکێشانی دایکم بوو.
کردبوومەوە و لە کەرەستەکانی ناوی دەگەڕام، ژمارەی گۆڤارێکی هونەرم تێیدا بەرچاو کەوت، وێنەیەکی دایکم بەگەورەیی لەسەر بەرگی پێشەوەی بوو، لە کەنارەوە، لەسەر وێنەکە نووسرابوو،
"منێکی ڕەشبین، لەبەر ڕۆشنایی تابلۆکانمدا نەبێت، بەرپێی خۆم نابینم.
لێدوان لەگەڵ شێوەکار: ئەیفا سەلەمۆ"
لاپەڕەکانی گۆڤارەکەم هەڵدەدایەوە، درێژەی لێدوانەکەم خوێندەوە، سەرەتا پرسیارەکان بەگشتی لەسەر کارەکانی بوون، ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام، ئەم پرسیار و وەڵامە بوو:
"گۆڤاری هونەر: بەڕێز ئەیفا سەلەمۆ، تۆ لە لێدوانێکتدا چەند ساڵێک پێش ئەمڕۆ، کە لەگەڵ گۆڤاری کولتووردا ئەنجامت داوە،

دەڵێیت، 'کوڕەکەم خۆم خولقاندومە، هەر وەکوو هەموو فۆرم و کارەکتەرەکانی تری ناو تابلۆکانم.'

ئایا ئەگەر کوڕەکەت ئەم نووسینەت بخوێنێتەوە بەو لێدوانەت ڕازییە؟

ئەیفا سەلەمۆ: ساڵی ١٩٧٧، بۆ یەکەمین جار بوو لە هۆڵەندا، تاقیگەیەک بۆ ناشتنی شەهوەت لە منداڵانی ئافرەتدا دامەزرا، ئەو تەنها تاقیگەیەیش لە نەخۆشخانەی ئەمستردام بوو، پیاوانی خێرخواز شەهوەتی خۆیان لەو بەشە تەسلیم دەکرد، ئەویش دوای پشکنینی تەواوی ئەو پیاوانە لەلایەن پزیشکی تایبەتەوە و تۆمارکردنی هەموو زانیارییەک لەسەریان، بە مەبەستی ئەوەی ئەو ئافرەتانەی کە پیاوەکانیان کێشەیان هەیە و ناتوانن منداڵ دروست بکەن، لێی سوودمەند ببن، ئینجا بۆ ئەو ئافرەتانەی بە بێ پیاو دەیانەوێت منداڵیان ببێت، بێگومان من یەکێک بووم لەو ئافرەتانەی هەرگیز نەهاتبوو بە خەیاڵمدا، لەگەڵ پیاوێک بچمە ناو جێگەوە بە مەبەستی دروستکردنی منداڵ، دەمزانم ئەوە یاسای سروشتە، بەڵام بە نەشازی دەزانم، منێکی مرۆڤ هەمان یاسا پەیڕە و بکەم، کە هەموو ڕۆحلەبەرانی سەر ئەم هەسارەیە پەیڕەوی دەکەن، مەبەستم لەو خووەیە، کە پێی دەڵێن *یاسای سروشت.*

کاتێک سەردانی ئەو تاقیگەیەم کرد، من یەکەم ئافرەت بووم لە هۆڵەندادا، خواستم بوو بێ پیاو منداڵێکم ببێت، کاتێک لەو تاقیگەیە پرسیاریان لێ کردم ئایا چ جۆرە منداڵێکم دەوێت، کچ، کوڕ، سوور، زەرد، ڕەش، سپی، باڵابەرز، لە هەمان کاتدا وێنە و زانیاریی دەیان پیاویشیان نیشان دام، ئەوسا تەنها یەک شێوەی

منداڵم لە خەیاڵدا بوو، ئەویش کوڕێکی چاو شین و قژ زەرد و باڵابەرز بوو، ئەو کوڕەی پێشتر لە چەند تابلۆیەکمدا وێنەیم کێشابوو.
ئینجا بە یارمەتیی دوو دڵۆپ شەهوەتی پیاوێکی نەناس، کە نازانم کێیە، خەونەکەم هاتە دی، دەمتوانی بزانم خاوەنی ئەو شەهوەتە کێیە و ناوی چییە و لەکوێ دەژی، بۆ من ئەوسا ئەوە گرنگ نەبوو، دیسان دەیڵێمەوە، مارتنی کوڕم، تەنها هیی خۆمە و ڕەنگ و ڕەواڵەت و ڕۆحی خۆم خولقاندوومە، مەبەستم ئەوەیە، کوڕەکەم پارچەیەکە لە ڕۆحم و هونەرەکەم."

کاتێک هێشتا خەریکی خوێندنەوەی لێدوانەکەی دایکم بووم، سەرم هەڵبڕی و بینیم کارڵ بەدیارمەوە ڕاوەستابوو، بێدەنگ لێی دەڕوانیم، بە ماتەمینییەکەوە لە کارڵم ڕوانی، پاشان سەرم بەسەر بەرگی گۆڤارەکەدا داخستەوە و بە سەرنجەوە سەیرێکی وێنەکەی دایکمم کرد، کارڵ بێ ئەوەی هیچ بڵێت، هەناسەیەکی هەڵکێشا و بێدەنگ دەستی کرد بە کۆکردنەوەی هەموو ئەو کەرەستانەی من لە سندوقە ڕەنگاڵەکە دەرم هێنابوون و بە چواردەوری خۆمدا بڵاوم کردبوونەوە، پاشان هەستایەوە و دەستێکی بۆ درێژ کردم و دەستی گرتم، ویستی یارمەتیم بدات، تاکوو هەستمە سەر پێ، پێی وتم، 'خۆراکم ئامادە کردووە، وەرە با سارد نەبێتەوە، نامەیەکیشت لە میسرەوە بۆ هاتووە.'
بەردەوام قسەکانی دایکمم لە مێشکمدا لێک دەدایەوە، بێ ئەوەی وەڵامی کارڵ بدەمەوە، هەستام و بێدەنگ دوای کەوتم و پێکەوە چووین بۆ چێشتخانەکە، مێز و کورسییەکان هێشتا نوێ بوون، بۆ

جاری یەکەممان بوو، نانیان لەسەر بخۆین، کارڵ نامەیەکی لەناو دەستی بۆ ڕاگرتم و وتی، 'ئەوە نامەکەیە، ئەگەر خۆت پێ ڕادەگیرێت، دوای نانخواردن بیخوێنەرەوە.'

سەرم بۆ کارڵ لەقاند و نامەکەم لە دەستی وەر گرت، تەماشایەکی ناوونیشانی نێرەری نامەکەم کرد، ناوونیشانی باڵیۆزخانەی هۆڵەندا لە میسری لەسەر بوو، نامەکەم لەولای خۆمەوە دانا و لەگەڵ کارڵ دەستم کرد بە نانخواردن.

٢٤

یادگاری

درەنگـانی ئێـوارە، ئـەو ڕۆژەی لێدوانەکـەی دایکمـم خوێنـدەوە، دوای ئــەوەی لەگــەڵ کــارڵ پێکــەوە نانمــان خــوارد، زیــاتر لــە کاتژمێرێـک لەسـەر مێـزی نانخواردنەکە باڵـەکانم لەسـەر سـنگمدا لەیـەک هـەڵپێکابوون و بێـدەنگ بەرامبـەر کـارڵ دانیشـتبووم، لـەو کـاتەدا کـارڵ سـەر مێزەکـەی پـڕ کردبـوو لـە کاغـەز و سـەری بەسەردا شۆڕ کردبوونەوە و بێدەنگ سەرقاڵی ژمێریاری بوو.

لەو دەمانەدا دایکم و بیرەوەرییەکانی، بە جۆرێک قورسایی خۆیان خســتبووە ســەر زەیــنم، پەلکێشــیان دەکردمــە نــاو قــووڵایی خەیاڵمەوە، بە جۆرێک، کە یـەک بـە یـەکی وێنـەی یادەوەرییـەکانی خۆم و دایکم بەڕوونی بە پێش چاومدا دەهاتن و دەچوون، وێنـەی سـەردەمانێک، کـە پێدەچێت تـەنها لـە دەمـی دایکـم خۆیـەوە گوێ بیستیان بووبێتم و من بە یادەوەریی خۆمم کردبن، وێنـەی دایکمـم دەبینـی، دەمـێ دووگیـان بـوو، وێنـەی سـاتی لـەدایکبوونم، وێنـەی یەکەم هەنگاوم، یەکـەم وشـەم، یەکـەم ددانـم و بۆ یەکـەم جـار کـە

کەوتووم، وێنەی یەک بە یەکی ئەو ئافرەت و پیاوانەی ئەوسا میوانداریيان دەکردین، دەيان پۆرترێتی دايكم، بەردەوام دەمبينی لەبەر ئاوێنەیەکی گەورەدا پۆرترێتی خۆی دەکێشا.

ئەوەندە بەقوولی خەيالم ڕۆ چووبووە ناو ڕابردوومەوە، لە کارل بێئاگا بووبووم. کاتێک کارل کوپێک قاوەی گەرمی خستە بەردەمم، ڕاچڵەکیم و لە خەيالم دابڕيم، قومێکم لە قاوەکە دا، نامەکەم لەژێر کاغەزەکانی کارلدا دەرهێنا و کرمەوە، بە ئینگلیزییەکی ناڕەوان و خەتێکی خوار و خێچ نووسرابوو:

"بەناوی خوای گەورە و میهرەبان،

سەلام...

بۆ بەڕێز مارتن سەلەمۆ "خنزیر"،

لە کارمەندانی بالیۆزخانەی هۆلەندام بیست، کە ماویت و پاش چەند مانگێک لە نەخۆشخانە، بەسەلامەتی گەڕاویتەوە بۆ هۆلەندا، ئەو ڕۆژەی ئەو هەواڵەم بیست، خوا ئاگادارە زۆر زۆر دڵخۆش بووم.

من ئێستا لە قاهیرە دەژیم، نەک وەکوو جاران ڕیسوا و بێدەرەتان، بەڵکوو خاوەنی شوقەی خۆمم، خۆت دەزانیت بۆ من ئەوە خەونێکە و هاتووەتە دی، یانی لە قاهیرە خاوەنی جێگە و ماڵی خۆمم.

تەمەنا دەکەم ڕۆژێک بێت چاومان بەیەک بکەوێتەوە.

ناوونیشانی ماڵەکەم:

سەلیم عومەر عەبدلڕەحمان

١٣، شارع احمد عرابي، ٢٣١٢

هاوڕێ و هاودەنگی ساڵێک بەندینخانەت

سەلیم عومەر "حمار!"

لە ڕۆژێکی باراناوی سەرەتایی مانگی پێنجدا، لەگەڵ کارل لە خۆئامادەکردندا بووین بۆ پێشوازیکردن لە کارمن و لۆتەی کچی. ئەو بەیانییە، لەگەڵ کارل چووین بۆ سەردانی ئەو مەخزەنە، دایکم دە ساڵێک دەبوو گرتبووی بە کرێ و کەرەستەی زیادەی ناوماڵ و نیگارکێشیی تێدا هەڵدەگرت، مەخزەنەکە لە سەنتەری شاری ئەمستردام بوو، ئەوسا من و کارل بۆ جاری یەکامان بوو سەردانی ئەو جێگەیە بکەین، کاتێک لەگەڵ کارل مەخزەنەکەمان کردەوە، تەنها دوو سندوقی دارینی گەورەی لاکێشەیی تێدا بوو، کاتێک سندوقەکانمان کردەوە، سەرجەم تابلۆ و سکێچەکانی سامان خدریان تێدا بوو، ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام، ئەو نامەیە بوو کە لە یەکێک لە سندوقەکاندا بوو، بە خەتێکی گەورە نووسرابوو:

"بۆ هاوڕێم مارتن،

دوای ئەوەی تۆ گەشتت کرد، بڕیارم دا بەیەکجاری بۆ عێراق بگەڕێمەوە، چەند ڕۆژێک پێش نووسینی ئەم نامەیەم، دایکتم بینی و پێکەوە لە قاوەخانەی گرانت دەربارەی تۆ و سامان خدر قسەمان کرد، هەر لە یەکەم ساتەوە، بە تۆ و دایکت سەرسام بووم. هەوڵی زۆرم دا تاکوو تابلۆکانی سامان بگەیەنمەوە عێراق، بەلام بەداخەوە، نەمتوانی. پێم وایە ناسینی ئێوە، هەر وا

ڕێکەوتنێکی ئاسایی نەبووە، من ئێوە بە جێگەی متمانە و باوەڕی خۆم دەزانم، هەتا ڕۆحی سامان خدر و سەرجەم کارەکانی ئەو بەئامانەت بە ئێوە بسپێرم.

ماڵئاوا هاوڕێیم
سمکۆ موراد"

هەر ئەو بەیانییە، لەگەڵ کارل سندوقەکانمان گەیاندنەوە ماڵی خۆمان و لە گەراجەکە دامان نان.
ئەو ڕۆژە تا ئێوارەم بە بێدەنگی و دڵ پڕ لە گومان گوزەراند، ئامادە بووم پێشوازی لە کارمن بکەم و لە هەمان کاتیشدا، ئامادەیش نەبووم، هەستم دەکرد هێشتا بۆنی لمی بیابان و ژووری زیندانەکەم لێ دەهات، ئەوەندە خەیاڵم پەرت و شێواو بوو، نەمدەزانی لەکوێوە لەگەڵ کارمن دەست پێ بکەمەوە، هەموو ڕۆژێک پاک خۆم دەشۆرد و دەچوومە دەرەوە و هەوای پاکم هەڵدەمژی، بە مەبەستی ئەوەی ڕۆحم لە تەپوتۆز و کەڕووی بەندینخانە پاک بکەمەوە، با مردنی دایکیشم لەولاوە بوەستێت، چەند بۆشاییەکی گەورەی لە ژیانمدا دروست کردبوو.
لە سەرەداوێک، پارچەیەک، دەگەڕام، تەنها دیمەنێک لە ڕابردووی خۆم و کارمن، هەتا لەوێوە سەرلەنوێ دەست پێ بکەمەوە، وەکوو بۆ جاری یەکەمم بێت لە ژیانمدا ببینم، ناچار ئەو ڕۆژە چەند جارێک پەنام بۆ کارل برد و لێم پرسی، 'کارل، کە کارمن هات، چی بکەم باشە؟ چۆن پێشوازیی لێ بکەم و چیی پێ بڵێم؟'
بەبیرم دێت، کارل لە وەڵامدا وتی، 'هەر وەک جاران.'

کاتێک لە ژوورەکەی خۆم، لەسەر جێگەکەم دانیشتبووم، لە ئەلبوومی وێنەکانی خۆم و کارمنم دەڕوانی، گوێم لە دەنگی زەنگی دەرگاکە بوو، خێرا ئەلبوومەکەم لەژێر سەرینەکەم نا و بە چەند هەنگاوێک، خۆم گەیاندە حەمامەکە، کاتێک لەبەر ئاوێنەکەدا ڕاوەستابووم و بە سەرنجەوە لە خۆمم دەڕوانی، گوێم لە دەنگی کردنەوەی دەرگاکە و دەنگی کارڵ بوو، پاشان دەنگی لۆتە، کچەکەی کارمنم هاتە گوێ، لەو دەمەدا دەنگی کارمنم نەبیست، دەستم بە دەموچاومدا هێنا و قەراغی کراسەکەم ڕێک کرد، گوڕم دایە بەر خۆم و قاچێکم لە دەرگای حەمامەکە بردە دەرەوە و سەرم هەڵبڕی، تا بەرپێی خۆم ببینم، بینیم کارمن لە بەردەممدا ڕاوەستابوو، ڕاچڵەکیم و دڵم داخورپا، بەرامبەر یەکتر، کە نیو مەترێکمان بەین دەبوو، سەرم گێژی دەخوارد و بەردەوام بە لەپی دەستم، دەموچاوم هەڵدەگلۆفی، لە قووڵایی خۆمدا لە وزە دەگەڕام، بەڵکوو بیاندەمە بەر ئەژنۆم، تا بتوانن جەستەی گرانم لەسەر خۆیان ڕابگرن، کارمن زووزوو لچ و لێوی لەیەک هەڵدەپێکان و ماسوولکەی دەموچاوی گرژ دەکرد، لەناکاو چاوی پڕ بوو لە فرمێسک و بەخوڕ بەسەر ڕوومەتە ساف و سوور و سپییەکەیدا هاتنە خوار.

ئەو لە پێش چاومدا هیچ شێوەی نەگۆڕابوو، دەموچاوی و قژە لوولە ڕەشەکەی، وەکو جاران بوو، دڵۆپ دڵۆپی فرمێسکەکانیم ناسییەوە، ئەو گریانە بەکوڵ و بێدەنگەی ئەو، کە هەستم دەکرد دڵۆپی فرمێسکەکانی بۆنی خوێنیان لێ دەهات، هەستەکانمیان بە جۆرێک وروژاند، کە لافاوی گەرمییەک لە قووڵاییمەوە بەگوڕم شەپۆلی بە دیوارەکانی پێستمدا دەدا، دەستم لەیەک هەڵگلۆفت و

بە پرتاوێک باوەشم بە ملیدا کرد، بێ ئەوەی هیچمان وشەیەک چییە بدرکێنین، تاوێک بوو ماچی یەکترمان دەکرد و بۆنمان بە لامل و سنگی یەکترەوە دەکرد، ناو دەمم پڕ بووبوو لە سوێراوی فرمێسکەکانی ئەو.

ئەوەندە قووڵ سەرنجمان لە یەکتری دابوو، بێئاگا بووین، کارڵ کچەکەی کارمنی بە باوەشەوە بوو، بێدەنگ لەتەنیشتمانەوە ڕاوەستابوو.

ئاوڕم دایەوە و بینیم، کارڵ کچێکی قژ کاڵی چاو شینی لەباوەشدا بوو، قەڵەمی دەموچاوی لە کارمن خۆی دەچوو، کارڵ دەستی بۆ من درێژ کرد و ڕووی لە لۆتە وەر گێڕا و وتی، 'لۆتە، ئەوە مارتنە.'

کارمن، کە هێشتا باڵەکانی بەسەر شانەکانی مندا ڕاخستبوو، بە دەنگێکی نووساوەوە وتی، 'ئەو ناوەی دەمێکەیە بیستووە و چەندین جاریش وێنەکەیم پێ نیشان داوە.'

پاش ئەوەی ئاوڕم لە کارمن دایەوە و بە سەرنجەوە لێم ڕوانی، دەستم لە کارمن بەردا و لە بەردەمی کارڵدا باوەشم بۆ لۆتە کردەوە و بە ڕووخۆشییەکەوە پێم وت، 'وەرە، وەرە بۆ لای مارتن.'

لۆتە خێرا خۆی خستە باوەشمەوە، نووساندم بە خۆمەوە و ماچێکی ڕوومەتیم کرد، بۆنی کارمنی لێ دەهات، گەرمیی لەشی و نەرمیی پێستی، لەگەڵ دایکیدا هاوشێوە بوو، ئەو شەوە لە باوەشم نەهاتە دەر و لەسەر سنگم خەوی لێ کەوت، لەگەڵ کارڵدا، دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، ورچێکی سپیمان بۆ لۆتە کڕیبوو، ورچەکە دوو هێندەی لۆتە دەبوو، هەستم دەکرد لۆتە ئەوەندە بە

ترسەوە لە ورچەکەی دەڕوانی، کە نەیدەوێرا دەستی بۆ بەرێت، ناچار ورچەکەم دوور لە خۆمان، لە سووچێکی قەنەفەکەوە بەرامبەر تەلەڤزیۆنەکە دانا.

کارمن باسی چۆنیەتیی لەدایکبوونی لۆتەی بۆ کردین، من و کارڵ بە سەرنجەوە گوێمان لێ گرتبوو، لەسەر قەنەفەی هۆڵەکە، بێدەنگ دانیشتبووم و لۆتە لە باوەشمدا خەوتبوو، کارڵ و کارمن بەماڵەکەدا دەستیان کرد بە گەڕان، کارڵ کەرەستە نوێکانی ناو ماڵەکەی پیشانی کارمن دەدا.

لە کاتژمێر دەی شەودا، کاتێک کارمن خۆی کۆ کردەوە و بەتەمای ڕۆیشتن بوو، لە جێگەی خۆمەوە، بێ ئەوەی لە کارمن بڕوانم، پێم وت، 'کارمن، بۆ ئەمشەو لێرە نامێننەوە.'

کارمن سەیرێکی کارڵی کرد و بە دەنگێکی شەرمنانەوە، 'ئەگەر کارڵ ڕازی بێت.'

'جێگەی شانازیمە.'

کارڵ ئەمەی وت و پاشان من بە لۆتەوە هەستامە سەر پێ و ڕووبەڕووی کارمن چووم و وتم، 'دە با لۆتە بەرین، تا لە جێگەکەی خۆیدا بخەوێت.'

کارمن بە سەرسامییەکەوە لێی ڕوانیم و وتی، 'جێگای خۆی؟'

لەو دەمەدا کارڵ بێدەنگ هاتبوو لەتەنیشتمانەوە ڕاوەستابوو، بەڕێکەوت هەردووکمان لە وەڵامدا، بەکۆرس وتمان، 'بەڵێ جێگەی خۆی.'

کارمن بە پێکەنینێکەوە لە هەردووکمانی ڕوانی و پێی وتین، 'دەترسم بێ ئاگاداری من، جێگەکەیتان هێنابێت بۆ ئێرە.'

لەگەڵ کارڵ دەستمان کرد بە پێکەنین و کارمنیش بە سەرسامییەوە لێی دەڕوانین، کارڵ بێدەنگ دەستی کارمنی گرت و بەدوای خۆیدا ڕایکێشا بۆ نهۆمی سەرەوە، دوای ئەوەی هەڵوێستەیەکم کرد و بێدەنگ لە لۆتەم ڕوانی، ئەوەندە قووڵ خەوتبوو، تەنها بە گەرمیی جەستەی و ترپەی دڵیدا هەستم پێ دەکرد، کە گیانی تێدا بوو، کاتێک گەیشتمە سەرەوە، کارڵ و کارمن لە بەردەرگای ئەو ژوورەدا ڕاوەستابوون، کاتێک کارڵ داوای لە کارمن کرد بە دەستی خۆی دەرگای ژوورەکە بکاتەوە، کارمن بە سەرسووڕمانێکەوە سەیرێکی من و کارڵی کرد، دەستی دایە کێلونی دەرگاکە و کردییەوە، ئەو ژوورەی من و کارڵ دوو حەفتە بوو بۆ لۆتە، خەریکی ڕەنگکردن و ڕازاندنەوەی بووین، ژوورێک، جگە لە جێگەیەکی خەوتن، هەموو پێداویستییەکانی تری تێدا بوو، کارمن بە سەرسامییەوە بەدەوری خۆیدا دەخولایەوە، لە کەرەستەی ناو ژوورەکەی دەڕوانی. پاش ئەوەی من لۆتەم برد لەناو جێگەکەی خۆیدا پاڵم خست و چەرچەفێکم پێدا دا، کارمن ئەملاولای کارڵی ماچ کرد و سوپاسی کرد، گوێم لە کارڵ بوو وتی، 'ئەوە بیرۆکەی مارتنە، دەتوانیت سوپاسی ئەو بکەیت.'

کاتێک ئاوڕم لێ دانەوە، هەردووکیان بەرامبەرم ڕاوەستابوون و لێیان دەڕوانیم، ڕووم لە کارڵ کرد و پێم وت، 'کارڵ، دەتوانیت بەتەنیا بەجێمان بهێڵیت؟'

کارڵ پێکەنی و ئینجا سەرێکی با دا، 'شتی وا نییە، من بەتەمام ئەمشەو قومێک شەرابتان لەگەڵدا بخۆمەوە، تکایە گەرمی و کەفوکوڵی هەوەستان سارد بکەنەوە و ئەو گانەتان هەڵبگرن بۆ دوایی.'

لەگەڵ کارمن دەستمان کرد بە پێکەنین و بە شەرمەوە سەیرێکی یەکترمان کرد و بانگم لە کارل کرد، 'تەنها پێنج خولەک، تۆ شەراب و پەرداخەکان ئامادە بکە و پاشان ئێمەیش دێینە خوارێ.'

'چاوەڕوانتانم، تکایە لەبیرم نەکەن.'

گوێم لە دەنگی پێیەکانی کارل بوو، کە بە پلیکانەکاندا چووە خوارێ، کارمن لەژێر قژە لوولەکەیەوە بەردەوام لێی دەڕوانیم، لەبەر خۆیەوە لێی پرسیم، 'بۆ ئەمە؟'

لە کاتێکدا ئەمەی وت، کە بە هەردوو دەستی ئاماژەی بە هەموو کەرەستەی ناو ژوورەکە دەکرد، چوومە بەردەمی و شانیم گرت و لێم ڕوانی، 'ئەی تۆ بۆ وڵاتی خۆتت بەجێ هێشتووە و هاتوویت لە ئەمستردام دەژیت.'

'تا وەکوو...'

'تا نزیک بیت لە...'

'تا نزیک بم لە کەسێکەوە، کە دوای هەوا و هەوەسی خۆی کەوت و ساڵانێک لێی نەپرسیمەوە.'

'ئێ، ئەی ئێستا چی بکەین؟'

'مارتن گوێ بگرە، دەترسم، زۆر دەترسم، تەنها لەبەر خاتری لۆتە ئەمەت کردبێت، نەک من، لە کاتێکدا من دڵنیا نیم، نازانم، بەڕاستی نازانم چۆنت پێ بڵێم، لە ڕاستیدا نازانم تۆ باوکی ڕاستەقینەی ئەویت یان...!'

'یان هەرکەسێک، من پێویست ناکات ئەوە بزانم، کارمن، من هەرگیز نامەوێت ئەوە بزانم، گرنگ ئەوەیە تۆ منت قبوڵ بێت وەک، نازانم، وەک هاوڕێ، دۆست، یان هەرشتێک، ئیتر کە تۆ ناوی لێ بنێیت، بۆ خۆت و بۆ کچەکەت.'

ئارەق لە ڕووی دەچۆڕا، چاوی توند نووقاند، لەگەڵ کردنەوەیاندا، فرمێسک بەخوڕ پیایاندا هاتنە خوار، باڵەکانی هەڵبڕی و توند لە ملمیەوە ئالآندن و وتی، 'تەنها وەک باوکێک بۆ کچەکەم و بەس؟ چونکە هەست دەکەم دڵم زۆر لێت ڕەنجاوە و باوەڕ ناکەم جارێکی تر...'

'تکایە، زیاتر لەسەری مەڕۆ، پەیوەندیی من و تۆ زۆر لەوە زیاترە، کە تەنها لە وشەیەکدا کورتی بکەینەوە، کاتی دەوێت، ئێمە پێویستمان بە کاتی زیاترە، تاکو...'

خۆم توند پێوە نووساند و لچ و لێوم لە ڕوومەتی خشاند، کاتێک دەمم نایە ناو دەمی، هەستم کرد یەک یەک برینەکانی لەشم سارێژ دەبوون و تەڕی و لیکی ناو دەمی ئەو، تینوویێتیی چەند ساڵەیان دەشکاندم، هەستەکانم لە لەزەتی ئەو ماچەدا ڕاگرتبوون، وزە و کەفوکوڵی شەهوەتێک، کە لە خوێنمدا دەکوڵا، زووزوو مووچڕکیان بە لەشمدا دەهێنا، هەردووکمان لە دەنگی کارل ڕاپەڕین، لە نهۆمی خوارەوە بەردەوام بانگی دەکردین.

ئەو شەوە هەرسێکمان تا نیوەی شەو شەرابمان خواردەوە، ڕۆحم ئەوەندە بە لەزەتی شەراب غەریب کەوتبوو، لەگەڵ هەموو قوملێدانێکیدا، هەموو ماسوولکەکانی لەشم گرژ دەبوو.

٢٥

کەنارگرتووەکان

کارمن و لۆتە لە ماڵی ئێمە دەژیان، ماڵەکە، جیاواز لە چەند مانگی ڕابردووی، شەو و ڕۆژ پڕ بووبوو لە دەنگ و ڕەنگ و جووڵە، هەرچەندە کارمن لەگەڵمدا دوودڵ و سارد ڕەفتاری دەکرد، منیش توانای ئەوەم تێدا نەبوو، ڕاستیی ونبوونمی بۆ باس بکەم، لەو ڕۆژانەدا، تیمێکی کەناڵی دوو، چەند جارێک سەردانیان کردین، بە مەبەستی ئامادەکردنی دۆکیومێنتارییەکی لەسەر ژیان و کارەکانی دایکم.

هەر هەمان تیم، لە ڕابردوودا دوو دۆکیومێنتارییەکی لەسەر دایکم، لە کەناڵی دووی هۆڵەندا پەخش کردبوو.

حەفتەی یەکەمی مانگی پێنج، من و کارمن سەردانی مۆزەخانەی ئەمسترداممان کرد، داوامان لە بەڕێوەبەری مۆزەخانە، هێنری پراخ، کرد، بەڵکوو ڕێگەمان پێ بدات پێشەنگایەک لە مۆزەخانەکە بکەینەوە، پێشانگەیەک بۆ ئەو تابلۆیانەی دایکم، کە هێشتا

دەرەوەی ماڵی خۆمانیان نەبینیبوو، لەگەڵ کارەکانی سامان خدردا، کە ئەوانیش ساڵێک زیاتر دەبوو لە دوو تابووتیان نابوون.

دە ڕۆژێک دوای چوونی من و کارمن بۆ مۆزەخانە، لەلایەن مۆزەخانەی ئەمستردامەوە بە نامەیەک ئاگادار کراینەوە، کە یەکی مانگی شەش، تا پازدەی هەمان مانگ، لە کۆی شەش هۆڵی مۆزەخانەدا، پێنج هۆڵمان بۆ ئامادە دەکرێت، هەر لە نامەکەیشدا نووسرابوو، کە ئەوان ئەرکی پۆستەر و ڕیکلام دەگرنە ئەستۆی خۆیان. بڕیارمان دا پێشانگەکە ناوونیشانی *کەنارگرتووەکانی* لێ بنێین، ئەو ناوونیشانە، ناوی دەیان تابلۆی سامان خدر بوو.
ئەو ڕۆژانەی لەدوای گەیشتنی نامەکەی مۆزەخانەوە تێپەڕین، هەموومانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبوو، کارڵ و کارمن لە من زیاتر پەرۆشی هاتنی ڕۆژی یەکی شەش بوون، سی تابلۆی سامان خدرمان لەناو زیاتر لە سەد کاریدا هەڵبژارد، بە جێیەکەی کارڵ گەیاندنمانننە مۆزەخانە، تاکوو چوارچێوەی گونجاویان بۆ هەڵبژێرن، من و کارڵ و کارمن چەندین شەو و ڕۆژمان پێ چوو. ئینجا توانیمان لەناو کارەکانی دایکمدا، سی تابلۆی هەڵبژێرین بۆ پێشانگەی کەنارگرتووەکان.

حەفتەیەک پێش ڕۆژی کردنەوەی پێشانگەکە، پۆستەرەکەی لە گەلێک کوچە و کۆڵانی شاری ئەمستردامدا هەڵواسرابوو، لە چەندین کەناڵی تەلەفزیۆن و ڕادیۆوە، لێدوانی کورت و درێژیان لەگەڵدا کردم، بڕیار وا بوو شەوی پێش کردنەوەی پێشانگەکە، لە کەناڵی دوو، دۆکیومێنتارییە نوێکە، کە دەربارەی دایکم و

کارەکانی بوو، پەخش بکرێت، ئێمەیش ڕۆژێک پێش ئەو ڕۆژە سەرجەم تابلۆکانمان گوێزانەوە بۆ هۆڵی مۆزەخانە و ئەو شەوەی بۆ بەیانی یەکەم ڕۆژی کردنەوەی پێشانگەکە بوو.

هەموو لەوێ بووین، تەنانەت لۆتەیشمان لەگەڵ خۆماندا بردبوو، پاش دابەشکردنی تەواوی تابلۆکان بەسەر هۆڵەکاندا، دوو لادیوارمان بە بەتاڵی هێشتەوە، یەکەمیان بۆ ئەو دۆکیومێنتارییەی لەسەر دایکم ئامادە کرابوو، تاکوو بە بیمەر بەدرێژایی ڕۆژ کار بکات و چەند کورسییەکیشمان بەرامبەر دانا، بە هەمان شێوەیش، لە یەکێک لەو دوو هۆڵەی کارەکانی سامان خدری لێ بوو، دۆکیومێنتاری *میللەتێکی بێولاتی* نووسەر و ڕۆژنامەنووس خیرارت نۆیەر نمایش بکەین، دۆکیومێنتارییەکە لەگەڵ کارەکانی سامان خدردا تەواوکەری یەکتری بوون، پێکەوە نمایشی دیمەنی هەزاران ڕووداویان دەکرد، لەپێشدا چ تابلۆکان و چ دۆکیومێنتارییەکە، بە شوێنی جوگرافیا و سروشتی وڵاتی کوردستان دەستیان پێ دەکرد، پاشان نمایشکردنی مرۆڤی کورد، ئینجا وێنەی ئاسەواری جەنگ لەسەر مرۆڤ و گیانلەبەری و سروشتی وڵاتی کوردستان.

جگە لە کارەکانی سامان و دایکم، کە بەسەر پێنج هۆڵدا دابەشمان کردبوون، دوو تابلۆی خۆمم لە ڕاڕەوی مۆزەخانەدا هەڵواسی، یەکەمیان، پۆرترێتی فاتمە بوو، وەکوو چۆن لەسەر دیواری ژووری زیندانەکەم کێشرابوو، دووەمیان، پۆرترێتێکی سەلیم بوو، هەر لە ڕاڕەوەکەدا و بەرامبەر ئەو دوو پۆرترێتەی فاتمە و سەلیم، دوو پۆرترێتی ترمان هەڵواسی، کە کاتی خۆی دایکم کێشابوونی، یەکێکیان پۆرترێتی کارمن بوو، لە کاتێکدا دووگیان و

سکی نۆ مانگ بووە و ئەوی تریان، پۆرتریتی دایکم خۆی بوو، کاتێک ئەویش بە من دووگیان بووە.

دوو تابلۆ، کە زۆر هاوشێوەی یەکتری بوون، چ وەک ڕەنگ و فۆرم، چ وەکوو هێلکاریی کارەکان، هەردووکیان بەڕووتی بە پێوە ڕاوەستابوون و هەردوو دەستیان لەسەر سکیان دانابوو و لە سکی هەڵئاوساوی خۆیانیان دەڕوانی.

ئەو شەوە، پاش دابەشکردنی سەرجەم تابلۆکان و دامەزراندنی دوو بیمەر بەرامبەر ئەو دوو خامە سپییەی بە دیوارەکاندا هەڵواسرابوون، لەسەر ئەوە ڕێک کەوتین، کە ڕۆژانی پێشانگەکە کارمن و کارڵ پێکەوە لەو هۆڵانەدا ئامادە بن، کە کارەکانی دایکمی لێ نمایش کرابوو، منیش بەدرێژایی ڕۆژ لە لای کارەکانی سامان خدر ئامادەبم.

ئەو شەوە، کاتێک ئێمە هەموو کارەکانمان تەواو کردبوو، لە خۆکۆکردنەوەدا بووین تا ماڵەوە بگەڕێینەوە، هێنری پراخ سەردانی مۆزەخانەی کرد و پێی وتین، 'کاتژمێر هەشتی سەرلەبەیانی، وەزیری هونەر و کولتووری هۆڵەندا خۆی ئامادە دەبێت بۆ ڕێوڕەسمی کردنەوەی پێشانگەکە، هەروەها پارێزگاری ئەمستردام و دەیان کەسێتیی ناوداری تری وڵاتیش ئامادەبیان دەبێت، شێوەکار و هونەردۆست و بازرگانانی تابلۆیش دێن، زۆرێک لە بەڕێوەبەر و خاوەنی گەلەری و مۆزەخانەکانی نەک هۆڵەندا، بگرە دونیاش دوێنێ و ئەمڕۆ هاتوونەتە ئەمستردام، بەتایبەتی بۆ بینین یان کڕینی تابلۆکانی ئەیفا سەلەمۆ و سامان خدر، دەبێت کارێکی وا بکەین، سبەینێ نەبین بەژێر دەستوپێی ئەو هەموو میوانە زۆرەوە، جگە لە سەرجەم میدیاکانی وڵات،

سبەینێ کاتژمێر هەشتی سەرلەبەیانی، چەندین میدیای بێگانەیش دێن. بە پێویستی دەزانم، هەواڵێکی گرنگتان پێش وەخت لا ئاشکرا بکەم، تا ئێوە دەرفەتتان هەبێت، باش بیری لێ بکەنەوە و خۆتانی بۆ ئامادە بکەن، دوو مۆزەخانەی ناوداری دونیا، لە شارەکانی بەرلین و نیۆرک، ئەوان پێشنیاری ئەوەیان کردووە، بەڵکوو هەمان ئەم پێشانگەیە لە داهاتوودا لای ئەوانیش نمایش بکرێت، ئەوەیش تەنها بۆ زانیاریی ئێوە، بەڵام جارێ با بە هەموومان تەواوی سەرنجمان، لەسەر سبەینێ و ئەو ڕۆژانەی لە دوای سبەینێوە دێن، رابگرین.'

کاتژمێر دەی ئەو شەوە، پاش هەڵبچڕینی شووشەیەک شەمپانیا و لێدانی لێواری پەرداخەکانمان لە هیی یەکتری، کۆتاییمان بە کارەکانمان هێنا و لە مۆزەخانە هاتینە دەر و پێکەوە بە پیاسە بەرەو ماڵ بەڕێ کەوتین، شار کشومات، شەقامەکان بەدەگمەن پیادەڕەویان لەسەر بوو، شەو تاریکیی خۆی بەسەر هەموو شتێکی شاردا ڕاخستبوو، لێرە و لەوێ، ڕووناکیی دارگڵۆپەکان، وەکوو هەموو شەوانێکی ڕابردووی ئەو شارە، بە ئەرکی خۆیان هەستابوون و بەرپێی شەوگەڕەکانیان ڕووناک دەکردەوە،

دارە پیرەکانی سەر شۆستەکان، پرچیان بە شانوملی دارگڵۆپەکاندا پەخش کردبوو، هەوای ئەو شەوە وشک و بۆنی تەپوتۆزی لێ دەهات، لە سنووری ڕووناکیی دارگڵۆپە دوورەکاندا، تەموومژی خۆڵبارینم بەدی دەکرد، چاوم دەکزانەوە و خێرا خێرا بەسەر قۆڵی چاکەتەکەم زەرداوم لێ دەسڕین، لە تینوواندا قوڕگم

به مەلاشوومەوە نووسابوو، سەر ئەو شەقامە پڕ بووبوو لە کوڕ و کچ، سەرجەم جلی پۆلیسییان لەبەردا بوو، پێدەچوو بۆ ئاهەنگ خۆیان گۆڕیبێت، ئەو شەوە بە جۆرێک لەنێوان خەیاڵ و ڕاستیدا گیرم خواردبوو، خوازیار بووم زوو بگەینەماڵەوە، تا بە چەند پەرداخێک شەراب تینوویێتیم بشکێنم و وەک شەوانی ڕابردوو، پەنا بەرمە بەر مەی بۆ هێمنبوونەوەی ڕۆحم.

لۆتە چەند کاتژمێرێک دەبوو لە عەرەبانەکەیدا خەوی لێ کەوتبوو، کارڵ بەسەر عەرەبانەکەدا نوشتابۆوە و پاڵی پێوە دەنا، من و کارمن لە شانی یەکەوە بێدەنگ، بەرەو ماڵەوە شوێنپێی کارڵمان هەڵدەگرت.

چاپکراوەکانی نووسەر

نیشتمانی سارا	٢٠١٩
خەمی مەستوورە	٢٠٢٠
ڕۆژی ڕەشنووس	٢٠٢١

دەنگەکەم ناسییەوە، پەشۆکام، گیانم داهێزرا و خێرا ئاوڕم لێ دایەوە، ڕووناکیی دارگڵۆپەکانی کۆڵان بەکزی دەگەیشتنە ناو ژووری چێشتخانەکە، دەموچاوێکی خەواڵوو، بەڕووتی، دیار بوو ئەویش شەرابی سوور قوڕگی وشک کردبوو، لە تینووواندا بەخەبەر هاتبوو، تاوێک بێدەنگ بەرامبەری یەک ڕاوەستاین و هیچمان بەیەک نە وت، پاشان لە شانی یەکەوە ڕاوەساین و لە گڵۆپی سەر شۆستەی شەقامەکانمان دەڕوانی، بەئەسپایی دەستی لە دەستم هەڵپێکا، نازانم ئەوکات چیم لە خەیاڵدا بوو، بێجگە لەوەی ئەوەندەم بەس بوو، کە تەنها بێدەنگ ببم، کارمن ئەو بێدەنگییەی شکاند، 'لە زەتت لە ئانا برد؟'

Miran Abraham

The NightWalkers

Novel

9 781234 567897

٦٠٠٠ دینار

پڕۆژەی هاوبەشی

ناوەندی کەپر | دەزگای جەمال عیرفان

لەسەر ئەرکی (د. تەها ڕەسوڵ) چاپ کراوە